
# تیۆری بارگە خستن و ڕۆنانی ڕستە

دلێر صادق کانبی




www.mukiryani.com

# تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە

دلێر صادق کانبی



www.mukiryani.com

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە**

- **تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە**
- **نووسینی:** دلێر صادق کانبی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** هاوڕێ صالح
- **بەرگ:** هۆگر سدیق
- **نرخ:** (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٥
- **تیراژ:** ٥٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (٤٧) لەساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە


ئەم کتێبە لەبنەڕەتدا تێزێکی دکتۆرایە، بەسەرپەرشتیی "**پ. ی. د. قەیس کاکل توفیق**" لە بەشی زمانی کوردیی فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران لەساڵی ٢٠١٣ گفتوگۆی لەسەرکراوە.


**زنجیرەی کتێب (٩١٦)**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com





www.mukiryani.com

# لیستی زاراوەکان

**ئاوەڵگوزارە** Adverbial complement

گرێیەکی ئاوەڵکارییە کە تەنها لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە کارەکانی زمانی کوردیدا وەکو تەواوکەر بەکاردێت. بۆ نموونە کاری (هێنان) لەڕیزی ئەو کارانەیە کە ئاوەڵگوزارە وەردەگرن: _ ئەم خانووە زۆر دەهێنێ.

**بارگەخستن** Valency

بریتییە لە توانای هەر سەرەیەك لە کێشکردنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە تەواوکەرە خورتی و سەرپشکییەکان. هەریەکە لە کار، ناو و ئاوەڵناوەکان لەڕیزی ئەو بەشە ئاخاوتنانەن کە بارگەخستنیان هەیە. هەریەکە لەم بەشە ئاخاوتنانە هەر لەو کاتەوە، کە لە فەرهەنگدان، بارگەخستنەکەیان دیاری کراوە.

**بارگەخستنی ڕستەسازی** Syntactic valence

بارگەخستنی ڕستەسازیی کار، ناو و ئاوەڵناو بریتییە لە ژمارەی ئەو تەواوکەرانەی، کە بە شێوەی مۆرفۆسینتاکسی پێیانەوە تایبەت دەبن.

**بارگەخستنی واتایی** Semantic valence

بریتییە لە سیما واتاییەکانی تەواوکەرەکانی هەریەکە لە بەشە ئاخاوتنەکانی کار، ناو و ئاوەڵناو. بارگەخستنی واتاییش دوای دەست نیشانکردنی بارگەخستنی ڕستەسازی ئەنجام دەدرێت.

**بەند** Dependent

جگە لە سەرە هەموو کەرەسەکانی تری نێو گرێ و ڕستەکان بەندن. بەندەکانیش دەبن بە چوارجۆرەوە: تەواوکەری خورتی، تەواوکەری سەرپشکی، سەرباری تایبەتی و سەرباری گشتی.



www.mukiryani.com

**بەندێتیی دوولا** Bilateral Dependency

بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دوو توخمی زمانی، کە هیچ کامیان سەربەخۆ نین و بەتەنیا نایەن، بەڵکو هەر دووکیان پێویستییان بەیەکتر هەیە. لەم جۆرە بەندێتییەدا، نە سەرە و نە بەندەکە، هیچ کامیان ناتوانن بێ ئەوی تر دەرکەون، بۆ نموونە لە پەیوەندیی نێوان بکەر و کاردا ئەم جۆرە بەندێتییە دەبینرێ.

**بەندێتیی هاولا** Coordinate Dependency

لە بەندێتیی هاولادا، کە ئامرازەکانی بەستنەوە بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەکەن، تێیدا هەر دوو کەرەسەکە دەبن بە سەرە و هیچ کامیان نابێت بە بەندی ئەوی تریان ، بۆ نموونەلە نێوان هەر یەکە لەم گرێی<<من و تۆ>> دا پەیوەندیی بەندێتیی هاولا هەیە.

**بەندێتیی یەکلا** Unilateral Dependency

پەیوەندیی بەندێتیی نێوان توخمێکی زمانییناسەربەخۆیە لەگەڵ توخمێکی تری زمانیی سەربەخۆ. لەم جۆرە بەندێتییەدا سەرە دەتوانێ بەبێ بەندەکەی دەرکەوێت، بەڵام بەندەکە ناتوانێ بەبێ سەرە دەرکەوێت، بۆ نموونە لە گرێی ناوی <<کچی برام>>.

**بکەری پاڕستەیی** Subject clause

هەندێ لە کارەکانی زمانی کوردی، بەتایبەتی کاری پەیوەندیی (بوون) بکەرەکەی بە شێوەی پاڕستە و لە دوای کارەکەوە دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە ڕستەی:

باشترە ***بگەڕێیتەوە***.

پاڕستەی (بگەڕێیتەوە) بکەری پاڕستەییە.

**پاڕستەی تەواوکەری** Clause complement/ complement Clause

هەندێ لە کارەکانی کوردی تەنیا لەگەڵ پاڕستەی تەواوکەریدا بەکاردێن، واتە بەکرتاندنی پاڕستە، ڕستەکە دەبێ بە فۆڕم نادروست، یان ناتەواو، هەروەها لە بری ئەو پاڕستە تەواوکەرییە ناتوانین سوود لە هیچ تەواوکەرێکی تر وەربگرین.

١_ أ_ پێشنیاز دەکەم، کە باسەکەت لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبکەیتەوە.

ب_ *پێشنیاز دەکەم.



www.mukiryani.com

## پاڕستەی دیارخەری — Relative clause

پاڕستەی دیارخەری، بەو پاڕستەیە دەگوترێ، کە وەسفی ناوێك لە شاڕستەکەدا دەکات. واتە پاڕستەی دیارخەری هیچ کاتێك بەندی ڕاستەوخۆی کار نییە، بەڵکو هەمیشە بەندی یەکێك لە بەندە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆکانی کارەکەیە.

ئەو ناوەی، کە لەلایەن پاڕستەوە وەسف دەکرێ، دەشێ یەکێ لە ئەرکە ڕستەسازییەکانی وەکو بەرکار، بکەر، تەواوکەری بکەر و بەرکاری خستنەسەری هەبێ:

١_ ***ئەو قوتابیانە***ی، کە یەکەم بوون، ئێستا لە دەرەوە دەخوێنن.( بکەر)

٢_ نمرەی ***ئەو قوتابیە***م ئاشکراکرد، کە دوێنێ لێرەبوو.( دیارخەری بکەر)

٣_ منداڵەکە ***ئەو کتێبە***ی دڕاند، کە من دەمخوێندەوە.(بەرکار)

٤_ ئارام پیرۆزبایی ***لەو کوڕە*** کرد، کە ئێمە ناردبوومان.(بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

٥_ سەیری ***ئەو گوڵە*** دەکەم، کە هاوڕێکەم بۆی هێناوم.(بەرکاری خستنەسەر)

٦_ ئەوە ***ئەو کچە***یە، کە تۆ باست دەکرد.(تەواوکەری بکەر)

## پاڕستەی ئاوەڵکاری — Adverbial subordinate clause

هەندێ جار پاڕستە ئەرکی ئاوەڵکار دەبینێ، بەمەش وەسفی هەموو ڕستەکە دەکات:

١_ هەرکە ئەوم بینی، هەموو شتێکم لە بیرم چووەوە.

٢_ کە ئەو هات، من ڕۆیشم.

کرتاندنی پاڕستەی ئاوەڵکاریکار ناکاتە سەر ڕۆنانی ڕستەکە:

١_ أ/ لەگەڵ بینینی ئەو، هەموو شتێکم لە بیر چووەوە.

ب/ هەموو شتێکم لە بیر چووەوە.

## پەیوەندییە بەندێتییەکان — Dependency relations

بریتییە لەو پەیوەندییەی کە سەرە و بەندەکان بەیەکەوە بەند دەکات لەڕێزمانی بەندێتیدا. ئەم پەیوەندییانەش بە تیرێك نیشان دەدرێن، کە سەرەتاکەی لە بەندەکەوە دەست پێدەکات، نووکەکەی بە سەرە کۆتایی دێ.

## تەواوکەر — Complement

ئەو کەرەسە زمانییەیە، کە لەگەڵ سەرە(کارێك، یان ناوێك، یان ئاوەڵناوێك، یان ئامرازێکی بەند)دا لێکدەدرێ و پێکهاتەیەکی گەورەتر لە هەمان جۆری سەرە دێنێتە کایەوە. دەبن بە بەشێك لە بارگەی سەرە.



www.mukiryani.com

### تەواوکەرە خورتییەکان Obligatory complement

تەواوکەرە خورتییەکان ئەو تەواوکەرانەن، کە بوونیان لە ڕستەدا خورتییە و لەلایەن سەرەوە هەڵدەبژێردرێن. کرتاندنیان گرێ یا رستەکە دەکەن بە ناڕێزمانی:

_ *ژیلە دەبێ بەمامۆستا.*

_ **ژیلە دەبێ.*

### تەواوکەری بەرکار Object complement

ئەم تەواوکەرە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ بەرکاردا هەیە، هەر بۆیەش پێی دەگوترێ تەواوکەری بەرکار. ئەم تەواوکەرە، تەواوکەری خورتیی هەندێ لە کارە تێپەڕەکانە:

_ ئەوان زەویەکەیان کرد بە ﴿قوتابخانە﴾. (زەویەکە = قوتابخانە)

### تەواوکەری بکەر Subject complement

تەواوکەری بکەر، کە بە فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی وەکو گرێی ناوی، گرێی ئاوەڵناوی، گرێی بەند و گرێی ئاوەڵکاری و ڕادە و کار دەردەکەوێت، تەواوکەری خورتیی کاری پەیوەندییە:

| | |
|---|---|
| گرێی ناوی: | ئەوان کرێکارن. |
| گرێی ئاوەڵناوی: | ئەو ***زیرەکە***. |
| گرێی ئاوەڵکاری: | تاقیکردنەوەکە***زۆر دوورە***. |
| گرێی بەند: | تاقیکردنەوەکە ***لەلاپەڕە ٩٩ تا ١٢١***ـە. |
| رادە: | ئاوەکە ***کەمێك*** بوو. |
| کار: | کەمن چووم ئەو هەر ***هات هات***ـی بوو. |

### تەواوکەریسەرپشکی Facultative/Optional complement

ئەو تەواوکەرانەن، کە کرتاندنیان نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی گرێ و ڕستە، بەو واتایەی، کە دوای کرتاندنیشیان، سەرەکە لە خودی خۆیدا ئاماژە بە بوونی تەواوکەرە سەرپشکییەکە دەکات و چەمکەکەی هەر دەمێنێتەوە:

_ *ئاکام لەگەڵ ژیلەدا **هاوسەرگیریی** پێکهێنا.*

_ *ئاکام **هاوسەرگیریی** پێکهێنا.*



www.mukiryani.com

**تیۆری بارگەخستن** Valency theory

تیۆری بارگەخستن هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ڕستە. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەرۆڵی هەندێ وشە لە ڕستەدا، دەبەستێ، کە پێویستییان بە بوونی توخمی تر هەیە. بەم پێیە ڕستە بریتییە لە توخمێکی بناغەیی(کە بە گشتی کارە) و ژمارەیەك توخمی بەند.

**تیۆری گرێ ئۆتۆنۆمییەکان** Autonomous phrases theory

تیۆری گرێ ئۆتۆنۆمییەکان، یەکێکە لە تیۆرەکانی نێو ڕێزمانی بەندێتی و مەبەست لێی شیکردنەوەی ڕۆنانی ناوەوەی گرێیە. بە پێی ئەم تیۆرە هەر گرێیێك لە وڵاتێك دەچێ، کە سیستەمێکی سیاسیی فیدڕاڵی هەیە، واتە لە حوکمەتێکی ناوەندی (سەرە) و چەند هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی (بەندەکان) پێکهاتووە. گەورەترین گرێ، کە لە ڕێزمانی بەندێتیدا، لێی دەکۆڵرێتەوە ڕستەیە و حکومەتی ناوەندیش لە ڕستەدا کارەکەیە، هەرێم(ویلایەت)ـە ئۆتۆنۆمیەکانیش، گرێ پێکهێنەرەکانی ڕستەکە(تەواوکەر و سەربارەکان)ن. کار وەکو سەرەی ڕستە، کەرەسەیەکی حوکمکەرە و پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوان گرێکان بەوەوە پەیوەستە. واتە بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوان گرێکانە" بەڵام پەیوەندییە ناوەکییەکانی هەر گرێیێك پەیوەست نییە بە کارەوە.

**ڕۆنانە بارگەخستنییەکانی کار** Valency structure of verb

ڕۆنانە بارگەخستنییەکانی کار بابەتێکی زەینییە و ئەوە پێشان دەدات کە کارێك لەگەڵ چەند تەواوکەردا و لەگەڵ چ تەواوکەرێکیشدا لەرستەدا دەردەکەوێت. بەو واتایەی، کە بۆ هەر کارێك لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەتوانرێ وێنەیەکی زەینی بخرێتە ڕوو کە تیایدا چۆنیەتیی دەرکەوتنی ئەم کارە لەرستە جۆراوجۆرەکاندا پێشاندەدات، ئەم وێنە زەینییەش پێی دەوترێ ڕۆنانی بارگەخستنیی کار.

**ڕۆنانە بەئیسنادی بووەکان** Clefted structures

ڕۆنانە بەئیسنادی بووەکان ئەو ڕۆنانانە، کە لەڕێگەی پرۆسەی بەئیسنادی بوونەوە دێنە کایە، ئەوانیش خۆیان لەڕیزی ئەو پرۆسە ڕستەسازییانەدان، کە بەهۆیەوە ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان دەگۆڕێت بۆ ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان.



www.mukiryani.com

**ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان** Deraved basic structure

ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان ڕۆنانە لێکسیکی–ڕستەسازییەکانن. ژمارەیان لە هەموو زمانێکدا سنووردارە. ئەم ڕۆنانانە بەهۆی هەندێ پرۆسەی ڕستەسازییەوە کە بەسەر ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکاندا دێت دێنە کایەوە.

**ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان** Lexical basic structure

ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی هەر ڕستەیەك بریتییە لە کاری سەرەکیی ئەو ڕستەیە و تەواوکەرە خورتی و سەرپشکییەکانی کارەکە. ڕۆنانی بنجیی سەرەکیش بەپێی ڕۆنانی بارگەخستنیی کاری سەرەکیی هەمان ڕستەیە، لە فەرهەنگدا، واتە بەر لەوەی بێتە ناو ڕستەوە، دیاری دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆنانی بنجیی سەرەکی هەر ڕستەیەك چەمکێکی فەرهەنگییە.

**ڕۆنانە بنجییەکان** Basic structure

ڕۆنانە بنجییەکان ئەرکی ڕێزمانیی تەواوکەرەکانی کاری سەرەکیی ڕستە پێشاندەدەن. ئەم ڕۆنانە بنجییانەش بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو جۆری ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان(یا فەرهەنگییەکان) و ڕۆنانە بنجییە داڕێژراو(فەرهەنگی–رستەسازی)ـەکاندا دابەش دەبن.

**ڕۆنانی بارگەخستنی** Valency structure

بەکۆی تەواوکەرە خورتی و سەرپشکییەکانی هەر سەرەیەك(جا کار یا ناو و یا ئاوەڵناو بێت)، دەوترێ ڕۆنانی بارگەخستنی ئەو سەرەیە.

**سەربار** Adjunct

سەربار توخمێکی کەم بایەخ، یان سەرپشکییە و کرتاندنیلە ڕۆنانە ڕێزمانیەکاندا، کار ناکاتە سەر ناسنامەی ڕۆنانیی ڕۆنانە ڕێزمانیەکە و ئامادەبوون و ئامادەنەبوونیان لە ڕۆنانی ڕستەی سەرەکیدا، هیچ گرفتێك دروست ناکات، بەڵکو ئەرکیان تەنیا دەرخستنی زانیاریی زیادەیە دەربارەی لایەنەکانی ڕووداو.



www.mukiryani.com

## سەرباری تایبەتی Specific adjunct

سەرباری تایبەتی ئەو بەندەیە، کە ناکەوێتە نێو ڕۆنانی بارگەخستنی سەرەوە و بەهیچ شێوەیەك سەرە کۆنترۆلێکی شێوە و ژمارەی سەربارە تایبەتەکان ناکات، بەڵکو قسەکەرانی زمان بە گوێرەی باسەکە هەر ژمارە و فۆڕمێکی سەرباری تایبەتی، کە بیانەوێ بۆ سەرەی زیاد دەکەن. هەڵبەتە سەرە لە ڕووی واتاوە پەیوەندیی تایبەتی بە سەربارە تایبەتییەکانی خۆیەوە هەیە بەجۆرێك، کە هەر قسەکەرێکی زمان ناتوانێ هەر سەربارێکی تایبەتی لەگەڵ هەموو سەرەیەکدا بەکاربێنێت.

## سەرباری گشتی General adjunct

ئەو سەربارەیە، کە نەك تەنیا بەندی سەرە، بەڵکو بەندی هەموو ڕستە یا گرێکەیە. قسەکەرانی زمان دەتوانن بە گوێرەی پێویست هەر سەربارێکی گشتی، کە بیانەوێ لەگەڵ هەر سەرە و گرێیێکدا بەکاریبێنن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەرە بچووکترین ڕۆڵی لە دیاریکردنی فۆڕم و ژمارەی سەربارە گشتییەکاندا نییە.

## سەرە Head

سەرە، بەشی ناوەندیی گرێیە و هەموو توخمەکانی تری گرێکە جۆرێك لە پەیوەندیی ڕێزمانی، یان واتاییان بە سەرەوە هەیە. سەرە چەند تایبەتمەندییەکی،کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١_ هەڵگری گرنگترین زانیاریی سیمانتیکییە لە گرێدا.

٢_ سەرەکان هەمیشە خورتین.

٣_ لەگەڵ بەندەکانی خۆیان ڕێکدەکەون لە سەر هەندێ، یان هەموو نیشانە ڕێزمانییەکانی هەمان سەرە.

٤_ سەرەی هەموو گرێیێك، توخمێکە، کە هەموو گرێکە بەهۆی جۆری ئەوەوە ناودەنرێت.

٥_ سەرە فۆڕم و ژمارەی تەواوکەرە خورتی و سەرپشکییەکانی لە خۆ دەگرێت، هەر بۆیە لەو کاتەوە، کە سەرە وەکو توخمێکی لێکسیکی لە فەرهەنگی قسەکەرانی زمانەکەدا هەیە، فۆڕم و ژمارەی تەواوکەرەکانی ئەو وشەیە لە ڕۆنانی بارگەخستنی سەرەدا دیاریکراوە.



www.mukiryani.com

**کارە سفر بارگەیی/بێ بارگەکان** Null-valent verbs /avalent

ئەو کارانەن، کە هیچ بارگەیەك ناخەن" بە واتایەکی تر، هیچ کەرەسەیەك وەك بارگە بۆ خۆی هەڵنابژێرێ، بەڵکو خۆی بەتەنیا دەتوانێ ڕستەیەك پێکبهێنێ. ئەم کارانەش بە گشتی بەوە وەسف دەکرێن، کە گوزارشت لە کەشوهەوا دەکەن.

**کاری پەیوەندی** Linking verb

ئەم کارانە گرووپێکی بچووك دروست دەکەن، کە بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی ئیسنادی لە نێوان بکەر و تەواوکەری بکەردا بەکاردێن. هەر بۆیەش پێیان دەوترێ کاری پەیوەندی. گرنگترین کاری پەیوەندی لەزمانی کوردیدا کاری (بوون)ـە.

**کاری چوار بارگەیی** Quadrivalent verbs

ئەو کارانەن، کە چوار بارگە دەخەن. بەو واتایەی، کە ئەو کارانەن سەرەڕای بکەری ناوی پێویستییان بە سێ تەواوکەری تر هەیە.

**کاری دوو بارگەیی** Bivalent verbs

ئەو کارانەن، کە دوو بارگە دەخەن. بە واتایەکی تر، سەرەڕای بکەر(جا چ ناوی بێ چ پاڕستەیی) تەواوکەرێکی تریشی پێویستە.

**کاری ڕێژەیی** Modal verb

ئەو کارانەن، کە لە پێش کاری ترەوە دێن و تێڕوانینی قسەکەر لە بارەی ئەو کارەی، کە لە دوایانەوە دێ پیشان دەدات. لەبەرئەوەی کارە ڕێژەییەکان وادەکەن کە لە ڕستەدا، لە دوای خۆیانەوە پاڕستەیەکی تەواوکەری بێت، هەروەها ڕێژەی کاری پاڕستە تەواوکەرییەکە دیاری دەکات، هەروەها ڕۆنانی گشتیی ڕستەکە دیاری دەکات، بۆیە دەبێ کارە ڕێژەییەکان بە کاری سەرەکی ڕستە دابنێین.

**کاری سێ بارگەیی** Trivalent verbs

ئەو کارانەن، کە سێ بارگە دەخەن. بە واتایەکی تر، ئەو کارانەن، کە سەرەڕای بکەر(جا ناوی بێ ، یان پاڕستەیی) پێویستییان بە دوو تەواوکەری تر هەیە.



www.mukiryani.com

**کاری فرێزی** Phrasal verb

یەکێکی تر لە جۆرەکانی کار لە ڕووی ڕۆنانەوە، کاری ئاڵۆزە. ئەم کارەش چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

أ_ ڕۆنانی کاری ئاڵۆز بریتییە لە: کارێك و لانی کەم یەکێ لە دوو توخمی ڕستەسازیی (بکەر و بەرکار)ی تێدایە. هەروەها واتای ئەم جۆرە کارانە، لێکدراو نییە.

ئەم کارانە دوو جیاوازییان هەیە لەگەڵ کارە لێکدراوەکان:

یەکەم/ کارە فرێزییەکان زۆربەی کات لە دوو بەش زیاتر پێکهاتوون.

دووەم/ پەیوەندی نێوان بەشەکان لە جۆری پەیوەندییە ڕستەسازییەکانە، بەڵام پەیوەندیی نێوان بەشەکانی کاری لێکدراو لە جۆری فەرهەنگییە.

**کاری یاریدەدەر** Helping verb

کارە یاریدەدەرەکان ئەو کارانەن، کە نابن بە کاری سەرەکیی ڕستە و هیچ تەواوکەرێك لە خۆناگرن، بەمەش هیچ ڕۆڵێك لە ڕۆنانی بنچینەیی ڕستەدا نابینن.

زۆربەی کات، کاری یاریدەدەر بە شێوەی سەربەخۆ و واتای سەربەخۆی خۆیان بەکارنایەت و هەڵگری تایبەتمەندیی ڕێزمانین و تەنیا بۆ گەردانکردنی هەندێ کات، ڕووکار، ڕێژە و ڕووی دیار و نادیاری و... هتد، ی کار، لە ڕستەدا بەکاردێن و بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ کاری تردا بەکاردێن، کە پێیان دەوترێ کاری سەرەکی.

**کاری یەك بارگەیی** Mono-/One-valent verbs

ئەو کارانەن، کە یەك بارگە دەخەن. بە واتایەکی تر، ئەو کارانەن، کە تەنیا یەك کەرەسە وەك تەواوکەر بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن.

**کۆرپەی زمانی** Language corpus

کۆمەڵێك دەقی نوسراو و گوتراوە کە بەشێوەی نووسینی فۆنەتیکی ئامادەکراوەو دەتوانرێ لە وەسفکردن و شیکردنەوەی زماندا سوودی لێوەربگیرێ.



www.mukiryani.com

## کورتکراوە و هێماکان

| | |
|---|---|
| Adj | ئاوەڵناو |
| Det | دیاریکەر |
| N | ناو |
| NP | گرێی ناوی |
| Obj | بەرکار |
| P Obj | بەرکاری ناڕستەوخۆ |
| PP | گرێی بەند |
| S | ڕستە |
| Subj | بکەر |
| V | کار |
| VP | گرێی کاری |
| ب | بکەر |
| بەر | بەرکار |
| بەرخ | بەرکاری خستنەسەر |
| بەرنا | بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| بپا | بکەری پاڕستەیی |
| بن | بکەری ناوی |



www.mukiryani.com

| | |
|---|---|
| تس | تەواوکەری سەرپشکی |
| تب | تەواوکەری بکەر |
| تبەر | تەواوکەری بەرکار |
| تپا | تەواوکەری پارِستەیی |
| تخ | تەواوکەری خورتی |
| تخس | تەواوکەری خستنەسەر |
| پات | پارِستەی تەواوکەری |
| ست | سەرباری تایبەتی |
| سگ | سەرباری گشتی |
| گ | گرێ |
| گب | گرێی بەند |
| گن | گرێی ناوی |
| ئا | ئاوەڵگوزارە |
| ← | دەبێت بە/ پێکهاتووە لە |
| (...) | توخمی سەرپشکی |
| * | رِستەی نارِێزمانی |
| .../... | یا ئەمە، یا ئەوە |
| [...] | سەرە |
| [-...-] | سەرباری گشتی |



www.mukiryani.com

| | |
|---|---|
| [...] | گرێ |
| [/.../] | سەرباری تایبەتی |
| [[...]] | گرێ ئۆتۆنۆمییەکان |
| ‖...‖ | ڕۆنانی بنجی |
| ، | سنووری نێوان دوو توخم |
| ؟ | ڕستەی نیشاندار |
| ؟؟ | ڕستەی بەند بە دەوروبەر |
| <...> | ڕۆنانی بارگەخستنی |
| <<...>> | توخمەکان(وشە، گرێ، ڕستە) |



www.mukiryani.com

# پێرستی هێلکارییەکان



| ژ | هێلکاری | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پەیوەندیی گشت و پاژ لە نێوان کەرەسەکانی ڕستە لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە | ٣٣ |
| ٢ | پەیوەندیی بەندێتیی نێوان کەرەسەکانی ڕستە لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەندێتییەوە | ٣٤ |
| ٣ | نواندنی ڕستە بەپێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە | ٣٦ |
| ٤ | نواندنی ڕستە بەپێی ڕێزمانی بەندێتی | ٣٨ |
| ٥ | جۆری بەندەکان لەڕێزمانی بەندێتیدا | ٤٧ |
| ٦ | جۆرەکانی کار لە ڕووی وەرگرتنی تەواوکەرەوە | ١٠٥ |
| ٧ | جۆرەکانی بکەر لەزمانی کوردیدا | ١١٩ |
| ٨ | پۆلێنکردنی کارەکانی زمانی کوردی بە پێی ژمارە و جۆری بارگەکانیان | ١٦٢ |
| ٩ | ڕێژەی هەریەکە لە ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان لە زمانی کوردیدا | ١٩٥ |
| ١٠ | رۆنانە بنجییەکان لەزمانی کوردیدا لەزمانی کوردیدا | ١٩٦ |
| ١١ | رۆنانە بنجییە بنەڕەتییەکان لەزمانی کوردیدا لەزمانی کوردیدا | ١٩٧ |
| ١٢ | رۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەردیارە یەك بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا | ١٩٨ |
| ١٣ | رۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەردیارە دوو بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا | ١٩٩ |
| ١٤ | رۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەردیارە سێ بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا | ٢٠٠ |
| ١٥ | رۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەردیارە چواربارگەییەکان لەزمانی کوردیدا | ٢٠١ |
| ١٦ | رۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەرنادیارە یەك بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا | ٢٠١ |
| ١٧ | رۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەرنادیارە دوو بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا | ٢٠٢ |
| ١٨ | رۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان لەزمانی کوردیدا | ٢٠٣ |





www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

## پێرست

**پێشەکی ........................................................................................ ٢٣**

**١- تیۆری بارگەخستن و ڕێزمانی بەندێتی .................................................. ٢٥**

١-١- ڕێزمانی بەندێتی ......................................................................... ٢٥
***١-١-١- زاراوەی بەندێتی ....................................................................... ٢٥***
***١-١-٢- چەمکی بەندێتی ....................................................................... ٢٦***
***١-١-٣- کورتە مێژوویەکی ڕێزمانی بەندێتی ............................................. ٢٦***
١-١-٣-١- سەرهەڵدانی ڕێزمانەکە ......................................................... ٢٦
١-١-٣-٢- گەشەکردنی ڕێزمانەکە ......................................................... ٢٧
***١-١-٤- بەراوردکردنی ڕێزمانی بەندێتی و ڕێزمانی بەرهەمهێنان ............ ٢٨***
١-١-٤-١- پێگەی بکەر لە هەر دوو ڕێزمانەکەدا ....................................... ٣١
١-١-٤-٢- شیکردنەوەی زنجیرەی هەڕەمیی ڕستە لە هەر دوو ڕێزمانەکەدا ....... ٣٢
١-١-٤-٣- چۆنییەتیی نواندنی ڕۆنانی ڕستە لە هەر دوو ڕێزمانەکەدا ...... ٣٤
١-١-٤-٤- چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی هەر دوو ڕێزمانەکە ........................ ٣٨
١-١-٤-٥- سەرەبوونی کاری ناوك لە ڕستەدا ........................................... ٤٠
١-١-٤-٦- جۆر و ژمارەی بەندەکانی کار لە هەر دوو ڕێزمانەکەدا ............ ٤١
***١-١-٥- ئامانجی ڕێزمان و ڕستەسازیی بەندێتی ....................................... ٤١***
***١-١-٦- بنەماکانی ڕێزمانەکە ................................................................. ٤٢***
***١-١-٧- چەند تایبەتمەندییەکی ڕێزمانی بەندێتی ...................................... ٤٣***
١-٢- تیۆری گرێ ئۆتۆنۆمییەکان ............................................................. ٤٥
***١-٢-١- دوو گریمانە لە بارەی هەموو گرێکان ........................................ ٤٦***
***١-٢-٢- پێنج جۆر توخمەپێکهێنەرەکانی گرێکان ...................................... ٤٧***
١-٢-٢-١- سەرە ................................................................................. ٤٨
١-٢-٢-٢- بەندەکان ............................................................................. ٤٩
***١-٢-٣- جۆرەکانی بەندێتی ..................................................................... ٥٦***
***١-٢-٤- ڕیزبەندی توخمەکان، ئاستەکانی بەندێتی ..................................... ٥٧***
١-٢-٤-١- پەیوەندییە بەندێتییەکان و ڕیزبەندەکانیان ............................... ٥٧



www.mukiryani.com

١- ٢-٤-٢- ڕیزبەندی توخمەکان..................................................٥٩
١- ٢-٤-٣- ئاستەکانی بەندێتی..................................................٦١
١-٢-٤-٤- پەیوەندییە بەندێتییەکان و ڕیزبوونی توخمەکان ................٦٢
*١-٢-٥- پەیوەندییە بەندێتییەکان لە جۆرەکانی گرێدا ....................٦٧*
١-٢-٥-١- لێکچوونی گرێ جۆراوجۆرەکان..................................................٧١
١-٢-٥-٢- جیاوازیی نێوان گرێ جۆراوجۆرەکان ..........................................٧١
*١-٢-٦- مارکەلێدانی سەرە و بەندەکان .........................................٧٨*
١-٣- تیۆری بارگەخستن .......................................................٧٩
*١-٣-١- داهێنانی بارگەخستن .........................................................٧٩*
*١-٣-٢- زاراوەی بارگەخستن .........................................................٧٩*
*١-٣-٣- سنووری بارگەخستن.........................................................٨٠*
*١-٣-٤- بارگەخستن لە ڕێزمانی بەندێتیدا .........................................٨٣*
١-٣-٤-١- جۆرەکانی بارگەخستن..................................................٨٣
١-٣-٤-٢- نواندنی ڕۆنانی بارگەخستنی ڕستەسازی...............................٨٤
١-٣-٤-٣- فەرهەنگی بارگەخستن..................................................٨٥
١-٣-٤-٤- تیۆری بارگەخستن و زمانەوانیی کارەکی...............................٨٧

**٢- کار و بارگەکانی ..................................................................٩٣**

٢-١- تایبەتمەندییەکانی کار .................................................٩٣
٢-٢- جۆرەکانی کار .................................................................٩٥
*٢-٢-١- جۆرەکانی کار لە ڕووی ڕۆنانەوە..........................................٩٥*
*٢-٢-٢- جۆرەکانی کار لە ڕووی وەرگرتنی تەواوکەرەوە ........................١٠٤*
یەکەم/ کاری یاریدەدەر ..................................................١٠٦
دووەم/ کارە ڕێژەییەکان..................................................١١٠
سێیەم/ کاری پەیوەندی..................................................١١٣
چوارەم/ کاری بنچینەیی ..................................................١١٧
*٢-٢-٣- جۆرەکانی کار لە ڕووی بارگەخستنەوە ..................................١١٧*
٢-٢-٣-١- تەواوکەرەکانی کار..................................................١١٨
یەکەم/ بکەر..................................................١١٨
دووەم/ بەرکار..................................................١٢٣
سێیەم/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ..................................................١٢٤



www.mukiryani.com

چوارەم/ بەرکاری خستنەسەر........................................................١٢٧
پێنجەم/ پاڕستەی تەواوکەری........................................................١٣٣
شەشەم/ تەواوکەری بکەر........................................................١٤١
حەفتەم/ تەواوکەری بەرکار........................................................١٤٦
هەشتەم/ ئاوەڵگوزارە........................................................١٤٧
٢-٢-٣-٢- پۆلێنکردنی کارەکانی زمانی کوردی بە پێی ژمارە و جۆری بارگەکانیان......١٤٨

**٣- ڕۆنانە بنجییەکان لە زمانی کوردیدا ........................................ ١٦٧**

٣-١- ڕۆنانە بارگەخستنییەکانی کار لە زمانی کوردیدا ............................ ١٧٠
٣-٢- جۆرەکانی ڕۆنانە بنجییەکان لە زمانی کوردیدا ............................ ١٧٨
*٣-٢-١- ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان لە زمانی کوردیدا.................. ١٧٨*
٣-٢-١-١- ئەو ڕۆنانە بنجییە سەرەکییانەی، کە بەهۆی کاری بکەردیارەوە دروست دەبن........................................................١٧٨
٣-٢-١-٢- ئەو ڕۆنانە بنجییە سەرەکییانەی، کە بەهۆی کاری بکەرنادیارەوە دروست دەبن........................................................١٨١
*٣-٢-٢- ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان لەزمانی کوردیدا ..................... ١٨٧*
٣-٢-٢-١- پرۆسەی بەئیسنادی بوون/کردن........................................١٨٧
٣-٢-٢-٢- پرۆسەی بەئیسنادی‌کۆزەتیڤی کردن........................................١٩٠
٣-٣- ئاماری ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان لە زمانی کوردیدا .................... ١٩٢

**ئەنجام........................................................................٢٠٥**

**پێشنیاز ........................................................................٢٠٧**

**لیستی سەرچاوەکان ........................................................٢٠٨**

پاشکۆی ژمارە ١: لیستی چاووگەکان........................................٢١٨



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# پێشەکی

وەك لە ناونیشانی ئەم کتێبە دەردەکـەوێ دوو لایـەن لـەخۆدەگرێ یەکـەمیان (تیـۆری بارگەخستن) و ئەوی تریان (ڕۆنانی ڕسـتە)یە. تیـۆری بارگەخسـتن یەکێکـە لـەتیۆرەکانی نێـو ڕێزمانی بەندێتی. هەرچی ڕۆنانی ڕستەشە دوو لایەن لەخۆ دەگرێ. یەکەمیان لایەنی تیۆرییـە، کە بریتییە لە دەستنیشانکردنی تەواوکەرەکانی کار لەزمانی کوردیـدا و دووەمیشـیان لایـەنی کارەکیە، کە تیایدا ڕۆنانە بنجییەکانی ڕستە لە زمانی کوردی دیاری دەکات.

ئەم کتێبە هـەوڵ دەدات چـەند پـرس و گرفتێـك سـاخ بکاتـەوە، کـە گرنگترینیـان دەستنیشانکردنی تەواوکەرەکانی کار لەزمانی کوردیدا و ژمارەیان، ژمارەی بارگەکانی کار، ئەگەرە جیاوازەکانی ڕۆنانی بارگەخستنی کار و ڕۆڵی لە ڕۆنانی ڕۆنانە بنجییـە جیاوازەکـان، پۆلێنکردنی کارەکانی زمانی کوردی بەگوێرەی جۆر و ژمارەی تەواوکەرەکانیان، دیاریکردنی ژمارەی ڕۆنانە بنجییەکان ، توانا و دەسەڵاتی کار لەزمانی کوردیدا.

گرنگیی ئەك کتێبە لەڕووی تیۆرییەوە لەوەدایە، کە ڕوانینێکی نوێ و جیاواز لـەوەی کە ڕێزمانی دێرین و ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە خستویەتیە ڕوو، دەخاتـە ڕوو و لـەڕووی کارەکیشەوە چەند سوود و گرنگییەکی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١_ ئامادە کردنی فەرهەنگی بارگەخستنی زمانی کوردی.

٢_ بواری ڕێزمانی بەراوردکاریدا.

٣_ بەکارهێنانی داتا و ئەنجامەکانی لە بواری ئەندازیاریی زمانەوانیی کۆمپیوتەری.

٤_ ئامادەکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی.

٥_ ئامادەکردنی کۆرپەی زمانی کوردی.

٦_ بواری فێرکردنی ئامێری بەگشتی و فێربوونی زمان.

ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی، کە بەشێکی تیۆریە، لەسێ بەند پێکهاتووە: لەبەندی یەکەمدا باسی (زاراوە و چەمکی بەندێتی، مێژووی ڕێزمانی بەنـدێتی، بەراوردی ڕێزمانی بەندێتی و بەرهەمهێنان و ئامانج و بنەماکانی ڕێزمانی بەندێتی، تیـۆری



www.mukiryani.com

فرێــزە ئۆتۆنۆمییــەکان) کــراوە. بەنــدی دووەمــیش تایبــەتکراوە بــە باســکردنی چــۆنیەتیی شیکردنەوەی ڕستە لەڕێزمانەکەدا. بەندی سێیەمیش تایبەتە بە تیۆری بارگەخستن کە تیایدا بەگشتی باس لــە تیــۆر، زاراوە، داهێنــان و ســنوور، جۆرەکــانی بارگەخســتن و فەرهــەنگی بارگەخستن سوودی تیۆرەکە کراوە.

بەشی دووەم بەشێکی پڕاکتیکییە و لە سێ بەند پێکهاتووە: بەنــدی یەکــەمی باســی ڕۆنانی ناوەوەی کار کراوە و کارەکانی زمانی کوردی بەسەر چــوار جــۆری بنجــی، داڕێــژراو، لێکدراو و کاری فرێزی دابەشکراوە و بەندی دووەمشی باسی جۆرەکانی کار لەزمانی کوردیدا لەڕووی وەرگرتنی تەواوکەرەوە کراوە و کارەکانی زمــانی کــوردی بەســەر دوو جــۆری کــاری یاریدەدەر و کاری تەواو، کارە تەواوەکانیش بەسەر دوو جــۆری کــاری ڕێــژەیی و ناڕێــژەیی و کارە ناڕێژەییەکانیش بەسەر دوو جۆری کــاری بنچــینەیی و کــاری پەیوەندیــدا دابەشــکراوە، هەروەها بەندی سێیەمی باس لە تەواوکەرەکانی کار کراوە و بەمەش هەشت جــۆر تەواوکــەر دەستنیشان کراوە. دواتــر کارەکــانی زمــانی کــوردی بــەپێی ژمــارە و جــۆری بارگــەکانیان پۆلێنکراوە، بەم پێیەش دوو جۆر کاری یەك بارگەیی، یانزە جۆر کاری دوو بارگەیی، حەڤــدە جۆر کاری سێ بارگەیی و دوو جۆر کاری چوار بارگەیی دەست نیشانکراوە.

بەشی سێیەمش کە بەشێکی پڕاکتیکییە، لە دوو بەند پێکهاتووە: لە بەندی یەکەمدا ڕۆنانی بارگەخستنی ژمارەیەك کاری زمانی کوردی دەستنیشان کراوە و لە بەندی دووەمیشدا چل و شەش ڕۆنانی بنجیی سەرەکی و دوو جۆر ڕۆنانی بنجیی داڕێژراو دەستنیشان کراوە.

لە کۆتاییشدا، ئەنجامەکان خراوەتە روو. لە پاشکۆشدا، لیستێك لەو کارانەی کە لەم نامەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە خراوەتــەڕوو. دواتــرش لیســتی سەرچــاوەکان بــە زمانــەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.



www.mukiryani.com

# ١- تیۆری بارگەخستن و ڕێزمانی بەندێتی

ئەم بەشە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە ڕێزمانی بەندێتی و هەر یەکە لە تەوەرەی دووەم و سێیەمیش، یەك لە دوای یەك تایبەتن بە تیۆری گرێ ئۆتۆنۆمییەکان و تیۆری بارگەخستنەوە.

## ١-١- ڕێزمانی بەندێتی

لەم تەوەرەی یەکەمدا، باس لەم سەرە بابەتانە کراوە: زاراوەی بەندێتی ، چەمکی بەندێتی، کورتە مێژوویەکی ڕێزمانی بەندێتی، بەراوردکردنی ڕێزمانی بەندێتی و ڕێزمانی بەرهەمهێنان، ئامانجی ڕێزمانی بەندێتی، بنەماکانی ڕێزمانی بەندێتی و چەند تایبەتمەندییەکی ڕێزمانی بەندێتی.

### ١-١-١- زاراوەی بەندێتی

بۆ زاراوەی ڕێزمانی بەندێتی، لەزمانی ئەڵمانیدا، هەر یەکە لە زاراوەکانی (Abhängigkeitsgrammatik)(البرزی ١٣٨٨: ٢٠٢) و (Dependenzgrammatik)(بونتنج ٢٠١٠: ٢٢٨) و لە ئینگلیزیدا (dependency grammar) (Van Valin 2004) و لە عەرەبیدا **(نحو التعليق، نحو التبعية** (بونتنج ٢٠١٠: ٢٢٨)، **نحو الترابطي و نحو العلائقي)**(جمعة ٢٠٠٨: ٢١٧) و لە فارسیشدا (دستور وابستگی)(رسولی١٣٩٠) و (دستور تابعیت) (البرزی ١٣٨٨: ٢٠٢) و لە کوردیشدا هەر دوو زاراوەی (ڕێزمانی وابەستەگێتی)(کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٣٠٥) و (ڕێزمانی بەندێتی)(ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ٢٠١٠) بەکارهاتووە. لە هەموو زاراوەکاندا بیری شوێنکەوتن، یان بەندبوون دەبینرێت. واتە، هەر هەموویان ئەوەیان لێدەکەوێتەوە، کە لانی کەم دوو کەرەسە هەن، یەکێکیان سەرە و



www.mukiryani.com

ئەوی تریـان بەنـدە. پەسـەندکردن زاراوەی (ڕێزمـانی بەنـدێتی) و پەسـەندنەکردنی زاراوەی (ڕێزمانی وابەستەگێتی) لەم نامەیەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێمە پێمان وایە یەکـەمیان کوردییە و دووەمیان زیاتر لەفارسی نزیکە نەك کوردی.

## ١-١-٢- چەمکی بەندێتی

بەندێتی بریتییـە لـە پەیوەنـدیی نێـوان توخمـە زمانییـەکان لـە ڕووی توانایـان لـە سەربەخۆبوون و سەربەخۆنەبوونیان لە ڕۆناندا.(بعلبکی١٩٩٠: ١٤٢) واتە هەر کەرەسەیەکی زمانی توانای ئەوەی تێدا هەیە، کـە کەرەسـەیەکی تـری زمـانی لـە ڕووی ڕۆنـان و واتـاوە بەخۆیەوە بەند بکات، یان خۆی ببێ بە بەندی کەرەسەیەکی تری زمانی.

## ١-١-٣- کورتە مێژویەکی ڕێزمانی بەندێتی

### ١-١-٣-١- سەرهەڵدانی ڕێزمانەکە

بۆ یەکەمین جار زمانەوانی فەڕەنسی، لوسـیان تینێـر(Lucien Tesnière) بنـەما تیۆریەکەی ئەم بۆچوونەی لە کتێبە قەبارە بچووکەکەیدا، بەناونیشانی چەند وتارێك لە بارەی ڕستەسازیی ڕۆنانکـاری (Esqisse d´ une syntaxe structural, 1953) خسـتە ڕوو؛ بەڵام لێکدانەوە فراوانەکەی ئەم تیۆرە لە ساڵی ١٩٥٩ و لە دوای مردنی تینێر، لە کتێبێکی تـردا، بـە ناونیشـانی بنـەماکانی ڕستەسـازیی ڕۆنانکـاری ( Eléments de syntaxe structurale) بڵاوبووەوە (طبیب زاده ١٣٨٠ب: ٤٣)، کە داتاکانی دەگەڕێتەوە بـۆ سـاڵی ١٩٣٩(Kruijff 2006, 447) . بـەم پێیـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ڕێزمـانی بەنـدێتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٣، بەڵام هەندێ لە زمانەوانان وای بۆ دەچن، کە یەکەمین بۆچوونی بەنـدێتی لـە زمانـدا، پەیوەسـتە بـە بـیروڕا زمانەوانییـەکانی پـانینی لـە بـارەی زمـانی سانسکریتییەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، کە کارەکەی تینێر، لە زمانەوانیی نوێدا، سـەرەتای ئەم ڕێبازەیە.(رسولی ١٣٩٠: ٥)



www.mukiryani.com

**١-١-٣-٢- گەشەکردنی ڕێزمانەکە**

ئەو کاتەی ئەم تیـۆرە ڕێزمانییـە سـەرهەڵدەدات، تیـۆرێکی بـەهێزی وەکـو تیـۆرە ئەرکییەکەی مارتینی، لە فەڕەنسا باوبووە؛ بەڵام ئەم تیۆرە(تیۆری بەندێتی)، نەك تەنیا بووە بنەمای کاری ژمارەیەکی زۆر زمانەوان لە فەڕەنسا، بەڵکو سنووری فەڕەنسای تێپەڕاند و لە هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپاش، بۆ نموونە ئەڵمانیا، بۆ زۆربەی ئەوانەی، کە خەریکی نووسـینی ڕێزمان و کتێبە فێرکارییـەکانی زمـان بـوون بـۆ بێگانـان، بـوو بـە تیۆرێـك.(طبیب زادە ١٣٨٠ب: ٤٣) ئەوە بوو، ئەم تیۆرە لـە ئـەوروپا، بەتایبـەتیش لـە فەڕەنسـا و ئـەڵمانیا و ڕووسیا، بووە جێگەی پێشوازیی زمانـەوانان و وردە وردە، بـۆ یـەکێ لـە گـرنگترین تیـۆرە ڕستەسازییەکان لە دانانی ڕێزمانی زمانە جۆراوجۆرەکـان و فێرکردنـی زمـان بـۆ بیانییـان، گۆڕا.(طبیب زادە ١٣٨٥أ: ٢٤)

دوای تینێـر، دوو زمانـەوانی ئـەڵمانی بـە نـاوی هیلبـیگ و شـینکل ( Helbig & schenkel) بایەخیان بەم ڕێزمانە دا. ئەم دوو زمانەوانە بە پێـی تیـۆری بارگەخسـتن، یەکـەمین فەرهەنگی بارگەخستنیی کاری ئەڵمانییان لە سـاڵی ١٩٦٨ بڵاوکـردەوە. بـەم شـێوەیە یەکـەمین هەنگاویان لە بواری ئامادەکردن و دانانی فەرهەنگی لێکسیکی لە زمـانی ئەڵمانیـدا هـەڵێنا. دوای ئەوانیش، ئۆلریچ ئینگڵ(U. Engel) دێ.(کبیری ١٣٨٥: ٧) «ئینگڵ لە ڕووی تیۆرییەوە هەوڵیـدا ئەم ڕێزمانە وەکـو ڕکابـەرێکی ڕێزمـانی بەرهـەمهێنان بخاتـەروو.»(طبیب زادە ١٣٨٥أ: ٢٤) دوا بەدوای ئەمانیش هەندێ زمانەوانی تری ئـەڵمانی لەوانـەش: هـانز- یـۆرگن هێرینگـەر ( H - J. Heringer)، یۆهانس ئێربن (U. Erben)دێن. (بونتنج ٢٠١٠: ٢٢٨-٢٢٩)

دواتر چەند جۆرێکی تری ڕستەسازیی بەندێتی لە وڵاتانی ئەنگلۆساکسـۆندا گەشـەی سەند، ئەمەش لە سەر دەستی زمانەوانی ئەمریکیی هەیس(Hays) بوو. هـەیس سـەرەڕای ئـەوەی گەشـەی بـە بەنـدێتیی تایبـەتی ماتمـاتیکی دا، لەگـەڵ ڕستەسـازیی پێکهاتـە ڕاستەوخۆکانیشدا بەراوردی کرد. دوای ئەویش پدوچـیڤا(paduceva) بایـەخێکی زۆری بـە هێلکاریی درەختیی بەندێتی دا.(هلبش ٢٠٠٣: ٣٧١)

لە یەکێتیی سۆڤیەتیدا، ڕستەسـازیی بەنـدێتی بـە شـێوەیەکی فـراوان بڵاوبـووەوە. مەڵچوك (Meltschuk) یەکێك بوو لە نوێنەرە هەرە گرنگەکان، کـە لـە نـاو زمانـەوانیی



www.mukiryani.com

سۆڤیەتیدا گەشەی بە چەند جۆرێکی جیاواز لە هێلکاریی درەختیی تایبەت بە بەندێتی دا. هەروەها ڕیفزن(Rewsin)یش هێلکارییەکی درەختیی تایبەت بە پەیوەندییە ئیسنادییەکان، لە ڕێزمانی بەندێتیدا، داهێنا.(هلبش ۲۰۰۳: ۳۷۱-۳۷۲)

هەرچەندە لە بەریتانیا و ئەمریکا چەمکی بارگەخستن، وەك تیۆرییەك لە ڕێزمانی بەندێتی، لە لایەن هەر یەکە لە زمانەوانان (Leech, Matthews, Somers) زەمینەی بۆ سازکرابوو، بەتایبەتیش لەو کاتەوە، کە گومان لە بارەی زمانەوانیی بەرهەمهێنانەوە سەری هەڵدا؛ بەڵام ڕێزمانی بەندێتی پێشوازییەکی ئەوەندەی لێنەکرا. تەنانەت ئەو کارانەی لە بارەی بارگەخستنی کاری زمانی ئینگلیزیشەوە بە پێی ڕێزمانی بەندێتی ئەنجام دراون وەکو (Herbst, Allerton, Emons)، لە زانکۆکانی ئەوروپا، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا نووسراون.(Herbst 2000)

## ١-١-٤- بەراوردکردنی ڕێزمانی بەندێتی و ڕێزمانی بەرهەمهێنان

سەرەڕای ئەوەی ڕێزمانی بەندێتیش وەکو ڕێزمانی بەرهەمهێنان قوتابخانە و لقی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام بە گشتی دەتوانرێ جیاوازییەکانیان لە دوو خاڵدا کۆبکرێنەوە: «یەکەمیان ئەوەیە، کە ژمارەی لقەکانی ڕێزمانی بەندێتی زۆر کەمترە لە لقەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، دووەمیشیان بریتییە لەوەی، کە جیاوازیی نێوان لقەکانی ڕێزمانی بەندێتی زۆر کەمترە لە جیاوازیی نێوان لقەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان.»(طبیب زاده ۱۳۸۳: ۱٤) جیاوازییەکانیشیان زیاتر دەچێتە قاڵبی وردەکاری و پاژییەوە و بەهیچ شێوەیێك ناشێ لەگەڵ ئەو جیاوازییە گەورانەی، کە لە نێوان هەندێ لە ڕێبازەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، بوونیان هەیە، بەراوردبکرێن.

بەر لەوەی بچینە سەر جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو ڕێزمانە، بە پێویستی دەزانین، سەرەتا باسی ئەوە بکەین، کە بۆچی بە پێی تیۆر کاردەکرێ و دواتریش هۆی هەڵبژاردنی ڕێزمانی بەندێتی ڕووندەکەینەوە. یەکێك لە کەموکوڕییە هەرە گەورەکانی ڕێزمانی دێرین، کە ماوەیەکی زۆر و تا هاتنی زمانەوانیی نوێ باڵی بە سەر نامە ڕێزمانییەکاندا کێشابوو، نەبوونی هیچ تیۆرییەك بوو، کە لە نامە ڕێزمانییەکان و لە نووسینی ڕێزماندا پشتی



www.mukiryani.com

پێببەستن. ئەمەش وای کردبوو، کە ڕێزماننووسانی دێرین هەر جارە و شتێك بکەن بەپێوەر بۆ نووسینی ڕێزمانەکانیان. هەندێ جار واتا، هەندێ جار فۆڕم و تەنانەت هەندێ جار هەست و سۆزیشیان دەکرد بەپێوەر.

یەکێ لە ئامانجەکانی تیۆر ئەوەیە، کە لە ڕێگەی دۆزینەوە، یان دروستکردنی پەیوەندیی نێوان پاژەکانی دیاردەیەکی دیاریکراو بۆ نامە، تێگەیشتن لەو دیاردەیە سادەتر بکات، یان ڕەفتاری دیاردەکە ئاراستە بکات.(طبیب زاده۱۳۹۰: ۳)

بە واتایەکی تر، ئەوەی پەیوەندیی نێوان توخم، یان کەرەسەکانی دیاردەیەکی دیاریکراو پیشان دەدات و روون دەکاتەوە تیۆرە. هەر تیۆریشە نێواندژییەکانی بۆچوونە زانستییەکان لە نێو دەبات و یەك ئاراستەیی دەدات بە بابەتە زانستییەکان.

لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، پەیوەندیی نێوان پاژەکانی دیاردەیەك بە گوێرەی جۆری تێڕوانین، یان گۆشەنیگا، یان لێکدانەوەی ئێمە دەگۆڕێ. ئەمەش، نە دەبێ بە کەموکوڕیی بۆ ئەم زانستە، نە دەبێ بە لایەنی چاکی بۆی، بەڵکو تەنیا تایبەتمەندییەکی دیاردەکەیە و هیچی تر.(طبیب زاده۱۳۹۰: ۳)

لێرەدا سوود و بایەخی ڕێزمانی بەندێتی لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

١_ ئەم ڕێزمانە، ((ڕێچکەیەکی ڕستەسازییە، کە شوێنپێیەکی گەورەی لە ڕێچکە ڕستەسازییەکانی تردا، جێهێشتووە.))(جمعة ۲۰۰۸: ۲۱۷)

٢_ لە ئێستادا، ڕستەسازیی بەندێتی هاوشانی ڕستەسازیی بەرهەمهێنان، ((یەکێکە لە گرنگترین تیۆرە ڕستەسازییەکان.))(هلبش ۲۰۰۳: ۳۷۲)

٣_ ئەم جۆرە لە پیشاندانی ڕۆنانی ڕستەسازیی زمانی سروشتی، بەکارهێنانێکی زۆری لەو بەرنامانەی، کە پەیوەستن بە چەمکی زمانی سروشتییەوە، لەوانەش وەرگێڕانی ئامێری و دەرهێنانی زانیارییەکان، هەیە.(رسولی۱۳۹۰: ٤)

٤_ دوای ئەوەی کە ئەم جۆرە ڕێزمانە لەگەڵ ئەو ڕێزمانەی، کە گرێ- بنەمان(لە سەر بنەمای گرێ دامەزراون) بەراورد کراون، دەرکەوتووە، کە ئەم جۆرە ڕێزمانە، زیاتر لەگەڵ سروشتی ئەو زمانانەی، کە لە ڕووی ڕیزبەندیی توخمەکانەوە ئازادن، یان توخمەکانیان



www.mukiryani.com

پەیڕەوی ڕیزبەندی ناکەن، لەوانەش زمانی تورکی، چیکی، ئەڵمانی، دانیمارکی، عەرەبی، لاتینی یەکدەکەوێتەوە.(رسولی١٣٩٠: ٤) بە واتایەکی تر، لە نواندنە بەندێتییەکاندا توانای پیشاندانی ئەو ڕستانەی، کە پەیڕەوی سەرەوریزبوون ناکەن، بە بەراورد لەگەڵ نواندنی بەرهەمهێنان هەم زیاترە و هەم گونجاوتریشە. هەر ئەمەشە وای کردووە، کە ئەو زمانانەی پەیڕەوی ڕیزبەندی ناکەن، پەیکەر[1]ـە بەندێتییەکانیان بە باشتر دابنرێ. بەهەمان شێوە زمانی کوردیش پەیڕەوی سەرەوریزبوون ناکات.

٥_ یەکێك لە کۆنگرە گرنگەکان، کۆنگرەی دووەمی جیهانی((نیشانە زمانییەکان و سیستەمی زمان))ساڵی ١٩٦٤ لە مەجدبۆرگ) بوو، کە لە ژێر ئاڵای مشتومڕی ناوخۆیی نێوان ڕستەسازیی بەرهەمهێنان و ڕستەسازیی بەندێتیدا بەسترا.(هلبش ٢٠٠٣: ٣٧٣)

٦_ گرنگترین بەڵگە بۆ پەسەندکردنی ڕێزمانی بەندێتی، ئەو ئەنجامە پەسەندکراوانەیە، کە بەرهەمی بەکارهێنانی ئەم ڕێبازەیە لە هەندێ زماندا، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە ڕێبازی فێربوونی ئامێری، بووە.(رسولی١٣٨٩: ٥)

٧_ ڕستەسازی بەندێتی گونجاوە بۆ هەموو شیکردنەوە ڕستەسازییە کارەکییەکان، چونکە وێنەی ڕستە لە ڕوانگەی دەرخستنی سروشتی کار و ژمارەی ئەو توخمانەی، کە پێیەوە بەندن، چ تەواوکەر، بێ چ سەربار، پیشاندەدات.(جمعة ٢٠٠٨: ٢٢٢)

٨_ گرنگییەکی تری ڕێزمانی بەندێتی بریتییە لەوەی، کە ئەو پەیکەرانەی بە پێی نواندنی ڕێزمانی بەندێتی ئامادەکراون دەشێ بە پەیکەرەی بەرهەمهێنان ئالوگۆڕ بکرێن بەڵام پێچەوانەی ئەمە بە شێوەیەکی سەداسەد ڕێی تێناچێت.

٩_ یەکێکی تر لە گرنگییەکانی ڕێزمانی بەندێتی ئەوەیە، کە لە ڕێزمانی بەندێتیدا، دەتوانرێ زۆربەی زانیارییە لێکسیکییەکان (وەکو بارگەخستنی ڕستەسازی و واتایی) بە شێوەیەکی ڕوون لە نێو کەوانە بەندێتییەکاندا، پیشانبدرێن.



www.mukiryani.com

### ١-١-٤-١- پێگەی بکەر لە هەر دوو ڕێزمانەکەدا

یەکێ لە گرنگترین جیاوازیی نێوان قوتابخانەی بەندێتی و بەرهەمهێنان بۆ پێگەی بکەر لە هەر یەکە لەم دوو ڕێزمانە، دەگەڕێتەوە. ڕێزمانی بەرهەمهێنان، لە سەرەتای پەیدابوونیەوە، بە شوێنکەوتن و پشتبەستن بە ڕێبازی لۆژیکی ئەرستۆیی، کە ڕستە بۆ دوو بەشی نیهاد(بنە) و گوزارە(بار) دابەش دەکات، لە پاڵ کاردا، بکەر وەکو یەکێ لە دوو کۆڵەگەی سەرەکیی ڕستە دانراوە و لە یەکەمین هەنگاوی شیکردنەوەی ڕستەسازیدا، ڕستە بۆ دوو بەشی سەرەکیی گرێی ناوی و گرێی کاری دابەش کراوە:

ڕستە ← گرێی ناوی + گرێی کاری

بەڵام ڕێزمانی بەندێتی، بە پێچەوانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و زۆربەی هەرە زۆری ڕێزمانەکانی تر، وازی لەم دابەشکردنە دوانییە هێنا. واتە، «چاوی لە دوو توخمی کۆنی ڕستەسازیی دێرین، واتە (بکەر- گوزارە)ی ڕستە، هەروەها پێگەی تایبەتیی بکەر پۆشی».(البرزی ١٣٨٨: ٢٠٣) بە واتایەکی تر، لەم ڕێزمانەدا، بکەریش لە ڕیزی تەواوکەرەکانی کار دەژمێردرێ و لە شیکردنەوەی ڕستەسازیی ئەم تیۆرەدا، تەواو جیاوازە لەگەڵ شیکردنەوە باو و دێرینەکە. «ڕێزمانی بەندێتی هەر زوو، واتە لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنە ئارایەوە، گرێی ناوی، یان نیهاد لە خوار کار و وەکو یەکێ لە تەواوکەرەکانی کار خستۆتە ڕوو.»(طبیب زاده ١٣٨٤ ب: ٧٠)

هەڵبەتە لە لۆژیکی کۆندا، بنەیان بە سەرەکی و باریان بە لاوەکی لە بەرچاوگرتووە، بەڵام ڕێزمانی بەرهەمهێنان بەها و پێگەیەکی کەم تا زۆر یەکسانیان بۆ ئەم دوو چەمکە داناوە و دواترین گۆڕانکاریی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، تا ڕادەیەکی زۆر بەهێزتر بوونی بواری گوزارە پیشاندەدات(سەباح ڕەشید قادر ٢٠٠٩: ١١٠–١١٢)، بە ڕادەیەك، کە لە هەندێ لەقەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، بەئاشکرا قسە لە بارەی وەلاوەنانی شیکردنەوەی ئەرەستۆیی دەکەن و گریمانەی (بکەر لە نێو گرێی کاری بوون) دەکەن.(محمد ابراهیمی ١٣٨٢) (علیزاده ١٣٨٢)

ڕێزمانی بەندێتی پێی وایە، کە دابەشکردنی ڕستە بۆ بەشی نیهاد و گوزارە دابەشکردنێکی ڕستەسازی نییە، بەڵکو دابەشکردنی زانیارییە. ئینگل لەو باوەڕەدایە، کە



www.mukiryani.com

دابەشــکردنی ڕســتە بــۆ نیهــاد و گــوزارە، ئەوەنــدەی ڕوونکــەرەوەی ڕۆنــانی زانیــاری و دابەشکردنی زانیاریی کۆن و نوێیــە، ئەوەنــدە ڕوونکــەرەوەی ڕۆنــانی ڕستەســازیی ڕســتە نییە.(رسولی١٣٨٩: ٦). هەروەها لای وایە، کە دابەشکردنی ڕستە بۆ دوو بەشی نیهاد و گوزارە، شێوەیەکی گونجاوە بۆ نامە لە ڕۆنانی زانیاریی ڕستە، بەڵام بۆ دابەشکردنی ڕۆنانی ڕستەسازیی ڕستە، دەبێ شیکردنەوە لــە کــارەوە، کــە چــەقە قورســایی ڕســتەیە، دەســت پێبکرێ.(طبیب زادە ١٣٨٣: ١٤-١٥)

### ١-١-٤-٢- شیکردنەوەی زنجیرەی هەڕەمیی ڕستە لە هەر دوو ڕێزمانەکەدا

سەرەڕای ئەوەی، کە هەر یەکە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و بەندێتی لە شــیکردنەوەی ڕستەسازیدا پەیڕەوی شیکردنەوەی زنجیرەی هەڕەمیی ڕۆنانەکانی ڕستە دەکەن، یان هــەر دوو تیۆریەکە هەوڵ دەدەن ڕۆنانی زنجیرەی هــەڕەمیی ڕســتە لــە ســەر بنــەمای ئــەو پەیوەندییــە جۆراوجۆرانەی، کە لە نێوان پاژەکانی ڕستەدا هەیە پیشــانبدەن؛ بــەڵام بــە شــێوەی جیــاواز ڕۆدەنرێن(دروستدەبن): لە ڕێزمــانی بەرهەمهێنانــدا، ســەرەی زنجــیرە هەڕمییەکــە، هــەموو ڕستەکە، واتە (S) پێکی دەهێنێ، کە سەرەتا بە شێوەی دوانی بــە ســەر هــەر دوو گرێــدا، واتە، گرێی ناوی(NP) و گرێی کاری(VP)، کە لە ڕووی زنجیرەی هەڕەمییەکەوە هاوبەهان، دابەشدەبێ. سەرەڕای ئەو سوودانەی، کە ئەم جۆرە دابەشکردنە هەیەتی(لەوانە بــەکارهێنانی لەلایەن زمانەوان و ڕێزماننووسانەوە هەر لــە کۆنــەوە تــا ئــەمڕۆ و بــەکارهێنانی لــە بــوارە کارەکیــــەکانی وەکــــو فێرکردنــــی زمــــان و زمانــــەوانیی کۆمپیوتەرییــــەوە)، «هــــیچ بەڵگەیەکی(ڕۆنانی، یان ڕستەسازی) ی دیاریکراو بۆ بەکارهێنانی نەبووە. ڕەگ و ڕیشەی ئەم بۆچوونە بۆ یەکەمین ڕوانینی فەیلەسووفە یۆنانییەکان لە بواری کاتیگۆرییــە لۆژیکییــەکان و ڕێزمان دەگەڕێتەوە.»(طبیب زادە ١٣٨٠ب: ٥٢) بــەڵام لــە ڕێزمــانی بەندێتیــدا، کارەکــە ســەرەی زنجــیرە هەڕەمییەکــە پێکــدەهێنێ(جمعة ٢٠٠٨: ٢١٧) واتــە ڕێزمــانی بەنــدێتی شیکردنەوەی خۆی لە پــاژەوە دەســت پێــدەکات و ئەگــەر و مــەرجی ئامــادەبوونی کەرەســە بەشداربووەکانی تری ڕستە، تەنیا ئەوەیە، کــە بەنــدی ســەرە(البرزی ١٣٨٨: ٢٠٣)، یــان بەندی بەندی سەرەبێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ڕێزمانی بەندێتی یەکەمین تیۆرە، کە ئەم




www.mukiryani.com

بۆچوونە(دابەشکردنی دوانیی ڕستە بۆ گرێی ناوی و کاری )ی خستۆتە ژێر پرسیارەوە و شێوەیەکی تری لە شوێنی ئەو پێشنیازکردووە.(طبیب زادە ١٣٨٠ب: ٥١)

ئەم دوو ڕێزمانە بە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە باس لە دیاردەیەکی نەگۆڕ (ڕۆنانی ڕستە)دەکەن. ڕێزمانی بەرهەمهێنان، لە گۆشەنیگای پەیوەندیی نێوان گشت و پاژەوە لە پەیوەندیی نێوان کەرەسەکانی نێو ڕستە دەڕوانێ، بەو واتایەی، کە ئەو کەرەسەیەی دەکەوێتە سەرەوە گشتە(بۆ نموونە ڕستە) و دوو کەرەسەی تر دەکەونە خوارەوەی ئەوەوە، ئەمانیش دوو پاژی ئەو گشتەن(بۆ نموونە گرێی ناوی و گرێی کاری):

*١ _ ئازاد دیارییەکەی بە من دا.*





**هێلکاریی ژمارە ١**

**پەیوەندیی گشت و پاژ لە نێوان کەرەسەکانی ڕستە لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە**



www.mukiryani.com

بەڵام ڕێزمانی بەندێتی، لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، کە ئەویش گۆشەنیگای بەندێتییە (پەیوەندیی نێوان سەرە و بەند)، لە پەیوەندیی نێوان کەرەسەکانی نێو ڕستە دەڕوانێ:




**هێلکاریی ژمارە ٢**

**پەیوەندیی بەندێتیی نێوان کەرەسەکانی ڕستە لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەندێتییەوە**

لە ڕێزمانی بەندێتیدا، سەرەی ڕستە کارە، شیکردنەوەی ڕستەسازی لە ڕێگەی ناسینەوەی کاری بنچینەیی(چەق)ی ڕستە و دوابەدوای ئەویش دەستنیشانکردنی تەواوکەرەکانی کارەکەوە دەست پێ دەکات. واتە لەم ڕێزمانەدا سەرەتا کاری بنچینەیی لە ڕستەکەدا دەناسرێتەوە، پاشان تەواوکەرەکانی کارەکە دەستنیشاندەکرێ، ئینجا تەواوکەرەکانی، تەواوکەرەکان و ... تاد دیاری دەکرێن. «بەم شێوەیە بەشی هەرە گەورەی شیکردنەوەی ڕستەسازی کۆتایی دێ.»(طبیب زادە ١٣٨٤ ب: ٦٩)

بە شێوەیەکی تر بڵێین، بەگوێرەی پەیوەندیی نێوان سەرە و بەند، هەر هەموو پاژەکانی ڕستەکە دەستنیشان دەکرێن. «بەم پێیە یەکەمین و گرنگترین هەنگاو لە شیکردنەوەی ڕستەسازیی ڕستە جێبەجێ دەکرێ.»(طبیب زادە ١٣٨٤ ب: ٧٠)

### ١-١-٤-٣- چۆنییەتیی نواندنی ڕۆنانی ڕستە لە هەر دوو ڕێزمانەکەدا

نواندنی ڕۆنانی ڕستە بەشێکی گرنگی شیکردنەوەی ڕستەسازییە گرنگییەکەشی لەوەدایە، کە «ئەنجامەکانی ئەو شیکردنەوە ڕستەسازییە پیشاندەدات»( Van Valin 2004) هەر دوو ڕێزمانەکە بۆ پیشاندانی ڕۆنانی ڕستە، سوود لە هێلکاری وەردەگرن. بە بەراوردکردنی هێلکاریی درەختی و درەختی بەندێتی بۆ ئەم ڕستەیەی خوارەوە:



www.mukiryani.com

٢ _ *ئامانج كتێبێکی گەورەی بۆ من نارد.*

بەچاکی جیاوازییەکانی ئەم دوو تیۆرییە لە نامەی ڕۆنانی ڕستەکان پیشان دەدرێ.

هەر وەکو دەبینرێ، لە هێلکاریی پەیوەست بە ڕێزمانی بەرهەمهێنان (هێلکاریی ١) دا، ((لە ڕستەوە دەست پێدەکەین و دابەشیدەکەین بە سەر گرێکان. بەم شێوەیە بەردەوام دەبین، تا دەگەین بە وشەکان))(رسولی١٣٩٠: ٧) لەم هێلکارییەدا شەش پەیوەندی هەیە، کە بریتین لە:

یەکەم/ پەیوەندیی ڕستە بە هەر یەکە لە گرێی ناوی و گرێی کارییەوە،

دووەم/ پەیوەندیی گرێی کاری بە هەر یەکە لە گرێی ناوی و گرێی کارییەوە،

سێیەم/ پەیوەندیی گرێی کاری بە هەر یەکە لە گرێی بەند و گرێی کارییەوە،

چوارەم/ پەیوەندیی گرێی بەند بە هەر یەکە لە ئامرازی بەند و ناوەوە،

پێنجەم پەیوەندیی گرێی ناویە بە ناو و ئاوەڵناوەوە،

شەشەم پەیوەندیی گرێی ناویە بە ناو و نیشانە نەناسیاوییەوە.

وەك دەبینرێ ((هەموو پەیوەندییەکان لە جۆری پەیوەندیی گشت بە پاژن))(البرزی ١٣٨٨: ٢٠٢-٢٠٤)، بە شێوەیێك، ئەگەر ئەم پەیوەندییانە، هەر وەکو لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا باوە، بە شێوەی ئەم یاسا هێڵییانەی خوارەوە بنووسین، هەمیشە توخمی لای ڕاست گشتە و لە دوو توخمی لای چەپ، کە پاژی توخمە گشتەکەی لای ڕاستن، پێکهاتووە:

ڕستە ← گرێی ناوی + گرێی کاری

گرێی کاری ← گرێی بەند + گرێی کاری


گرێی بەند ← ئامرازی بەند + ناو

گرێی ناوی ← ناو + ئاوەڵناو

گرێی ناوی ← ناو + نیشانەی نەناسیاوی



www.mukiryani.com




**هێلكاریی ژمارە ٣**

**نواندنی ڕستە بەپێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە**[٢]




www.mukiryani.com

بەڵام لە ڕێزمانی بەندێتیدا، بۆ نواندنی ڕستە سوود لە چەند هێلکاریەك، کە پێیان دەگوترێ (stemma)، وەردەگیرێ. لەم هێلکارییانەدا، «کار دەکەوێتە بەرزترین ئاستی پەیوەندیی زنجیرەی ڕیزبەندییەوە.»(البرزی ١٣٨٨: ٢٠٢-٢٠٤) وەك لە هێلکاریی پەیوەست بە ڕێزمانی بەندێتی (هێلکاریی ٢) دەردەکەوێ، هەموو پەیوەندییەکان، «لەشێوەی پەیوەندیی زاڵ(سەرە) و بەند دەردەکەون.»(بعلبکی١٩٩٠: ١٤٢) بەگشتیش پەیوەندییەکانی نێو ڕێزمانی بەندێتی لە شێوەی پەیوەندیی پاژ بۆ پاژن. کاری (ناردن)، وەکو چەقە قورسایی ڕستەکە، سێ بەندی بکەر، بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە خۆدەگرێ، هەروەها ناوی (کتێب) و ئامرازی بەندی (بۆ) وەکو حوکمکەرێك دەردەکەون، کە یەکەمیان(کتێب) بەندێکی ئاوەڵناو(گەورە) و دووەمیان (بۆ) بەندێکی جێناو(من) لە خۆدەگرن. لە ڕێزمانی بەندێتیدا، هەر وەکو لە دوو هێلکارییەکەدا دەردەکەوێ، هەر توخمێك دەتوانێ تەنیا بەندی یەك سەرە بێ، بەڵام هەر توخمێك دەتوانێ لە هەمان کاتدا بە سەر چەند توخمێکدا زاڵ بێ؛ لە ڕستەکەی سەروو، هەر یەکە لە سێ بەندی بکەر و بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ تەنیا بەندی یەك توخمن، واتە کار، بەڵام کارەکە هاوکات حوکمی سێ بەند دەکات. لە هەر یەکە لەو پەیوەندییانەی، کە لە هێلکارییەکانی ڕێزمانی بەندێتی دەبینرێت، هەمیشە توخمی سەروو، توخمی سەرە و توخمی خواروو، توخمی بەندە. «هەندێ جار وا دێتە پێش، کە توخمێك هاوکات، هەم سەرە، هەم بەندبێ.»(طبیب زاده ١٣٨٣: ١٥-١٧). وەك لە هێلکارییە بەندێتییەکەی خواروو[٣] دەردەکەوێ لە ڕستەی (٢)دا ناوی (کتێب) بەندی کاری (ناردن)ـە، و بە سەر ئاوەڵناوی (گەورە)دا زاڵە:



www.mukiryani.com




**هێلکاریی ژمارە ٤**

**نواندنی ڕستە بەپێی ڕێزمانی بەندێتی**

### ١-١-٤-٤- چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی هەر دوو ڕێزمانەکە

ڕێزمانی بەرهەمهێنان لە هەنگاوەکانی شیکردنەوەی ڕستەدا، بۆ ناونانی پارچە و پاژە جۆراوجۆرەکانی ڕستە، سوود لە کۆمەڵێك زاراوەی وەکو گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی بەند، ئاوەڵناو و... هتد وەردەگرێت. «ئەم زاراوانە بەهیچ جۆرێك ڕوونکەرەوەی ڕۆڵی ڕستەسازیی پارچە و پاژەکانی ڕستە نین، بەڵکو ئاماژە بە کاتیگۆریی وشەسازی، یان بەشی ئاخاوتنیان دەکات.» (طبیب زادە ١٣٨٣: ١٧-١٨) زاراوەکانی ناو، ئامرازی بەند، ئاوەڵناو و کار، بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییە ڕستەسازییەکان، زاراوەی تەم ومژ و لێڵن، چونکە بۆ



www.mukiryani.com

نموونە گرێی ناوی دەتوانێ هەم بکەر و هەم بەرکاربێ. هەروەها گرێی بەند دەتوانێ بەرکاری ناڕاستەوخۆ، یان ئاوەڵگوزارە بێ. لە لایەکی ترەوە، ((سوودوەرگرتن لە زاراوە وشەسازییەکان بۆ وەسفکردنی چەمکە ڕستەسازییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی، کە هەر زاراوەیەك، لە وەسفکردنی ڕستەسازیی ڕستەدا، هەندێ جار زیاتر لە جارێك دەربکەوێت.))(طبیب زادە ١٣٨٣: ١٧-١٨) بۆ نموونە لە شیکردنەوەی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، بۆ ڕستەی (٢)، زاراوەکانی گرێی ناوی و گرێی کاری هەر یەکەیان چەند جارێك و گرێی بەندیش یەك جار بەکارهاتووە، بەڵام لە ڕێزمانی بەندێتیدا، لە تەواوی شیکردنەوەی ڕستەسازیی ڕستەدا، هیچ گرێیێکی ناوی(NP) و هیچ گرێیێکی کاری(VP)، بەتایبەتی هیچ ڕستەیەك(S) یەك نییە(کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٣٠٧) تەنانەت ئەگەر هەشبێ لەوەی، کە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بەکاردێت، جیاوازە. لە ڕێزمانی بەندێتیدا، هەمیشە سوود لە زاراوەی وەکو کار، بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵناو و... وەردەگیرێ، واتە سوود لەو زاراوانە وەردەگیرێ، کە بە شێوەیەکی تایبەت بە کاتیگۆریی ڕستەسازیی پاژەکانی ڕستەوە پەیوەستن، وەردەگیرێ. ((هەر بۆیەش، لە هێلکارییەکانی ئەم ڕێزمانەدا، هەر زاراوەیەك تەنیا یەك جار بەکاردێ.)) (طبیب زادە ١٣٨٣: ١٧-١٨) دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە زاراوەی وەکو کار و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانی دوانییان هەیە. بەو واتایەی، کە هەم ئاماژە بە کاتیگۆریی وشەسازی و هەم بە ڕۆڵی ڕستەسازیی پاژ و پارچەکانی ڕستە دەکات. بە واتایەکی تر، هەر دوو چەمکی فۆڕمی ڕێزمانی و ئەرکی ڕێزمانی تێکەڵکراوە. بۆ نموونە لە ڕستەکەی پێشوو ، واتە ڕستەی(٢)، هەر یەکە لە ئامانج و کتێب لە ڕووی فۆڕمی ڕێزمانییەوە ناون، بەڵام لە ڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە یەکەمیان بکەر و دووەمیان بەرکارە. ئەم تێکەڵکردنی فۆڕمی ڕێزمانی و ئەرکی ڕێزمانییە زیاتر لە کاردا، دەردەکەوێ، کە بۆ هەر دووکیان، واتە فۆڕمی ڕێزمانیی کار و ئەرکی ڕێزمانیی کار، هەر زاراوەی کار بەکارهاتووە. لە هێلکارییەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، هەمیشە بە واتا وشەسازییەکەی(فۆڕمی ڕێزمانی) سوود لەم زاراوانە وەردەگیرێت، بەڵام لە هێلکارییەکانی ڕێزمانی بەندێتیدا، مەبەست چەمکە ڕستەسازییەکە(ئەرکی ڕێزمانی)یانە.(طبیب زادە ١٣٨٣: ١٧-١٨)



www.mukiryani.com

### ١-١-٤-٥- سەرەبوونی کاری ناوك لە ڕستەدا

یەکێکی تر لە جیاوازییە گەورەکانی نێوان ئەم دوو قوتابخانەیە، پەیوەستە بە ((جۆری تێگەیشتن و پێناسەیان بۆ کاری سەرەی ڕستە.))(طبیب زادە ١٣٨٣: ١٨- ١٩) کاری سەرە، لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، بریتییە لە سەرەی گوزارە، یان سەرەی گرێی کاری. واتە ئەو کارەی، کە لەگەڵ بکەر ڕێکدەکەوێت، بەڵام کاری سەرە، یان کاری بنچینەیی، لە ڕێزمانی بەندێتیدا، بریتییە لە کارێك، کە تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە ڕێگە بە بوونی چەند یەکەیەکی ناوی لە دەورووبەری خۆی بدات. یان دەتوانرێ بگوترێ ((داوای چەند یەکەیەکی ناویی دیاریکراو لە دەورووبەری خۆی بکات.))(کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٣٠٧) بەو واتایەی، کە کار، جۆر و ژمارەی بەندەکانی ڕستە(واتە کەرەسە ڕستەسازییەکانی وەکو بکەر، بەرکار و ... هتد) دیاری دەکات. ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین و دەرکەوتوترین تایبەتمەندیی ڕێزمانی بەندێتی.(کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٣٠٦)، کە ئەم جیاوازییە، زیاتر لەو ڕستانەدا گرنگییەکەی دەردەکەوێ، کە لە ڕێگەی کاری ڕێژەیییەوە (بۆ نموونە کارەکانی وەکو <<بوون>> و <<توانین>>)، ڕۆدەنراون(طبیب زادە ١٣٨٣: ١٨- ١٩). بۆ نموونە:

*٣ _ ئەو دەتوانێ کتێبەکە بخوێنێتەوە.*

*٤ _ دەبێ کتێبەکە بخوێنینەوە.*

ڕێزمانی بەرهەمهێنان، هەمیشە لە شیکردنەوەی ئەم جۆرە ڕستانەدا، ئەو کارەی لەگەڵ بکەردا، ڕێکدەکەوێ وەکو سەرەی کاری ڕستە هەڵدەبژێرێت(طبیب زادە ١٣٨٣: ١٨- ١٩)؛ بۆ نموونە سەرەی کاری لە هەر دوو ڕستەکەی سەروو بە پێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بریتییە لە <<خوێندنەوە>>، بەڵام ڕێزمانی بەندێتی بۆ دوو ڕستەکەی سەروو بە ڕیز کاری ڕێژەیی <<توانین>> و <<بوون>> وەکو کاری سەرە هەڵدەبژێرن؛ چونکە کاری ڕێژەیی ئەوە دیاری دەکات، کە ڕستە بەناچاری پێویستیی بە کارێکی ترە(پاڕستەی تەواوکەری) و ئەو کارەی نێو پاڕستەی تەواوکەریش بەدڵنیاییەوە دەبێ بە ڕێژەی ئیلتیزامی بێ.



www.mukiryani.com

### ١-١-٤-٦- جۆر و ژمارەی بەندەکانی کار لە هەر دوو ڕێزمانەکەدا

جیاوازییەکی تری ئەم دوو قوتابخانەیە پەیوەستە بە جۆر و ژمارەی ئەو بەندانەی، کە هەر یەکەیان بۆ کار، لە ڕستەدا، لە بەرچاوی دەگرن. ڕێزمانی بەرهەمهێنان بە گشتی تەنیا باوەڕی بە بوونی دوو بەند، واتە تەواوکەر و سەربار، هەیە. بەو واتایەی، کە ڕێزمانی بەرهەمهێنان ((هیچ قسەیەك لە بارەی تەواوکەرە سەرپشکیەکانەوە ناکات و هیچ باسێکیش لە بارەی بنەماکانی جیاوازیکردن لە نێوان تەواوکەرە خورتی و سەرپشکیەکانەوە نادات بەدەستەوە.))(طبیب زادە ١٣٩٠: ١٠) ئەم ڕێزمانە هەمیشە هەوڵ دەدات جیاوازیی توخمەکانی وەکو تەواوکەرەکان و سەربارەکان، بە شێوەیەکی ورد و یاسابەند، لە یاساکانی گرێ پێکهێنان، یان هێلکارییە درەختییەکانی خۆیدا پیشان بدات. ڕێزماننووسانی بەرهەمهێنان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ خستنەرووی چەندین تێست بۆ پیشاندانی جیاوازییە ڕۆنانییەکانی تەواوکەر و سەربارەکان لە ڕێگەی هێلکارییە درەختییەکانەوە. لەوانەیە هۆی لە بەرچاونەگرتنی تەواوکەرە سەرپشکیەکان لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، ئەو گرفتاری و کێشانە بێ، کە لە ئاراستەکردنی جیاوازییە ڕۆنانیەکانی لەگەڵ تەواوکەرە خورتییەکان لە سەرێك و لەگەڵ سەربارەکان لە سەرێکی ترەوە بوونی هەیە. کارێکی سروشتییە، کە زیادکردنی توخمی سێیەم بۆ ئەم باسە، کارەکە زۆر زەحمەتتر دەکات لەوەی، کە هەیە.(طبیب زادە ١٣٨٠ب: ٤٩)؛ لە کاتێکدا ڕێزمانی بەندێتی ئەم دابەشکردنە دوانییە بە تەواو نازانێ و بەندەکانی کار بە سەر چوار دەستەدا دابەش دەکات. بە پێی ڕێزمانی بەندێتی، بەندەکانی کار سەرەتا بە سەر دوو دەستەی گشتیی تەواوکەرەکان و سەربارەکان و دواتر تەواوکەرەکانیش خۆیان بە سەر دوو دەستەی تەواوکەرە خورتییەکان و تەواوکەرە سەرپشکیەکان و سەربارەکانیش بە سەر دوو جۆری سەرباری گشتی و تایبەتیدا دابەش دەبن.

## ١-١-٥- ئامانجی ڕێزمان و ڕستەسازیی بەندێتی

ئامانجی ڕێزمانی بەندێتی بریتییە لە دەرهێنانی تەواوکەرەکانی کار و بەدوای ئەوەوە دەست نیشانکردنی ڕۆنانە بارگەخستنییەکانی کار و ڕۆنانە بنجییەکانی ڕستە. ئەم ڕۆنانانەش هەم بۆ ڕستەسازی، هەم بۆ فێرکردنی زمان گرنگن. ئامانجی شیکردنەوەی



www.mukiryani.com

ڕستەسازیش ئەوەیە، کە ئەرکی هەموو فۆڕمەکانی وشە، یان یەکە لێکسیکییەکان دیاری بکات.(طبیب زاده ١٣٨٠ب: ٤٣-٤٤)

## ١-١-٦- بنەماکانی ڕێزمانەکە

بە گشتی ڕێزماننوسانی بەندێتی لە بارەی سەربەخۆبوون و سەربەخۆنەبوونی ڕێزمانی بەندێتییەوە دەبن بە دوو گرووپەوە. هەندێکیان، لەوانەش ((هێلبیگ و شنکل (Helbig & schenkel)، پێیان وایە، کە ئەم ڕێزمانە لقێکە لە لقەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان.))(البرزی ١٣٨٨: ٢٠٢) هەروەها لە ژێر کاریگەری ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە، هەوڵیانداوە پەیوەندی لە نێوان ئەم تیۆرە و تیۆری بەرهەمهێناندا بدۆزنەوە و تەنانەت ڕێزمانی بەندێتی بە شێوەی یەکێ لە لقەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بناسێنن.

هەندێ زمانەوانی تر ئەم ڕێزمانە بە ڕێزمانێکی سەربەخۆ دادەنێن و لەوەش زیاتر وەکو ڕێزمانێکی ڕکابەری ڕێزمانی بەرهەمهێنان(کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٣٠٥) سەیری دەکەن.

هەموو جۆرەکانی ڕێزمانی بەندێتی پێیان وایە، کە ڕۆنانی ڕستەسازی، کۆمەڵە وشەیەك لە خۆدەگرێ، کە پەیوەندی دووددوویی نابەرانبەری لە نێوانیاندایە. بەم پەیوەندییانە دەگوترێ پەیوەندیی بەندێتی.

ڕێزمانی بەندێتی لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی ((باس لە پەیوەندییە بەندێتییەکانی نێوان تۆخمی سەرە و بەندەکاندا، وەسفی ڕۆنانە ڕستەسازییەکانی زمانە جۆراوجۆرەکاندا دەکات.))(کبیری ١٣٨٥: ٧) بەو واتایەی، کە هەموو پەیوەندییەکانی نێو ئەم ڕێزمانە لە ڕێگەی پەیوەندیی بەندێتییەوە شیدەکرێنەوە. بەندێتیش بریتییە لە پەیوەندیی نێوان تۆخمە زمانییەکان لە ڕۆناندا. ئەویش لە ڕووی سەربەخۆبوون و سەربەخۆنەبوونی تواناکەیان.

بە پێی ڕێزمانی بەندێتی ((ڕستە لە پلەیەکی قووچەکی(هەرەمی)ی پەیوەندی بەندێتییەوە دروست دەبێ. بەو واتایەی، کە ڕێزمانی بەندێتی، بایەخ بە پەیوەندیی بەندێتیی دوانیی نێوان سەرە و بەندەکان دەدەن.))(طبیب زاده ١٣٨٠ب: ٥٣) بە جۆرێکی تر بڵێین لەم ڕێزمانەدا، لە هەر ڕستەیەکدا تەنیا یەك کەرەسە سەربەخۆیە و کەرەسەکانی تری ڕستەکە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەندن بەمەوە. واتە هەموو کەرەسەکانی تری ناو ڕستەکە



www.mukiryani.com

پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە.(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ٢٠٠٢: ١٣) بەمەش هیچ کەرەسەیەکی نێو ڕستە لە بۆشاییدا نامێنێتەوە.

لەم تیۆرەدا کار ئەرکی توخمی چەقی(بنکە یی)، یان سەرەی ڕستەی هەیە، کە لە شیکردنەوەی زنجیرەی پلەبەندییدا لە جێکەوتەیەکی بەرزتردایە بە گوێرەی توخمەکانی تری ڕستە و لە ئەنجامدا، شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕستە لەوەوە دەست پێدەکات.(کرباسچي ١٣٨٩: ٣) هەر ئەمەشە وای کردووە، کە ئەم ڕێزمانە بەهۆی کار- تەوەربوونیەوە لە زۆربەی ڕێزمانانی تر جیابێتەوە. (چگنی ١٣٨٤: ١٥٦)

تیۆری بەندێتی بە گشتی لە سەر دوو گریمانەی سەرەکی دامەزراوە. یەکەمیان ئەوەیە، کە هەر ڕستەیەك کارێکی چەقی(بنکەیی)ی هەیە و دووەمیان ئەوەیە، کە بە پێی جۆر و ژمارەی تەواوکەرە خورتی و سەرپشکیەکانی، دەتوانرێ ڕۆنانی بنجیی ئەو ڕستانەی، کە کاریان تێدا بەکارهاتووە، دیاری بکەین. لە هەموو ئەم پەیوەندیانەدا، وشەیەك بەند و وشەیەکی تر سەرە[٤]یە.(رسولی ١٣٩٠: ٥-٦)

## ١-١-٧- چەند تایبەتمەندییەکی ڕێزمانی بەندێتی

سەرەڕای ئەوەی، کە هەندێ زمانەوان پێیان وایە پێویستە وا سەیری ڕستەسازیی بەندێتی بکرێ، کە شێوەیەکی جیاوازە لە شێوەکانی ڕستەسازیی ڕۆنانکاری، بەڵگەشیان بۆ ئەمە تەنیا ئەوەیە، کە ئەم تیۆرە لە فەرەنسا و وڵاتانی تر پەرەی سەندووە(هلبش ٢٠٠٣: ٣٦١)؛ بەڵام تیۆری ڕێزمانی بەندێتی، یەکێکە لە تیۆرەکانی ڕێزمانە ڕۆنانکاری و فۆڕمییەکان.(طبیب زادە ١٣٨٥أ: ٢٣-٢٥) مەبەست لە ڕێزمانی فۆڕمیش ئەوەیە، کە ((بێ پشت بەستن بە زانیاریی سەرووەدەق(دەوروبەری زمانی و نازمانی))(گلفام ١٣٨٥: ٥٥) و تەنیا بە پێی ڕۆنانی ڕستە لە ڕۆنانی زمان دەکۆڵرێتەوە، بەو واتایەی، کە ((مەودای باس لە سنووری ڕستە ناچێتە سەرەوە))(کبیری ١٣٨٥: ٣ ، ٧)، کەواتە گەورەترین یەکە کە ڕێزمانی بەندێتی لێی دەکۆڵێتەوە، ڕستەی ڕۆنان دروستە[٥]. بە واتایەکی تر، لە ڕێزمانە فۆڕمییەکان تا بکرێ ئەو یەکانەی، کە لە ڕستە گەورەترن( وەکو دەق و پەرەگراف و ... هتد)، یان لە وشە، یان یەکەی لێکسیکی بچووکترن(وەکو مۆرفیم و ... هتد)، ناخەنە نێو باسکانی



www.mukiryani.com

خۆیانەوە. هەروەها تەنیا دان بەو گروپە ئەرکە ڕستەسازییانەدا دەنێ، کە «بتوانرێ بە سوودوەرگرتن لە شیکردنەوە فۆڕمییەکان بوونیان بسەلمێنرێت.»(طبیب زادە ١٣٩١: ٢٨)

ڕێزمانە فۆڕمییەکان، گریمانەی ئەوە دەکەن، کە زمان سیستەمێکی ڕۆنانییە و بایەخێکی تایبەت بە ڕۆنانی زمان دەدەن. (علوی مقدم ١٣٨٤: ٨٠) واتە زمانەوانە فۆڕمییەکان زمان بەسیستەمێك، کە لە سەر بنەمای (ڕۆنان)ی شێوە بیرکاری و هاوکێشە بونیاد نرابێ، دەزانن.

جگە لە ڕێزمانی بەندێتی، ژمارەیەك تیۆری فۆڕمالیستیی تری وەکو (ڕێزمانی مۆنتاگیۆ)، (ڕێزمانی وشە)، (ڕێزمانی بەرهەمهێنان) و ... هتد هەیە.(علوی مقدم ١٣٨٤: ٨٠)

بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕێزمانە لە دوو تیۆری گرێ ئۆتۆنۆمییەکان و تیۆری بارگەخستن، پێکهاتووە[٦].



www.mukiryani.com

## ١-٢- تیۆری گرێ ئۆتۆنۆمییەکان

تیۆری گرێ ئۆتۆنۆمییەکان، یەکێکە لە تیۆرەکانی نێو ڕێزمانی بەندێتی و مەبەست لێی شیکردنەوەی ڕۆنانی ناوەوەی گرێیە. بە پێی ئەم تیۆرە هەر گرێیێك لە وڵاتێك دەچێ، کە سیستەمێکی سیاسیی فیدراڵی هەیە، واتە لە حوکمەتێکی ناوەندی (سەرە) و چەند هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی (بەندەکان) پێکهاتووە. گەورەترین گرێ، کە لە ڕێزمانی بەندێتیدا، لێی دەکۆڵرێتەوە ڕستەیە و حکومەتی ناوەندیش لە ڕستەدا کارەکەیە، هەرێم(ویلایەت)ە ئۆتۆنۆمیەکانیش، گرێ پێکهێنەرەکانی ڕستەکە(تەواوکەر و سەربارەکان)ن. کار وەکو سەرەی ڕستە، کەرەسەیەکی حوکمکەرە و پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوان گرێکان بەوەوە پەیوەستە. واتە بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوان گرێکانە؛ بەڵام پەیوەندییە ناوەکییەکانی هەر گرێیێك پەیوەست نییە بە کارەوە؛ بە واتایەکی تر، پەیوەندییە ناوەکییەکانی هەر گرێیێك بە گوێرەی زنجیرەیەك لە پەیوەندییە بەندێتییەکانی نێوان سەرە و بەندەکانی نێو خودی گرێکانەوە بەڕێوەدەبرێ. کەواتە دەتوانرێ بگوترێ هەر یەکە لەو گرێیانەی، کە لە ڕستەش بچووکترن هەر یەکەیان لە خودی خۆیاندا وەکو سیستەمێکی فیدراڵی کاردەکەن، کە لە حکومەتێکی ناوەندی، یان سەرە و چەند هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی پێکهاتووە. بۆ نموونە: حکومەتی ناوەندی لە گرێی ناویدا، ناو و لە گرێی ئاوەڵناویدا ئاوەڵناوە ... و بەم شێوەیە.(طبیب زاده ١٣٩١: ٢٠-٢١)

بە پێی ئەم تیۆرە، ڕستەکانی زمان لە دوو کێڵگەی جیاواز و بەیەکەوە پەیوەستی فەرهەنگ و ڕستەسازی دێنە بەرهەم:

لە بەشی فەرهەنگدا، بارگەخستنی هەموو کەرەسە لێکسیکییەکان تۆمار کراوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری کارەکانی زمانی کوردی بکرێ، سەرەڕای ئەوەی، کە ڕۆنانی بارگەخستنیان تۆماردەکرێت، لەو کاتەوەی، کە قسەکەرێکی زمانی کوردی کارێك بۆ ڕۆنانی



www.mukiryani.com

ڕستەیەك هەڵدەبژێرێت، هاوكات ڕۆنانی بنجیی ڕستەكەش هەڵدەبـژێرێت. بـۆ نموونـە ئەگـەر كاری «خواردنەوە» وەكو كاری ناوەندیی ڕسـتە هەڵبـژێردرێ، لـە خـۆوە بكـەر و بـەركاری ڕاستەوخۆش وەكو ئەو توخمانەی تری، كە لە ڕۆنانی ئەو ڕستەیەدا هەن هەڵدەبژێردرێ.

هەرچی بەشی ڕستەسازیشە ئەو یاسا ڕستەسازییانە لە خۆدەگرێ، كە بە سەر ڕۆنانـە بنجییە سەرەكییەكاندا، جێبەجێ دەكرێن و ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەكان دێننە بەرهەم.

تایبەتمەندییەكانی ئەم دەستە ڕۆنانانە(ڕۆنانە بنجییەكانی ڕستە)، تەنیا بە پێی بەشی فەرهـەنگ نـاتوانرێ ڕوونبكرێنـەوە، بـەڵكو بـۆ ڕوونكردنـەوەیان دەبـێ بـۆ ئـەو یاسـا ڕستەسازییانەی، كە لە بەشی ڕستەسازیشدا هەن، بگەڕێینەوە. بۆ نموونە بەهۆی كاریگـەریی بەكارهێنانی پرۆسەی ڕستەسازیی بەئیسنادی كردن بە سەر ڕستەی(٥)دا:

*٥ـ هۆشیار هات.*

بە(ڕۆنانی بنجیی سەرەكیی ||ب||)ەوە، ڕستەی داڕێژراوی

*٦ـ ئەوە هۆشیار بوو، كە هات.*

بە(ڕۆنانی بنجیی داڕێژراوی ||ئەوە+ تەواوكەری بكەر + پاڕستە بەئیسنادی كردن||)ـەوە بەرهـەم دێ. كەواتـە دەتـوانرێ بگـوترێ ڕۆنانـە بنجییـە سـەرەكیەكانی زمـان ڕۆنانـە لێكسـیكییەكانن، بـەڵام ڕۆنانـە بنجییـە داڕێـژراوەكانی زمـان ڕۆنانـە لێكسـیكی-ڕستەسازییەكانن. ژمارەی ڕۆنانە بنجییە سەرەكی و ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەكان لـە هـەموو زمانەكاندا سنووردارن.(طبیب زادە ١٣٩١: ٢٠-٢١)

## ١-٢-١- دوو گریمانە لە بارەی هەموو گرێكان

بە شێوەیەكی گشتی تیۆری گرێ ئۆتۆنۆمییەكان لە سەر دوو گریمانە ڕۆنراوە:

یەكەم: هەموو گرێیێك، ئەگەر ڕستە بێ، یان هەر گرێیێكی تری بچووكتر لە ڕسـتەی وەكو گرێی ناوی، یان ئاوەڵناوی، یا... هتد، ناتوانێ لە پێنج جۆر توخم زیاتر لە خۆ بگرێت.

دووەم: تەنیا لە ڕێگەی ڕوونكردنەوەی پەیوەندییە بەندێتییەكانی نێـوان هـەمان ئـەو پێنج توخمەی پێشوو، دەتوانرێ ڕۆنانی هەر گرێیێك نیشان بدرێ.(طبیب زادە ١٣٩٠: ٨)



www.mukiryani.com

## ١-٢-٢- پێنج جۆر توخمەپێکهێنەرەکانی گرێکان

بە شێوەیەکی گشتی ئەو توخمانەی، کە لە هەر گرێییێکی ڕستەسازیدا دەتوانن دەربکەون، دەبن بە دوو جۆرەوە: سەرە و بەندەکان. بەندەکانیش خۆیان لە دوو جۆردا دەبینن: تەواوکەرەکان و سەربارەکان. دیسان هەر یەکە لە تەواوکەرەکان و سەربارەکانیش یەك لە دوای یەك دەبن بە دووجۆرەوە: تەواوکەرە خورتییەکان و تەواوکەرە سەرپشکیەکان، سەرباری تایبەتی و سەرباری گشتی.

لە هەموو گرێکاندا تەنیا پێنج جۆر توخم دەتوانن لە ڕۆنانیاندا بەشداری بکەن، ئەو پێنج جۆر توخمەش ئەمانەی خوارەوەن:


١. سەرە

٢. تەواوکەری خورتیی سەرە

٣. تەواوکەری سەرپشکیی سەرە

٤. سەرباری تایبەتی (کە سەرباری سەرەیە)

٥. سەرباری گشتی (کە سەرباری هەموو گرێکەیە).




**هێلکاریی ژمارە ٥**

**جۆری بەندەکان لەڕێزمانی بەندێتیدا**



www.mukiryani.com

وەك لە هێلکارییەکەی سەروو ڕوونکراوەتەوە، توخمی یەکەم سەرەی ڕستەکەیە و بە هیچ توخمێکەوە بەندنییە، بەڵکو هەموو توخمەکانی تر ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەندی ئەون، بەم پێیە لە هەر گرێیێکی ڕستەسازیدا تەنیا چوار جۆر بەند بوونی هەیەوە. لەخوارەوە بە درێژی باس لە هەر یەکە لە پێنج توخمەکە دەکەین:

### ١-٢-٢-١- سەرە

سەرە، بەشی ناوەندیی گرێ. هەموو توخمەکانی تری گرێکە جۆرێك لە پەیوەندیی ڕێزمانی، یان واتاییان بە سەرەوە هەیە.(چگنی ١٣٨٤: ٢٤٨) بەو واتایەی، کە سەرە بەشی تەوەرەیی گرێکانە و هەموو کەرەسەکانی تر لە ڕووی ڕێزمانی، یان واتاییەوە بەوەوە پەیوەستن و لە دەوری ئەودا، خول دەخۆن.

تالێرمان، سەرە بەگرنگترین وشەیە دەزانێت لە گرێدا، ئەمەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێنێتەوە: یەکەم/ زانیاریی واتایی گرنگ دەگوازێتەوە، واتە واتای تەواوی گرێکە لەلایەن ئەوەوە دیاری دەکرێت، دووەم/ تاکە وشەیە، کە بتوانێ شوێنی هەموو گرێکە بگرێتەوە. سێیەم/ ناتوانرێ بکرتێنرێت. (دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە لە هەندێ شوێندا، بەڕواڵەت سەرە دەکرتێ، چونکە بەجۆرێك لە جۆرەکان باسکراوە. بە واتایەکی تر، بڵێین بەقەرینە کرتاوە) چوارەم/ دەشێ بەندێکی خورتی وەربگرێت.(Tallerman 1998: 90-91)

بەم جۆرە دەتوانرێ بگوترێ تایبەتمەندییەکانی سەرە ئەمانەن:

١_ هەڵگری گرنگترین زانیاریی سیمانتیکییە لە گرێدا.

٢_ سەرەکان هەمیشە خورتین.

٣_ لەگەڵ کەرەسە شوێنکەوتووەکانی خۆیان ڕێکدەکەون لە سەر هەندێ، یان هەموو نیشانە ڕێزمانییەکانی هەمان سەرە.( ئومێد بەرزان برزۆ ٢٠١١: ١٥) بە واتایەکی تر، دەتوانرێ بگوترێ، سەرە ئەو کەرەسەیە، کە بەندەکانی خۆیان دیاری دەکەن، تەنانەت بڕیار لە سەر شێوە ڕستەسازیەکەشیان بدات.

٤_ سەرەی هەموو گرێیێك، توخمێکە، کە هەموو گرێکە بەهۆی جۆری ئەوەوە ناودەنرێت. واتە ناونانی گرێکە پەیوەستە بە جۆری سەرەکەوە و فۆڕمی گرێکە لەلایەن



www.mukiryani.com

ئەوەوە دیاری دەکرێ. بە واتایەکی تر، هەر گرێیێك بەهۆی جۆری سەرەکەیەوە ناودەنرێت. بۆ نموونە سەرەی گرێی ناوی ناوە، سەرەی گرێی بەند ئامرازی بەندە، سەرەی گرێی ئاوەڵناوی ئاوەڵناوە، و سەرەی گرێی ئاوەڵکاریش ئاوەڵکارە.

٥_ سەرە فۆڕم و ژمارەی تەواوکەرە خورتی و سەرپشکیەکانی لە خۆ دەگرێت، هەر بۆیە لەو کاتەوە، کە سەرە وەکو توخمێکی لێکسیکی لە فەرهەنگی قسەکەرانی زمانەکەدا هەیە، فۆڕم و ژمارەی تەواوکەرەکانی ئەو وشەیە لە ڕۆنانی بارگەخستنی سەرەدا دیاریکراوە.(طبیب زادە ۱۳۹۱: ۱۲)

دوابەدوای سەرە، بەندەکان دێ. بەندەکانیش ئەو کەرەسانەن، کە لە گرێکاندا، بوونیان سەربەخۆ نییە و وەك لە ناوەکەشیانەوە دیارە، بەندن بە کەرەسەی ترەوە. لە خوارەوە باس لە هەر یەکە لەم چوار بەندە دەکرێ و خاڵی هاوبەش و جیاوازییەکانیان دەخرێتە ڕوو.

### ١- ٢-٢-٢- بەندەکان

بەندەکان ئەو کەرەسانەی نێو گرێکانن، کە بوونیان سەربەخۆ نییە و وەك لە ناوەکەشیانەوە دەردەکەوێ بەندن بە کەرەسەی ترەوە. دابەش کردنی بەندەکان بە سەر دوو جۆری تەواوکەر و سەربارەکان، پەیوەستە بە توندیی پەیوەندیی بەندێتیی نێوان سەرە و بەندەکانەوە و بە گوێرەی توندیی پەیوەندیی بەندێتیی نێوان تەواوکەر و سەرەوە، تەواوکەرەکانیش دەبن بە دوو جۆری تەواوکەری خورتی و سەرپشکی. سەربارەکانیش بە گوێرەی توندیی پەیوەندیی بەندێتیی نێوان سەربار و سەرەوە، دەبن بە سەرباری تایبەتی و سەرباری گشتی.(طبیب زادە ۱۳۹۱: ۳۰-۳۱) بە واتایەکی تر، دابەشکردنی بەندەکان بۆ چوار جۆری (تەواوکەری خورتی، تەواوکەری سەرپشکی، سەرباری تایبەتی و سەرباری گشتی)، ئەو شەبەنگە ڕوون دەکاتەوە، کە لە نزیکترین بەندی کارەوە(واتە تەواوکەری خورتی)دەست پێدەکات و بە دوورترین بەندی (واتە سەرباری گشتی) کۆتایی دێت. تەواوکەرە سەرپشکیەکان، دوای تەواوکەرە خورتییەکان نزیکترین کەرەسەن لە سەرەوە و دوای ئەوان سەربارە تایبەتەکان دێنکە هەر دووکیان یەك بە دوای یەك کەتوونەتە ناوەڕاستی ئەم شەبەنگەوە.(طبیب زادە ۱۳۸۳: ۲۵) هەر بۆیە هەندێ لە ڕێزماننوسان، لەوانەش تویبێرت،



www.mukiryani.com

هێربست، بیوسچێرت، ماتیۆز و فاتەر جیاوازیی نێوان تەواوکەر و سەربارەکان لە ژێر باسی پلەبەندی لە بەندەکان دەکۆڵنەوە. بۆ نموونە هێربست پەیوەستبوونی بەندە جۆراوجۆرەکان بە سەرەکانیانەوە، لە سەر بنەمای ئەرکی سەرە لە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی فۆڕمی بەندەکانیانەوە، بە سەر چوار جۆردا دابەشدەکات.(طبیب زاده ۱۳۸۳:۳۱)

**۱-۲-۲-۲-۱- تەواوکەرەکان**

تەواوکەر ئاماژە بەو ڕستە، یان دەربڕینە، دەکات، کە لەگەڵ سەرەدا لێکدەدرێ و پێکهاتەیەکی گەورەتر لە هەمان جۆری سەرە دێنێتە کایەوە.(چگنی ۱۳۸٤: ۱۰۱) بە واتایەکی تر، دەتوانرێ بگوترێ، توخمێکە، کە بوونی بە کارێك، یان ناوێك، یان ئاوەڵناوێك، یان ئامرازێکی بەندەوە پەیوەستە لە ڕۆنانێکی زمانیدا.(گلفام ۱۳۸٥: ۱٦۰) هەروەها بەشێکن لە بارگەی سەرە. بەو واتایەی، کە لە ڕیزی زانیارییە لێکسیکییەکاندان. وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ئەو زانیارییانە(فۆڕم و ژمارەی تەواوکەرەکانی ئەو وشەیە لە ڕۆنانی بارگەخستنی سەرە)هەر لەو کاتەوە، کە سەرە وەکو توخمێکی لێکسیکی لە فەرهەنگی قسەکەرانی زماندا هەیە، دیاریکراوە.(طبیب زادە ۱۳۹۱: ۱۱-۱۲)

**۱-۲-۲-۲-۲- سەربارەکان**

لە ڕۆنانە ڕێزمانیەکاندا، سەربار توخمێکی کەم بایەخ، یان سەرپشکیە و کرتاندنی کار ناکاتە سەر ناسنامەی ڕۆنانیی ڕۆنانە ڕێزمانیەکە.(چگنی ۱۳۸۲: ۱۳) بەو واتایەی، کە بوون و نەبوونی سەربار هیچ لە چیەتیی ڕۆنانە ڕێزمانیەکە (گرێکە) کەم ناکاتەوە. کەواتە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونیان لە ڕۆنانی ڕستەی سەرەکی(یا هەر گرێیێکی تر)دا، هیچ گرفتێك دروست ناکات.(میر عمادی ۱۳۷۹: ۱٤۱-۱٤۲)

بە گشتی سەربار پێکهاتەیەکی ناسەرەکی(الخولی ۱۹۹۱: ٦)، یان لاوەکی و سەرپشکیی ڕۆنان(گرێکان)ـە و بە شێوەیەکی گشتی زانیاریی زیادە و ناسەرەکی لە خۆدەگرن و کرتاندنیان هیچ خەوشێك ناخاتە نێو ڕۆنانی ڕستەوە. بە واتایەکی تر، دەتوانرێ سەربارەکان بکرتێنرێن بێ ئەوەی ڕۆنان و کرۆکی ڕستەکە(یا هەر گرێیێکی تر) بشێوێنێت. واتە کرتاندنی سەربارەکان لە دەوڵەمەندیی زانیارییە دراوەکان کەمدەکاتەوە، بەڵام کارناکاتە سەر فۆڕم



www.mukiryani.com

دروستیی ڕسته(گرێ بە گشتی).(گلفام ١٣٨٥: ٢٥) به واتایەکی تر، کرتاندنیان هیچ کارێك ناکاتە سەر لایەنی ڕێزمانیی ڕستە(مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد ١٩٨٨: ١٣)، بەڵکو ئەرکیان تەنیا دەرخستنی زانیاریی زیادەیە دەربارەی لایەنەکانی ڕووداو. (ئومێد بـەرزان بـرزۆ ٢٠١١: ٨٨)، یان تەنیا بار و مەرجی ڕووداوەکە دەردەخـات(سـاجیدە عەبـدوڵلا فـەرهادی ٢٠١٠: ١٢٩–١٣٠) و بەهیچ شێوەیەك نابنە بەشێك لە بارگەی سەرە.

**١-٢-٢-٢-٣- جیاوازیی نێوان بەندەکان**

یەکێ لە گرنگترین باسەکانی ڕێزمانی بەندێتی بریتی بووە لە دۆزینـەوەی بنـەما بـۆ جیاوازی کردن لە نێوان جۆری بەندەکان(واتە تەواوکـەری خـورتی و سەرپشـکی و سـەرباری گشتی و تایبەت). تا ئێستا چەندین ئەزموونی جۆراوجۆر بۆ جیاوازی کـردن لـە نێـوان ئـەم بەندانە پێشنیازکراوە، بەڵام بە گشتی دەتـوانرێ بگـوترێ بـۆ جیاکردنـەوەی بەنـدەکان، دوو ئەزموونی کرتاندن و تایبەتکردن لە هەموو ئەزموونەکانی تر سەرکەوتووتر بووە.(طبیب زادە ١٣٨٣: ٢٢)

**یەکەم: جیاوازیی نێوان تەواوکەرە خورتی و سەرپشکیەکان**

تەواوکەرە خورتییەکان ئەو دەستە تەواوکەرەن، کە بوونیـان لـە ڕسـتەدا پێویسـتە و لەلایـەن سـەرەوە هەڵدەبـژێردرێن.(کرباسچي ١٣٨٩: ٧) بـەو واتایـەی، کـە تەواوکـەرە خورتییەکان بوونیان خورتییە لە ڕستەدا بۆ ئـەوەی ڕسـتەکە بکەنـە ڕسـتەیەکی ڕێزمـانی و ناکرێ لە ڕستەدا بکرتێنرێن.(Herbst2000) کەواتە بە پێـی ئـەزموونی کرتانـدن، ئەگـەر بەکرتاندنی یەکێ لە پاژەکانی ڕستە، بوە هۆی ئەوەی، کە ڕسـتەکە ببێتـە ناڕێزمـانی، یـان ناتەواو، ئەوا پێکهاتە کرتاوەکە بە تەواو کەری خورتی دادەنرێ.(طبیب زادە ١٣٨٣: ٢٢)" هەرچی تەواوکەرە سەرپشکیەکانە، ئەو توخمانەن، کە لە ڕووی شـێوەوە بـە کار(دروسـت تـر بڵێین بە سەرە)ـەوە بەندە. بەو واتایەی، کە لەلایەن سەرەوە هەڵدەبژێردرێن، بەڵام هەرگیز لە ڕوانگەی ڕستەسازییەوە پێویست نییە دەرببڕێت.(Herbst2000)

بەم پێیە کرتاندنی تەواوکەرە خورتییەکان گرێکە دەکەن بە ناڕێزمانی:



www.mukiryani.com

*٧ _ ژیلە دەبێ بەمامۆستا.*

*٨ _ *ژیلە دەبێ.*

بەڵام کرتاندنی تەواوکەرە سەرپشکیەکان نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی گرێکان:

*٩ _ ئاکام لەگەڵ ژیلەدا هاوسەرگیریی پێکهێنا.*

*١٠ _ ئاکام هاوسەرگیریی پێکهێنا.*

کەواتە دەتوانرێ بگوترێ، تاکە جیاوازیی نێوان تەواوکەری خورتی و تەواوکەری سەرپشکی لەوەدایە، کە کرتاندنی تەواوکەری خورتی گرێکە دەکات بە ناڕێزمانی، بەڵام کرتاندنی تەواوکەری سەرپشکی نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی گرێکە.(طبیب زادە ١٣٩١: ١٢)

**دووەم: جیاوازیی نێوان تەواوکەر و سەربار**

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە هەمیشە جیاکردنەوەی تەواوکەر و سەربار بە پێی ئەو ڕستەیە دەبێ، کە تێیدا بەکارهاتووە، نەك بە پێی فۆڕمیان واتە هیچ کاتێك لە دەرەوەی ڕستە ناتوانرێ بە بەندێك بگوترێ تەواوکەر، یان سەربار، بەڵکو سەرەتا دەبێ ڕستەکە ببینرێ، کە بەندەکەی تێدا بەکارهاتووە، ئینجا جۆرەکەی دیاری بکەین.(طبیب زادە ١٣٨٣: ٢٣-٢٤) ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: یەکەمیان ئەوەیە، کە ئەو کەرەسەیەی لە ڕستەیەکدا تەواوکەرە، دەشێ لە ڕستەیەکی تردا سەرە، یان سەربار بێ. بۆ نموونە وشەی <<جوان>> لە ڕستەی(١١)دا تەواوکەرە، بەڵام هەمان وشە لە ڕستەی(١٢)دا سەربار و لە گرێی ئاوەڵناویی(١٣)دا سەرەیە:

*١١ _ گوڵەکە جوانە.*

*١٢ _ منداڵەکە جوان دەڕوات.*

*١٣ _ زۆر جوان*

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد سەرە فۆڕمی تەواوکەرەکانی خۆی دیاری دەکات. بۆ نموونە ناوەکانی <<خۆپاراستن>> داوای تەواوکەرێك دەکات، کە لە شێوەی گرێی بەندی <<لەیی>> بێ و <<پشت بەستن>>یش داوای تەواوکەرێك دەکات، کە لە شێوەی گرێی بەندی <<بەیی>> بێ، (١٤_أ) و (١٥_أ)، سوود وەرگرتن لە تەواوکەری تر، یان تەنانەت



www.mukiryani.com

سوود وەرگرتن لە گرێی بەندی تریش، دەبێ بە هۆی فۆڕم نادروست بوونی ئەو گرێیە (١٤_ب، ١٤_پ) و(١٥_ب، ١٥_پ). ئەم تەواوکەرانەش تەواوکەری خورتین و لە شێوەی ئامرازی بەندن.

١٤ _

أ_ *پشت بەستن بە یاسا نێودەوڵەتییەکان*

ب_ * *پشت بەستن یاسا نێودەوڵەتییەکان*

پ_ * *پشت بەستن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان*

١٥ _

أ_ *دوورکەوتنەوە لە کاری نایاسایی*

ب_ * *دوورکەوتنەوە کاری نایاسایی*

پ_ * *دوورکەوتنەوە بۆ کاری نایاسایی*

سەربارەکان بەوە لە تەواوکەرەکان جیادەبنەوە، کە سەربارەکان هەمیشە سەرپشکین لە کاتێکدا، کە تەواوکەرەکان بەزۆری خورتیین. جیاوازیی نێوان ئەم دوانە لەوەدایە، کە تەواوکەر کەرەسەیەکە، لەلایەن سەرەوە هەڵدەبژێردرێ بەم پێیە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سەرەدا هەیە، بەڵام سەربار زانیاریی زیادە لە خۆدەگرێ و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سەرەدا نییە.(کرباسچي ١٣٨٩: ٦)

لێرەدا بە گشتی چەند جیاوازییەکی نێوان سەربار و تەواوکەرەکان لە خوارەوە دەخەینەروو:

هاتنی تەواوکەر لە ڕستەدا بەهاتنی سەرەوە (کار، یان ئەو ئاوەڵناوەی، کە لەوەچەپۆلێکی گونجاودایە) بەندە، لە کاتێکدا ئەم سنووردارییە وەك پێوانەیەك بۆ هاتنی سەربار نییە.(محەمەد عومەر عەول ٢٠٠٨: ٢٦) و بە گوێرەی پێویست دەتوانرێ چەندین سەربار لە قاڵبی پێکهاتە جیاوازەکاندا، بۆ ڕستە زیادبکەین.(گلفام ١٣٨٥: ٢٥)

سەربار لە ڕووی سینتاکسەوە لادەبرێت(دەکرتێنرێ)، چونکە لابردنی سەربار نابێتە هۆی نارێزمانی بوون، بەڵام تەواوکەر بەپێچەوانەی سەربارەوە خورتییە، لابردنی، یان دەبێ بە



www.mukiryani.com

هۆی نارِێزمانی بوونی ڕستەکە، یان واتای کار(سەرە) و ڕستەکە دەگۆڕێت.(محەمەد عومەر عەول ٢٠٠٨: ٢٧)

هەروەها ژمارەی تەواوکەر سنووردارە و بە جۆری ئەو کار (سەرە)یەی لە وەچەپۆلێکی گونجاودایە و داوای تەواوکەر دەکات، بەندە؛ بەڵام ئەم سنوورداریيە بۆ سەربار نییە، چونکە هیچ سنوورێکی ڕێزمانی بۆ ژمارەی سەربار لە دروستەی ڕستەدا نییە.(هەمان سەرچاوە: ٢٨)

لە ڕاستیدا تاکە جیاوازی لە نێوان تەواوکەر و سەرباردا لەوەدایە، کە یەکەمیان بەشێکی گرنگی ڕستەیە و خورتییە و دەستی لێ هەڵناگیرێ؛ بەڵام دووەمیان کەرەسەیەکی ناگرنگی ڕستەیە و زانیارییەکمان لە بارەی سەرە(یا هەموو گرێکان)ەوە پێدەدرێ، کە دەتوانرێ وازی لێ بهێنرێ، بە واتایەکی تر، هاتنی لە ڕستەدا سەرپشکیە.(مەحمود فەتحوڵڵا ئەحمەد ١٩٨٨: ١٤)

لە ڕاستیدا ئەم چەند جیاوازییەی نێوان تەواوکەر و سەربار، بەس نییە بۆ دیاری کردن و جیاکردنەوەی نێوان تەواوکەر و سەربارەکان، بەڵکو دەبێ جیاکردنەوەکە هەموو جۆرەکانی تەواوکەر(تەواوکەری خورتی و تەواوکەری سەرپشکی) و سەربارەکان(سەرباری تایبەتی و سەرباری گشتی) بگرێتەوە، بۆیە سەرەتا جیاوازیی نێوان تەواوکەری خورتی لەگەڵ هەر یەکە لە تەواوکەری سەرپشکی و سەربارەکان دەکەین و دواتریش جیاوازیی نێوان تەواوکەری سەرپشکی و سەربارەکان ئینجا جیاوازیی نێوان جۆرەکانی سەربار دەکەین. جیاوازیی نێوان تەواوکەری خورتی لەگەڵ هەر یەکە لە تەواوکەری سەرپشکی و سەربارەکان لەوەدایە، کە کرتاندنی تەواوکەری خورتی ڕستەکە دەکات بە نارِێزمانی بەڵام ئەو بەندانەی، کە بەکرتاندنیان ڕستەکە(یا هەر گرێیێکی تری ڕستەسازی) نابێ بە نارِێزمانی، ئەوا، یان تەواوکەری سەرپشکین، یان سەربارن.(طبیب زادە ١٣٨٣: ٢٢) وەك دەبینرێ بۆ جیاکردنەوەی تەواوکەری خورتی لەگەڵ هەر یەکە لە تەواوکەری سەرپشکی و سەربارەکان، سوودمان لە ئەزموونی کرتاندن وەرگرت و ڕێزمانی بوون و نارِێزمانی بوونی گرێکەمان کرد بەپێوەر بۆ جیاکردنەوەی، بەڵام بۆ جیاکردنەوەی تەواوکەری سەرپشکی لە سەربار، سوود لە ئەزموونی تایبەتکردن وەردەگیرێت. بە پێی ئەزموونی تایبەتکردن، ئەو بەندەی، کە لەگەڵ



www.mukiryani.com

هەموو کارێکدا بەکاربێ سەرباره و ئەو بەندەی، کە تەنیا لەگەڵ هەندێ کاری تایبەتدا بەکاردێت، تەواوکەری سەرپشکیە.

خالێکی تر، کە بەدوای ئەزموونی تایبەتکردن جێگەی باسە ئەوەیە، کە تەواوکەرە بە ئارەزووەکان لە ڕستەدا تەنانەت دوای کرتاندنیشیان، کاری ڕستەکە لە خودی خۆیدا ئاماژە بە بوونی تەواوکەرە سەرپشکیەکە دەکات.(طبیب زاده ١٣٨٣: ٢٣)

١٦ _ *گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەواندا بێسوودە.*

١٧ _ *گفتوگۆکردن بێسوودە.*

وەك دەبینرێ دوای کرتاندنی تەواوکەری سەرپشکیی <<لەگەڵ ئەواندا>>یش، ڕستەکە نەبۆتە نارێزمانی، بەڵام وەکو چەمك هەر بوونی هەیە درکی پێدەکرێ، بە واتایەکی تر، تەواوکەری سەرپشکیی <<لەگەڵ ئەواندا>> دەربکەوێ(بوونی ڕستەسازیی هەبێ)، یان دەرنەکەوێ(بوونی ڕستەسازیی نەبێ) هەمیشە گفتوگرکردن لەگەڵ کەسێك، یان چینێك، یان لایەنێکدا دەکرێ، بەمەش چەمکەکەی بوونی هەر دەمێنێ.

**سێیەم: جیاوازیی نێوان سەرباری تایبەتی و سەرباری گشتی**

سەرباری تایبەتی ئەو بەندەیە، کە ناکەوێتە نێو ڕۆنانی بارگەخستنی سەرەوە، بەم پێیە سەرە بەهیچ شێوەیەك کۆنترۆلێکی شێوە و ژمارەی سەرباره تایبەتەکان ناکات، بەڵکو قسەکەرانی زمان بە گوێرەی باسەکە هەر ژمارە و فۆرمێکی سەرباری تایبەتی، کە بیانەوێ بۆ سەرەی زیاد دەکەن. هەڵبەتە سەرە لە ڕووی واتاوە پەیوەندیی تایبەتی بە سەرباره تایبەتییەکانی خۆیەوە هەیە بەجۆرێك، کە هەر قسەکەرێکی زمان ناتوانێ هەر سەربارێکی تایبەتی لەگەڵ هەموو سەرەیەکدا بەکاربێنێت(طبیب زاده ١٣٩١: ١٢) بۆ نموونە:

١٨ _ *ئامانج تیکە تیکە نانەکەی دەخوارد.*

١٩ _ *؟ ژیلە تیکە تیکە کتێبەکەی دەخوێندەوە.*

هەرچی سەرباری گشتییە سەرەڕای ئەوەی، کە وەکو سەرباری تایبەتی ناکەوێتە نێو ڕۆنانی بارگەخستنی سەرەوە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە، کە بەپێچەوانەی سەرباری تایبەتی، نەك تەنیا بەندی سەرە، بەڵکو بەندی هەموو گرێکەیە. سەرەڕای ئەوەی، کە سەرە



www.mukiryani.com

بچووکترین ڕۆڵی له دیاریکردنی فۆرم و ژمارەی سەرباره گشتییه‌کاندا نییه، هەر بۆیەش قسەکەرانی زمان دەتوانن بە گوێرەی پێویست هەر سەربارێکی گشتی، کە بیانەوێ لەگەڵ هەر سەره و گرێییێکدا بەکاربێنن(طبیب زاده ۱۳۹۱: ۱۲) بۆ نموونە:

۲۰ _ *خۆشبەختانە نەخۆشەکە نانەکەی خوارد.*

۲۱ _ *خۆشبەختانە ڕووبار کتێبەکەی خوێندەوە.*

۲۱ _ *خۆشبەختانە منالەکە نەمرد.*

## ۱-۲-۳- جۆرەکانی بەندێتی

بە شێوەیەکی گشتی زمانەوانان لە بارەی جۆرەکانی بەندێتییەوە دەبن بە دوو بەشەوە. بەشێکیان پێیان وایە، کە بەندێتی بە گوێرەی بوونی پەیوەندیی بەلاکانییەوە، بە سەر بەندێتیی یەکلا و بەندێتی دوولاوە دابەش دەبێ.(بعلبکی۱۹۹۰: ۱٤۲) کۆمەڵەی دووەمیان وای بۆ دەچن، کە بەندێتی بە شێوەیەکی گشتی بە سەر سێ جۆردا دابەش دەبێ: بەندێتیی یەکلا، دوولا و هاولا. (Van Valin 2004: 101) لە بەندێتیی یەکلادا سەره دەتوانێ بەبێ بەندەکەی دەرکەوێت، بەڵام بەندەکە ناتوانێ بەبێ سەره دەرکەوێت، بۆ نموونە لە گرێی ناوی <<کچی برام>>. بەمەش دەتوانرێ بگوترێ بەندێتیی یەکلا پەیوەندیی نێوان توخمێکی زمانییە، کە سەربەخۆ نییە لەگەڵ توخمێکی تری زمانیی سەربەخۆ.(بعلبکی۱۹۹۰: ۵۱۸)

بەڵام لە بەندێتی دوولادا، نە سەره و نە بەندەکە، هیچ کامیان ناتوانن بێ ئەوی تر دەرکەون، هەر وەکو لە پەیوەندیی نێوان بکەر و کاردا(جگە لەو کارانەی، کە کەشوهەوا دەگەیەنن). ئەم جۆرە بەندێتییەش بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دوو توخمی زمانی، کە هیچ کامیان سەربەخۆ نین و بەتەنیا نایەن(دەرناکەون)، بەڵکو هەر دووکیان پێویستییان بەیەکتر هەیە.(بعلبکی۱۹۹۰: ۳۲۲)

۲۲_ ئێمە کتێبەکانمان هێنا.

۲۳_ *ئێمە کتێبەکانمان

۲٤_ *کتێبەکان هێنا.



www.mukiryani.com

هەرچی جۆری سێیەمی بەندێتییە، کە پێی دەگوترێ بەنـدێتی هـاولا و ئامرازەکـانی بەستنەوە(بۆ نموونە: و، لەگەڵ) بەشداری لە ڕۆنانیدا دەکەن، تێیدا هەر دوو کەرەسەکە دەبـن بە سەرە و هیچ کامیان بەندی ئەوی تریان نییە، بۆ نموونە لـە نێـوان هـەر یەکـە لـەم گـرێ هاوتایانـەدا: <<مـن و تـۆ>>، <<هـات و ڕۆیشـت>>، <<بـرا و خوشـکەکەم>> و <<دڵتەنگ و بێزار>> پەیوەندیی بەندێتیی هاولا هەیە.

## ١–٢–٤– ڕیزبەندی توخمەکان، ئاستەکانی بەندێتی

لەم تەوەرەیەدا بـاس لـەم بابەتانـە دەکرێـت: پەیوەندییـە بەندێتییـەکان، ڕیزبەنـدی توخمەکان، ئاستەکانی بەندێتی، پەیوەندییە بەندێتییەکان و ڕیزبوونی توخمەکان.

### ١-٢-٤-١- پەیوەندییە بەندێتییەکان و ڕیزبەندەکانیان

شیکردنەوەی ڕستەسازی بە ناسینەوەی بەندەکانی کار دەسـت پێـدەکات. واتـە لـەم ڕێزمانەدا سەرەتا کاری سەرەکی لـە ڕسـتەدا دیـاری دەکرێـت، دواتـر بەنـدە ڕاسـتەوخۆکان دەردەهێنرێن و دوای ئەوەش دەچینە سەر بەنـدی بەنـدەکان و ... تـاد. بـەم شـێوەیە بەشـە گەورەکەی شیکردنەوەی ڕستەسازی کۆتایی دێ.(طبیب زاده ١٣٨٤ ب:٧٠)

بەندبوونی توخمەکان لە گرێکاندا بە پێی ڕیزبەندێکی دیاریکراو و کەم تـا زۆر نـەگۆڕ دەبێ، ئەویش خۆی لە سێ هەنگاودا دەبینێتەوە:

لە هەنگاوی یەکەمدا، تەواوکەرە سەرپشکی و خورتییەکان هاوکات و بە پێـی یـەك بنکە، بەڵام بە دوو سـەرەتا و کۆتـایی سـەربەخۆ، بـە سـەرەوە بەنـد دەکـرێن. پەیوەندییـە بەندێتییەکان بە تیرێك نیشان دەدەیـن، کـە سـەرەتاکەی لـە بەندەکـەوە دەسـت پێـدەکات، نووکەکەی بە سەرە کۆتایی دێ. بەندەکان بە گشتی دەخەینە نێو جووت کەوانەی شکاوەوە و مەودای نێوان توخمەکانیش لە گرێکاندا بە کۆما دیاری دەکەین(٧):



www.mukiryani.com


[[(تس)]، [تخ]، [سەرە]]



لێرەدا هەر یەکە لە تەواوکەرە خورتی و سەرپشکیەکە هاوکات و بەیەك بنکـە و دوو سەرەتا و کۆتایی سەربەخۆ، بە سەرەوە بەند کراون و سەرەڕای ئەوەی، کە هــەر یەکـەیان لــە نێو جووتێك کەوانەی شکاوەدان، بەکۆمایەکیش لە یەکترمان جیاکردوونەتەوە.

لە هەنگاوی دووەمدا، سەرباری تایبەتی بە کۆی تەواوکەرەکان و سەرەوە بەند دەبێ:


[[/ست/]، [(تس)]، [تخ]، [سەرە]]





www.mukiryani.com

له هەنگاوی سێیەم و کۆتاییدا، سەرباری گشتی بە هەموو گرێکەوە(واتە کۆی سەرباری تایبەتی و تەواوکەرەکان و سەرەوە) بەند دەبێ:




## ١- ٢-٤-٢- ڕیزبەندی توخمەکان

ڕیزبەندی توخمەکان، لە نموونەکەی سەرەوەدا، ڕیزبەندێکی ئایدیالی، یان گریمانەکراوە، چونکە ڕیزبەندی بەندێتی و ڕیزبەندی توخمەکان تێیدا یەککەوتوونەتەوە، واتە هەر توخمێك، کە لە ڕووی مەوداوە لە سەرە نزیکترە، لە ڕووی بەندێتییشەوە نزیکترە لێی(طبیب زادە ١٣٩١: ١٤):


[[٣-سگ-] ،[٢/ست/]، [١(تا)]، [١تخ]، **[سەرە]]**

ڕیزبەندە گریمانەکراوەکەی سەروو لە کرداردا بە شێوەی تر دەردەکەوێت، واتە زۆربەی کات ئەو توخمانەی، کە لە ڕووی بەندێتییەوە لە سەرە نزیکترن(تەواوکەرەکان)، لە سەرە دوورترن و بە پێچەوانەشەوە ئەو توخمانەی، کە لە ڕووی بەندێتییەوە لە سەرە دوورترن(سەربارەکان)لە سەرە نزیکترن؛ هەرچۆنێك بێ پەیوەندییە بەندێتییەکان نەگۆڕن و هەر ئەوەیە، کە لە سەرەوە نیشانمان دا. واتە بۆ نموونە لە ڕستەدا هەمیشە سەرەتا تەواوکەرە خورتی و سەرپشکیەکان، بە پێی یەك بنکە بە سەرەوە بەند دەبن و دواتر سەربارە تایبەتەکان



www.mukiryani.com

بەبنکەی هاوبەشی سەرە و تەواوکەرەکانیەوە بەند دەبێ، ئینجا سەرباری گشتی بە هەموو گرێکەوە بەند دەبێ. هەر وەکو لەم هێلکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




هەر وەکو دەبینرێ دوو هێلکارییەکەی سەروو ڕیزبەندی کەرەسەکانیان جیاوازە، بەڵام هەر دووکیان سێ ئاستی بەندێتییان هەیە. هەر وەکو لە دوو هێلکاریەکەی سەروو دەردەکەوێ، توخمەکانی ئاستی سەرووتر لە ڕووی بەندێتییەوە لە سەرەوە نزیکترن، توخمەکانی ئاستی خواروورتریش، کە لە سەرە دوورترن، بوارێکی فراوانتریان هەیە. بەکورتی هەرچەندە ڕیزبەندی توخمەکانی ئەم دوو هێلکارییە جیاوازە، بەڵام ڕیزبەندی بەندێتییان یەکسانە. ژمارەی پاڵ هەر توخمێکی نموونەی سەروو ئاستی ئەو توخمە لە پەیوەندیی بەندێتییدا ڕووندەکاتەوە.(طبیب زادە ١٣٩١: ١٣-١٥)

لە ڕێزمانی بەندێتیدا ڕۆنانی گرێکان، لەلایەن ڕیزبەندی پەیوەندییەکانەوە ڕوون دەکرێتەوە نەك لەلایەن ڕیزبەندی توخمەکانەوە.(طبیب زادە ١٣٩٠: ٢١) ئەم دوانەش(ڕیزبەندی پەیوەندییەکان و ڕیزبەندی توخمەکان) یەکناکەونەوە، هەر بۆیەش پێویستیمان بە ئاستەکانی بەندێتی دەبێ، کە لە ئاستەکانی بەندێتیی هێلکاریەکاندا دەتوانرێ درك بە ڕیزبەندی پەیوەندییەکان بکرێ.



www.mukiryani.com

### ١- ٢-٤-٣- ئاستەکانی بەندێتی

هەر وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، ناتوانرێ لە ڕیزبەندی توخمەکانەوە درك بە پێوانەی بەندبوونی توخمەکان بە سەرەوە بکەین، بەڵکو ئاستەکانی بەندێتی ڕوونکەرەوەی ئەم کارەیە.

بەندەکان لە ڕووی پێوانەی بەندێتییان بە سەرەوە، هەمان ئەو ڕیزبوونەیان هەیە، کە لە هێلکاریی جۆرەکانی بەندەکاندا خستمانە ڕوو. واتە سەرەتا تەواوکەرە خورتییەکان ئاستی بەندێتییان بە سەرەوە لە زۆرترین پلەدایە، چونکە:

یەکەم: لەو کاتەوە سەرە لە فەرهەنگی قسەکەرانی زماندا هەیە، تەواوکەرە خورتییەکانیشی لە ڕۆنانی بارگەخستنی سەرە دیاریکراوە.

دووەم: کرتاندنی دەبێ بە هۆی ڕۆنان نادروستیی گرێکە. لە دوای تەواوکەرە خورتییەکان تەواوکەرە سەرپشکیەکان پلەی بەندێتییان بە سەرەوە لە زۆرترین ئاستدایە، چونکە ئەوانیش لە ڕۆنانی بارگەخستنی سەرەدا لە فەرهەنگی زماندا هەن و لە ئەنجامدا لە ڕیزی زانیارییە فەرهەنگیەکانی سەرە دەژمێردرێن، بەڵام کرتاندنیان نابێتە هۆی ڕۆنان نادروستیی گرێکە. دواتر سەرەی سەربارە تایبەتەکان دێ، کە بەشێك نین لە ڕۆنانی بارگەخستنی سەرە، بەڵام بەهۆی هەندێ تایبەتمەندیی واتاییەوە تەنیا لەگەڵ هەندێ لە سەرەدا دێن، نەك لەگەڵ هەموو سەرەیەکدا. لە کۆتاییدا سەرباره گشتییەکان دێن، کە نە لە ڕۆنانی بارگەخستنی سەرەدا هەن و نە لە ڕووی واتاییەوە بە هەندێ سەرەی تایبەتەوە بەندن. لە ڕاستیدا سەرباره گشتییەکان لەگەڵ هەموو سەرەیەکدا دێن نەك تەنیا سەرە، بەڵکو هەموو گرێکە وەسف دەکەن.(طبیب زادە ١٣٩١ :١٢)

کەواتە توخمەکانی ئاستی سەرووتر، واتە تەواوکەرەکان(سەرەتا خورتییەکان و دواتر سەرپشکییەکان) زیاتر بە سەرەوە بەندن، و توخمەکانی ئاستی خوارووتر واتە سەربارەکان(سەرەتا تایبەتییەکان، ئینجا گشتییەکان)، کە لە(سەرە)وە دوورترن، بوارێکی فراوانتریان هەیە. بۆ نموونە لە ڕستەی (٢٥)دا:

*٢٥ _ من پێرێ کتێبەکەم بە تامەزرۆییەوە بۆ ئاواز نارد.*

سەرە، کاری <<ناردن>>ە. ئەم کارە لە ڕۆنانی بارگەخستنی خۆیدا سێ تەواوکەری هەیە، کە بریتیین لە تەواوکەرە خورتییەکانی بکەر<<من>>،



www.mukiryani.com

بـەرکار<<کتێبەکـە>> و تەواوکـەری سەرپشـکیی بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆی بـۆیی <<بـۆ ئاواز>>. هەروەها ڕستەکە سەربارێکی تایبەت<<بەتامەزرۆییەوە>> و سەربارێکی گشـتی <<پێریێ>> ی هەیە. لە هەر ڕستەیەکدا، کە تێیدا سوود لە کاری <<ناردن>> وەرگیرابێ، سـێ تەواوکەرەکەشـی بوونیـان هەیـە، چـونکە ئـەم تەواوکەرانـە لـە ڕیـزی زانیارییـە فەرهەنگییەکانی کاری <<ناردن>>ن. بەمەش هەر بەو فۆڕمەی، کە هەیانە لەگەڵیدا دێن. بکەر و بەرکار، تەواوکەرە خورتییەکانی ئەم کارەن، چونکە بـە کرتانـدنیان لـەم ڕسـتەیەدا، ڕسـتەکە دەبـێ بـە ناڕێزمـانی، بـەڵام بـەرکارە ناڕاسـتەخۆیە (بۆیی)یەکـە تەواوکـەرێکی سەرپشکییە، چونکە بەکرتانـدنی ڕسـتەکە نابـێ بـە ڕۆنـان نادروسـت، بـەڵام واتاکـەی بـە شێوەیەکی شاراوە لە نێو خودی کارەکەدا هەر دەمێنێ. بۆ نموونە ڕستەی:

**٢٦** _ *من کتێبەکەم نارد.*

خۆی لە خۆیدا بە واتای ئەوە دێ، کـە مـن کتێبەکـەم بـۆ کەسـێك، یـان شـوێنێك ناردووە. گرێی بەندی <<بەتامەزرۆییەوە>> سەرباری تایبەتیی کاری <<ناردن>>ـــە، چـونکە لەگەڵ هەموو کارێکدا بەکارنایەت، بۆ نموونە ناتوانرێ بگوترێ

**٢٧** _ *؟خانووەکە بە تامەزرۆییەوە ئاگری گرت.*

بـەڵام <<پێـرێ>> سـەرباری گشـتیی هـەموو ڕسـتەکەیە، چـونکە لەگـەڵ هـەموو ڕستەیەکی تریشدا بەکاردێ بۆ نموونە

**٢٨** _ *خانووەکە پێرێ ئاگری گرت.*

### ١-٢-٤-٤- پەیوەندییە بەندێتییەکان و ڕیزبوونی توخمەکان


پەیوەندییە بەندێتییەکان لەو گرێ ئۆتۆنۆمییانەی، کە ڕیزبوونی وشە، یان توخمـەکان تیایاندا ئازادە، ئەو گرێیانەی گۆڕان لە ڕیزبوونی وشەکانیان نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوونیـان، شێوەیەکی جیاوازی هەیە لەگەڵ هەمان پەیوەندی لەو گرێیانەی ڕیزبوونی وشە تیایاندا ئـازاد نییە. لەو گرێ ئۆتۆنۆمییانەی، کە ڕیزبوونی وشە تیایاندا ئـازادە(طبیب زاده ١٣٩١: ٢١-٢٣) (بۆ نموونە لە ڕستەی

**٢٩** _ *نازدار قسەکانی بۆ زریان گێڕایەوە.*



www.mukiryani.com

سەرەتا تەواوکەرەکانی سەرە بەیەك بنکە و دوو سەرەتا و کۆتایی جیاوازەوە بە سەرەوە بەند دەبن:




دوای تەواوکەرەکان، سەرباره تایبەتەکانیش هاوکات بە بنکەی هاوبەش بەڵام بە دوو سەرەتا و کۆتایی سەربەخۆ بە کۆمەڵەی سەرە و تەواوکەرەکانییەوە بەند دەبن. بۆ نموونە ڕستەی

*٣٠ _ نازدار بەتامەزرۆییەوە قسەکانی وشە بە وشە بۆ زریان گێڕایەوە.*

سەرباره تایبەتەکاتی <<بەتامەزرۆییەوە>> و <<وشە بە وشە>> هاوکات بەیەکەوە و بە دوو سەرەتا و کۆتایی سەربەخۆوە بە سەرە و تەواوکەرەکانییەوە بەند دەبن:




لەکۆتاییدا، سەرەی سەرباره گشتییەکان دێ، کە ئەوانیش هاوکات بە بنکەی هاوبەش، بەڵام بە سەرەتا و کۆتایی سەربەخۆ بە کۆمەڵەی سەرەی گرێ، تەواوکەر و سەرباره تایبەتەکانییەوە بەند دەبن. بۆ نموونە لە ڕستەی

*٣١ _ خۆشبەختانە دوێنێ نازدار بەتامەزرۆییەوە قسەکانی وشە بە وشە بۆ زریان گێڕایەوە.*

سەرباره گشتییەکانی <<خۆشبەختانە>> و <<بەتامەزرۆییەوە>> هاوکات بە بنکەی هاوبەش، بەڵام بە دوو سەرەتا و کۆتایی سەربەخۆوە بە هەموو ڕستەکەوە بەند دەبن:




www.mukiryani.com




بەڵام لەو گرێیانەی، کە ڕیزبوونی وشە، یان توخمەکان تیایاندا ئازاد نییە و گۆڕان لـە ڕیزبوونیان دەبێ بە هۆی ناڕێزمانی بوونی گرێکە (بـۆ نموونـە لـە گرێـی نـاویی لـە زمـانی کوردیدا)، سەرەتا تەواوکەرە خورتی و سەرپشکییەکان هاوکات و بەیەك بنکە و بە سەرەتا و کۆتایی سەربەخۆوە بە سەرەی گرێکەی خۆیانەوە بەند دەبن. واتە لە ڕووی شێوەی بەنـدبوونی تەواوکەرەکان بە سەرەوە لەم گرێیانەدا، هەر وەکـو شـێوەی بەنـدبوونی تەواوکەرەکانـە لـەو گرێیانەی، کە ڕیزبوونی توخمەکان تیایاندا ئازادە. بۆ نموونە لە گرێی ناویی

**٣٢** _ *تێڕوانینی ئەو بۆ قسەکانی مامۆستا*

تەواوکەرەکانی <<ئەو>> و <<بۆ قسەکانی مامۆستا>> بەیەکـەوە بـە سـەرەی گرێکەوە واتە ناوی<<تێڕوانین>>ـەوە بەنددەبن:




هەرچی سەبارەت بـە سـەرباره تایبەتەکانـە، لـەم گرێیانـەدا سـەرەتا ئـەو سـەرباره تایبەتەی، کە کەوتۆتە نزیك سەرەوە بە بنکەیەکی سەربەخۆ بە سەرەوە بەنـد دەبـێ، ئینجـا ئەو سەرباره تایبەتەی، بـە گـوێرەی سـەرباره تایبەتەکـەی یەکـەم، دوورتـرە لـە سـەرە بـە بنکەیەکی سەربەخۆ بە کۆی سەرە و سەرباره تایبەتەکەی یەکەمەوە بەند دەبێ. ئەم شێوازە،



www.mukiryani.com

تا ئەو ڕادەیە بەردەوام دەبێ، کە باری بەندێتیی هەموو سەربارە تایبەتەکان ڕووندەبێتەوە. هۆکاری ئەوەی سەرەتا سەربارە تایبەتە نزیکەکەی سەرە بە سەرەوە بەند دەبێ، دواتر ئەو سەربارەی، کە دوورتر لە سەرەوە بە کۆی سەرە و سەرباری یەکەمەوە بەند دەبێ، ئەوەیە، کە گرتنەوە و ڕیزبوونیان چەسپاوە و هەر گۆڕانێك لەم ڕیزبوونەدا، دەبێ بە هۆی فۆڕم نادروست بوون، یان لە ناوچوونی گرێکە. بۆ نموونە لە گرێی ناوی

***٣٣ _ مێزە داربییەکەی ژیلە، کە دوێنێ بینیمان***

سەرەتا سەرباری تایبەتیی <<داربییەکە>> بە سەرەوە بەند دەبێ و دواتر سەرباری تایبەتیی <<ژیلە>> بە کۆی سەرە و سەرباری تایبەتیی یەکەمەوە بەند دەبێ و دوای ئەوە سەرباری تایبەتیی <<کە دوێنێ بینیمان>> بە کۆی سەرە و هەر دوو سەربارە تایبەتییەکەی پێش خۆیەوە بەند دەبێ و بەم شێوەیە:

[[مێز]، [/داربییەکە/]، [/ژیلە/]، [/کە دوێنێ بینیمان/]گن]



سەربارە گشتییەکانیش، دوا بەندەکانن. لەم جۆرە گرێیانەدا، یەك بە یەك و بە بنکەی سەربەخۆوە بە سەرەکانی خۆیانەوە بەند دەبن. لێرەشدا سەرەتا ئەو سەربارە گشتییەی، کە لە سەرە نزیکترە، بەبنکەیەکی سەربەخۆ بە کۆی سەرە و سەربارە تایبەتەکانیەوە بەند دەبێ. دواتر سەربارە گشتییەکەی تریش بە بنکەیەکی سەربەخۆ، بە کۆی سەرە و سەربارە تایبەتەکانی و سەربارە گشتیەکەی یەکەمەوە بەند دەبێ. ئەم شێوازەش، تا ئەو ڕادەیە بەردەوام دەبێ، کە باری بەندێتیی هەموو سەربارە گشتییەکانیش، ڕوون دەبێتەوە. بۆ نموونە باری پەیوەندییە بەندێتییەکان لە گرێی ناویی




www.mukiryani.com

*٣٤ـ ئەو تاکە مێزە دارییەی ژیلە*

بەم شێوەیە:

[[-ئەو- ـە-]، [-تاك-]، [مێز]،[/داری/]، [/ژیلە/]گن]



ئێستا ئەگەر لە گرێیێکی ناوییدا، سەربارێکی تایبەتی لە تەواوکەرێك نزیکتر بێ لە سەرە، بەهۆی زاڵبوونی ڕیزبوونی وشەکان بە سەر پەیوەندیی بەندێتییەوە، سەرەتا سەرباره تایبەتەکە بە سەرەوە بەند دەبێ، دواتر تەواوکەرەکان بە کۆی ئەو سەربارە تایبەتە و سەرەکەیەوە بەند دەبن.(طبیب زادە ١٣٩١: ٢١-٢٣) بۆ نموونە لە گرێی ناویی

*٣٥ـ تێڕوانینە دروستەکەی ئەو بۆ قسەکانی مامۆستا*

سەرەتا سەرباری تایبەتیی <<دروست>>، کە لە سەرە <<تێڕوانین>> نزیکترە، پێیەوە بەند دەبێ، دواتر تەواوکەرەکانی<<ئەو>> و <<بۆ قسەکانی مامۆستا>> بەیەك بنکە، بەڵام بە سەرەتا و کۆتایی سەربەخۆوە، بەکۆی سەرە و سەربارە تایبەتەکەیەوە بەند دەبن:

[[تێڕوانین]، [دروستەکەتخ]، [ئەوتخ]، [بۆ قسەکانی مامۆستاتنا]گن]






www.mukiryani.com

ئێستا دەتوانرێ کۆی پەیوەندییە بەندێتییەکان لە گرێی ناویی

**٣٦** _ *ئەم دوا تێڕوانینە دروستەی ئەو بۆ قسەکانی مامۆستا*
کە هەموو بەند(تەواوکەر و سەربار)ـە ڕێتێچووەکانی تێدایە، ڕوون بکەینەوە:




## ١-٢-٥- پەیوەندییە بەندێتییەکان لە جۆرەکانی گرێدا

شیکردنەوەی ڕۆنانی هەر گرێیێك بریتییە لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی بەندێتیی نێوان توخمەکانی ئەو گرێیە. ڕیزبوونی پەیوەندییە بەندێتییەکانی نێو هەموو گرێکان، پەیڕەویی بنەمایەکی هاوبەش و دیاریکراو دەکەن. بۆ نموونە لە شیکردنەوەی هەموو گرێیێکدا، سەرەتا تەواوکەرە خورتی و سەرپشکییەکان، هاوکات و بەیەکەوە بە سەرەوە بەند دەبن، دوای ئەوە سەربارە تایبەتەکان بە کۆی سەرە و تەواوکەرەکانیەوە بەند دەبێ، ئینجا سەربارە گشتییەکان بە هەموو گرێکەوە بەند دەبن.

بۆ نواندنی ئەم پەیوەندییە بەندێتییانە، سوود لە کۆمەڵێك نیشانە و هێما وەردەگرین:

توخم/ گرێ= هەر یەکە لە توخمەکانی گرێیێك و هەروەها هەر گرێیێکی ڕستەسازیش دەخەینە نێو جووتە کەوانەیەکی شکاوەوە:[توخم/گرێ]

سەرە= سەرەی هەر گرێیێك بەپیتی ڕەش(بۆڵد) و لە نێو جووتە کەوانەیەکی شکاوەوە[**سەرە**] نیشان دەدرێ.



www.mukiryani.com

تەواوکەری خورتی= تەواوکەرە خورتییەکانی هەر سەرەیەك لە نێو جووتە کەوانەیەکی شکاوەوە بە شێوەی کورتکراوە [تخ] نیشان دەدەین.

تەواوکەری سەرپشکی= تەواوکەرە سەرپشکییەکانی هەر سەرەیەك لە نێو جووت کەوانەیەکدا، کە ئەویش خۆی لە نێو جووتە کەوانەیەکی شکاوەدایە، بە شێوەی کورتکراوە[(تا)] نیشان دەدەین.


سەرباری تایبەتی= سەربارە تایبەتەکانی هەر سەرەیەك لە نێو جووتێك هێڵی لاردا، کە ئەویش خۆی لە نێو جووتە کەوانەیەکی شکاوەدایە، بە شێوەی کورتکراوە[/ست/] نیشان دەدەین.

سەرباری گشتی= سەربارە گشتییەکانی هەر سەرەیەك لە نێو جووتێك تەقەڵدا، کە ئەویش خۆی لە نێو جووتە کەوانەیەکی شکاوەدایە، بە شێوەی کورتکراوە [-سگ-] نیشاندەدەین.

بەم پێیە ڕستەی (٢٥)، بەم شێوەیەی خوارەوە نیشان دەدەین:

[[من تخ]، [-دوێنێ- سگ]، [کتێبەکە تخ]،[/بەتامەزرۆیەوە/ ست]، [(بۆ ئاواز) تا]، **[ناردم**سەرە]ڕستە]

هەندێ جار گرێیێك تەواوی پێنج توخمەکەی سەروو لە خۆ ناگرێت. لەم بارەشدا، پەیوەندییە بەندێتییەکان بەهەمان ئەو ڕیزبەند و ڕوونکردنەوەیەی، کە گوتمان بەکار دێت:





هەندێ جاریش گرێیێك، زیاتر لە پێنج توخم لە خۆدەگرێت، لەم بارەدا تەنیا ژمارەی توخمەکانی ئەو گرێ دەتوانێ لە پێنج زیاتر بێ بەڵام ژمارەی جۆرەکانی ئەو توخمانە هەرچۆنێك بێ لە پێنج زیاترنابێت:




www.mukiryani.com

[[٥-سگ-]،[٤-سگ-]،[٣/ست/]،[٢/ست/]،[١(تس)]،[١(تس)]، [١تخ]،[١تخ]،[سەرە]]



ریزبەندی ئاسۆیی توخمەکان لە نموونەی پێشوودا، ڕیزبەندێکی گریمانەکراوە. لە بارێکدا، کە لە گرێکاندا، ئەم ڕیزبەندە بە شێوەیەکی تر دەردەکەوێت، بەڵام ڕیزبەندی پەیوەندییە بەندێتییەکان (یا ئاستەکانی بەندێتی) هەمیشە هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانێکی تێدا نایەتە کایەوە:

[[٣/ست/]،[٥-سگ-]،[٤-ست-]،[١(تس)]،[١(تس)]،[٢/ست/]،[١تخ]،[١تخ]،[سەرە]]





www.mukiryani.com

هەر کاتێکیش، کە ژمارەی سەربارە تایبەتییەکان لە یەك زیاتر بێ، سەرەتا ئەو سەربارەی، کە لە سەرە نزیکترە، بە سەرەوە بەند دەبێ و دواتر سەرباری دوورترەکە، بە کۆی سەرە و سەرباری یەکەمەوە بەند دەبێ:

[[/ست/]، [/ست/]، [سەرە]]



لە بارەی سەرباری گشتییەکانیشەوە، بارەکە بەهەمان شێوەیە. واتە ئەو سەربارە گشتییانەی، کە لە(سەرە)وە دوورترن، سەرە و ئەو سەربارە گشتییانەی، کە لە(سەرە)وە نزیکترن وەسف دەکەن:

[[-سگ-]، [-سگ-]، [سەرە]]



بە گشتی هەر گرێیێك، چەند توخمێك لە خۆدەگرن، کە هەر یەکە لەو توخمانە خۆیان بە شێوەی گرێی بچووکتر، کە لە چەند توخمێکی تایبەت بەخۆیان پێکهاتوون، دەردەکەون. لەم بارەدا سەرەتا پەیوەندییە بەندێتییەکان لە گرێ گەورەکە پیشان دەدەین. کاتێك ئەرکی ڕێزمانی هەر یەکە لە توخمەکانی نێو گرێ بنەڕەتییەکە ڕوون بووەوە، ئینجا دەچینە سەر پەیوەندییە بەندێتییەکانی نێو هەر یەکە لە گرێ ڕستەسازییە بچووکەکانی تر، بەم شێوەیە بەردەوام دەبین، تا ئەرکی ڕستەسازیی یەکەیەکەی یەکە لێکسیکییەکان دیاری دەکرێ و شیکردنەوەی ڕستەسازی کۆتایی دێ.(طبيب زادە ١٣٩١: ١٥)



www.mukiryani.com

### ١-٢-٥-١- لێکچوونی گرێ جۆراوجۆرەکان

گرێکان لە ڕووی جۆری توخمەکان و پەیوەندییە بەندێتییەکانیانەوە، چەند ڕوویێکی لێکچوونیان هەیە، کە بە گشتی دەتوانرێ لە چەند خاڵێکدا بیانخەینە ڕوو:

١. هەر گرێیێك، بەناچاری سەرەیەکی هەیە.

٢. دەشێ سەرە لە هەموویاندا زیاتر لە بەندێکی هەبێ.

٣. جۆری بەندەکان لە هەموو گرێکاندا، ناگاتە زیاتر لە چوار جۆر(دوو جۆر تەواوکەر و دوو جۆر سەربار).

### ١-٢-٥-٢- جیاوازیی نێوان گرێ جۆراوجۆرەکان

گرێ جۆراوجۆرەکان لە ڕووی جۆری توخمەکان، پەیوەندییە بەندێتییەکانیان و ئەو تەواوکەر و سەربارانەی، کە لە خۆی دەگرن، چەندین جیاوازی لە نێوانیانداهەیە. لێرەدا ئێمە گرنگترینیان دەخەینە ڕوو:

سەرەی هەر گرێیێك لە ڕووی فۆڕمەوە لە گرێکانی تر جیاوازە. بۆ نموونە سەرەی گرێی ناوی، ناو، سەرەی ڕستە، کار و سەرەی گرێی بەند، ئامرازی بەندە و... بەم شێوەیە.

هەر سەرەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنی تەواوکەرەکان. بەو واتایەی، کە دەشێ ژمارە و جۆری تەواوکەرەکانی هەر سەرەیەکیش لەگەڵ ژمارە و جۆری تەواوکەرەکانی سەرەیەکی تر جیاوازبێ: کار، کە سەرەی ڕستەیە، دەتوانێ تا هەشت تەواوکەری جیاواز لە خۆبگرێ، کە بریتین لە: بکەر، بەرکار، بەرکاری ناراستەوخۆ، تەواوکەری ئامرازی خستنەسەر، تەواوکەری بکەر، تەواوکەری بەرکار، تەواوکەری پاڕستەیی و ئاوەڵگوزارە. سەربارە تایبەتییەکانی کاریش ناودەنرێن ئاوەڵکاری کار و سەرباری گشتیی کاریش ناودەنرێن ئاوەڵکاری ڕستە. هەر یەکە لە ناو و ئاوەڵناو، کە بەریز سەرەی گرێی ناوی و گرێی ئاوەڵناوین، سێ جۆر تەواوکەر زیاتر لە خۆناگرن، کە بریتین لە تەواوکەری پەیوەندی، تەواوکەری ئامرازی خستنە سەر و تەواوکەری پاڕستەیی، بەڵام ناو پێنج بەندی پێشەوە لە خۆ دەگرێ، کە هەموویان بە سەرباری گشتی بۆ هەموو گرێکە دەژمێردرێن کە بریتین لە: ڕادە، جێناوی ئاماژە، ژمارە، جیاکەرەوە و دیاریکەر. ئەمەو سەرەڕای ئەوەی، کە پێنج



www.mukiryani.com

بەندی دواوە لە ئەرکی سەرباری تایبەتی لە خۆدەگرێت: ئاوەڵناو، سەرباری خستنە سەر، بریتی و... هەروەها ئامرازی بەندیش وەکو سەرەیەك تەنیا یەك تەواوکەری خورتی لە خۆدەگرێ، ئەویش گرێی ناوییە.(طبیب زادە ١٣٩١: ١٥-١٦)

گەورەترین جیاوازیی نێوان گرێکان بە چۆنییەتی ڕیزبوون، یان ڕیزبەندی توخمەکانیانەوە بەندە. بۆ نموونە ڕیزبوونی کەرەسەکان لە ڕستەدا (تارادەیەك) ئازادە. بەو واتایەی، کە دەتوانرێ شوێنی توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستەی کوردی بگۆڕدرێ بێ ئەوەی، کە ڕستەکە ببێتە ناڕێزمانی، یان واتاکەی بگۆڕێت:

*٣٧ _ أ _ پێری من کتێبەکەم بە تامەزرۆییەوە بۆ ئاواز خوێندەوە.*

*ب _ من پێری بە تامەزرۆییەوە کتێبەکەم بۆ ئاواز خوێندەوە.*

بەڵام ڕیزبوونی کەرەسەکانی گرێی ناوی لە زمانی کوردیدا ئازاد نییە، بەو واتایەی، کە بچووکترین شوێنگۆڕکێ، یان گۆڕانی ڕیزبوونی کەرەسەکانی گرێی ناوی دەبێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی گرێ ناوییەکە، یان دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکەی. بۆ نموونە:

*٣٨ _ أ/ زیرەکترین قوتابیانی ئەم پۆلە*

*ب _* قوتابیانی زیرەکترین ئەم پۆلە*

*پ _ * قوتابیانی ئەم پۆلە زیرەکترین*

*ت _ * ئەم پۆلە زیرەکترین قوتابیانی*

کەواتە ڕستە و گرێ ناوییەکان لە زمانی کوردیدا لە ڕووی ئازادبوون و ئازادنەبوونی ڕیزبوونی کەرەسەکانیانەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. دواتر دەبینین، کە پەیوەندییە بەندێتییەکان بەهۆی هەمان ئەو ئازادبوون و ئازادنەبوونەی ڕیزبوونی کەرەسەکان لە گرێکاندا، شێوەی جیاواز بەخۆیانەوە دەبینن.(طبیب زادە ١٣٩١: ١٦-١٧)

هەرچەندە لە بەشەکانی داهاتوودا، باسی هەموو گرێکانی زمانی کوردی و تایبەتمەندییەکانیان دەکەین، بەڵام لێرەشدا بەمەبەستی ڕوونترکردنەوەی پەیوەندییە بەندێتییەکانی نێوان هەر پێنج توخمەکەی نێو گرێکان، بەهێنانەوەی نموونەیەك نیشاندراوە، کە چۆن دەتوانرێ بەسوودوەرگرتن لە تیۆری ڕێزمانی بەندێتی، و بە پێی تۆڕێك لە پەیوەندیی



www.mukiryani.com

زنجیرەی بەدوای یەکداهاتندا، ئەرکی ڕێزمانیی یەکە بـە یەکـەی یەکـە لێکسـیکییەکان لـە ڕستەیەکی وەکو ئەم ڕستەیەی خوارەوە پیشان دەدرێ:

*٣٩ _ خۆشبەختانە ژیلە، کچی سامان، ئەو کتێبە سوورەی خۆی بەتامەزرۆییەوە بـە دۆستە کۆنەکەی دا.*

بۆ شیکردنەوەی ڕستەسازیی هەموو وشەکانی ئەم ڕسـتەیە، سـەرەتا بـە گـەورەترین گرێ، واتە خودی ڕستەکە دەست پێدەکەرێ و توخمەکانی، واتە سەرە و بەندەکانی دەستنیشان دەکەین. سەرەی ئەم ڕستەیە، کاری «دان»ـە، کـە ڕۆنـانی بارگەخسـتنیی لـە فەرهـەنگی زەینی کوردزمانیاندا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

دان: <[ب]، [بەر]، [بەرنا بەیی]>

واتە ئەم کارە سێ تەواوکەری خورتی لە خۆدەگرێ، کە بـریتین لـە بکـەر، بـەرکار و بـەرکاری ناراسـتەوخۆی «بـەیی». بـە گـوێرەی ئـەم ڕۆنانـە بارگەخسـتنییە دەتـوانرێ تەواوکەرەکانی سەرە لە ڕستەی سەرەوە دیاری بکرێ:

[خۆشـبەختانە [ژیلـە، کچـی سـامان$_{\text{ب}}$]، [ئـەو کتێبـە سـوورەی خـۆی$_{\text{بەر}}$] بەتامەزرۆییەوە[بە هاوڕێ کۆنەکەی$_{\text{بەرنا}}$]، [دا$_{\text{سەرە}}$]]

ئێسـتا دوو تـوخم دەمێنێتـەوە ئـەوانیش ئاوەڵکارەکـانی «خۆشـبەختانە» و «بەتامەزرۆییـەوە». ئاوەڵکـاری«خۆشـبەختانە» سـەرباری گشـتیی، یـان ئاوەڵکـاری ڕسـتە(ئار)یە بـۆ هـەموو ڕسـتەکە، چـونکە لەگـەڵ زۆربـەی هـەرەزۆری ڕسـتەکاندا بەکاردێ(خۆشبەختانە باران باری/ خۆشبەختانە جەنگەڵەکـە ئـاگری نـەگرت/ خۆشـبەختانە هەواکە سارد بوو) و«بەتامەزرۆییەوە» سەرباری تایبەتی، یان ئاوەڵکار(ئاك)ـە بـۆ کـاری «دان»، چونکە تەنیا لەگەڵ هەندێ کاردا بەکاردێت:

*٤٠ _ * بەتامەزرۆییەوە باران باری.*

*٤١ _ * بەتامەزرۆییەوە جەنگەڵەکە ئاگری نەگرت.*

*٤٢ _ * بەتامەزرۆییەوە هەوا سارد بوو.*


کەواتە ئێستا دەتوانرێ باری توخمەکانی ڕستەی سەروو بە تەواوی دیاری بکرێ:



www.mukiryani.com

[[-خۆشــبەختانە-]، [ژیلــە، کچــی ســامانب]، [ئــەو کتێبــە ســوورەی خــۆیب]، [/بەتامەزرۆییەوە/]، [بە دۆستە کۆنەکەیبەرنا]، [داسەرە]]

بەدەستنیشــانکردنی بــاری هــەموو کەرەســەکانی ڕســتە، دەتــوانرێ پەیوەندییــە بەندێتییەکانی نێو ڕستەی سەروو بەئاسانی پیشان بدەین:




بەڵام هێشتا شیکردنەوەی ڕستەسازی کۆتایی نــەهاتووە، چــونکە دەبــێ پەیوەندییــە بەندێتییەکان لە یەکە یەکەی ئەو گرێیانەی، کە ماونەتەوە تا ئەو ڕادەیە شیبکرێتەوە، کە بە بچووکترین یەکە لێکسیکییەکان، واتە یەکــەکانی کۆتــایی لــە شــیکردنەوەی ڕستەســازیدا، بگەین. گرێی ئاوەڵکاریی «خۆشبەختانە» پێویستیی بــە شــیکردنەوەیەکی تایبــەت نییــە، چونکە تەنیا لە یەك وشە پێکهاتووە، کــە ئەرکەکەشــی ســەرباری گشــتی، یــان ئاوەڵکــاری ڕستەیە. کەواتە کاری خۆمان لە گرێی ناویی «ژیلە، کچی سامان»، کە لە ڕستەی سەروودا ئەرکی بکەری هەیە، دەست پێدەکــەین. ســەرەی ئــەم گرێیــە، «ژیلــە» یــە، ئــەم ســەرەیە سەربارێکی تایبەتیی هەیە، کە ناوی دەنرێ بریتی. کەواتــە پەیوەندییــە بەندێتییــەکان لــەم گرێیەدا بەم شێوەیە:






www.mukiryani.com


ئێستا دەبێ پەیوەندییە بەندێتییەکان لە گرێـی نـاویی «کچـی سـامان»دا، پیشـان بدەین، تاکو کاری شیکردنەوەی ڕستەسازیی گرێی ناویی بکەری لە ڕسـتەی سـەروو کۆتـایی بێ. ئەرکی ئەم گرێ ناوییە لە ڕستەکەی سەروو بریتییە لە بریتی بۆ بکەر و توخمەکانی ئـەم گرێیە بریتین لە سەرەیەك («کچ»)، و سەربارێکی تایبەتی («سامان»)، کە پێـی دەوتـرێ سەرباری خستنەسەر (سخ):

[[کچ سەرە]، [/سامان/ سخ] گرێی ناوی= بریتی]



ئێستا ئەرکی ڕێزمانیی یەکەیەکەی یەکە لێکسیکییەکان لە گرێی ناویی بکـەری لـە ڕستەکەی سەروو دیاریکراوە:

[[ژیلە بکەر]، [[کچ بریتی] [/سامان/] گرێ بریتی] گرێ بکەر]



ژیلە: سەرەیە لە گرێی بکەر

کچ: سەرەیە لە گرێی بریتی


سامان: سەرباری تایبەتییە لە گرێی بریتی

سەرەڕای ئەمانە، ئەرکی ئەو گرێیانەش، کە بچووکترن دیاری کراوە. بۆ نموونە گرێـی ناویی «کچی سامان» لەم گرێدا بریتیی بکەرە.




www.mukiryani.com

گرێکەی دواتر، کە دەبێ شیبکرێتەوە، گرێی ناویی «ئەو کتێبە سوورەی خۆی»یـە، کە هەموویان بەیەکەوە وەك ئەرکی تەواوکەری ڕاستەوخۆ لـە ڕسـتەکەدا دەرکـەوتووە. ئـەم گرێیە لە سێ توخم پێکهاتووە: یەکەمیان سەرەیە، کە ناو(«کتێـب»)ـــە، دووەم سـەرباری گشتی بۆ هەموو گرێکـە«ئـەو»، و سـێیەم دوو سـەرباری تایبـەتی بـۆ «کتێـب»، واتـە ئاوەڵناوی «سوور» و ناوی «خۆ»:




دەتوانرێ ئـەرکی یەکـە لێکسـیکییەکان لـە هـەر سـێ گرێـی نـاویی سـەروودا لـە چوارچێوەی پەیوەندییە بەندێتییەکاندا دیاری بکرێ:






www.mukiryani.com

هەر وەکو دەبینین، لەم ڕێبازەدا، هەر وشە، یان یەکەیەکی لێکسیکی لە کۆتاییدا خۆی گرێییێکە و لە نێو جووتێك کەوانەی شکاوەی سەربەخۆدایە، بەڵام کەرەسەکانی وەکو نیشانەی خستنەسەر و ئامرازی لێکدەری (کە) ناخرێنە نێو کەوانەی شکاوەی سەربەخۆوە، چونکە ئەم کەرەسانە بە کەرەسەی لێکسیکی ناژمێردرێن، بەڵکو چەند مۆرفیمێکن، کە ئەرکی تایبەت بە هەندێ لە گرێکان دەدەن. ئەم شێوە شیکردنەوەیە هەر بەم جۆرە بەردەوام دەبێ تاکو ئەرکی ڕێزمانیی هەموو یەکە لێکسیکییەکان لە ڕستەی مەبەستدا، لە چوارچێوەی پەیوەندیی بەندێتیی نێوان سەرە و توخمە ڕستەسازییەکانی هەموو ڕستەکە و گرێ جۆراوجۆرەکانی ڕوون دەبێتەوە. پەیوەندییە بەندێتییەکانی ڕۆنانی ڕستە بەوردی ڕوون دەکاتەوە بەڵام نواندنی تەواوی ئەم پەیوەندییانە لە هەموو گرێکانی ڕستەیەکدا ڕوو بەڕووی تۆڕێکی زۆر ئاڵۆزمان دەکاتەوە، هەر بۆیە لەم نامەیەدا بۆ دوورکەوتنەوە لە نواندنی ڕاستەوخۆی پەیوەندییە بەندێتییەکان، کە لە ڕادەبەدەر ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، سوود لە ڕێبازی پلەبەپلە و وەسفی، بۆ نواندنی ئەم پەیوەندییانە، وەردەگرین. لەم نامەیەدا بەدرێژی باس لەم ڕێبازە دەکەین، بەڵام لێرەدا بەکورتی و بەسوودوەرگرتن لە کورتکراوەکان، ڕستەکەی سەروو بە گوێرەی پەیوەندیی بەندێتییەکانی شیدەکەینەوە. بۆ ئەم کارە سەرەتا ڕستەکە بۆ بەشە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی شی دەکەینەوە:

[[-خۆشبەختانە-]، [ژیلە، کچی سامانب]، [ئەو کتێبە سوورەی خۆیبەر]،
[/بەتامەزرۆییەوە/]، [بە دۆستە کۆنەکەیبەرنا]، [داسەرە]]

دواتر یەکەیەکەی ئەو گرێیانەی، کە لە یەك وشە زیاتر پێکهاتوون، بە گوێرەی پەیوەندیی بەندێتیی توخمە پێکهێنەرەکانیان، تا ئەو ڕادەیە شی دەکەینەوە، کە فۆرم و ئەرکی بچووکترین توخمی لێکسیکییان دیاری دەکرێ:

بکەر: [[**ژیلە**]، [/کچی سامان/]گن]
[[**کچ**]، [/سامان/]گن]
بەرکار: [[-ئەو-]،[**کتێب**]، [/سوور/]،[/خۆی/]گن]
سەرباری تایبەتی: [[**بە- ەوە**]، [/تامەزرۆیی/]گب]



www.mukiryani.com

بەرکاری ناڕاستەوخۆ: [[**بە**]،[دۆستە کۆنەکەی] گب]
[[**دۆست**]،[/کۆنەکەی/] گن]

## ١-٢-٦- ماركەلێدانی سەرە و بەندەكان

ریزبوونی توخمەکان ڕێگایەکی باوە بۆ ئاماژەکردن بە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، بەڵام ئەمە هەمیشە بەو شێوەیە نییە، بە تایبەتی لەو زمانانەی، کە ڕیزبوونی ئازادیان هەیە. هەر بۆیەش لە زۆربەی زمانەکاندا یەکێ لە ڕێگاکانی نواندنی پەیوەندیی بەندێتیی نێوان سەرە و بەند لە ڕێگەی مارکەلێدانەوە دەبێ. ئەمەش بە دوو جۆر دەبێ، یەکەمیان مارکەلێدانی بەندەکان و دووەمیان مارکەلێدانی سەرەیە.(Van Valin 2004: 99) زمانەکان بە پێی سروشتی خۆیان، یەکێك لەم دوانە، یان هەر دووکیان(هەندێك جار مارکەلێدانی بەندەکان و هەندێ جار مارکەلێدانی سەرە) هەڵدەبژێرن. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا هەندێك جار سەرە مارکەی لێدراوە وەکو

*٤٣_ برای من*

*٤٤_ کتێبەکەی ڕادەستی من کرد.*

*٤٥_ من هاتم.*

ئەویش لە یەکەمیاندا لە ڕێگەی <<ی>> خستنەسەرەوە و لە دووەمیاندا بەشێکی سەرە(کە کارەکەیە) واتە <<رادەست>> مارکەی لێدراوە. هەروەها لە سێیەمیشدا، سەرە(کارەکە)، واتە <<هات>> لە ڕێگەی جێناوی ڕێکەوتنەوە مارکەی لێدراوە. هەندێ جار بەندەکە مارکەی لێدەدرێ بۆ نموونە<< لە هەولێرەوە>> ئەمەش لە ڕێگەی پاشکۆی ئامرازی بەند<<-ەوە>> مارکەی لێدراوە.



www.mukiryani.com

## ١-٣- تیۆری بارگەخستن

تیۆری بارگەخستن هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ڕستە. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەرۆڵی هەندێ وشە لە ڕستەدا، دەبەستێ، کە پێویستییان بە بوونی توخمی تر هەیە. Van Valin) (2004: 92 بەم پێیە ڕستە بریتییە لە توخمێکی بناغەیی(کە بە گشتی کارە) و ژمارەیەك توخمی بەند.(چگنی ١٣٨٢: ٤٧٣)

### ١-٣-١- داهێنانی بارگەخستن

هەموو زمانەوانان و لێکۆڵەرانی زمانەوانی، کۆکن لە سەر ئەوەی، کە داهێنانی چەمکی بارگەخستن، یان وەرگرتنی لە کیمیا(٨) و هێنانی بۆ نێو زمانەوانی، بۆ زمانەوانی فەرەنسیی لوسیان تینێر(١٩٥٦) دەگەڕێتەوە.(حیدرپور ١٣٨٣: ١٢٢- ١٢٣) (حق بین ١٣٨٥: ٢١) (Herbst 2000)(ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ٢٠١٠: ١٢٩)(کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٣٠٨)

### ١-٣-٢- زاراوەی بارگەخستن

ئەم زاراوەیە لە ئەڵمانیدا، (Valenz)(بونتنج ٢٠١٠: ٢٢٨) و لە ئینگلیزیدا، (Allerton 2006: 301)(Valency) و لە عەرەبیدا، هەر یەکە لە زاراوەکانی (التکافؤ)(مونان ٢٠١٢: ١٥١)، (قوة الکلمة)(هلبش ٢٠٠٣: ٣٧٤)، (قوة الافعال)(مبارك ١٩٩٥: ٢٩٨)، (المحلاتیة)(المتوکل ١٩٨٨: ٣٥)، (التعدیة)(جمعة ٢٠٠٨: ٢٢١) و (تعدیة الافعال)(جمعة ٢٠٠٨: ٢١٧) و لە زمانی فارسیدا، (ظرفیت)(٩) و لە زمانی کوردیشدا، هەر یەکە لە زاراوەکانی(هاوهێزی)(جەمال عەبدول ٢٠٠٢: ١٨١)، (توانای کار)(ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ٢٠١٠: ١٢٩)، (بەبڕشتی کردار)(کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٣٠٨)، (هێزی داواکاریی کردار)(کۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٣٠٨) و (بارگەخستن)(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠-٢٠١١)ی بۆ بەکارهاتووە. ئێمەش لەم نامەیەدا لە بەر چەند هۆیەك (بارگەخستن)مان پێباشترە و هەر بۆیەش ئەومان هەڵبژارد:



www.mukiryani.com

١. ئەم زاراوەیە تەنیا کار ناگرێتەوە، بەڵکو ناو، ئاوەڵناو و ... دەگرێتەوە.
٢. گەردان دەکرێت، بۆ نموونە دەوترێ ئەم کارە دوو بارگە دەخات، یان ئەم ناوە یەك بارگە دەخات
٣. لەکاتی جیاکردنەوەی وشە لێکسیکییەکانیشدا، دەتوانرێ بگوترێ کارە یەك/دوو/سێ و... بارگەییەکان.

## ١-٣-٣- سنووری بارگەخستن

لە بارەی سنووری بارگەخستنەوە زمانەوانان هاوڕانین، بۆیە لەم تەوەرەدا، زۆربەی ئەو بیروڕا جیاوازانە خراونەتە ڕوو، کە زمانەوانان لە بارەی سنووری بارگەخستنەوە خستوویانەتە ڕوو. بۆ ئەو مەبەستەش لە سێ لایەنەوە باسی سنووری بارگەخستن دەکەین. یەکەمیان، لەو لایەنەوە، کە ئایا بارگەخستن تەنیا تایبەتە بە کارەکانەوە و هیچ بەشە ئاخاوتنێکی تر ناتوانێ بارگەی هەبێ؟ و دووەمیش ئەوەیە، کە ئایا بارگەخستن تەنیا تایبەتە بە ڕێزمانی بەندێتییەوە، یان ڕێزمانانی تریش باسی لێوە دەکەن؟ سێیەمیان پەیوەستە بەوەوە، کە ئایا بارگەخستن تەنیا لە ئاستی ڕستەسازی و فەرهەنگدا هەیە، یان لە ئاستەکانی تری وەکو دەنگسازی و وشەسازیشدا دەبینرێ؟

لایەنی یەکەم: ئەویش پەیوەستە بەوەوە، کە ئایا بارگەخستن تەنیا تایبەتە بەکارەکانەوە، یان بەشە ئاخاوتنەکانی تری وەکو ناو، ئاوەڵناو و ئامرازی بەند و ... هتدیش دەگرێتەوە، یان دەتوانن بارگەخستنیان هەبیت، ئەوا زمانەوانان و لێکۆڵەرانی زمانەوانی دەبن بە دوو گرووپەوە:

گرووپی یەکەم، سنوور و بواری بارگەخستن ئەوەندە تەسك دەکەنەوە، کە تەنیا کارەکان دەگرێتەوە. لەوانەش(Mathews 1997: 291) بارگەخستن بە بوار و ژمارەی ئەو توخمە ڕستەسازییانەی، کە کار پێویستی پێەتی لە ڕۆنانی بابەتیی ئەو کارەدا دەزانێت. هەروەها لە (مونان ٢٠١٢: ١٥١)یشدا هاتووە، کە بارگەخستن زاراوەیەکە بەکاردێ بۆ دیاری کردنی ژمارەی ئەو تەواوکەرانەی، کە کار دەتوانێ دەسەڵاتی بە سەریاندا هەبێ. هەروەها



www.mukiryani.com

هەندێ لە زمانەوانەکانی تری وەکو(تینێر، برینکمان، ئێربن و... هتد) (هلبش ٢٠٠٣: ٣٧٥-٣٧٧) و لاینز(Lyons 1977: 496) یش هەمان بیروڕایان هەیە.

گرووپی دووەم هەندێ زمانەوانی تر، لەوانەش، کارڵ بوهلەر پێیان وایە، کە بارگەخستن تایبەت نییە بە کارەکانەوە، بەڵکو لێکسیمەکانی تریش بارگەیان هەیە. هەروەها ((دەری دەخات، کە سەرەڕای کارەکان، هەندێ لە لێکسیمەکانی تری وەکو ناویش لە پاڵ خۆیانەوە جێگەی بەتاڵ دەکەنەوە، کە دەبێ بە وشەگەلێك لە گرێی لێکسیکیی تایبەت پڕبکرێنەوە)).(حق بین ١٣٨٥: ٢١) بەمەش سنووری بیرۆکەی بارگەخستن لەلایەن ڕێزماننووسەکانەوە فراوانکرا بۆ ئاوەڵناو و ناو.(Allerton 2006: 311)

هەندێ لە زمانەوانانی تریش، بەتایبەتی زمانەوانانی یەکێتیی سۆڤییەتی کۆن، وا لە چەمکی بارگەخستن دەگەن، کە تایبەتمەندیی هەموو بەشەکانی ئاخاوتنە، لەوانەش (ئەدمۆنی، لۆمتیڤ، لیکینا، مەڵچووك و... هتد).(هلبش ٢٠٠٣: ٣٧٧-٣٧٨)

لایەنی دووەم بەندە بە تایبەتبوون و تایبەت نەبوونی بارگەخستن بە ڕێزمانی بەندێتییەوە. بۆ ئەمەش زمانەوانان دەبن بە سێ پۆلەوە. پۆلی یەکەمی زمانەوانان پێیان وایە، کە بارگەخستن تەنیا پەیوەستە بە ڕێزمانی بەندێتییەوە. جێرهارد هلبشی زمانەوانی ئەڵمانی لەو باوەڕەدایە، کە پێویستە وا سەیری تیۆری بارگەخستن بکەین، کە بەشێکی تێهەڵکێشراوی ڕستەسازیی بەندێتییە.(هلبش ٢٠٠٣: ٣٧٤)

هەرچی پۆلی دووەمە لەو باوەڕەدایە، کە سەرەڕای ئەوەی بارگەخستن دراوەتە پاڵ تیۆری بەندێتی بەڵام بۆ وەسفی قوتابخانەی لیپ زیگ(Leipzig school)ی ئەڵمانیش بەکاردەهێنرێت.(Allerton 2006: 302)

پۆلی سێیەمی زمانەوانان پێیان وایە، کە ئەم چەمکە تەنیا بە ڕێزمانی بەندێتییەوە پەیوەست نییە، بەڵکو لە چەندین ڕێزمانی تری وەکو هەندێ لە جۆرەکانی ڕێزمانی ئەرکی لێی کۆڵراوەتەوە.(Allerton 2006: 301) لەوانەش زمانەوانانی ئەرکیی، هالیدای(حق بین ١٣٨٥: ٢١)، دیکسۆن و ئایخن ڤالد، ڤان ڤالین و لاپولا(رضایی ١٣٨٦: ٢٦١-٢٦٢) و جاکندۆفەوە(کشمیری ١٣٨٦: ٣٥٠)، لە ڕوانگەی ئەرکییەوە باسی بارگەخستنیان کردووە.



www.mukiryani.com

لەسـالّەکانی دواییشـدا، لـە ئەنجوومەنـە زمانەوانییەکانـدا، بەتایبـەتیش تایپۆلۆجیستـەکان، بەجـددی بەبارگەخستنەوە خـەریك بـوون(طبیب زاده ۱۳۸۰ب: ۷۳) سەرەڕای ئەمانەش پێویستە نکولّی لەوە نەکرێ، کە بارگەخستن سەرنجی زۆر لە ڕێزمانەکانی تری وەکو (ڕێزمانی وشە، ڕێزمانی لێکسیکی- ئەرکی) ڕاکێشاوە.(Herbst 2000)

لایەنی سێیەم: ئەمەش پەیوەستە بـەوەوە، کـە ئایـا بارگەخسـتن تـەنیا لـە ئاسـتی ڕستەسازی و فەرهەنگدا هەیە، یان لە ئاستەکانی تری وەکو دەنگسازی و وشەسازیشدا هەیە؟ لەم بارەیـەوەش بـە گشـتی دوو بۆچـوونی جیـاواز هەیـە: یەکـەمیان پێـی وایـە، کـە ئـەم بیرۆکەیە(بارگەخستن) تەنیا لە ئاستی ڕستەسازی و فەرهەنگدا بوونی هەیە و لە ئاسـتەکانی تـری وەکـو دەنگسـازی و وشەسـازیدا بـوونی نییـە. زۆر لـەو زمانـەوان و لێکۆڵـەرە زمانەوانییانەی، کە پێناسەی بارگەخستنیان کردووە و لێیان کۆڵیوەتەوە لایان وایە، کە تەنیا لە ئاسـتی فەرهـەنگ و ڕستەسـازیدا کاردەکـات. ئـالێرتۆن وای بـۆ دەچـێ، کـە بارگەخسـتن تایبەتمەندییەکی ڕستەسازی- لێکسیکییە و لە هەمان کات کۆمەڵە پەیوەندییەك لە خۆدەگرێ، کە لەلایەکەوە لە نێوان بەشەکۆمەڵە جیاوازەکـانی هەنـدێ وشـە (بـۆ نموونـە کـار) دا هەیـە. لەلایەکی ترەوە ئەو چوارچێوە ڕۆنانییە جیاوازانەی، کە بۆ ئەم بەشە کۆمەڵەیە پێویسـتە. ئـەم چوارچێوانە هەم لە ڕووی جۆرەوە، هەم لە ڕووی ژمارەی ئەو توخمانەی، کە لە پـاڵ ئـەم کـارەدا هەن (یا ناو ... هتد) جیاوازن. بەم پێیە، بارگەخستن توانایەکە، کە کار(یا ناو و ... هتد) بـۆ لێکدانیان لەگەڵ قالّبە تایبەتەکانی تری پێکهاتەکانی ڕستە هەیانە.(Allerton 2006: 301) ، یـان دەتـوانێ بگـوترێ بارگەخسـتن ژمـارە و جـۆری ئـەو پەیوەندییانەیـە، کـە توخمـە ڕستەسازییەکان دەتوانن بەیەکەوە دروستی بکەن.(چگنی ۱۳۸۲: ٤٧٣)

دووەمیان: هەروەها لای هەندێ زمانەوانی تر، کە چەمکی بارگەخستن تەنیا بە سـەر کار و بەشەکانی ئاخاوتن جێبەجێ ناکەن، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بە سەر هەموو ڕەگەزە زمانییەکاندا، جێبەجێی دەکەن. زمانەوانە سۆڤییەتییەکان وا لە چەمکی بارگەخستن دەگەن، کە نەك تەنیا بە کارەکانەوە پەیوەستە و نە تەنیاشبە بەشەکانی ئاخاوتنەوە، بەڵکو بەهەموو ڕەگـەزە زمانییـەکانی ئاسـتە جیاوازەکانـەوە پەیوەسـتە، لەوانـەش سـورینا، بـەرکۆف و ستیپانۆڤا، چەمکی بارگەخستنیان بە واتا فراوانەکەی بەکارهێنا.(هلبش ۲۰۰۳: ۳۷۹)



www.mukiryani.com

## ١-٣-٤- بارگەخستن لە ڕێزمانی بەندێتیدا

لە ڕێزمانی بەندێتیدا، بە گشتی دوو تیۆر هەیە، کە لە دووتوێی ئەم ڕێزمانەدا، بایەخیان پێدراوە. یەکێ لەو تیۆرانە تیۆری گرێ ئۆتۆنۆمییەکانە(طبیب زادە ١٣٩٠: ٨)، کە لە بەشی پێشوودا، بەدرێژی باسی لێوەکرا و ئەوی تریان تیۆری بارگەخستنە. ئەم تیۆرەش بە گرنگترین بەش لە ڕێزمانی بەندێتی دادەنرێت.(کبیری ١٣٨٥: ٨)

### ١-٣-٤-١- جۆرەکانی بارگەخستن

لە ڕاستیدا بارگەخستن ئاماژە بە ژمارەی ئەو تەواوکەرانە دەدات، کە وشەیەك وەری دەگرێت. بۆ نموونە بە پێی تیۆری بارگەخستن، چەقی قورسایی ڕۆنانی ڕستە، کارە، چونکە کار ئەوە دیاری دەکات، کە چ ژمارەیەك تەواوکەر دەتوانێ، یان دەبێ لە ڕستەدا دەربکەوێ. واتە لە هەر ڕستەیەکدا، کار سەرەیە و ئەو توخمانەی تر، کە دەمێننەوە، یان بەندی کارن، یان بەندی بەندی کارن.

بە شێوەیەکی گشتی بارگەخستن دەبێ بە دوو جۆرەوە، ئەوانیش بارگەخستنی ڕستەسازی و بارگەخستنی واتایین.

### یەکەم/ بارگەخستنی ڕستەسازی

بارگەخستنی ڕستەسازیی کار(یا وشە) بریتییە لە ژمارەی ئەو تەواوکەرانەی، کە بە شێوەی مۆرفۆسینتاکسی تایبەت دەبن بە کار(یا وشە)ـەکەوە.(رضایی ١٣٨٦: ٢٦٦) بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین مەبەست لە بارگەخستنی ڕستەسازیی هەر وشەیەك، ئەو تەواوکەرانەیە، کە وشەکە وەری دەگرێ و بە شێوەیەکی کرداری لە ڕستەدا دەردەکەون.

### دووەم/ بارگەخستنی واتایی

لە ڕاستیدا تاکو باس لە بارگەخستنی ڕستەسازیی وشە لێکسیکییەکان بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام نەدرێ، ناتوانین بچینە سەر بارگەخستنی واتاییان. واتە بەدوای دەست نیشانکردنی بارگەخستنی ڕستەسازی، دەتوانین لە بارگەخستنی واتایی وشەکان، واتە



www.mukiryani.com

تایبەتمەندییە(سیما) واتاییەکانی تەواوکەرەکانی وشەکە بکۆڵینەوە. دەست نیشانکردنی تەواوکەرە ڕستەسازییەکان، بەزۆری بە پێی پێوەرە فۆڕمییەکان ئەنجام دەدرێت، لەم ڕووەوە لانی کەم لە بارەی جۆرە بنەڕەتییەکانی تەواوکەرەکان، بکەر و بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ، جیاوازییەکی ئەوەندە لە نێوان رای زمانەوانانـدا نییە، بەڵام لە بارەی دەستنیشانکردنی سیما واتاییەکان بۆ تەواوکەرەکان، هەلومەرجەکە بەجۆرێکی ترە. دەست نیشان کردنی سیما واتاییەکان لە زمانەوانێکەوە بۆ زمانەوانێکی تر دەگۆڕێت. لەم ڕووەوە چەند پێرستێك لەم جۆرە سیمایانە هەیە.

### ١-٣-٤-٢- نواندنی ڕۆنانی بارگەخستنی ڕستەسازی

بەسوودوەرگرتن لە ژمارەیەك نیشانەی کورتکراوە و هێما دەتوانین ڕۆنانی بارگەخستنی کارەکان بەسادەیی و بەکورتی پیشان بدەین.(طبیب زادە ١٣٨٥أ: ٣٨)

بە گشتی کار، ناو و ئاوەڵناوەکان، ئەو سەرانەن، کە تەواوکەری خورتی و سەرپشکی لە خۆ دەگرن و کۆی تەواوکەرە خورتی و سەرپشکییەکانی هەر سەرەیەك، ڕۆنانی بارگەخستنی ئەو سەرەیە دێننە کایەوە. بۆ نموونە هەموو قسەکەرێکی کورد دەزانێ، کە کاری «بەکرێ دان»لەگەڵ سێ تەواوکەری بکەری خورتی، بەرکاری ڕاستەوخۆی خورتی و بەرکاری ناڕاستەوخۆی <<بەیی>> سەرپشکیدا بەکاردێ. ئەم زانیارییە ڕستەسازییە لە بارەی هەر کارێك، لە فەرهەنگی قسەکەرانی زماندا هەیە؛ واتە بۆ نموونە لە فەرهەنگی زەینیی هەر قسەکەرێکی کورددا، ڕۆنانی بارگەخستنی کاری «بەکرێ دان» بەم شێوەیەی خوارەوە تۆمارکراوە:

«بەکرێ دان»: <[ب]، [بەر]، [(بەرنا<<بەیی>>]>

ئەمە بۆ ئاوەڵناو و ناوەکانیش بەهەمان شێوەیە. بۆ نموونە ئاوەڵناوی «ئاگادار»، یان لەگەڵ تەواوکەرێکی ناڕاستەوخۆی <<لەیی>> ی سەرپشکی:

٤٦ _ *سۆران لە هاتنی تۆ ئاگادارە.*

یا تەواوکەرێکی پاڕستەیی سەرپشکی:

٤٧ _ *سۆران ئاگادارە، کە تۆ هاتووی.*



www.mukiryani.com

لەخۆدەگرێت. بەمەش ڕۆنانی بارگەخستنی ئاوەڵناوی «ئاگادار» بەم شێوەیە دەبێ:

«ئاگادار»: <[(تخ لەیی)]/ [(تپا)]>

هــەروەها نــاوی«پشــت بەســتن» هەمیشــە لەگــەڵ تەواوکــەرێکی ناڕاســتەوخۆی <<بەیی>> خورتی و تەواوکەرێکی خستنەسەری سەرپشکی بەکاردێ. بۆ نموونە لـەم گـرێ ناوییەی خوارەوەدا دیارە:

*٤٨ _ پشت بەستنی دادوەر بە یاساکانی وڵات*

بەم پێیە ڕۆنانی بارگەخستنی ناوی «پشت بەستن» بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

«پشت بەستن»: <[تخ بەیی]، [(تخس)]>

### ١-٣-٤-٣- فەرهەنگی بارگەخستن

بەســوود وەرگــرتن لــە دۆزینــەوەی بارگــە، دەتــوانین فەرهــەنگێکی بارگەخســتن ئامادەبکەین، کـە تێیـدا ڕۆنـانی بارگەخسـتنی ڕستەسـازی و واتایی(تەواوکـەرە خـورتی و سەرپشکییە ڕستەسازی و واتاییەکان)ی ناو، کار، ئاوەڵناو (و ئامرازی بەند) ـەکان دیـاری دەکرێــت.(رسولی ١٣٩٠: ١٣) بــە واتایــەکی تــر، بەســوود وەرگــرتن لــە فەرهەنگــە بارگەخستنییەکان، دەتوانین پەی بە جۆر و ژمارەی تەواوکەرەکانی هەموو وشەیەك و ڕۆنـانی بارگەخستنی ڕستە ببەین.(رسولی ١٣٩٠: ١٣)

تاکو ئێستا لانی کەم لە نۆ زمانی زینـدووی جیهـان فەرهـەنگی لـەم جـۆرە هەیـە، ئەمانیش زمانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئیتاڵی، ڕووسی، عەرەبی، ڕۆمانی، یابـانی و چـیکی (رسولی١٣٩٠: ١٤) و لاتینین. (Herbst 2000)

یەکەمین فەرهەنگی بارگەخستنی کار لە سـاڵی ١٩٦٨ بـە نـاوی (wÖrterbuch zur Valenz und Distribution deutscher Verben) لەلایـەن دوو زمانـەوانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بەناوی هیلبیگ و شینکل بڵاوکرایەوە. بەبڵاوبوونەوەی ئـەم فەرهەنگـە یەکەمین هەنگاو لە بواری ئەو فەرهەنگانەی پەیوەسـتن بـە بارگەخسـتنی لێکسـیکی نـرا و بەدوای ئەوەوە فەرهەنگە یەك زمانە و دووزمانە(بەراوردکاری)ی تر بۆ زمانەکانی ئـەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی، ڕۆمانی و ڕووسی بڵاوکرانەوە.(Herbst 2000)



www.mukiryani.com

لەزمانی ئینگلیزیدا، هیچ فەرهەنگێکی سەربەخۆ سەبارەت بە بارگەخستنی کار و ئاوەڵناو نەبینراوە، پێدەچێ ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە هەموو فەرهەنگە بەناوبانگەکانی زمانی ئینگلیزی کاتیگۆریی بارگەخستنیان لە کار و ئاوەڵناودا خستۆتەروو. بۆ نموونە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد(١٩٩٦)دا لە بەرانبەر هەر دەروازەیەکدا، ڕۆنانی بارگەخستنی ئەو وشەیەشی دیاری کردووە(کرباسچي ١٣٨٩: ٥٠)، بەڵام لە ئەڵمانی و فەڕنسیدا فەرهەنگی بارگەخستن هەیە.(کرباسچي ١٣٨٩: ٤٩)

(Herbst 2000) لە بارەی هۆکاری بایەخ نەدان بەم تیۆرە لەو وڵاتانەی ئینگلیزی زمانن، ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکات: لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکاندا، بە گشتی بایەخێکی ئەوەندە بەو تیۆرانەی، کە پەیوەستن بەو وڵاتانەی ئینگلیزی زمان نین، نادەن، دەتوانین بەجۆرێکی تر بڵێین ئەو تیۆرانەی، کە لە زمانی ئینگلیزییەوە سەرچاوەیان نەگرتبوو، سەرنجی زمانەوانە ئینگلیزەکانی ڕانەدەکێشا. هەروەها لە بارەی پرسی فێرکردنی زمانیشەوە ، لە زمانی ئینگلیزیدا، بیرۆکەیەکی لە مێژیینەی فێرکردنی زمان و فەرهەنگنووسی لە ئارادایە. هەروەها چەمکی بارگەخستن(لای هێربست) بۆ وەسف کردنی زمانەکانی وەکو ئەڵمانی و ڕووسی، کە دۆخی ڕێزمانییان هەیە زۆر گونجاوە. هەرچۆنێك بێ ئەم تیۆرە لە ساڵانی دواییدا، بەتایبەتی دوای ئەو گومانانەی سەبارەت بە بنەماکانی تیۆری بەرهەمهێنان هاتە کایەوە، لە بەریتانیا و ئەمریکاش لەلایەن (ئەلێرتۆن، هێربست و هۆدسن) خرایە ڕوو و کاریگەری هەبووە لە پێکهاتنی تیۆرە نوێکان.(طبیب زادە ١٣٨٥أ: ٢٣-٢٥)

سەرەڕای ئەمانە بە سوود وەرگرتن لە ڕێبازە ئامارییەکان، لە پێنج پەیکەرەی زمانی ئینگلیزی، هەوڵی دانانی فەرهەنگی لقکردنی کاتیگۆرییانەی کاری دراوە.(رسولی١٣٩٠: ٧-٨) هەر وەکو بالدوین و هاوکارانی هەوڵی خستنەرووی فەرهەنگێکی بارگەخستنی دوو زمانەی یابانی-ئینگلیزییان داوە، کە لە سێ ئاستی وشە، چەمك و چوارچێوەی واتایی پێکهاتووە.

لەزمانی فەڕەنسیشدا کارێکی نزیك لەمەی پێشوو، واتە هەوڵی دانانی فەرهەنگی لقکردنی کاتیگۆرییانەی کار، دراوە و ئەنجام دراوە.(رسولی١٣٩٠: ٨)

یەکێ لە بەناوبانگترین فەرهەنگی بارگەخستن لە زمانی چیکییە، کە داتا بەندێتییەکانی پڕاگیش لە سەر بنەمای ئەوەوە دروستکراوە، کە تێیدا دەتوانین ئاماژە بە



www.mukiryani.com

فەرهـــەنگی بارگەخســـتنی کـــاری عـــەرەبی بکـــەین، بـــە پێـــی داتـــا بەندێتییـــەکانی پـــڕاگ.(رسـولی۱۳۹۰: ۷) هـــەروەها لـــە زمـــانی ڕووسیشـــدا فەرهـــەنگی لێکســـیکیی بارگەخستنی ڕستەسازیی و واتایی دانراوە.

### ۱-۳-٤-٤- تیۆری بارگەخستن و زمانەوانیی کارەکی

تیۆری بارگەخستن پەیوەندییـەکی بـەتینی بـە فێرکردنـی زمـانی بیانییـەوە هەیـە. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی بارگەخستنی کارەکانی زمانی ئەڵمانی لـە سـاڵی ۱۹٦۸، لەلایـەن هەر دوو زمانەوانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (Helbigm, Schenkel) هەنگاوێکی گرنگ بوو لە بەرەوە پێشچوونی ئەو تیۆرە.(Herbst 2000)

یەکێك لە گرنگترین بەکارهێنانەکانی ڕێزمانی بەندێتی و تیۆری بارگەخستن، بە کاری فێرکردنی زمانەوە پەیوەستە. بەکارهێنانی ئەم تیۆرە لە کـاری فێرکردنـی زمانـدا، تـا ئـەو ڕادەیە سوودمەندبووە، کە هەموو ئەو کتێبانـەی لـە دەزگـای گۆتـە بـۆ فێرکردنـی زمـانی ئەڵمانی نووسراون، بە پێی ئەم تیۆرەن. سوودی ئەم تیۆرە، بە تایبەتی کاتێـك دەردەکـەوێ، کە لایەنی بەراوردکاری بێتە گۆڕێ، چونکە چەمکی تێپەڕ و تێنەپەڕ بۆ نوانـدنی جیـاوازیی بارگەخســتنی کـار لــە دوو زمــانی جیــاوازدا، بــەهیچ شـێوەیەك بــەس نییــە.(طبیب زاده ۱۳۸۰ب: ۷۳)

ئەو قوتابیانەی، کە دەیانەوێ فێری زمان بن، بە پێی پێوانـەی ڕسـتەی زمـانی دایـك، هەوڵ دەدەن ڕسـتەی زمـانی تـر ڕۆبنـێن. ئاسـاییە کاتێـك، کـە ڕۆنـانی ڕسـتەی دوو زمـان یەکنەکەونەوە، ئەوا ڕستە ڕۆنراوەکانیش فۆڕم نادروست دەردەچن.(طبیب زاده ۱۳۸۰ب: ۷۳)

بە سوودوەرگرتن لەو ئامراز و توانایانەی، کە ڕێزمانی بەندێتی و تیۆری بارگەخستنی لێکسیکی دەیخەنە بەردەست، دەتوانرێ تەواوی ئەم جیاوازییانە بەسـادەیی پیشـان بـدرێن و وردەوردە ئـەو قوتابیانـەی، کـە دەیانـەوێ فێـری زمـان بـن لـە بـوونی ئـەم جیاوازییانـە ئاگاداربکرێنەوە.(طبیب زاده ۱۳۸۰ب: ۷۵)



www.mukiryani.com

یەکێکی تر لە سوودە گرنگەکانی تیۆری بارگەخستنی لێکسیکی بەکارهێنانیەتی لە بەشی ئەندازیاریی زمانەوانیی کۆمپیوتەری(فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و ...).(طبیب زادە ١٣٨٠ب: ٤٥)

سوودێکی تری ئەم تیۆرە و بەتایبەتی بارگەخستنی واتایی بۆ نیشاندانی جیاوازیی واتایی نێوان کارەکانی زمانە جیاجیاکان، و لە ئەنجامدا لە کاری فێرکردنی زمان بۆ بیانییەکان سوودی زۆری لێوەر دەگیرێت.

هەر یەکە لە هیلْبیگ و شینکل سەرەڕای ئەوەی، کە باس لە گرنگیی فەرهەنگە بارگەخستنییەکانیان لە فێرکردنی زماندا دەکەن، تیشکیان خستۆتە سەر بەرەوپێشەوەبردنی لایەنە تیۆریەکانی بواری فەرهەنگ و پەیوەندیی بە ڕستەسازییەوە.(طبیب زادە ١٣٨٠ب: ٤٤)



www.mukiryani.com


## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

– کۆرپەی زمانی بریتییە لە کۆمەڵێك دەقی نوسراو و گوتراوی بەشێوەی نووسینی فۆنەتیکی کە دەتوانرێ لە وەسفکردن و شیکردنەوەی زماندا سوودی لێوەربگیرێ.(عاصی١٣٨١: ٤٨٤)

٢– ئەم هێلکارییە بۆ تیۆرەکەی چۆمسکی (چەند لایەنێك لە تیۆری ڕستەسازی، ١٩٦٥) دەگەڕێتەوە.


٣– جگە لەم شێوە نواندنە لەڕێزمانی بەندێتیدا چەند شێوەیەکی تریش هەن، لەوانەش:

١– تینێر ڕستەیەکی لەم شێوە (Alfred repeatedly offered that Bible to charles in strasbourg on Tuesday.) بەم جۆرە نیشان دەدات :(Allerton 2006: 303)




لەم ڕستەیەدا، وشەکانی Alfred, (that) Bible, to charles هەموویان ڕەگەزی بنچینەیین، کە بەریز ژمارەی ١، ٢ و ٣ یا پێدەدات. لەکاتێکدا ، کە repeatedly, in strasbourg, on Tuesday هەموویان ڕەگەزی نابنچینەیین.

٢– هەڵبەتە، بەو گۆڕانانەی، کە دواتر بەسەر باسی بارگەخستنەوە هات ئێستا ئەم ڕستەیە بەشێوەی هێڵی نیشان دەدەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:






www.mukiryani.com

کە نیشانی دەدات گرێ ئاوەڵکارییەکانی in strasbourg, on Tuesday هەموو ڕستەکە وەسف دەکەن.


٣– هیسیش بەم شێوەیە ڕستە پیشان دەدات:

Children eat candy neatly

Va(Np1,x,NDb)

کە Va بەشێکە لە مۆرفیمە کارییەکان و Np1 بەشێکە لە مۆرفیمەکانی ناو و کۆکردنەوە، و N بەشی ناوێکە و Db بەشێکە لە ئاوەڵکارە چۆنییەتییەکان و ئەستێرەکەش (لەبنچینەدا ئەستێرە نییە، بەڵکو دوو کەوانە و هێمای x ـە) پێگەی بەهای زاڵ لە نێو بەهای شوێنکەوتوودا دیاریدەکات.

٤– ڕیفزن(Rewsin) هێلکارییەکی درەختیی تایبەتی لەم شێوەیەی خوارەوە بۆ پەیوەندییە ئیسنادییەکان داناوە:




ئەم هێمایە⇆ی بۆ پەیوەندی ئیسنادی (واتە دوو سەرە)، ←ی بۆ پەیوەندی شوێنکەوتەیی (واتە یەك سەرە) داناوە. وا تێدەگات، کە شوێنکەوتن بەواتا فراوانەکەی ئەو پەیوەندییانەش لەخۆ دەگرێت، کە بە پەیوەندیی نائیسنادی دەژمێردرێن. لە هەر ڕستەیەکدا، تەنها یەك پەیوەندیی ئیسنادی دەبینرێت، کە بە شەقڵ(هێما)ی ڕستەکە دادەنرێت.

٥_ سەرەڕای ئەمانەش چەند زمانەوانێکی تری وەکو پدوچیڤا، مەڵچوك و هتد، هێلکاری تایبەت بەخۆیان داناوە.(هلبش ٢٠٠٣: ٣٧١- ٣٧٢)



www.mukiryani.com

٦_ هەروەها ئەو هێلکارییەی، کە (تەبیب زادە) بەکاری هێناوە. ئێمەش وەك لەبەشەکانی داهاتوودا دەبینرێ، پەیڕەوی هەمان شێوازمان کردووە.

٤- جگە لە زاراوەی بەند(Depended) و سەرە(Head)، زاراوەکانی [منداڵ(Child) و مۆدیفایەر(Modifier)]یش بۆ بەند و زاراوەکانی [حوکمکەر(Governor)، سەرۆك(Regent) و دایك/ دایك و باوك (Parent)] بۆ سەرە بەکاردێن.

٥- مەبەست لە ڕستەی ڕۆنان دروست ئەوەیە، کە ڕستەکە هەم ڕێزمانی بێ و هەم تەواو. ڕستەی ڕێزمانیش(لەڕێزمانی بەندێتیدا) ئەو ڕستەیەیە، کە خەوشێك لە ڕۆنانی ڕستەسازیی ئەو ڕستەیەدا نەبێ. ڕستەی تەواویش ئەو ڕستەیەیە، کە بۆ تێگەیشتنی پێویستیمان بە ئاگاداربوون لە دەوروبەر نەبێ.(طبیب زاده ١٣٩١: ٢٨-٢٩)

٦- لە دووتەوەرەی داهاتوودا بەدرێژی باس لەم دوو تیۆرە دەکەین.

٧- بۆ زانیاریی زیاتر بروانە: (طبیب زاده ١٣٩١: ١٤)

٨- بارگەخستن لەکیمیادا، بریتییە لە توانای یەکگرتنی گەردیلەیەك، یا کۆمەڵە گەردیلەیەك بەپێی گەردیلەکانی هایدرۆجین، یا هاوتاکەی.(جەمال عەبدول ١٩٩٨: ٣٧٧)، یا بەژمارەی شوێن(ـەبەتاڵ)ـەکانی ئەتۆمێکی تایبەت دەگوترێ، کە دەبێ لەلایەن ئەتۆمی ترەوە پڕبکرێتەوە، تاکو پێکهاتەیەکی جێگیر بێننە کایەوە.(رضایی ١٣٨٦: ٢٦١)

٩- هەموو ئەو سەرچاوە فارسیانەی باسی بارگەخستنیان کردووە.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

## ٢- كار و بارگەکانی

### ٢-١- تایبەتمەندییەکانی کار

کار لە زمانی کوردیدا، بە دوو چەمکی جیاواز بـەکارهاتووە، کـە زۆر جـار تێکـەڵ بەیەکتر دەبن. لەلایەکەوە لە پاڵ ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار و ئامرازی بەندا، وەکـو بەشـێکی ئاخاوتن(verb) دەخرێتە ڕوو و لەلایەکی ترەوە لە پاڵ بکەر، بـەرکار، بـەرکاری بەنـد و ... وەکـــو تـــوخمێکی ڕستەســـازی(predicate)(فـتح احمـد حسـن فـتح الله ١٩٩٠: ٥) ســـوودی لێوەردەگیرێت.

کار وەك گرنترین بەشی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا چەندین تایبەتمەندیی هەیـە، کـە بەهۆیانەوە لە بەشە ئاخاوتنەکانی تر جیا دەبێتەوە.

أ_ کار تاکە بەشی ئاخاوتنە، کە یەکێ لەم چەمکانەی خوارەوە بە شێوەی ئـەرێ، یـان نـەرێ: ئەنجامـدانی کارێـك، ڕوودانـی کارێـك بـە سـەر کەسـێك، یـان شتێکەوە(مەحمود فەتحوڵڵا ئەحمەد ١٩٨٨: ١٩-٢٠)، وەرگرتن(قەبوڵکردن)ی بارێـك، یان سیفەتێك، خستنەپاڵی بارێك، یان سیفەتێك بۆ کەسـێك، هـەبوون، هـەبوونی شتێك لە خۆدەگرێت. بەمەش ئەرکی گوزارە دەبینێت.

ب_ کاریگەری(تێنەپەڕ و تێپەڕ) تێدایە.

پ_ بکەردیار و نادیاری هەیە.

ت_ کاتی(رابردوو، ئێستا و ڕانەبردوو)ی تێدایە.

ج_ ڕووکاری(بەردەوامی، تەواو و دوور)ی هەیە.

چ_ ڕێژەی(هەواڵدان، فەرماندان، داخوازی)ی هەیە.



www.mukiryani.com

ح_ کەسی(یەکەم، دووەم وسێیەم)ی تێدایە.

خ_ ژمارەی تاك و کۆ (کەسەکان)تێدایە.

د_ نیشانەی کۆ وەرناگرێت.

ر_ بەندێك، یان زیاتر لە خۆ دەگرێ، کە دەتوانن ببن بە بکەر، یان بەرکار بۆی و هەروەها ئاوەڵناو و ئاوەڵکاریش دەتوانن ببن بە بەند بۆی.

ز_ ئامرازی خستنەسەر وەرناگرێت.

ژ_ یەکناگرن بۆ دروستکردنی کاری لێکدراو.

س_ ئاوەڵکار وەسفی دەکات.

ش_ لە دوای ئاوەڵناوی پلەی باڵادا نایەت.

ع_ بە گشتی لە کۆتایی ڕستەدا دێن.

غ_ کۆمەڵەیەکی کراوە پێکدێنن.

ف_ نیشانەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی وەرناگرێت.

ڤ_ نیشانەی نەرێ وەردەگرێت.

ق_ نیشانەی <<ب>>ی فەرماندان و داخوازی وەردەگرێت.

ك_ نیشانەی ڕووکاری بەردەوامی<<دە>>یش وەردەگرێت.

گ_ گەردان دەکرێ.

ئەم تایبتمەندییانە بە سەریەکەوە لە هیچ کام لە بەشەکانی تری ئاخاوتندا، نابینرێت[1].



www.mukiryani.com

# ٢-٢- جۆرەكانی كار

لەم تەوەرەیەدا، سەرەتا لە ڕووی ڕۆنان، ئینجا لە ڕووی وەرگرتنی تەواوكەر، پاشان لە ڕووی بارگەخستنەوە باس لە جۆرەكانی كار دەكەین.

## ٢-٢-١- جۆرەكانی كار لە ڕووی ڕۆنانەوە

سەرەڕای ئەوەی، كە ڕۆنانی كار[٢] لە زمانی كوردیدا بایەخێكی زۆری پێدراوە[٣]، بەڵام هێشتا هەر بابەتێكی جێگەی مشتومڕە[٤]. ڕێزماننووس و زمانەوانان لە سەر ژمارە و جۆری كار لە ڕووی ڕۆنانەوە كۆك نین[٥]. بە گشتی ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاكێشاوە و بۆ نامەكەشمان بایەخێكی زۆری هەیە و گرنگە دوو لایەنە: یەكەمیان كاری لێكدراو(بەتایبەتی تایبەتمەندییەكانی و چۆنیەتی جیاكردنەوە و دەست نیشانكردنی)[٦]ـە، ئەمەش لە بەر ئەوەیە، كە جۆێك لە تەواوكەری كارمان هەیە تەنیا لەگەڵ كارە لێكدراوەكاندا بەكاردێ و دووەمیشیان ئەوەیە، كە هەندێك كار لە زمانی كوردیدا هەن، نەخراونەتە نێو ئەم دابەشكردنانەوە، كە زمانەوان و ڕێزماننووسانی زمانی كوردی بۆ جۆرەكانی كار لە ڕووی ڕۆنانی كردوویانە.

بە گشتی كار لە ڕووی ڕۆنانەوە، دەبێ بە چوار جۆرەوە: كاری بنجی، كاری داڕێژراو، كاری لێكدراو و كاری فرێزی.

**یەكەم/ كاری بنجی**

كاری بنجی ئەو كارەیە، كە تەنیا لە قەدی كار و مۆرفیمی لە كارخستن، یان كردن بەناوەوە پێكهاتووە.

**دووەم/ كاری داڕێژراو**

كاری داڕێژراو ئەو كارەیە، كە لە كارێكی بنجی و لاگرێكی داڕشتن، یان زیاتر، دروستبووە و بە یەكەوە كارێكی نوێ بە واتایەكی تازەوە پێكدێنن.



www.mukiryani.com

**سێیەم/ کاری لێکدراو**

کاری لێکدراو ئەو کارەیە لانی کەم لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە بەشی کاری و بەشی ناکاری، ئەوانیش هەر دووکیان(واتە بەشی کاری و بەشی ناکاری) بەیەکەوە هەم لە ڕووی ڕستەسازی و هەم لە ڕووی واتاسازییەوە وەکو وشەیەکی نوێ ڕەفتاردەکەن. بەشە کارییەکەیان لە شێوەی کاری بنجی، یان داڕێژراو، یان لێکدراودا دەبێ و ئەوی تریشیان لانی کەم بریتییە لە کەرەسەیەکی فەرهەنگی (ناو / ئاوەڵناو / ئاوەڵکار ...).(محەمەد عومەر عەول ۲۰۱۰: ۳۵۳)

لێرەدا هەوڵدراوە بزانرێ، ئایا چ کەرەسەیەك دەبێ بە کاری لێکدراو؟ و چ کەرەسەیەك نابێ بە کاری لێکدراو؟ وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد کاری لێکدراو لانی کەم لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەممان ناونا بەشی کاری و بە بەشی دووەمیشمان وت بەشی ناکاری. بەشە کارییەکە بە گشتی واتا بنجییەکەی خۆی، یان لە دەست دەدات، یان کاڵ دەبێتەوە و وەکو توخمێکی گەردانی ناسنامەی کاری بە کەرەسە زمانییەکە دەبەخشێ.(طباطبائی ۱۳۸٤: ۲٦-۲۷) هەرچی بەشە ناکارییەکەیەتی لە ناو/ئاوەڵناو/ ئاوەڵکار/... پێك پێکهاتووە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، کە هەر زنجیرەیەك کەرەسەی لێکسیکی لە شێوەی (ناو/ئاوەڵناو/ ئاوەڵکار/...+کار) بێ نابێتە کاری لێکدراو، هەر بۆیە پێویستە چەند پێوەرێك بخرێتە ڕوو بۆ جیاکردنەوەی ئەو کەرەسانەی، کە کاری لێکدراون و ئەوانەی، کە لە ڕووی فۆڕمەوە لە کاری لێکدراو دەچن، بەڵام کاری لێکدراو نین. لێرەدا چەند پێوەرێك بۆ ناسینەوەی کاری لێکدراو دەخرێتە ڕوو:

**پێوەری یەکەم:** کاری لێکدراو وەك یەك یەکەی واتایی سەیردەکرێ. بەو واتایەی، کە بەشە پێکهێنەرەکانی کاری لێکدراو بەیەکەوە وەك کەرەسەیەکی فەرهەنگیی هەڵگری واتا دەردەکەون(محەمەد عومەر عەول ۲۰۱۰: ۳٦۰- ۳٦٤) و بەشە کاریەکەی ناوەرۆکە واتاییەکەی نەماوە و بەشە هەرە گەورەکەی واتای کاری لێکدراو، بەشە ناکارییەکەی هەڵی دەگرێ(پێکی دەهێنێ). بۆ ئەوەی بزانین چ کەرەسەیەك وەك یەکەیەکی واتایی سەیردەکرێ و چ کەرەسەیەك واتایەکی لێکدراویی هەیە، سوود لە ئەزموونی جێنشینی(لەبری دانان)



www.mukiryani.com

وەردەگیرێ.(طباطبائی ١٣٨٤: ٢٨) بەپێی ئەم ئەزموونە ئەو کەرەسانەی، کە واتایەکی لێکدراوییان هەیە، واتە پەیوەندیی نێوان بەشە کارییەکە و بەشە ناکارییەکەی بە شێوەیەکە، کە بەشە ناکارییەکەی بەئاسانی دەتوانرێ بگۆڕدرێ بە وشەیەکی تر و هەمان پەیوەندیی واتایی لەگەڵ کارەکە دەمێنێتەوە.(یوسف شریف سعید ١٩٩٨: ٣٢) بۆ نموونە ئەگەر سەیری (کتێب خوێندنەوە) و (نامە نووسین) بکەین، دەبینین بەئاسانی دەتوانرێ بگۆڕدرێ بە وشە، یان گرێیێکی تر و هەمان پەیوەندیی واتایی لەگەڵ کارەکە بمێنێتەوە:

رۆژنامە/گۆڤار/... خوێندنەوە

چیرۆك/رۆمان/شیعر... نووسین.

هەر بە پێی ئەم پێوەرە زۆربەی ئەو ئاوەڵناوانەی، کە لەگەڵ کاری بوونی بوونایەتی، بوونی گۆڕان(ئەنجامی)[٧] و کاری کردندا دێن واتایەکی لێکدراوییان هەیە، بەمەش نابن بە کاری لێکدراو. بۆ نموونە دەتوانرێ زۆربەی هەرە زۆری ئاوەڵناوەکان لە بری ئاوەڵناوی(بێزار) لە (بێزاربوون)دا دابنرێ:

| | |
|---|---|
| بێزار بوون | بێزار کردن |
| رازی بوون | رازی کردن |
| غەمبار بوون | غەمبار کردن |
| تورە بوون | تووڕە کردن |
| گێژ بوون | گێژ کردن |
|ماندوو بوون | ماندوو کردن |
| ... | ... |

ئەگەر لە واتای ئەم کەرەسانە بڕوانین، دەبینین هەر یەکە لە ئاوەڵناو و کارەکە واتای تایبەتی خۆیان هەیە و بەیەکەوە واتایەکی یەکگرتوویان نییە، بە واتایەکی تر، ناتوانین وەکو یەك یەکەی واتایی سەیریان بکەین.

کاری بوونی گۆڕان/ئەنجامی(صیرورە) گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگەیەنێ، کاتێك ئەم کارە لەگەڵ ناوێکدا دێ هەمان واتای خۆی دەپارێزێت.



www.mukiryani.com

هەروەها کاتێك کاری (کردن) لەگەڵ ئاوەڵناوێکدا دێت، گۆڕین لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگەیەنێ، بۆ نموونە: جوان کردن، بێزار کردن، گێژ کردن. هەر دوو کاری بوون(ی گۆڕان) و کردن هاوشان/هاوتەریبی یەك کاردەکەن، واتە هەر دووکیان گۆڕانی بار دەگەیەنن، تاکە جیاوازییان لەوەدایە، کە یەکەمیان تێنەپەڕ و ئەوی تریان تێپەڕە:

**٤٩** _ *منداڵەکە گەورە بووە.*

**٥٠** _ *ژیلە منداڵەکەی گەورە کرد.*

بەڵام لە هەموو ئەو بارانەدا، کە تیایدا ئاوەڵناو و کاری کردن لە پاڵ یەکدا دێن، واتایەکی لێکدراو دروست نابێ. بە واتایەکی تر، لە هەندێ باردا هاتنی ئاوەڵناو و کاری کردن بەیەکەوە واتایەکی نالێکدراو دروست دەکات، بەمەش کاری لێکدراو دروست دەبێ. بۆ نموونە (تیژکردن) کاری لێکدراوە.

**پێوەری دووەم:** ئەگەر دەربڕینێك لە ناوێك و کارێکی تێپەڕ پێکهاتبوو و ئەم دوانە بەیەکەوە پێویستیان بە بەرکارێکی ڕاستەوخۆ هەبوو، ئەوا ئەم دوانە بەیەکەوە دەبن بە کاری لێکدراو. بۆ نموونە:

**٥١** _ *ئێمە **ژوورەکە**مان بۆیە کرد.*

**٥٢** _ *ڕووناك **بەرنامەکەی** پێشکەش کرد.*

**پێوەری سێیەم:** ئەگەر دەربڕینێك لە ناوێك و کارێکی تێپەڕ پێکهاتبێ و ئەم دوانەش بەیەکەوە وەکو کارێکی تێنەپەڕ ڕەفتار بکەن واتە پێویستیان بە بەرکار نەبێ، ئەوا بەیەکەوە دەبن بە کاری لێکدراو.(طباطبائی ١٣٨٤: ٣١) بەپێی ئەم پێوەرە، کارەکانی (زەحمەت کێشان) و (یاری کردن) کاری لێکدراون، چونکە سەرەڕای ئەوەی، کە کاری تێپەڕیان تێدایە، هەموو دەربڕینەکە بەیەکەوە وەکو کارێکی تێنەپەڕ هەڵسوکەوت دەکەن:

**٥٣** _ *مامۆستاکان هەمیشە زەحمەت دەکێشن.*

**٥٤** _ *منداڵەکان لە گۆڕەپانەکەدا، یاری دەکەن.*

**پێوەری چوارەم:** بەشە ناکارییەکەی کاری لێکدراو، هەرگیز ناتوانێ نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی و تاك و کۆ وەربگرێت.(یوسف شریف سعید ١٩٩٨: ٣٢) بەڵام هەر کاتێك



www.mukiryani.com

بەشە ناكارییەكەیان(ناوەكە)، نیشانەی ناسراوی، یان نەناسراوی، یان تاك، یان كۆ و، یان هەر دیارخەرێكێكی تری وەرگرت ئەوا بەشە ناكارییەكە دەبێ بە بەركار و كارەكەش لە بری ئەوەی ببێ بە تێنەپەڕ دەبێ بە تێپەڕ:

*٥٥ _ مامۆستاكەمان زەحمەتێكی زۆری كێشاوە.*

*٥٦ _ منداڵەكان ئەم یارییە لە گۆڕەپانەكەدا دەكەن.*

*٥٧ _ هەموو ڕۆژێك دە جگەرە دەكێشم.*

**پێوەری پێنجەم:** بەشە ناكارییەكەی كاری لێكدراو، هەرگیز كەرەسەی هاوپۆلی خۆی لەگەڵ نایەت، بە واتایەكی تر، ناتوانین بەهۆی ئامرازی بەستنی (و)ەوە فراوانی بكەین.(محەمەد عومەر عەول ٢٠١٠: ٣٦٠– ٣٦٤)

*٥٨ _ *ئەوان سوێند و خەم دەخۆن.*

*٥٩ _ بەپێچەوانەوە دەبێ بە گرێی ناوی. بۆ نموونە:*

*٦٠ _ من نان و ماست و چای دەخۆم.*

**پێوەری شەشەم:** ئەگەر بتوانرێ تەنیا توخمی ناو لەو زنجیرانەی، كە لە لێكدانی ناوێك و كارێك هاتوونەتە كایەوە، بە دیارخەرێكی پێشەوە وەسف بكەین، ئەوا بە ئەگەرێكی زۆرەوە ئەو زنجیرەیە كاری لێكدراو نییە، بەڵكو تەنیا ناوێكە، كە لەگەڵ كارێكدا هاتووە و دەبێ بە بەركاری كارەكە. بۆ نموونە ئەگەر بتوانرێ ناوەكەی ئەم جۆرە زنجیرانە بە ڕادەی<<چەند>>، یان <<چەند دانەیەك>> وەسف بكەین، ئەو زنجیرانە كاری لێكدراو نین و بەپێچەوانەشەوە. بۆ نموونە لێرەدا زنجیرەكانی <<جگەرە كێشان، گۆڵ كردن>> كاری لێكدراو نین، چونكە دەتوانرێ بە ڕادەی<<چەند>>، یان <<چەند دانەیەك>> وەسفیان بكەین:

*٦١ _ شوانە گۆڵی كرد: شوانە چەند گۆڵێكی كردووە.*

*٦٢ _ ئارێز جگەرەی كێشاوە: ئارێز چەند جگەرەیەكی كێشاوە.*

ئاشكرایە، كە ڕادەی <<چەند>> و <<چەند دانەیەك>>، بەندەكانی پێشەوەی ناون و تەنیا ناوەكان وەسف دەكەن. بە واتایەكی تر، ئەم بەندانە ناتوانن كاری لێكدراو، یان



www.mukiryani.com

بەشە ناکارییەکە(لێرەدا بەشە ناوییەکە)ی کاری لێکدراو وەسف بکەن. بەم پێیە زنجیرەکانی وەکو <<ئوتوو کردن، هەڕەشە کردن، گەسك دان>> کاری لێکدراون، چونکە لەگەڵ <<چەند>>، یان <<چەند دانەیەك>>دا بەکارنایەن:

٦٣ _ *جلەکەم چەند دانەیەك ئوتوو کردووە.*

٦٤ _ * *هەڕەشەت چەند دانەیەك لە ئازاد کردووە.*

٦٥ _ * *ژوورەکەم چەند دانەیەك گەسك لێداوە.*

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە ئاوەڵکاری <<چەندین جار>>، هەم لەگەڵ زنجیرەی یەکەم، هەم لەگەڵ زنجیرەی دووەمدا، دێ. بۆ نموونە:

٦٦ _ *شوانە چەندین جار گۆلی کردووە.*

٦٧ _ *جلەکەم چەندین جار ئوتوو کردووە.*

**پێوەری حەوتەم:** زۆربەی کات دەتوانین ئەو زنجیرانەی، کە لە بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار پێکهاتوون، بگۆڕین بەگرێی چاوگیی هەڵگەڕاوە(ناوی لێکدراوی تێئاخنراو)، بەڵام بە گشتی ناتوانرێ ئەو زنجیرانەی، کە لە ناوێك و کارێك پێکهاتوون، واتە کاری لێکدراو، بگۆڕین بە گرێی چاوگیی هەڵگەڕاوە. بۆ نموونە:

٦٨ _ *ئەو جگەرە دەکێشێ : کێشانی جگەرە زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێ.*

٦٩ _ *ڕێژنە گۆڵێکی لە نەورۆزکرد : کردنی گۆڵێکی جوان لە نەورۆز منی نیگەران کرد.*

تەنانەت دەتوانرێ ناوەکەی ئەم زنجیرانەش بە بەندی جۆراوجۆری پێشەوە و دواوەش وەسف بکرێت:

٧٠ _ *تەنانەت کێشانی یەك دانە جگەرەش زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێ.*

٧١ _ *کردنی یەك دانە گۆل لە نەورۆز، هەر چەندە کە جوانیش بوو، منی نیگەران کرد.*

کەواتە <<جگەرە کێشان و گۆل کردن>> کاری لێکدراو نین، بەڵام ناتوانرێ کاری لێکدراو بکرێ بە گرێی چاوگیی هەڵگەڕاوە:



www.mukiryani.com

*٧٢ _ نێرگز ژوورەکەی گەسك دا:*

*٧٣ _ *دانی گەسك بەوشکی تۆز و خۆڵ دروست دەکات.*

*٧٤ _ ئەژین جلەکانی ئوتوو کرد:*

*٧٥ _ *کردنی ئوتوو جلەکان جوان دەکات.*

*٧٦ _ شازاد هەرەشەی لە برام کرد:*

*٧٧ _ *کردنی هەرەشە لە برام باوکمی نیگەران کردووە.*

سەرەڕای خستنە ڕووی ئەم حەوت پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی کاری لێکدراو لە گرێی کاری، دەبینین هەندێ کار هەن، کە هەم بە شێوەی کاری لێکدراو دەردەکەون هەم بە شێوەی گرێی کاری.

*٧٨ _ من جگەرە ناکێشم.*

لەم نموونەیەی سەرەوە کاری (جگەرە کێشان) کارێکی لێکدراوەی تێنەپەڕە، چونکە بەشە ناکارییەکەی، واتە جگەرە، هیچ دیارخەرێکی وەرنەگرتووە و ناوێکی گشتییە و ئاماژە بە هیچ تەنێکی دیاریکراو ناکات. ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە (جگەرە کێشان) بەسەر یەکەوە وەکو چاوگیش دەردەکەوێت، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە (جگەرە کێشان) بە کاری لێکدراو دابنێین. بۆ نموونە:

*٧٩ _ جگەرە کێشان قەدەغەیە.*

*٨٠ _ جگەرە کێشان دەبێتە هۆی توش بوون بە شێرپەنجە.*

*٨١ _ ئەم جگەرە کێشانە تاکەی!*

ئەمەو جگە لەوەی کە لەم چاوگە لێکدراوانەوە وشەی تری وەکو (جگەرەکێش) ڕۆدەنرێن.

کارەکانی (نان خواردن، یاری کردن، گۆل کردن، ... هتد) لەم جۆرە کارانەن.

بەڵام لەم نموونانەی خوارەوەدا کارەکە (کێشان)ـە و (جگەرە) بەرکارە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە، کە (جگەرە) دیارخەری وەرگرتووە:

*٨٢ _ ئەم جگەرەیە ناکێشم.*

*٨٢ _ جگەرەیەکم کێشا.*



www.mukiryani.com

*٨٣_ جگەرەکەت کێشا؟*

*٨٤_ چەندین جگەرەمان کێشا.*

*٨٥_ هەموو جگەرەیەك ناکێشم.*

*٨٦_ چەند جگەرەیەکی چرووتت کێشاوە*

*٨٧_ هەر تەنیا دوو دانە جگەرەی کۆنم کێشاوە.*

وەك دەبینین ناوی (جگەرە) زۆربەی دیارخەرەکانی پێشەوە و دواوەی ناو وەردەگرێت، بەمەش دەبێت بە بەرکاری کاری (کێشان).

بە بڕوای ئێمە جۆری یەکەمی کارەکان(جگەرە کێشان وەك کارێکی لێکدراو) بەپێی پرۆسەیەکی وشەسازی- ڕستەسازی بە ناوی تێئاخنین[٨] لە جۆری دووەمی کارەکان(جگەرە وەك بەرکار و کاری کێشان وەك کارێکی سادەی تێپەڕ) ڕۆنراون. بەپێی ئەم پرۆسەیە(تێئاخنین)، کارێکی تێپەڕ لەگەڵ بەرکارەکەی دەگۆڕێت بۆ کارێکی لێکدراوی تێنەپەڕ یان تێپەڕ.

**چوارەم/ کاری فرێزی**

یەکێکی تر لە جۆرەکانی کار لە ڕووی ڕۆنانەوە، کاری فرێزییە. ئەم کارەش چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

أ_ ڕۆنانی کاری فرێزی بریتییە لە: کارێك(ی بنجی، یان دارێژراو، یان لێکدراو، یان تەواوکەری بەرکار+ کاری پەیوەندی) و لانی کەم یەکێ لە دوو توخمی ڕستەسازیی (بکەر و بەرکار)ی تێدایە. بەو واتایەی، کە (بکەر، بەرکار، کار و تەواوکەری بەرکار) لە ڕۆنانیدا بەشداری دەکەن. هەروەها واتای ئەم جۆرە کارانە، لێکدراو نییە(لەکۆی واتای بەشە پێکهێنەرەکانی پێکنەهاتووە)، واتە، واتای کارەکە یەکسان نییە بە کۆی واتای بەشە پێکهێنەرەکانی کارەکە. بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە کارانە هەرچەندە، کە وەك یەك یەکەی سەربەخۆ لە بەرچاو دەگیرێن، بەڵام پەیوەندی نێوانیان لە جۆری پەیوەندییە ڕستەسازییەکانە. لێرەدا چەند کارێکمان بە نموونە هێناوەتەوە و ڕۆنانەکەیان خراوەتە ڕوو:

کاری فرێزیی (لە دەست نان) ڕۆنانەکەی بە شێوەی (بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ کار)ـە.



www.mukiryani.com

هەرچی کاری فرێزیی (ئـاو لـە دەسـتی کەسـێك کردن)ــە ڕۆنانەکـەی بـە شـێوەی (بەرکار+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ + کار)ـە.

هەروەها کاری فرێزیی (بەخوێنی کەسێك تینووبوون) ڕۆنانەکەی بە شێوەی (بەرکاری ناڕاستەوخۆ+ دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ + کار)ـە.

ب_ زۆربەی کارە فرێزییەکان لانی کەم یەکێ لەم تەواوکەرانەی تێدایـە: تەواوکـەری بکەر، تەواوکەری بـەرکار، تەواوکـەری تەواوکـەری بـەرکار، تەواوکـەری کـار، تەواوکـەری تەواوکەری کار.

پ_ هەر یەکە لە سێ توخمە ڕستەسازی و پێـنج تەواوکەرەکـەی پێشـوو، بەشـێکی ڕۆنانی کاری فرێزی پێکدەهێنن، بـەجۆرێك، کـە بـەکرتانیان، یـان واتاکـەی دەگـۆڕێ، یـان واتاکەی نامێنێ.

بـۆ نموونـە: ئەگـەر سـەیری کـاری فرێزیی(ئاسـنی سـارد کوتـان) بکـەین، دەبیـنین کارەکە(ئەو بەشەی، کە گەردان دەکرێ)ی لە ڕووی ڕۆنانەوە بنجییەوە و بەرکارێ لـە ڕۆنـانی کارە فرێزییەکەدا بەشداری کردووە. بەکرتاندنی کارەکە، یان بەرکارەکە، تەنانەت بەکرتاندنی دیارخەری بەرکارەکەش، واتای کارە فرێزییەکە لە ناو دەچێ:

٨٨_ *کوتان(؟)*

٨٩_ *ئاسنی سارد(؟)*

٩٠_ *ئاسن کوتان(؟)*

ت_ کارەکانیان لانی کەم بە دوو شێوە گەردان دەکرێت.

بۆ جیاکردنەوەی کارە لێکدراوەکان و کارە فرێزییـەکان دوو جیـاوازی دەخەینـە ڕوو: یەکەم کارە فرێزییەکان زۆربەی کات لە دوو بەش زیاتر پیکهـاتوون. دووەم پەیوەنـدی نێـوان بەشەکان لە جۆری پەیوەندییە ڕستەسازییەکانە، بـەڵام پەیوەنـدیی نێـوان بەشـەکانی کـاری لێکدراو لە جۆری فەرهەنگییە. بۆ نموونە:



www.mukiryani.com

٩١_ ئاو لە ئاوندا کوتان

ئاو= بەرکار

لە ئاوندا= بەرکاری ناڕاستەوخۆ

٩٢_ دەم زەدکردنەوە

دەم= بەرکار

## ٢-٢-٢- جۆرەکانی کار لە ڕووی وەرگرتنی تەواوکەرەوە

کار لە ڕووی وەرگرتن و وەرنەگرتنی تەواوکەرەوە بە سەر دوو دەستەدا دابەش دەبێ. جۆری یەکەمیان ئەو کارانەن کە پێیان دەوترێ کاری یاریدەدەر. ئەم کارانە بە گشتی چەند تایبەتمەندییەکییان هەیە کە بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە لە کارەکانی تر جیا دەبنەوە(طبیب زادە ١٣٨٥أ:٦٩):

١_ هیچ کاتێك نابن بە کاری سەرەکی(چەقی)ی ڕستە.

٢_ واتای لێکسیکییان نییە.

٣_ هیچ ڕۆڵێکیان لە دیاری کردنی ڕۆنانی بنچینەیی ڕستەدا نییە.

٤_ هیچ کاتێك ژمارە و جۆری تەواوکەرەکان دەستنیشان ناکەن.

جۆری دووەمیشیان، پێیان دەگوترێ کارە تەواوەکان. کارە تەواوکانیش بە گشتی چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە(طبیب زادە ١٣٨٥أ:٦٩):

١_ دەتوانن ببن بە کاری بنچینەیی لە ڕستەدا.

٢_ کەم تا زۆر خاوەن واتایەکی لێکسیکین.

٣_ تەواوکەرە تایبەتەکانی خۆیان لە خۆدەگرن.

٤_ دەتوانن ڕۆنانی بنچینەیی ڕستە دەستنیشان بکەن.


کارە تەواوەکانیش بە گوێرەی ئەوەی، ئایا بوونیان لە ڕستەدا بەندە بە بوونی کارێکی ترەوە، یان نا، بە سەر دوو جۆری کاری ڕێژەیی و نارێژەییدا دابەش دەبن. کارە نارێژەییەکانیش دەبن بە دوو جۆری کاری پەیوەندی و کاری بنچینەیی. کارە پەیوەندییەکان،



www.mukiryani.com

ئـەو کارانـەن، کـە سـەرەڕای بکـەر(نیهاد) تەواوکـەرێکی تـری خورتی(تەواوکـەری بکەر/تەواوکەری بەرکار) لە خۆدەگرن، بەڵام کارە بنچینەییەکان، ئەم جۆرە تەواوکەرانـە لـە خۆناگرن، بەڵکو تەواوکەرەکانی تری وەکو بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ و... لە خۆدەگرن.

بەم پێیە دەتـوانین جۆرەکـانی کـار بـە پێـی تایبەتمەندییـە ڕستەسـازییەکانیان لـەم هێلکارییەدا ڕوونبکەینەوە:




**هێلکاریی ژمارە ٦**

**جۆرەکانی کار لە ڕووی وەرگرتنی تەواوکەرەوە**

کەواتە، کار لە ڕووی ڕستەسازییەوە دەبێ بە چوار جۆرەوە: ١- کاری یاریدەدەر، ٢- کاری ڕێژەیی، ٣- کاری پەیوەندی و ٤- کاری بنچینەیی:



www.mukiryani.com

### یەکەم/ کاری یاریدەدەر

کارە یاریدەدەرەکان ئەو کارانەن، کە نابن بە کاری بنچینەیی ڕستە و هیچ تەواوکەرێك لە خۆناگرن، بەمەش هیچ ڕۆڵێك لە ڕۆنانی بنچینەیی ڕستەدا نابینن.

زۆربەی کات، کاری یاریدەدەر بە شێوەی سەربەخۆ و واتای سەربەخۆی خۆیان بەکارنایەت، واتە، واتای بنچینەیی، یان لێکسیکییان کەم بۆتەوە، یان لە دەست داوە و بە پرۆسەی ڕێزمانی بووندا تێپەڕیون(Bussmann 1996: 45)، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین هەڵگری تایبەتمەندیی ڕێزمانین.

کارە یاریدەدەرەکان تەنیا بۆ گەردانکردنی هەندێ کات، ڕووکار، ڕێژە و ڕووی دیار و نادیاری[٩] و... هتد، ی کار، لە ڕستەدا بەکاردێن و بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ کاری تردا بەکاردێن، کە پێیان دەوترێ کاری سەرەکی.

کارە یاریدەدەرەکان لە زمانی کوردیدا ئەمانەن: <<بوون و خەریك بوون>>.

**٩٣** _ *ئەو ڕۆیشتـ**بوو**.*

**٩٤** _ *ئامانج **خەریکە** دەڕوات.*

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە کاری یاریدەدەری بوو، وەکو کاری تەواویش بەکاردێت:

**٩٥** _ *چنار جوانـ**بوو**.*

#### ١- جۆرەکانی کارە یاریدەدەرەکان

کارە یاریدەدەرەکان بە پێی ئەو تایبەتمەندییە ڕێزمانییانی و ئەرکانەی، کە لە ڕستەدا هەیانە، دەکرێن بە چوار گرووپەوە: کاری یاریدەدەری کاتساز، کاری یاریدەدەری ڕووکارساز، کاری یاریدەدەری ڕێژەساز و کاری یاریدەدەری نادیارساز.

#### أ/ کاری یاریدەدەری کاتساز

کاری بوون یەکێکە لە گرنگترین کار، کە کاری یاریدەدەری کاتساز دروست دەکات.

#### ب/ کاری یاریدەدەری ڕووکارساز

ڕووکار ئەو کاتیگۆرییە ڕێزمانییەیە(چگنی ١٣٨٢: ٣٧)، کە شێوەی ئەنجامدانی کار(وحیدیان کامیار ١٣٨٦: ٥٥) دەردەبڕێ. شێوەی ئەنجامدانی کاریش بریتییە لەوەی، کە



www.mukiryani.com

ئایا کردەکە لە باری ئەنجامداندایە، یان ئەنجامەکەی تەواوبووە. ئەگەر کارەکە هێشتا لە باری ئەنجامدان بێ، ڕووکاری بەردەوامی و ئەگەر بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام درابێ، ڕووکاری تەواوویی لە خۆگرتووە.

**١) کاری یاریدەدەری ڕووکارساز بۆ ڕووکاری دوور**

کاری یاریدەدەری بوون، ڕووکاری دوور لە کاری ڕابردوودا دروست دەکات. وەك/

**٩٦** _ *مناڵەکە خەوتـبوو.*

پێوەرەکانی جیاکردنەوەی کاری بوونی یاریدەدەری ڕووکارساز بۆ ڕووکاری دوور لە کارە لێکسیکییەکان:

أ_ لە ڕستەی بکەر دیاردا، هەمیشە لە دوای کاری سەرەکییەوە دێ.

**٩٧** _ *هاتـبووم.*

ب_ بۆ کەس ژمارە گەرداندەکرێ. بە واتایەکی تر، جێناوە لکاوەکان دەچنە سەر کاری بوونی یاریدەدەرەوە.

**٩٨** _ *هاتـبووم.*

**٩٩** _ *هاتـبووی.*

**١٠٠** _ *هاتبوو∅.*

**١٠١** _ *هاتبووین.*

**١٠٢** _ *هاتبوون.*

**١٠٣** _ *هاتبوون.*

پ_ هیچ کاتێك نیشانەی نەرێ وەرناگرێ، بەڵکو نیشانەی نەرێ دەچێتە پێش کارە لێکسیکییەکەوە.

**١٠٤** _ *نەهاتـبووم.*

**٢) کاری یاریدەدەری ڕووکارساز بۆ ڕووکاری بەردەوامی**

کاری یاریدەدەری خەریکبوونیش یەکێکە لە کارە یاریدەدەرە ڕووکارسازەکان، بەڵام جیاوازیی ئەم کارە لەگەڵ کاری یاریدەدەری بوون لەوەدایە، کە ئەم کارە یاریدەدەرە ڕووکاری



www.mukiryani.com

بەردەوامیی دروست دەکات، نەك دوور. هەروەها لە هەر دوو کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوودا بەکاردێ. ئەم کارە لە ڕووی کەس و ژمارەوە شوێنکەوتەی کاری سەرەکی نییە و بە شێوەی ڕابردوو و ڕانەبردوو(ئێستا) تەنیا لەگەڵ کەسی سێیەمی تاکدا بەکاردێت جا کارە سەرەکییەکە بۆ هەر کەسێك بەکارهاتبێ و تاك بێ، یان کۆ:

+ ڕابردوو:

١٠٥ _ *من **خەریکبوو** دەڕۆیشتم.*

١٠٦ _ *تۆ **خەریکبوو** دەڕۆیشتی.*

١٠٧ _ *ئەو **خەریکبوو** دەڕۆیشت.*

١٠٨ _ *ئێمە **خەریکبوو** دەڕۆیشتین.*

١٠٩ _ *ئێوە **خەریکبوو** دەڕۆیشتن.*

١١٠ _ *ئەوان **خەریکبوو** دەڕۆیشتن.*

+ ڕانەبردوو(ئێستا):

١١١ _ *من **خەریکە** دەڕۆم.*

١١٢ _ *تۆ **خەریکە** دەڕۆی.*

١١٣ _ *ئەو **خەریکە** دەڕوات.*

١١٤ _ *ئێمە **خەریکە** دەڕۆین.*

١١٥ _ *ئێوە **خەریکە** دەڕۆن.*

١١٦ _ *ئەوان **خەریکە** دەڕۆن.*

ئەم کارە لە دوو ڕووەوە لە کاری بنچینەیی جیادەبێتەوە:

١// هەمیشە لەگەڵ فۆڕمی بەردەوامیدا، بەکاردێ و لەگەڵ ڕووکارەکانی تری کاردا بەکار نایەت:

١١٧ _ *من **خەریکبووم** دەڕۆیشتم.*

١١٨ _ *من **خەریکم**دەڕۆم.*

١١٩ _ * *من **خەریکم** ڕۆیشتم.*



www.mukiryani.com

۱۲۰ _ * من **خەریکم** ڕۆیشتووم‌ە.

۱۲۱ _ * من **خەریکم** ڕۆیشت بووم.

۲// ئەم کارە نەخۆی، نە ئەو کارەی، کە لەگەڵیدا دێ، ناکرێن بە نەرێ:

۱۲۲ _ * من **خەریك نیم** دەڕۆم.

۱۲۳ _ * من **خەریکم** ناڕۆم.

**پ- کاری یاریدەدەری ڕێژەساز**

کاری بوون، تاکە کارێکە، کە وەکو کاری یاریدەدەری ڕێژەساز لـە زمـانی کوردیـدا، بەکاردێ و چەندین ڕێژەی جیاواز دروست دەکات.

ڕێژەی مەرجی:

ڕێژەی مەرجی لە ڕابردوودا:

ڕێژەی مەرجی لە ڕابردووی سادە:

۱۲٤ _ *خەوتبام.*

ڕێژەی مەرجی لە ڕابردووی تەواو:

۱۲٥ _ *بخەوتمایە.*

ڕێژەی مەرجی لە ڕابردووی بەردەوام:

۱۲٦ _ *خەوتبم.*

ڕێژەی مەرجی لە ڕابردووی دوور:

۱۲۷ _ *خەوتبمایە.*

ڕێژەی مەرجی لە ڕانەبردوودا:

۱۲۸_ **ب**خەوم.

ڕێژەی فەرماندان:

۱۲۹_ بـخەوە.



www.mukiryani.com

## دووەم/ کارە ڕێژەییەکان

ڕێژە، هەڵوێست و بۆچوونی قسەکەر سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەوەی، کە دەیڵێ، نیشان دەدات(اخلاقی ١٣٨٦: ٨٣)، یان بریتییە لە هەڵوێستی قسەکەر بەرانبەر ئەوەی، کە دەیڵێ.(بائیز عومەر ئەحمەد ٢٠٠٥: ٣)

کاری ڕێژەییش ئەو کارانەن، کە لە پێش کاری ترەوە دێن و تێڕوانینی قسەکەر لە بارەی ئەو کارەی، کە لە دوایانەوە دێ پیشان دەدات.

لەبەرئەوەی کارە ڕێژەییەکان یەکەم: وادەکەن کە لە ڕستەدا، لە دوای خۆیانەوە پاڕستەیەکی تەواوکەری بێت، دووەم: تەنانەت ڕێژەی کاری نێو ئەو پاڕستە تەواوکەرەی، کە لە دوای ئەو کارە ڕێژەییەوە دێت، هەمیشە دەبێ لە ڕێژەی ئیلزامیدا بێ، بەو واتایەی کارە ڕێژەییەکە ڕێژەی کاری پاڕستە تەواوکەرییەکە دیاری دەکات" سێیەم: ڕۆنانی گشتیی ڕستەکە دیاری دەکات، دەبێ کارە ڕێژەییەکان بە کاری سەرەکی ڕستە دابنێین.

گرنگترین ئەو کارە ڕێژەییانەی، کە لە زمانی کوردیدا، بەکاردێن بریتین لە: توانین، کردن- بە شێوەی نەرێ-(دەکرێ)، شیان، بوون(دەبێ)،... هتد.

### ١- تایبەتمەندییەکانی کارە ڕێژەییەکان

کارە ڕێژەییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە:

أ_ کاری ڕێژەیی لە زمانی کوردیدا، هەمیشە لە پێش کاری لێکسیکیدا دێت، بەڵام دەشێ هەموو کەرەسەکانی تری ڕستە لە نێوان کارە ڕێژەییەکە و کارە لێکسیکییەکەدا بێ. بە واتایەکی تر، زۆر جار لە نێوان کاری ڕێژەیی و کاری سەرەکیدا، یەکەی ڕستەسازیی تر دێ و مەودا دروست دەبێ.(رخزادی ١٣٧٩: ٢١٠-٢١١)

١٣٠ _ ***دەبێ*** *بڕۆیت.*

١٣١ _ ***دەتوانم*** *بڕۆم.*

١٣٢ _ ***دەتتوانی*** *نانەکەت بخۆی.*

١٣٣ _ ***دەبێ*** *ئەوان هەموویان بگەڕێنەوە.*



www.mukiryani.com

ب_ ڕێژەی کارەکەی دواى خۆیان دەگۆڕن؛ یان بە شێوەیەکی تر بڵێین ڕێژەی کارەکەی دوای خۆیان دیاری دەکەن.

١٣٤ _ *دەبو **بهاتیتایە**.*

١٣٥ _ **دەبو **دەهاتی**.*

١٣٦ _ *دەتوانی **بخەویت**.*

١٣٧ _ **دەتوانی **دەخەویت**.*

پ_ بە تەنیا وەکو کاری لێکسیکی بەکارنایەت و هەمیشە کارێکی لێکسیکی لەگەڵدا دێ.

١٣٨ _ **دەبو.*

١٣٩ _ **دەشێ.*

ت_ واتا بنچینەییەکەیان ناگۆڕێت.(رخزادی ١٣٧٩: ٢١٠-٢١١)

ج_ لە ڕووی گەردانکردنەوە دوو فۆڕمیان هەیە(رخزادی ١٣٧٩: ٢١٠-٢١١):

١_ لەگەڵ هەموو ڕێژەکاندا یەك شێوەیان هەیە: دەبێ بخەوم دەبێ بخەوی. بەو واتایەی، کە لە کاتی گەردانکردندا، تەنیا کارە لێکسییەکە بۆ هەموو کەسەکان گەرداندەکرێ، هەرچی کارە ڕێژەییەکەیە تەنیا بۆ کەسی سێیەمی تاك گەرداندەکرێ.

٢_ لە گەردانکردندا لەگەڵ کارە لێکسیکییەکاندا لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەوێت: ١٤٠ _ *دەتوانم بنووسم. دەتوانی بنوسی.*

چ_ کارە ڕێژەییەکان تەنیا یەك تەواوکەری خورتی لە خۆدەگرن، کە ئەویش پاڕستەی تەواوکەرییە. ئەو تەواوکەرەش، لەگەڵ هیچ تەواوکەرێکی تر ئالوگۆڕی پێ ناکرێت:

١٤١ _ *دەبێ بڕۆم.*

*؟؟ من دەبم.*

**من ئەمە دەبم.*

١٤٢ _ *دەتوانن قسە بکەن*



www.mukiryani.com

*؟؟ دەتوانن*

**قسەکردن دەتوانن.*

*١٤٣ _ دەتوانین پەنجەرەکە دابخەین؟*

*؟؟ دەتوانین؟*

**ئەوە دەتوانین؟*

ح_ کاری پاڕستەی تەواوکەری لە کارە ڕێژەییەکاندا، زۆربەی کات لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بکەری شاڕستەکەدا ڕێکدەکەوێت. واتە، بکەری پاڕستەی تەواوکەری و بکەری شاڕستەکە یەکێکن. بە لە ناوچوونی ئەو ڕێکەوتنە، ڕستەکە دەبێتە نارێزمانی:

*١٤٤ _ أ- دەتوانین قسە بکەین.*

*ب- *دەتوانین قسە بکەن.*

خ_ کاری پاڕستەی تەواوکەری لە کارە ڕێژەییەکاندا، لە کاتی ڕانەبردوودا، هەمیشە کاری ئیلزامییە و گۆڕینی ڕێژەکەی دەبێتە هۆی فۆرم نادروستبوونی ڕستەکە:

*١٤٥ _ دەبێ ئیستا بڕۆم.*

**دەبێ ئێستا دەڕۆم.*

*١٤٦ _ دەتوانین قسە بکەین.*

**دەتوانین قسە دەکەین.*

*١٤٧ _ دەبێ پەنجەرەکە دابخەین!*

**دەبێ پەنجەرەکە دادەخەین!*

د_ کارە ڕێژەییەکان ڕێژەی فەرماندان و ڕووکاری بەردەوامییان نیە.

*١٤٨ _ أ- *دەبێ بڕۆ!*

*ب- *دەبێ دەڕۆم.*

ر_ کارە ڕێژەییەکان بە مەبەستی دەربڕین و پیشاندانی شایستەیی، ناچاری، پێویستی، ئەگەر، ڕێگەپێدان، توانا/توانین/ لە باردابوون و ... هتد بەکاردێن.(مەحەمەدی مەحویی ٢٠١١: ٢٠٩–٢١٣)



www.mukiryani.com

**٢- جیاوازیی نێوان کارە یاریدەدەر و کارە ڕێژەییەکان**

کارە ڕێژەییەکان هەڵوێستی قسەکەر سەبارەت بە کارەکەی دوای خۆیان دەردەبڕن، لە کاتێکدا، کە ئەرکی سەرەکیی کارە یاریدەدەرەکان یارمەتی دانی گەردانکردن و هێنانە ئارای ڕۆنانێکی نوێی کارەکانی ترە.(یوسفی ١٣٧٩: ٨١)

کارە ڕێژەییەکان واتای بنچینەیی خۆیان دەپارێزن وەکو (بوون) لە:

١٤٩ _ ***دەتوانم*** *برۆم.*

بەڵام کارە یاریدەدەرەکان واتای بنچینەیی خۆیان لە دەست دەدەن، وەکو کاری (بوون) لەم ڕستەیەی خوارەوەدا:

١٥٠ _ *من هات**بووم**.*

**سێیەم/ کاری پەیوەندی**

جۆرێکی تری کارەکان کە لە ڕووی ڕستەسازییەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، پێی دەوترێ کاری پەیوەندی[(١٠)]. ئەم کارانەش گرووپێکی بچووك دروست دەکەن، کە بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی ئیسنادی لە نێوان بکەر و تەواوکەری بکەردا بەکاردێن. هەر بۆیەش پێیان دەوترێ کاری پەیوەندی. ئەو ڕستانەی، کە تێیاندا سوود لە کاری پەیوەندی وەردەگیرێت، پێیاندەوترێ ڕستەی ئیسنادی. ئەم ڕستانەش چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە:

١_ ڕستە ئیسنادییەکان لە سێ بەش پێکهاتوون ئەوانیش (بکەر، تەواوکەری بکەر و کاری پەیوەندی)ن.

_ ***ئاواز***(بکەر) ***بوو***(کاری پەیوەندی) ***بە مامۆستا***(تەواوکەری بکەر).

٢_ بکەر لەم جۆرە ڕستانە دەتوانێ ئاماژەیی، یان نائاماژەیی بێ.

١٥١ _ ***ئازاد*** *زیرەکە.(ئاماژەیی)*

١٥٢ _ ***مرۆڤ*** *ژیرە.(نائاماژەیی)*

٣_ زۆربەی ڕستە ئیسنادییەکان، بەتایبەتی، ئەگەر تەواوکەری بکەرەکە ئاوەڵناو بێ، دەتوانرێ بگۆڕدرێ بۆ ڕستەیەکی کۆزەتیڤی. واتە لە زۆربەی شوێندا، بە سوود وەرگرتن لە پرۆسەیەکی گشتیی ڕستەسازی، واتە پرۆسەی بەکۆزەتیڤکردن، دەتوانرێ زنجیرەی (١) ی



www.mukiryani.com

خوارەوە، بگۆڕرێ بۆ زنجیرەی (٢)؛ دەبـێ سـەرنجی ئـەوە بـدەین، کـە زنجـیرەی (١) ڕۆنـانی بنچینەیی و زنجـیرەی (٢) ڕۆنـانێکی لاوەکی(داڕێژراو)ــە، کـە لـە ڕۆنانـە بنچـینەییەکەوە داڕێژراوە(طبیب زادە ١٣٨٥ ب: ٧٥-٧٨):

(١) بکەر + تەواوکەری بکەر + کاری پەیوەندی

*١٥٣ _ منداڵەکە گەورە بووە.*

(٢) بکەر (کە لە دەرەوە دێت) + بەرکار(کـە هـەمان بکـەری ڕۆنـانی سـەرووە) + تەواوکەری بکەر + کاری کۆزەتیڤیی (کردن)

*١٥٤ _ دایکەکە منداڵەکەی گەورە کردووە.*

٤_ هەندێ جار بکەر، یان تەواوکەری بکەر لە ڕسـتە ئیسـنادییەکاندا، بـەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە دەکرتێ لە ئەنجامدا ڕستەیەك دروست دەبێ، کە لە دوو پاژ پێکهـاتووە. ئـەم ڕستانە، کە کارەکەیان بەزۆری بە شێوەی کەسی سێیەمی تاکە(تەنیا بۆ کەسی سێیەمی تاك گەردان دەکرێ)، ناوی دەنێین ڕستە ئیسنادییە ناتەواوەکان:

**١٥٥** _ *ساردە*: کرتاندنی بکەر؛ بۆ نموونە: (هەوا) ساردە.

**١٥٦** _ *بووە هەتاو*: کرتاندنی بکەر؛ بۆ نموونە: (جەوەکە) بووە هەتاو.

**١٥٧** _ *بووە هەور*: کرتاندنی بکەر؛ بۆ نموونە: (ئاسمان) بووە هەور.

**١٥٨** _ *بەو شێوەیە/ئەوها بوو، کە گوتم*: کرتاندنی بکـەر؛ بـۆ نموونـە: (ڕووداوەکـە) بەوشێوەیە/ئەوها بوو، کە گوتم.

**١٥٩** _ *ئیشەکە بوو*: کرتاندنی تەواوکەری بکەر؛ بۆ نموونە: ئیشەکە (جێبەجێ) بوو.

کارە پەیوەندییەکان، لە ڕووی جۆری ئەو ئیسنادەی، کە لە نێوان بکەر و تەواوکـەری بکەردا، دروستی دەکـەن بـە سـەر دوو جـۆری کـاری پەیوەنـدیی ڕۆیشـتوو(ڕەوان) و کـاری پەیوەندیی ئەنجامیدا، دابەش دەبن(Quirk 1985: 1171):

یەکەم// کاری پەیوەندیی ڕۆیشتوو ڕوونکەرەوەی پەیوەندیی ئیسنادیی نێوان بکـەر و تەواوکەری بکەرە بەو شێوەیەی، کە هەیە. ئەم کارە گوزارشت لە بارودۆخ و هەلومـەرجێکی وەستاو دەکات و بەهیچ جۆرێك جووڵە و گۆڕان و شوێنگۆڕکێ ناگەیەنێت.(حق بین ١٣٨٥: ٢٥-٢٦) لە زمانی کوردیدا کاری <<بوون>>، کارێکی پەیوەندیی ڕۆیشتووە:



www.mukiryani.com

*١٦٠ _ ئەو نێرە.(و هەمیشە نێرە)*

*١٦١ _ مەبەست زەحمەتکێشە.*

*١٦٢ _ من زیرەك بووم. (رابردوو)*

*١٦٣ _ من زیرەکم. (ئێستا)*

*١٦٤ _ من زیرەك دەبم.(داهاتوو)*

*١٦٥ _ ئێمە گەرمامان بوو. (رابردوو)*

*١٦٦ _ ئێمە گەرمامانە.(ئێستا)*

*١٦٧ _ ئێمە گەرمامان دەبێن. (داهاتوو)*

دووەم// کاری پەیوەندیی ئەنجامی، ڕوونکەرەوەی پەیوەندیی ئیسنادیی نێوان بکەر و تەواوکەری کاری پەیوەندیە، بە شێوەیەك کە گەیشتووەتە ئەنجام. کاری <<بوون>> کارێکی پەیوەندیی ئەنجامییە:

*١٦٨ _ ئاشتی بوو بە ئەندازیار(رابردوو)*

*١٦٩ _ ئاشتی دەبێ بە ئەندازیار(رانەبردوو)*

*١٧٠ _ منالّەکە گەورەبووە.(رابردوو)*

*١٧١ _ منالّەکە گەورە دەبێ.(رانەبردوو)*

ئەم دوو کارە چەند جیاوازییەکیان هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١_ یەکێ لە جیاوازییەکانی نێوان کاری پەیوەندیی ئەنجامی لەگەڵ کاری پەیوەندیی ڕۆیشتوودا لەوەدایە، کە کاری پەیوەندیی ئەنجامی دەکرێ بە فەرماندان و کارەکەش لە سەرەتادا و لە پێش تەواوکەری کاری پەیوەندیدا دێ. وەکو:

*١٧٢ _ ببە بە ئەندازیار(فەرماندان)*

بەڵام بۆ ئەوەی، کە کاری پەیوەندیی ڕۆیشتوو بکەین بە فەرمان زۆربەی کات دەبێ کارێکی تری لەگەڵدابێ، کە لە ڕێژەی فەرماندا بێ و کارە پەیوەندییە ڕۆیشتووەکەش خۆی لە ڕێژەی ئیلزامیدابێ، هەروەها کارە پەیوەندییەکەش دەکەوێتە کۆتایی و دوای تەواوکەری کاری پەیوەندییەوە. وەکو:



www.mukiryani.com

*١٧٣ _ هەوڵدە زیرەك بیت.*

یا دەبێ لەگەڵ کارێکی ڕێژەییدا بێ. وەکو:

*١٧٤ _ دەبێ زیرەك بیت.*

هەر کاتێکیش بوو بە فەرماندان، بۆ نموونە:

*١٧٥ _ زیرەك بە!*

ئەوا کارەکە کارێکی ئەنجامییە، نەك ڕۆیشتوو. ڕێژە هەواڵیکەشی لە کاتی رابردوودا بریتییە لە:

*١٧٦ _ زیرەك بووە.*

کە تیایدا کاری <<بوون>> کارێکی ئەنجامییە. نەك کارێکی ڕۆیشتوو، وەك لە:

*١٧٧ _ زیرەك بوو.*

٢_ جیاوازییەکی تری نێوان کاری پەیوەندیی ڕۆیشتوو و کاری پەیوەندیی ئەنجامی ئەوەیە، کە کاری پەیوەندیی ئەنجامی بۆ هەر چوار ڕووکارەکەی ڕابردووی هەواڵی گەرداندەکرێت:

*١٧٨ _ ئاشتی بوو بە ئەندازیار(رابردووی نزیك)*

*١٧٩ _ ئاشتی دەبوو بە ئەندازیار(رابردووی بەردەوام)*

*١٨٠ _ ئاشتی بووبوو بە ئەندازیار(رابردووی دوور)*

*١٨١ _ ئاشتی بووە بە ئەندازیار(رابردووی تەواو)*

بەڵام ئەمە سەبارەت بە کاری پەیوەندیی ڕۆیشتوو وانییە:

*١٨٢ _ من زیرەك بووم. (رابردووی نزیك)*

*١٨٣ _ ؟من زیرەك دەبووم. (رابردووی تەواو)*

*١٨٤ _ ؟من زیرەك بووبووم. (رابردووی دوور)*

*١٨٥ _ *من زیرەك بوووم. (رابردووی تەواو)*



www.mukiryani.com

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کاری پەیوەندی لە زمانی کوردیدا ئەوەیە، کە زۆربەی کات دەتوانرێ کاری پەیوەندیی ڕۆیشتوو بگۆڕدرێ بۆ کـاری پەیوەنـدیی ئـەنجامی و بەپێچەوانەوەش:

***١٨٦ _ نەوزاد یەکەمە. (کاری پەیوەندیی ڕۆیشتوو)***

***١٨٧ _ نەوزاد بوو بە یەکەم. (کاری پەیوەندیی ئەنجامی)***

***١٨٨ _ شیراز بوو بە مامۆستا.(کاری پەیوەندیی ئەنجامی)***

***١٨٩ _ شیراز مامۆستایە.(کاری پەیوەندیی ڕۆیشتوو)***

لە زۆربەی ئەو شوێنانەی، کە ناتوانین کـاری <<بـوون>>ی ڕۆیشـتوو بگـۆڕین بـۆ <<بوون>>ی ئەنجامی، یان کاری <<بوون>>ی ئـەنجامی بـۆ <<بـوون>>ی ڕۆیشـتوو بگۆڕین، ئەوا کارەکە کاری پەیوەنـدی نییـە، ئەمـەش یەکێکـە لـە پێـوەرە گرنگـەکان بـۆ ناسینەوەی کاری پەیوەندی لە زمانی کوردیدا.

**چوارەم/ کاری بنچینەیی**

جۆری چوارەم کاری بنچینەییە. کاری بنچینەییش ئەو کارانەن، کە دەتوانن بە تـەنیا لە ڕستەدا بەکار بێن. بە واتایەکی تر، بەبێ یارمەتی کار(یا ناو، ئاوەڵناو و گرێی بەند)ێکی تـر دەتـوانن گـوزارە دروسـت بکـەن. واتــە پێویسـتییان بــە یارمــەتیی کەرەسـەی تـر نییە.(مەحەمەدی مەحویی ٢٠١١: ١٦٣) هەروەها جگـە لـە بکـەر تەواوکـەرەکانی تـری وەکـو بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ و... هتد، لە خۆدەگرن. هەروەها ئەم کارانە کردەوەیـەك، یـان دیاردەیەك، یان بارێك دەردەبڕن. بۆ نموونە کارەکانی (هاتن، چوون، بـردن، خـواردن، نوسـتن، ... هتد) لەم جۆرە کارانەن.

## ٢-٢-٣- جۆرەکانی کار لە ڕووی بارگەخستنەوە

بەرلەوەی کارەکانی زمانی کوردی لە ڕووی بارگەخستنەوە پۆلێنبکـەین بەپێویسـتی دەزانین سەرەتا باس لە تەواوکەرەکانی کار لە زمانی کوردیدا بکەین، کـە ژمارەیـان هەشـت دانەیە، ئەوانیش (بکەر(بکەری ناوی و بکەری پاڕستەیی)، بـەرکار، بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ،



www.mukiryani.com

بــەرکاری خستنەســەر، پاڕســتەی تەواوکــەری، تەواوکــەری بکــەر، تەواوکــەری بــەرکار و ئاوەڵگوزارە)ن.

### ٢-٢-٣-١- تەواوکەرەکانی کار

تەواوکەری کار ئەو توخمە ڕستەسازییانەن، کە لەلایەن کـارەوە هەڵدەبـژێردرێن. بـەو واتایەی، کە بوونیان بە کاری سەرەکیی ڕستەوە بەندە و بەشێکن لـە بارگـەی کارەکـە و بـە بەشێك لە زانیارییە لێکسیکییەکانی کارەکە دەژمێردرێن.

تەواوکەرەکانی کار بە گشـتی لـە ژێـر کاریگـەریی کـارە سـەرەکییەکەی ڕسـتەوە، فۆڕمێکی تایبەتی وەردەگرن و هەر جۆرە گۆڕانکارییەك لە فۆڕمەکەیاندا، ڕستەکە دەکات بە نارێزمـــانی. بـــۆ نموونـــە کـــاری <<مۆڵـــەت پێـــدان>> پێویســـتیی بـــە تەواوکـــەرێکی خورتی(گرێیێکی بەندی بەیی)ی هەیە و هەر جۆرە گۆڕانکارییەك لە فۆڕمی ئەم تەواوکـەرە، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕستەکە ببێتە فۆڕم نادروست:

١٩٠ _ *ئاکام مۆڵەتی بەمن دا.*

١٩١ _ **ئاکام مۆڵەتی لە من دا.*

١٩٢ _ **ئاکام مۆڵەتی بۆمن دا.*

هەروەها کاری <<بەکرێ دان>>یش، پێویستیی بەگرێیێکی بەندی بـەیی هەیـە، و هەر جۆرە گۆڕانکارییەك لە فۆڕمی ئەم تەواوکەرەش، دەبێتـە هـۆی فـۆڕم نادروسـت بـوونی ڕستەکە. بۆ نموونە:

١٩٣ _ *هەژیر خانووەکەی بەکرێ دا بە شادان.*

١٩٤ _ **هەژیر خانووەکەی بەکرێ دا لە شادان.*

١٩٥ _ **هەژیر خانووەکەی بەکرێ دا شادان.*


### یەکەم/ بکەر

بکەر لە زمانی کوردیدا، لە ڕووی ڕۆنانەوە بە دوو شێوە دەردەکەوێت؛ یەکێکیان بـە شێوەی ناو(گرێی ناوی) و ئەوی تریان بە شێوەی پاڕستەیە. بکـەری نـاویش خـۆی لـە ڕووی



www.mukiryani.com

سەربەخۆبوون و خورتییەوە بە دوو شێوە دەردەکەوێت، یەکێکیان بە شێوەی بکەری ئاشکرا، کە سەرپشکییە و ئەوی تریان بە شێوەی جێناو/کلیتیکی بکەری، کە خورتییە. کەواتە دەتوانین جۆرەکانی بکەر لە زمانی کوردیدا لەم هێلکارییەی خوارەوەدا ڕوونبکەینەوە:




**هێلکاریی ژمارە ٧**

**جۆرەکانی بکەر لەزمانی کوردیدا**

**١- بکەری ناوی**

بکەری ناوی وەکو یەکێك لە تەواوکەرەکانی کار لە ڕستەدا لە زۆربەی ڕستەکانی زمانی کوردیدا، دەبینرێن، ئەویش دوو شێوی هەیە. یەکێکیان بە شێوەی ئاشکرا، کە بریتییە لە وشەیەك، یان گرێیێك، کە بوونی خورتی نییە. (بڕوانە نموونەکانی (أ) لە خوارەوە)، ئەوی تریان بە شێوەی کلیتیکی بکەری، کە بەکارەکەوە دەلکێت(١١) و بوونی خورتییە (بڕوانە نموونەکانی (ب) لە خوارەوە):



www.mukiryani.com

١٩٦ _ أ _ *منداڵەکان لە گەشتەکە گەڕانەوە.*

ب _ *لە گەشتەکە گەڕانەوە.*

١٩٧ _ أ _ *ئەوان دەچن بۆ بینینی دایکیان.*

ب _ *دەچن بۆ بینینی دایکیان.*

١٩٨ _ أ _ *ئێمە بەبیستنی ئەم قسانە بێزاربووین.*

ب _ *بەبیستنی ئەم قسانە بێزاربووین.*

هەرچەندە دەرکەوتنی بکەری ناوی ئاشکرا لە زمانی کوردیدا، سەرپشکییە، بەڵام لەگەڵ هەندێ کاردا، بەتایبەتیی لە هەندێ لەو کارانەدا، کە بارودۆخی سروشت دەردەبڕن، ناکرێ بکەر لەگەڵ ئەو جۆرە کارانە دەربکەوێ(١٢):

١٩٩ _ *گەرمایە*

٢٠٠ _ *زووە.*

٢٠١ _ *ڕەشەبایە.*

٢٠٢ _ *سەرمایە.*

٢٠٣ _ *هەورەتریشقەیە.*

٢٠٤ _ *هەورەگرمەیە.*

٢٠٥ _ *هەورە.*

٢٠٦ _ *هەتاوە.*

بکەری ناوی لە ڕیزی تەواوکەری خورتیی زۆربەی کارەکانی زمانی کوردییە، کە دەبێ لە ڕۆنانی بارگەخستنییاندا پیشان بدرێن:

مردن: <بکەر>

گەڕانەوە: <بکەر، (بەرنا لەیی)، (بەرنا بەیی)>

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە <<گەڕانەوە>> کارێکە، تەواوکەرێکی خورتی(بکەر) و دوو تەواوکەری سەرپشکی(بەرکاری ناڕاستەوخۆی لەیی و بەرکاری ناڕاستەوخۆی بەیی) لە خۆ دەگرێت.



www.mukiryani.com

لەزمانی کوردیدا، بکەری ناوی لەگەڵ هیچ کام لە تەواوکەرەکانی تری کار تێکەڵ نابێ، بەڵام بۆ ناسینەوەی دەتوانین سوود لە دوو پێوەر وەربگرین.

١/ لە ڕستەی بێنیشاندا[١٣] لە سەرەتای ڕستەدا دێ.

٢/ بکەر تاکە تەواوکەرە لە ڕستەدا، کە لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کارە بنچینەییەکە ڕێك دەکەوێت.

٣/ هەمیشە دەتوانین بە ئامرازی پرسی وەکو <<چ؟>> پرسیاری لە بارەوە بکرێت. بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین سوود لە پرسیاری (چ کەسێك/شتێك کارەکەی ئەنجامدا؟)، یان (ڕستەکە لە بارەی کێ/چیەوەیە؟) وەردەگرین:

٢٠٧ _ *نەوزاد هات.*

٢٠٨ _ *من و شێرزاد کتێبەکانمان خوێندەوە.*

٢٠٩ _ *چێشتەکە خۆشە.*

**٢- بکەری پاڕستەیی**

بکەری هەندێ کار بە شێوەی پاڕستە و لە دوای کارەکەوە دەردەکەوێت.( ئومێد بەرزان برزۆ ٢٠١١: ٨٢) ئەمەش کاتێك ڕوو دەدات، کە هەندێ وشەی وەکو (باشتر، پێویست، دیار و ئاشکرا) وەکو تەواوکەری بکەر لە ڕستەدا دەردەکەون ئەم جۆرە کارانە بکەری پاڕستەیی لە خۆدەگرن:

٢١٠ _ أ _ *باشترە، کە بێ.*

ب _ *[[باشتر تب]، [ــە]، [کە بێ بپا]]*

٢١١ _ أ _ *پێویستە، کە بۆ ئەوێ بچین.*

ب _ *[[پێویست تب]، [ــە]، [کە بۆ ئەوێ بچین بپا]]*

دەتوانین ئەو ڕستانەی، کە بکەری پاڕستەییان تێدایە، بگۆڕین بە ڕستەی ئیسنادیی ئاسایی، واتە ئەو ڕستانەی، کە ڕۆنانی بارگەخستنیی <ب، تب>، یان هەیە(بڕوانە نموونەکانی (ب) لە خوارەوە):

٢١٢ _ أ _ *باشترە، کە بێ.*



www.mukiryani.com

*ب _ هاتنی ئەو باشترە.*

*٢١٣ _ أ _ پێویستە، کە بۆ ئەوێ بچین.*

*ب _ چوونمان بۆ ئەوێ پێویستە.*

بکەری پارستەیی بە شێوەی تریش لەگەڵ کاری پەیوەندییدا بەکاردێ. بۆ نموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا بکەری پارستەیی لەگەڵ تەواوکەری بکەری <<ئومێد>> و <<بڕیار>> بەکارهاتووە:

*٢١٤ _ ئومێد وایە [کە بێن]*

*٢١٥ _ بڕیار وایە [کە بێن]*

ناتوانین ئەم جۆرە ڕستانە بگۆڕین بە ڕستەی ئیسنادیی ئاسایی(بڕوانە نموونەکانی (ب) لە خوارەوە):

*٢١٦ _ أ _ ئومێد وایە، کە بێن.*

*ب _ *هاتنی ئەوان ئومێدە.*

*٢١٧ _ أ _ بڕیار وایە، کە بێن.*

*ب _ *هاتنی ئەوان بڕیارە.*

بکەری پارستەیی لەگەڵ کارە داڕێژراو و لێکدراوەکانی وەکو <<دەرکەوتن، جێگەی خۆ بوون، پێچوون>>یش دەردەکەوێت:

*٢١٨ _ لە قسەکانی وادەردەکەوێ [کە نەخۆشە].*

*٢١٩ _ جێگای خۆیەتی [کە تۆش بێیت].*

*٢٢٠ _ پێدەچێ [کە ساردبێ].*

بەم پێیە ڕۆنانی بارگەخستنیی کارەکانی <<دەرکەوتن، جێگەی خۆ بوون، پێچوون>> بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

أ_ دەرکەوتن: <بپا، بەرنا لەیی>

ب_ جێگەی خۆ بوون: <بپا>

پ_ پێچوون: <بپا>



www.mukiryani.com

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە هەندێ جار لە سەرەتای ئەم کارانەی سەروو، ناو، یان جێناوێك دێ. بۆ نموونە <<ئێوە>> لەم ڕستەیەی خوارەوە:

٢٢١ _ *ئێوە پێدەچێ کوردبن.*

بەڵام دەبێ بزانین ئەم ناو، یان جێناوە بەهیچ شێوەیەك بکەری کاری ناوەندیی ڕستەکە نییە، بەڵکو بکەری پاڕستەکەیە. بەدەربڕینێکی تر <<ئێوە>> لە ڕستەی سەرووداا، بکەری کاری پێچوون نییە، بەڵکو بکەری کاری پاڕستەکە، واتە بکەری کاری <<بوون>>ـە:

٢٢٢ _ *پێدەچێ ئێوە کوردبن.*

**دووەم/ بەرکار**

بەرکار یەکێکە لە تەواوکەرەکانی کار، کە بە شێوەی وشە، یان گرێیێکی سەربەخۆ لە ڕستەدا دەردەکەوێ. کردەی کارەکە بەبێ بوونی هیچ ئامرازی بەندێك دەکەوێتە سەر کارەکە. لە ڕێزمانی دێریندا بەو کارانەی، کە بەرکار وەردەگرن دەگوترێ کاری تێپەڕ. بەرکار لە ڕیزی تەواوکەرە خورتییەکانی ئەم جۆرە کارانە دەژمێردێ.:

٢٢٣ _ ***ژنەکە**م بینی.*

٢٢٤ _ ***کتێبەکە**م خوێندەوە.*

٢٢٥ _ ***خانوەکەی ئەو**یان خراپکرد.*

٢٢٦ _ *کاك کامەران دوێنێ شەو لەماڵی هاوڕێکەی **سێوی** خوارد.*

٢٢٧ _ *ئازاد **یادی لە دایکبوونی دۆست و ئاشناکانی** لە بیرناچێت.*

٢٢٨ _ *گوڵان **یەك کوڕی** هەیە.*

٢٢٩ _ *سەرکار **هەموو شتێك** دەزانێت.*

بەرکار لە ڕۆنانی بارگەخستنیی کارە تێپەڕەکاندا بە کورتکراوەی<<بـە>> پیشان دەدەین:

أ_ گرتن: <ب، بە>پۆلیسەکان دزەکەیان گرت.



www.mukiryani.com

ب_ ئاگادارکردنەوە: <ب، بەر، (بەنا لەیی)> پۆلیسەکانی هاتوچۆ شۆفێرەکان لە تێکچوونی ڕێگاکە ئاگاداردەکەنەوە.

دەشێ بەرکار لەگەڵ بەرکاری خستنەسەر، یان تەواوکەری بەرکار تێکەڵ بکرێت، بۆ چۆنیەتی جیاکردنەوەی ئەمانە لە یەکتری، دوای ناساندنی بەرکاری خستنەسەر و تەواوکەری بەرکار بەدرێژی لێی دەدوێین[١٤].

## سێیەم/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ

بەرکاری ناڕاستەوخۆ یەکێکە لەو تەواوکەرە سەرپشکییانەی کار، کە بەکارهێنانێکی زۆری هەیە لە زمانی کوردیدا. بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەمیشە لە شێوەی گرێیێکی بەندا دەردەکەوێت و کاریگەری کارەکە بەهۆی ئامرازێکی بەندەوە دەکەوێتە سەری. کارەکانی وەکو (هاتن، باوەڕهەبوون، قسەکردن، بردن، جەنگان، هێرش بردن، وانە وتنەوە و خووپێوەگرتن، پێدان، لێدان، زانین، خستن، هەڵگەڕان، لکان، لێهاتن، لێچوون، کەوتن، خستن، تێگرتن، گوێ گرتن و ڕزگارکردن، دەعوەت کردن، گەڕان، کڕین و وەرگرتن، ...)، بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەردەگرن.

٢٣٠ _ *ئەو **لە هەولێرەوە** چوو **بۆ سلێمانی**.*

٢٣١ _ *ئەو باوەڕی **بەخوا** هێنا.*

٢٣٢ _ *من **لە بارەی وانەکانەوە** قسە لەگەڵ **تۆدا** دەکەم.*

٢٣٣ _ *کتێبەکانم **بۆ تۆ** نارد.*

٢٣٤ _ *لەگەڵ **دوژمندا** جەنگاین.*

٢٣٥ _ *هێرشمان برد **بۆ دوژمن**.*

٢٣٦ _ *مامۆستا ڕووناک وانەی کوردی **بە ئێمە** دەڵێتەوە.*

٢٣٧ _ *خووی **بەم دەرمانەوە** گرتووە.*

هەرچەندە بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەمیشە بە شێوەی گرێیێکی بەندە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، کە هەموو گرێیێکی بەند بەرکاری ناڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو لەوانەیە گرێی بەند ئەرکی تری وەکو ئاوەڵکار[١٥]یش ببینێت.



www.mukiryani.com

پێویستە هەڵوەستەیەك لە سەر كارە جوڵانەوەییەكانی (وەكو <<هاتن، بردن، ڕۆیشتن>> و ... هتد) بكەین. هەموو كارێكی جوڵانەوەیی سەرەتا و كۆتایی هەیە و پێویستە ئەمەش لە ڕۆنانی بارگەخستنییاندا ڕەنگبداتەوە. لە ڕۆنانی بارگەخستنیی هەموو كارێكی جوڵانەوەییدا بەركارێكی ناڕاستەوخۆی <<لەیی>>، كە ڕوونكەرەوەی سەرەتای جوڵانەوەكە و بەركارێكی ناڕاستەوخۆی <<بۆیی>> تر، كە كۆتایی(مەبەست)ی جوڵانەوەكەیە، هەیە، ئەوەی پێویستە بزانین ئەوەیە، كە ئایا دەتوانین ئەم گرێ بەندانە وەكو سەربار، یان ئاوەڵكاری شوێنی لە بەرچاوبگرین؟، یان دەبن بە تەواوكەری كار؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستیی بە بەڵگە هەیە. هەر وەكو پێشتر ئاماژەمان پێكرد یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی تەواوكەر ئەوەیە، كە فۆڕمەكانیان لەلایەن سەرەكانیانەوە دیاری دەكرێت. لە كاتێكدا، كە ئەم مەرجە بۆ سەربارەكان لە ئارادا نییە و سەربارەكان بەفۆڕمی جۆراوجۆر لە ڕستەدا دەردەكەون. بە پێی ئەم تایبەتمەندییە، دەتوانین بڵێین گرێی بەندی <<لەیی>> لە كارە جوڵانەوەییەكاندا، هەمیشە تەواوكەرە، چونكە جگە لەم فۆڕمە بەهیچ فۆڕمێكی تر دەرناكەوێت:

٢٣٨ _ ئەو لە هەولێرەوە هات بۆ سلێمانی.

٢٣٩ _ *ئەو كوێ هات بۆ سلێمانی.

٢٤٠ _ * ئەو هەولێر هات بۆ سلێمانی.

ئەوەی بۆ گرێی بەندی <<لەیی>> گوترا بۆ گرێی بەندی <<بۆیی>>یش هەر ڕاستە:

٢٤١ _ ئەو لە هەولێرەوە هات بۆ سلێمانی.

٢٤٢ _ *ئەو لە هەولێرەوە هات كوێ.

٢٤٣ _ * ئەو لە هەولێرەوە هات سلێمانی.

بەم پێیە هەر دوو گرێی بەندی <<لەیی>> و گرێی بەندی <<بۆیی>> لە كارە جوڵانەوەییەكاندا، لە ڕیزی تەواوكەرەكانی ئەم كارانە دەژمێردرێن، بەمەش دەبێ بە بەشێك لە ڕۆنانی بارگەخستنیی كارەكانیان بزانین.



www.mukiryani.com

بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕۆنانی بارگەخستنیی کاردا، بە شێوەی کوتکراوەی<بـەرنا> پیشان دەدەین. هەروەها پێویستە جـۆری ئـامرازی بەندەکـەش، لـە ڕۆنـانی بارگەخســتنیی کارەکەدا، پیشان بدەین، بۆ نموونە <بەرنا لەیی>، <بەرنا بەیی>، <بەرنا بۆیی> و... هتد

أ_ هاتن: <ب، (بەرنا لەیی)، (بەرنا بۆیی)>

*٢٤٤ _ ئەو لە هەولێرەوە هاتبوو بۆ سلێمانی.*

ب_ باوەڕهەبوون: <ب، (بەرنا بەیی)>

*٢٤٥ _ ئەو باوەڕی بەخوا هەیە.*

پ_ قسەکردن: <ب، بەرنا لەگەڵیی، (بەرنا لە بارەیی)>

*٢٤٦ _ من لە بارەی وانەکانەوە قسەم لەگەڵ تۆدا کرد.*

ت_ پێدان: <ب، بەر، بەرنا بەیی>

*٢٤٧ _ کتێبەکانی بە تۆ دا.*

ج_ جەنگان: <ب، بەرنا لەگەڵیی>

*٢٤٨ _ ئێمە هەمیشە لەگەڵ ئەم دێوەزمەیەدا جەنگاوین.*

چ_ هێرش بردن: <ب، (بەرنا بۆیی)>

*٢٤٩ _ هێرشمان بۆ دوژمن برد.*

هەموو گرێیێکی بەندی خورتی نابێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، بۆیـە پێویسـتە چـەند بنەمایەکمان لە بەردەستدابێ بۆ جیاکردنەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەو گرێ بەندانـەی، کـە تەواوکەری کار، یان بەرکار نین. بە واتایەکی تـر، دەبـن بـە سـەربار. بـە گشـتی بـەرکاری ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاوەڵکارە تەواوکەرییەکان و ناتەواوکەرەکانیشـدا، تێکـەڵ دەبـێ. لێـرەدا تـەنیا بـاس لـە جیاکردنـەوەی بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ و ناتەواوکـەرەکان، یـان گـرێ بەنـدە ئاوەڵکارییەکان دەکەین:

١/ لە شوێنی گرێی ناویی بەرکاری ناڕاستەوخۆ، دەتوانین سوود لە وشە پرسیارەکانی وەکو <<چ کەسێك، کێ، چی و لە کـوێ >> وەربگـرین" بـەڵام لـە شـوێنی گـرێ بەنـدە ئاوەڵکارییەکان، دەتوانین سوود لە وشەی پرسی تری وەکو << بۆچی، چۆن، بەچ شـێوەیەك،



www.mukiryani.com

کەی و چ کاتێك>> وەربگرین. لەم بارەدا وشە پرسەکە زۆربەی کات شـوێنی هـەموو گـرێ بەندەکە دەگرێتەوە:

٢/ ئەگەر بەرکارە ناڕاستەوخۆکە تەواوکەرێکی خورتی بێ، ئەوا کرتانـدنی ڕسـتەکە دەکاتە ڕۆنان نادروست، یان ناتەواو:

*٢٥٠ _ ڕەنگ لە ڕوویدا نەماوە.*

*٢٥١ _ کارەکە دەخەینە هەفتەی داهاتوو.*

بەڵام ئەگەر بەرکارە ناڕاستەوخۆکە، سەرپشکی بوو، ئەوا کرتاندنی ڕستەکە ناکات بە ڕۆنان نادروست، یان ناتەواو، بەڵام خودی کارەکە گوزارشت لە بوونی بەرکارە ناڕاسـتەوخۆکە دەکات و جۆری ئامرازە بەندەکەشی دیاری دەکات:

*٢٥٢ _ من لە بارەی وانەکانەوە قسەم لەگەڵ تۆدا کرد.*

*٢٥٣ _ من قسەم لەگەڵ تۆدا کرد.*

بەڵام کرتاندنی گرێ بەندە ئاوەڵکارییەکان هیچ کاتێك ڕستەکە ناکاتـە ناتـەواو، یـان ناڕێزمانی. هەروەها خودی کارەکەش هیچ کاتێك گوزارشت لە گرێیێکی بەنـدی ئاوەڵکـاریی تایبەت ناکات:

*٢٥٤ _ من لە دوێنێوە هاتووم بۆ ئێرە.*

*٢٥٥ _ من هاتووم بۆ ئێرە.*

جاری وا هەیە، کارێك زیاتر لە بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ وەردەگرێت. لەم کاتەدا ناویان دەنێین بەرکاری ناڕاستەوخۆی یەکەم، دووەم، سێیەم:

*٢٥٦ _ ئازاد بیروڕای خۆی [لە بارەی تۆوە][بەمن وت].*

*٢٥٧ _ ڕاپۆرتەکەی [لە بارەی دواکەوتنی کارەکـان][بـە ئیمـەیل][بـە نووسـینگەی ڕۆژنامەکە] گەیاند.*

**چوارەم/ بەرکاری خستنەسەر**

بەرکاری خستنەسەر تاکە تەواوکەرە لە زمانی کوردیدا، کە لەگەڵ کاری بنچـینەییدا بەکارنایەت، بەڵکو تەنیا لەگەڵ هەندێ لە کارە لێکدراوەکاندا، لە زمانی کوردیدا بەکاردێت.



www.mukiryani.com

ئەم بەرکارە بە یارمەتی ئامرازێکی خستنەسەرەوە بە بەشە ناکارییەکەی کارە لێکدراوەکانی زمانی کوردی دەلکێ و کاریگەری کارەکەی دەکەوێتە سەر.

ئەم تەواوکەرەی کار، تاکو ئێستا، وەکو تەواوکەرێکی سەربەخۆی کارەکانی زمانی کوردی ئاماژەی پێ نەکراوە.

کارەکانی <<باس کردن، وەڵامدانەوە، مەدح کردن، مۆڵەتدان، جورئەت هەبوون/کردن، داواکردن، بڕیاردان، فەرمانداان/کردن، فەرمان دەرکردن، فێرکردن و یادکردنەوە، پڕکردن، گفتپێدان، بیرکردنەوە، ئارەزوو/حەزکردن، سوپاس کردن، پێشکەشکردن، پشتگیری کردن، بەرپەچ دانەوە، پیرۆزبایی لێ کردن، پێشبینی کردن، پێشنیازکردن، ئیزن/رووخسەت/مۆڵەت هەبوون، فەرمانپێدان، ئامۆژگاری کردن، سەیرکردن>> لەو کارانەن، کە بەرکاری خستنەسەر وەردەگرن:

*٢٥٨ _ ئاراز مۆڵەتی [قسەکردن بەرخ] ی بەئێمە دا.*

*٢٥٩ _ نەوزاد جورئەتی [قسەکردن بەرخ]ی نەبوو/نەکرد.*

*٢٦٠ _ قوتابییەکە داوای [یارمەتی بەرخ] ی لە مامۆستا کرد.*

*٢٦١ _ وەزیری بەرگری فەرمانی [هێرشکردن بەرخ]ی بۆ سەربازەکان دەرکرد.*

*٢٦٢ _ بەڕێوبەرەکە بڕیاری [دەست لە کارکێشانەوە بەرخ]ی دا.*

*٢٦٣ _ دایکەکان یادی [کیمیابارنکردنی هەڵبجە بەرخ]یان کردەوە.*

بۆ پیشاندانی بەرکاری خستنەسەر لە ڕۆنانی بارگەخستنیی کارەکان سوود لە کورتکراوەی <<بەرخ>> وەردەگرین:

١_ مۆڵەتدان: <ب، بەر، بەرخ/پات>

*٢٦٤ _ ئاراز مۆڵەتی [قسەکردن بەرخ] ی بەئێمە دا.*

*٢٦٥ _ ئاراز مۆڵەتی بەئێمە دا، کە قسەبکەین.*

٢_ داواکردن: <ب، بەرخ/پات، (بەرنا)>

*٢٦٦ _ قوتابییەکە داوای [یارمەتی بەرخ] ی لە مامۆستا کرد.*

*٢٦٧ _ قوتابییەکە داوای لە مامۆستا کرد، کە یارمەتیی بدات.*

٣_ فێرکردن:<ب، بەر، بەرخ/پات>



www.mukiryani.com

٢٦٨ _ *مامۆستا قوتابیەکەی فێری [نووسینی داڕشتن بەرخ] کرد.*

٢٦٩ _ *مامۆستا قوتابیەکەی فێرکرد [کە داڕشتن بنوسێت پات].*

**١- ئالوگۆڕکردنی بەرکاری خستنەسەر لەگەڵ تەواوکەرەکانی تری کار**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بەرکاری خستنەسەر ئەوەیـە، کـە هەنـدێ جـار لەگـەڵ تەواوکەرێکی تردائالوگۆڕدەبێ و ئەمەش یەکێکە لەو بەڵگانەی، کـە دەیسـەلمێنێ بـەرکاری خستنەسەر یەکێکە لە تەواوکەرەکانی کاری کوردی، نەك دیارخەری بەشە ناکارییەکەی کاری لێکدراو.

**أ/ ئالوگۆڕکردنی بەرکاری خستنەسەر لەگەڵ بەرکار**

٢٧٠ _ أ- *ئەو بانگێشتی منی کرد.*

ب- *ئەو منی بانگێشت کرد.*

بەڵام کاتێك، کە سوود لە دوو تەواوکەر، کە لە بری یەکتر بەکاردێن، یان ئالوگۆڕیان پێدەکرێ، وەردەگرین ڕستەکە دەبێ بە ناڕێزمانی:

٢٧١ _ **ئەو منی بانگێشتی منی کرد.*

**ب- ئالوگۆڕکردنی بەرکاری خستنەسەر لەگەڵ بەرکاری ناڕاستەوخۆ**

٢٧٢ _ أ- *ئەو قوتابییەکەی ڕەوانی لای من کرد.*

ب- *ئەو قوتابییەکەی بۆ لای من ڕەوان کرد.*

**پ- ئالوگۆڕکردنی بەرکاری خستنەسەر لەگەڵ پاڕستەی تەواوکەری**

٢٧٣ _ أ- *من داوای هێنانی کەبابم کردبوو.*

ب _ *من داوام کردبوو، کە کەباب بهێنن.*

دیسان کاتێك، کە سـوود لـە دوو تەواوکـەر، کـە لـە بـری یـەکتر بـەکاردێن، یـان ئالوگۆڕیان پێدەکرێ، وەردەگرین ڕستەکە دەبێ بە ناڕێزمانی:

٢٧٤ _ **من داوای هێنانی کەبابم کردبوو، کە کەباب بهێنن.*



www.mukiryani.com

هەروەها وەك تەواوكەرە ڕستەسازییەکانی تر هەم دەتوانێ خورتی بێ، هەم سەرپشکی:

**٢٧٥ _** أ- *من قەرزاری تۆم.*

ب- *من قەرزارم.*

**٢٧٦ _** أ- *نەوزاد جورئەتی قسەکردنی نەکرد.*

ب- **نەوزاد جورئەتی نەکرد.*

**٢- جیاوازیی بەرکاری خستنەسەر لەگەڵ تەواوەکەرەکانی تری کار**

**أ/ جیاوازیی نێوان بەرکاری خستنەسەر و بەرکار**

گرنگترین جیاوازیی نێوان بەرکاری خستنەسەر لەگەڵ بەرکار لەوەدایە، کە بەئاسانی دەتوانین شوێنی بەرکار بگۆڕین:

**٢٧٧ _** أ- *ئەو [کتێبەکە بەر]ی بەمن دا.*

ب- *[کتێبەکە بەر] ئەو بەمنی دا.*

پ- *ئەو بەمنی دا[کتێبەکە بەر].*

**٢٧٨ _** أ- *من دوو جار [ڕۆمانی زۆربا بەر]م خوێندوەتەوە.*

ب _ *[ڕۆمانی زۆربا بەر] من دوو جار خوێندومەتەوە.*

پ- *من [ڕۆمانی زۆربا بەر]م دوو جار خوێندوەتەوە.*

بەڵام گۆڕینی شوێنی بەرکاری خستنەسەر لە ڕستەدا ڕێگەی پێ نادرێ و دەبێتە هۆی فۆرم نادروست بوونی ڕستەکە:

**٢٧٩ _** أ- *ئاراز مۆڵەتی قسەکردنی بەئێمە دا.*

ب- **قسەکردن ئاراز مۆڵەتی بەئێمە دا.*

پ- **ئاراز قسەکردن مۆڵەتی بەئێمە دا.*

**٢٨٠ _** أ- *قوتابیەکە داوای یارمەتیی لە مامۆستا کرد.*

ب- **یارمەتی قوتابیەکە داوای لە مامۆستا کرد.*

پ- **قوتابیەکە یارمەتی داوای لە مامۆستا کرد.*



www.mukiryani.com

بەڵام تەنیا ئەو کاتە ڕێگە بە جێگۆڕکێی بەرکاری خستنەسەر دەدرێ، کە بە توخمە ناکارییەکەی کارە لێکدراوەکەوە لکابێ. بەو واتایەی، کە بە تەنیا ڕێگەی جێگۆڕکێی پێنادرێ، بەڵکو بەیەکەوە لەگەڵ بەشە ناکارییەکەی کارە لێکدراوەکە جێگۆڕکێیان پێدەکرێ. هەروەها لە کاتێکی تریشدا ڕێگەی جێگۆڕکێی پێدەدرێ، کە کارەکە بە گشتی و بەرکاری خستنەسەرەکە بەیەکەوە جێگۆڕکێیان پێبکرێ:

*٢٨١ _ أ- ئەفسەرەکە مۆڵەتی [شۆفێری] بەئێمە دا.*

*ب- مۆڵەتی [شۆفێری] ئەفسەرەکە بەئێمەی دا.*

*٢٨٢ _ أ- قوتابیەکە داوای [یارمەتی]ی لە مامۆستا کرد.*

*ب- داوای [یارمەتی]ی لە مامۆستا کردقوتابیەکە.*

**ب/ جیاوازیی نێوان بەرکاری خستنەسەر و دیارخەری بەشی ناکاریی کارە فرێزییەکان**

بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوانە دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە:

یەکەم: بەرکاری خستنەسەر بەزۆری سەرپشکییە و دەشێ بکرتێ. دووەم: لەو شوێنانەشدا، کە ئەم بەرکاری خستنەسەرە خورتییە، هەمیشە دەتوانین لە بری ئەو سوود لە تەواوکەرێکی تر وەربگرین. هیچ کام لەم دوو تایبەتمەندییانە لە بارەی دیارخەری بەشی ناکاریی کارە فرێزییەکان ڕاست نییە.

لەم نموونانەی خوارەوەدا، بەرکاری خستنەسەر سەرپشکییە و دەشێ بکرتێ:

*٢٨٣ _ أ- ئەو وەڵامی [من]ی دایەوە.*

*ب- ئەو وەڵامی دایەوە.*

*٢٨٤ _ أ- مامۆستا ئازاد قوتابیەکەی فێری [نووسینی داڕشتن بەرخ] کرد.*

*ب- مامۆستا ئازاد قوتابیەکەی فێرکرد.*

لەم نموونانەی خوارەوەشدا، بەرکاری خستنەسەر خورتەکییە، بەڵام دەتوانین لە بری ئەو سوود لە تەواوکەرێکی تر وەربگرین:

١/ جورئەت هەبوون: <ب، بەخ/پات>



www.mukiryani.com

*۲۸۵ _ من جورئەتی [قسەکردن]م نەبوو.*

*۲۸٦ _من جورئەتم نەبوو [کە قسەبکەم].*

۲/ ڕەوانکردن: <ب، بەر، بەخ/بەنا>

*۲۸۷ _ ئەو قوتابییەکەی ڕەوانی [لای من] کرد.*

*۲۸۸ _ ئەو قوتابییەکەی [بۆ لای من] ڕەوان کرد.*

بەڵام لەم نموونانەی خوارەوەدا، نە دەتوانرێ دیارخەری بەشی ناکاریی کارە فرێزییەکان بکرتێنرێ، نەدەتوانرێ لە بری ئەو سوود لە تەواوکەرێکی تر وەربگرین:

۱/ ئاسنی سارد کوتان

*۲۸۹ _ وەستامان ئاسنی سارد دەکوتێ.*

*۲۹۰ _ *وەستامان دەکوتێ.*

*۲۹۱ _ *وەستامان ئاسن بە سارد دەکوتێ.*

*۲۹۲ _ *وەستامان ئاسن دەکوتێ، کە ساردە.*

۲/ بەخوێنی کەسێك تینووبوون

*۲۹۳ _ شێرزاد بەخوێنی باوکی نەوزاد تینووە.*

*۲۹٤ _ *شێرزاد بەخوێن تینووە.*

*۲۹۵ _ *شێرزاد بەخوێن بەباوکی نەوزاد تینووە.*

*۲۹٦ _ *شێرزاد بەخوێن باوکی نەزاد تینووە.*

**پ/ جیاوازیی بەرکاری خستنەسەر و تەواوکەری خستنەسەری ئاوەڵناو و ناو**

وەك وتمان، دەشێ ئاوەڵناوەکان و ناوەکانیش وەك کارەکان تەواوکەرێکی خستنەسەر وەربگرن، بۆیە پێویستە جیاوازی لە نێوان بەرکاری خستنەسەر لەلایەك و تەواوکەری خستنەسەری ئاوەڵناو و ناو لەلایەکی تردا بکەین. ئەم جیاوازی کردنەش بەتایبەتی لە ڕۆنانە ئیسنادییەکاندا زیاتر پێویست دەبێ.

گرنگترین جیاوازیی نێوان بەرکاری خستنەسەر و تەواوکەری بکەر لەوەدایە، کە هەمیشە دەتوانین لە بری بەرکاری خستنەسەر سوود لە پاڕستەی تەواوکەری وەربگرین:



www.mukiryani.com

٢٩٧ _ أ- *من داوای هێنانەوەی کتێبەکانم کردبوو.*

ب- *من داوام کردبوو، کە کتێبەکان بهێننەوە.*

٢٩٨ _ أ- *من جورئەتی قسەکردنم نەبوو.*

ب- *من جورئەتم نەبوو، کە قسەبکەم.*

بەڵام لە بری تەواوکەری بکەر، ناتوانین پاڕستەی تەواوکەری بەکاربێنین:

٢٩٩ _ أ- *ئەو هەڵگری تاوانەکەیە.*

ب- **ئەو هەڵگرە، کە تاوانەکە کراوە.*

٣٠٠ _ أ- *ئەوان گەواهیدەری تاوانەکەن.*

ب- **ئەوان گەواهیدەرن، کە تاوانەکە کراوە.*

لە ڕاستیدا دوو ڕستەی کۆتایی ڕستەی ئیسنادین و تەواوکەری بکەرەکەیان (<<هەڵگر>> و <<گەواهیدەر>>) تەواوکەرێکی خستنەسەری خورتیی (<<تاوان>> و <<کوشتار>>) وەردەگرن.

## پێنجەم/ پاڕستەی تەواوکەری

زۆربەی ڕێزماننووسان باوەڕیان بە بوونی تەواوکەرێکی سەربەخۆی کار بەناوی پاڕستەی تەواوکەری نییە، ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە یەکەمیان ئەوەیە، کە بەشێکیان پاڕستەی تەواوکەری بە بریتیی تەواوکەرەکانی تری وەکو بکەر، بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەزانن[١٦]. بەبڕوای ئەوان لە هەموو ڕستەکانی خوارەوەدا، پاڕستەی تەواوکەری بەڕیز شوێنی تەواوکەری جیاواز لە ئەرکدا، بۆ نموونە بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ی گرتۆتەوە:

٣٠١ _ أ _ *پێویست بوو لەگەڵ ئەواندا بڕۆم.(لەگەڵ ئەواندا بڕۆم= بکەر)*

ب _ *ئەوە(لەگەڵ ئەواندا بڕۆم) پێویستە.*

٣٠٢ _ أ _ *دەزانم، کە ڕۆشنا ئەمڕۆ نایەت.(کە ڕۆشنا ئەمڕۆ نایەت= بەرکار)*

ب _ *ئەوە(کە ڕۆشنا ئەمڕۆ نایەت)دەزانم.*



www.mukiryani.com

*٣٠٣ _ أ _ دەترساین بچـینە لای پەنجەرە.(کـە بچـینە لای پەنجەرە=بـەرکاری ناڕاستەوخۆ)*

*ب _لەوە(بچینە لای پەنجەرە) دەترساین.*

دووەمیشیان ئەوەیە، کە بەشێکی تریان هەموو پاڕستەیەك تەنیا دەبێتە دیارخەر بـۆ سەرەی گرێی ناوی و هەر بۆیەش هەموو پاڕستەیەك بە پاڕستەی دیارخەری ناودەبەن.(قـەیس کاکل توفیق ٢٠٠٤ : ٢٢–٢٧)(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول ٢٠١١: ٦٩–٧٦)

بەڵام ئێمە پاڕستەی تەواوکەری بە تەواوکەرێکی سەربەخۆ لە ڕۆنـانی بارگەخسـتنیی هەندێ کار دەزانین، بۆ ئەمەش چەند بەڵگەیەکمان هەیە:

یەکەم/ هەندێ کاری وەکو (داواکردن، لا/پێوابوون، وازانین، واتێگەیشتن، جێگای خـۆ بوون، و ...) و هەندێ لە ئاوەڵناوەکانی وەکو (دوودڵ، مەبەست(مەبەستم وایە/مەبەسـتمە/ مەبەستم ئەوەیە)، سوور، خۆشحاڵ، پەشیمان، خورت، ئومێـدەوار، ئومێد(ئومێـدم وابـوو)، چاوەڕوان) کاتێك، کە ئەرکی تەواوکەری بکەری دەبینن، پاڕستەیەکی تەواوکەریی خورتیی لە خۆدەگرن و ناشێ هیچ تەواوکەرێکی تری کار شوێنیان بگرێتەوە:

*٣٠٤ _ أ _ داوای لە ئێمە کرد [کە بچین بۆ ئەوێ پات].*

*ب _*داوای بەچوون لە ئێمە کرد.*

*پ _ *چوونی داوا لە ئێمە کرد.*

*٣٠٥ _ أ _ پێموابوو [کە ئازاد مردووە].*

*ب _*مردنی ئازادم پێوابوو.*

*پ _ *بەمردنی ئازادم پێوابوو.*

*٣٠٦ _ أ _ پێویستە لە سەرم [کە بڕۆم].*

*ب _*ڕۆیشتن پێویستە لە سەرم.*

*پ _ *پێویستە لە سەرم بەڕۆیشتن.*

دووەم/ لە بری یەکتردانانی تەواوکـەرەکان لـە تایبەتمەندییـە جیهانییـەکانی زۆربـەی زمانەکانی جیهانە دەتوانین لە بری ئەم تەواوکەرەی کار سوود لە تەواوکـەرەکانی تـری وەکـو (بەرکار، بەکاری خستنەسەر، ...) وەربگرین:



www.mukiryani.com

*٣٠٧ _ أ- ژیان فێری کردین [کە ڕێزی دایك و باوکمان بگرین].*

*ب- ژیان فێری [ڕێزگرتنی دایك و باوك]ی کردین.(بەرکاری خستنەسەر)*

*پ- ژیان [ڕێزگرتنی دایك و باوك]ی فێرکردین. (بەرکار)*

*٣٠٨ _ أ- باوەڕمان نەدەکرد، قوتابیانی ئەم پۆلە یەك بگرن.*

*ب- باوەڕمان بەیەکگرتنی قوتابیانی ئەم پۆلە نەدەکرد.(بەرکاری ناڕاستەوخۆ)*

سێیەم/ بەبێ هیچ قەرینەیەکی فۆڕمی و دیاریکراو، ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، یان ئەوە دیاری بکەین، کە ئایا کام دەستە لە کارەکان پاڕستەی تەواوکەری وەردەگرن و کامیان وەری ناگرن؟؛ هەروەها هیچ پێوەرێك لە بەردەستدا نییە، کە نیشانی بدات بۆچی لە هەندێ کاردا پاڕستەی تەواوکەری شوێنی بەرکار دەگرێتەوە و لە هەندێ کاری تردا شوێنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ، یان بەرکاری خستنەسەر و هەروەها.

لە ڕاستیدا ئەم تایبەتمەندییانە، جگە لە ڕۆنانی بارگەخستنیی کار، ئەویش لە فەرهەنگدا، لە هیچ شوێنێکی تردا ناتوانین نیشانیان بدەین.(طبیب زاده ١٣٩١: ١١١-١١٣) ئەمەش خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە پاڕستەی تەواوکەری، تەواوکەرێکی سەربەخۆیە.

بۆ پیشاندانی پاڕستەی تەواوکەری لە ڕۆنانی بارگەخستنیدا سوود لە کورتکراوەی <<پات>> وەردەگرین:

١_ مۆڵەت دان: <ب، بەرنا بەیی، بەرخ/پات>

*٣٠٩ _ ئەو مۆڵەتی بەمن دا [کە بڕۆم].*

*٣١٠ _ ئەو مۆڵەتی [ڕۆیشتن]ی بەمن دا .*

٢_ واتێگەیشتن: <ب، (بەرنا لەیی)، پات>

*٣١١ _ لە قسەکانی تۆ واتێگەیشتم [کە ئاواز ناگەڕێتەوە].*

٣_ داواکردن: <ب، بەرنا لەیی، پات>

*٣١٢ _ ئەو داوای لە ئێمەکرد [کە نەڕۆین].*

بەشێك لەو کارانەی پاڕستەی تەواوکەری وەردەگرن (زانین، وتن/پێوتن، بڕوا کردن، حەزکردن، حەزپێکردن، ویستن، پەیمانپێدان، داواکردن، زۆرلێکردن، قەناعەت پێ کردن، لێچوون(لەوەدەچێت)، سوێندخواردن، سوپاس کردن، بڕیاردان، ئاگادارکردنەوە، ئیزن دان،



www.mukiryani.com

فەرماندان، فەرمان پێدان، ئامۆژگاری کردن، تکاکردن، ڕاگەیاندن، پێڕاگەیاندن، گفت پێدان، هاوبەشی کردن، لێبوردن، وادانـان، بەبیرهێنانـەوە، ترسـان، پێشـنیازکردن، گومـان کـردن، پێداگرتن، پشتگیری کردن، لەگەڵدابوون، پێشبینی کـردن، پاڕانـەوە، گرەوکـردن، ڕێپێـدان، پێزانین(بـەوەت زانیـوە)، هەستپێکردن(هەسـتم بـەوە کـرد/وام هەسـت کـرد)، بڕواهێنـان، بەبیرداهاتن(وام هات بەبیردا)، وێران، شیان، جەخت کردنەوە، مۆڵـەت پێـدان، والیٚ کـردن، بینین، پێشبینی کردن، هاتنەبەرچـاو، تـوانین، بەڵێن/پەیمان/قەولـدان، گرەوکـردن، فێربـوون، مۆڵەتدان، هاندان، بانگێشتکردن، تواناهەبوون، یارمەتیدان، پێوابوون، خەیاڵ کردن، بیستن، هەستکردن، مۆڵەت هەبوون، مۆڵـەت دان، ئامـاژەکردن، تـوانین، ڕوونکردنـەوە، سـەلماندن، داواکردن، فەرمانکردن، واتێگەیشتن و وادانان، خۆدەرخستن)

دوابەدوای ئەوەی، کە چەند بەڵگەیەکمان هێنایەوە بۆ ئەوەی، کە بیسەلمێنین پاڕستەی تەواوکەری، تەواوکەرێکی سەربەخۆی کارە، نەك شێوەیەکی گۆڕاوی تەواوکەرێکی تر، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە باسی جۆرەکانی پاڕستە بکەین و جیاوازییان بخەینە ڕوو.

### ١- جۆرەکانی پاڕستە

پاڕستە لە بنچینەدا دەبیٚ بە سیٚ جۆرەوە: یەکێکیان بەنـدی دواوەی نـاوە، کـە پێـی دەوتریٚ پاڕستەی دیارخەری، ئەوی تریان پێی دەوتریٚ پاڕسـتەی ئاوەڵکـاری و دواهـەمینیان پاڕستەی تەواوکەرییە.

### أ/ پاڕستەی دیارخەری

پاڕستەی دیارخەری، بەو پاڕستەیە دەگـوتریٚ، کـە وەسـفی ناوێـك لـە شاڕسـتەکەدا دەکات. واتە پاڕستەی دیارخەری هیچ کاتێك بەندی ڕاستەوخۆی کار نییە، بـەڵکو هەمیشـە بەندی یەکێك لە بەندە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆکانی کارەکەیە.

ئـەو نـاوەی، کـە لەلایـەن پاڕسـتەوە وەسـف دەکـریٚ، دەشـیٚ یـەکیٚ لـە ئەرکـە ڕستەسازییەکانی وەکو بەرکار، بکەر، تەواوکەری بکەر و بەرکاری خستنەسەری هەبیٚ:

*٣١٣ _ **ئەو قوتابیانەی**، کە یەکەم بوون، ئێستا لە دەرەوە دەخوێنن.( بکەر)*

*٣١٤ _ نمرەی **ئەو قوتابییە**م ئاشکراکرد، کە دوێنیٚ لێرەبوو.( دیارخەری بکەر)*



www.mukiryani.com

٣١٥ _ *منالّەکە **ئەو کتێبەی** دڕاند، کە من دەمخوێندەوە.(بەرکار)*

٣١٦ _ *ئارام پیرۆزبایی **لەو کوڕە** کرد، کە ئێمە ناردبوومان.(بەرکاری ناڕاستەوخۆ)*

٣١٧ _ *سەیری **ئەو گوڵە** دەکەم، کە هاوڕێکەم بۆی هێناوم.(بەرکاری خستنەسەر)*

٣١٨ _ *ئەوە **ئەو کچەیە**، کە تۆ باست دەکرد.(تەواوکەری بکەر)*

**ب/ پاڕستەی ئاوەڵکاری**

هەندێ جار پاڕستە ئەرکی ئاوەڵکار دەبینێ و هەموو ڕستەکە وەسف دەکات:

٣١٩ _ *هەرکە ئەوم بینی، هەموو شتێکم لە بیرم چووەوە.*

٣٢٠ _ *کە ئەو هات، من ڕۆیشم.*

گرنگترین خاڵ لە بارەی پاڕستەی ئاوەڵکاری ئەوەیە، کە کرتاندنی کار ناکاتە سەر ڕۆنانی ڕستەکە:

٣٢١ _ *أ- لەگەڵ بینینی ئەو، هەموو شتێکم لە بیر چووەوە.*

*ب- هەموو شتێکم لە بیر چووەوە.*

٣٢٢ _ *أ- کە ئەو هات من دەڕۆم.*

*ب- من دەڕۆم.*

**پ/ پاڕستەی تەواوکەری**

هەندێ لە کارەکانی کوردی تەنیا لەگەڵ پاڕستەی تەواوکەریدا بەکاردێن، واتە بەکرتاندنی پاڕستە، یەکەم: ڕستەکە دەبێ بە فۆڕم نادروست، یان ناتەواو، دووەم: لە بری ئەو ناتوانین سوود لە هیچ تەواوکەرێکی تر وەربگرین. ئەمە ئەوە پیشان دەدات، کە پاڕستەی تەواوکەری وەکو هەموو ئەو تەواوکەرانەی تر، کە تاکو ئێستا لێیان دواوین، تەواوکەرێکی سەربەخۆیە و نابێ ئەو بە شێوەی گۆڕاوی تەواوکەرەکانی تری وەکو بەرکار و بەرکاری خستنەسەر لە بەرچاوبگرین:

٣٢٣ _ *ئەو گوتی بەیانی دێم.*

٣٢٤ _ *وادەزانێ، کە ئاگای لە هەموو شتێك هەیە.*



www.mukiryani.com

**١/ جیاوازیی نێوان پاڕستەی دیارخەری لەگەڵ هەر یەکە لە پاڕستەی ئاوەڵکاری و تەواوکەریدا**

جیاوازیی پاڕستە دیارخەرییەکان لەگەڵ پاڕستە ئاوەڵکاری و تەواوکەرییەکان لەوەدایە، کە پاڕستەی دیارخەری بەندی یەکێك لە گرێ ناوییەکانی نێو شاڕستەیە، بەڵام پاڕستەی ئاوەڵکاری بەندی ڕستە و پاڕستەی تەواوکەری بەندی کارە. هەربۆیەش زۆربەی کات دەتوانین پاڕستە دیارخەرییەکان بگۆڕین بە بریتی، یان ئاوەڵناوێك:

*٣٢٥_ أ- مامۆستاکە، کە زۆر جدی بوو هەموو کتێبەکەی پێ وتینەوە.*

*ب- مامۆستا جدییەکە هەموو کتێبەکەی پێ وتینەوە.*

*٣٢٦_ أ- ئەو قوتابییەی، کە یەکەم بوو لێرەیە.*

*ب- قوتابییە یەکەمەکە لێرەیە.*

*٣٢٧_ أ- ئازاد، کە پار دووەم بوو دامەزراوە.*

*ب- ئازاد، دووەمەکەی پار، دامەزراوە.*

بەڵام گۆڕینی پاڕستەی ئاوەڵکاری و پاڕستەی تەواوکەری بە ئاوەڵناو، یان بریتی بەهیچ شێوەیەك نابێ.

جیاوازییەکی تری پاڕستەی دیارخەری و پاڕستەی تەواوکەری ئەوەیە، کە پاڕستەی دیارخەری بێ ئەوەی کار لە ڕۆنانی ڕێزمانیی ڕستە بکات، دەتوانین لە ڕستەدا بیکرتێنین:

*٣٢٨_ أ- مامۆستاکە، کە زۆر جدی بوو هەموو کتێبەکەی پێ وتینەوە.*

*ب- مامۆستاکە هەموو کتێبەکەی پێ وتینەوە.*

*٣٢٩_ أ- ئازاد، کە پار دووەم بوو، دامەزراوە.*

*ب- ئازاد دامەزراوە.*

بەڵام کرتاندنی پاڕستەی تەواوکەری لە ڕستەدا، زۆربەی کات دەبێتە هۆی فۆڕم نادروست بوون، یان ناتەواوبوونی ڕستەکە:

*٣٣٠_ أ- شیراز وتی دێمەوە.*

*ب- ؟؟شیراز وتی.*

*٣٣١_ أ- وادێتە بەرچاو، کە نەخۆش بێ.*



www.mukiryani.com

ب- *وادێته بەرچاو.

٣٣٢ _ أ- پێشنیاز دەکەم، کە باسەکەت لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبکەیتەوە.

ب- *پێشنیاز دەکەم.

### ٢/ جیاوازیی نێوان پاڕستەی ئاوەڵکاری لەگەڵ پاڕستەی تەواوکەری

پاڕستەی ئاوەڵکاری هەموو ڕستەکە وەسف دەکات بەو واتایەی، کە سەرباری گشتین، بەڵام پاڕستەی تەواوکەری لە ڕیزی تەواوکەرەکانی کار دەژمێردرێت. یەکێکی تر لە جیاوازییەکانی ئەم دوو جۆرە پاڕستەیە لەوەدایە، کە پاڕستەی ئاوەڵکاری بێ هیچ کێشەیەك دەتوانین لە ڕستەدا بیکرتێنین:

٣٣٣ _ أ- بەرلەوەی بەیانی دابێ دێمەوە.

ب- دێمەوە.

٣٣٤ _ أ- هەرکە بینیم، کەوتە دڵمەوە.

ب- کەوتە دڵمەوە.

بەڵام پاڕستەی تەواوکەری بەزۆری بە شێوەی تەواوکەرێکی خورتی کار لە ڕستەدا دەردەکەوێت و کرتاندنی لە ڕستە، دەبێتە هۆی فۆڕم نادروست بوون، یان ناتەواوبوونی ڕستەکە:

٣٣٥ _ أ- شیراز وتی دێمەوە.

ب- ؟؟شیراز وتی.

٣٣٦ _ أ- وادێته بەرچاو، کە نەخۆش بێ.

ب- *وادێته بەرچاو.

٣٣٧ _ أ- پێشنیاز دەکەم، کە باسەکەت لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبکەیتەوە.

ب- *پێشنیاز دەکەم.

دووەمین جیاوازییان ئەوەیە، کە هەمیشە دەتوانین لە بری پاڕستەی ئاوەڵکاری سوود لە ئاوەڵکارێك، یان گرێیەکی ئاوەڵکاری وەربگرین:



www.mukiryani.com

٣٣٨ _ أ- *بەرلەوەی بەیانی دابێ دێمەوە.*

ب- *بەیانی دێمەوە.*

٣٣٩ _ أ- *هەرکە بینیم، کەوتە دڵمەوە.*

ب- *زوو کەوتە دڵمەوە.*

بەڵام لە بری پاڕستەی تەواوکەری کارێکی لەم جۆرە ناکرێ:

٣٤٠ _ أ- *وادێتە بەرچاو، کە نەخۆش بێ.*

ب- **وادێتە بەرچاو بەیانی.*

٣٤١ _ أ- *پێشنیاز دەکەم، کە باسەکەت لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبکەیتەوە.*

ب- *؟؟ئێستا پێشنیاز دەکەم.*

لە کۆتاییدا پاڕستەی ئاوەڵکاری، بە لە بەرچاونەگرتنی هەندێ تێبینیی واتایی، لەگەڵ زۆربەی ڕستەکاندا بەکاردێت:

٣٤٢ _ *بەرلەوەی بەیانی دابێ دێمەوە.*

٣٤٣ _ *بەرلەوەی بەیانی دابێ خۆت بشۆ.*

٣٤٤ _ *بەرلەوەی بەیانی دابێ گڵۆپەکان هەڵدەکەم.*

٣٤٥ _ *بەرلەوەی بەیانی دابێ نانەکەت بخۆ.*

٣٤٦ _ *بەرلەوەی بەیانی دابێ لە خەو هەڵدەستم.*

بەڵام پاڕستەی تەواوکەری تەنیا لەگەڵ هەندێ کاری تایبەتدا بەکاردێت، بەکارهێنانی لەگەڵ کارەکانی تردا، دەبێتە هۆی هاتنە ئارای ڕستەی فۆڕم نادروست:

٣٤٧ _ *پێشنیاز دەکەم، کە باسەکەت لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبکەیتەوە.*

٣٤٨ _ **بانگت دەکەم، کە باسەکەت لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبکەیتەوە.*

٣٤٩ _ **دەستم دەشۆم، کە باسەکەت لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبکەیتەوە.*

٣٥٠ _ **رادەکەم، کە باسەکەت لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبکەیتەوە.*

٣٥١ _ **نوێژ دەکەم، کە باسەکەت لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوبکەیتەوە.*



www.mukiryani.com

**شەشەم/ تەواوكەری بكەر**

تەواوكەری بكەر، كە بە فۆڕمە جۆراوجۆرەكانی وەكو گرێی ناوی، گرێـی ئاوەڵنـاوی، گرێی بەند(خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول ٢٠٠٧: ٥٢) و گرێـی ئاوەڵكـاری و ڕادە(عەبدولجـەبار مسـتەفا مەعرووف ٢٠١٠: ٧٧) و كار دەردەكەوێت، تەواوكەری خورتیی كاری پەیوەندی[١٧]یە:

گرێی ناوی:

*٣٥٢ _ ئەوان [كرێكار تب]ن.*

*٣٥٣ _ هەر دەوەنە دەبێ [بە دار].*

*٣٥٤ _ ئێوەش بوون[بە ئەوان].*

*٣٥٥ _ ئەو كوڕەی دوێنێ بەدواتدا ناردبوو، [ئەوە]بوو.*

*٣٥٦ _ براكەم هەموو ژیانی[خوێندنەوە]بوو.*

گرێی ئاوەڵناوی:

*٣٥٧ _ ئەو [زیرەك تب]ـە.*

*٣٥٨ _ جلەكان بوون [بە كۆنە].*

*٣٥٩ _ماڵەكە بوە [بە كەلاوە].*

گرێی ئاوەڵكاری:

*٣٦٠ _تاقیكردنەوەكە [زۆر دوورتب]ـە.*

*٣٦١ _ كەمن چووم [بەیانی] بوو.*

*٣٦٢ _ هەموو قوتابیەكان [دوودوو] بوون.*

*٣٦٣ _ بوو [بە شەو].*

گرێی بەند:

*٣٦٤ _ تاقیكردنەوەكە [لەلاپەڕە ٩٩ تا ١٢١ تب]ـە.*

ڕادە:

*٣٦٥ _ ئاوەكە [كەمێك] بوو.*

*٣٦٦ _ ئاوەكە [زۆر] بوو.*

كار:



www.mukiryani.com

*٣٦٧ _ کەمن چووم ئەو هەر [هات هات]ی بوو.*

ئەو ڕستانەی، کە لە بکـەرێك و تەواوکـەری بکـەر و کـاری پەیوەنـدی پێکهـاتوون پێیاندەگوترێ ڕستەی ئیسنادی.

کاری پەیوەندی بە شێوەیەك پەیوەندی لە نێوان بکەر و تەواوکـەری بکـەردا دروسـت دەکات، کە دەبێتە هۆی ئەوەی تەواوکەری بکەر و بکەر لە ڕستە ئیسـنادییەکاندا یەکسـان، یان هاوتای یەکبن. هەر ئەمەشە وای کردووە، کە پێی بوترێ تەواوکەری بکەر:

*٣٦٨ _ منداڵەکە [گرینۆك تب]ـە. (منداڵەکە= گرینۆك)*

*٣٦٩ _ کامەران [ئازاد تب] بوو. (کامەران= ئازاد)*

هەندێ ڕستە لە زمانی کوردیدا هەن، سەرەڕای ئەوەی، کە کـاری پەیوەنـدییان تێـدا نییە، بەڵام هەر ڕستەی ئیسنادیین. ئەمەش بۆ بوونی ئـەو پەیوەندییـە یەکسـان بـوون، یـان هاوتابوونەی، کە لە نێوان بکەر و تەواوکەری بکەردا هەیە، دەگەڕێتەوە:

*٣٧٠ _ شیر واتە شمشێر. (شیر = شمشێر)*

*٣٧١ _ کیژ واتە کچ. (کیژ = کچ)*

لە ڕستەکانی سەرەوەدا، وشەی <<واتە>> هەر وەکو کاری پەیوەنـدی کاردەکـات و پەیوەندی لە نیوان بکەر و تەواوکەری بکەردا دروست دەکات. واتە لەم ڕستانەدا <<شیر>> و <<کیژ>> بکەر، <<شمشێر>> و <<کچ>> تەواوکەری بکەرن:

[[شیر][**واتە**][شمشێر]].

[[کیژ][**واتە**][کچ]].

ئەمڕۆ لە زمانی کوردیـدا کارەکـانی <<بـوون>> ی ڕۆیشـتوو و <<بـوون>>ی ئەنجامی لە باوترین کارە پەیوەندییەکانی زمانی کوردین.

جگە لەم دوو کارە، کارێکی تریش لە زمانی کوردیدا هەیە، کە وەکو کاری پەیوەندی بەکاردێ و تەواوکەری بکەر دەگرێتە خۆی، ئەویش کاری <<هاتنە بەرچاو>>ـە. ئەم کـارە وەکو کاری پەیوەندیی ڕۆیشتوو(وەکو <<بوون>>ی ڕۆیشتوو) بەکاردێ:

*٣٧٢ _ ئەو ماندوو دێتە بەرچاو.*



www.mukiryani.com

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە کاری <<هاتنە بەرچاو>>، وەکو ئەو کارانەش، کە پێویستیان بە پاڕستەیەکی تەواوکەری هەیە بەکاردێت:

*٣٧٣ _ وا دێتە بەرچاو، کە بێ.*

بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو کارە لە یەکتر، ئەوەندە بەسە، کە بزانین کاتێك وەکو کاری پەیوەندی بەکاردێن. دەتوانین لە بری ئەوان سوود لە کاری پەیوەندیی <<بوون>> وەربگرین:

*٣٧٤ _ ئەو ماندوو دێتە بەرچاو.*

*٣٧٥ _ ئەو ماندووە.*

بەڵام لە کاتی تردا، وەکو ئەو کارانەش، کە پێویستیان بە پاڕستەیەکی تەواوکەری هەیە بەکاردێت:

*٣٧٦ _ وا دێتە بەرچاو، کە بێ.*

*٣٧٧ _ *کە بێ وادێتە بەرچاو.*

لە ڕۆنانی بارگەخستنیی کاردا، تەواوکەری بکەر بە هێمای کورتکراوەی <تب> نیشان دەدەین:

أ_ (بوون) ی ڕۆیشتوو: <ب، تب>:

*٣٧٨ _ ئەو زیرەك بوو.*

ب_ (بوون)ی ئەنجامی: <ب، تب>:

*٣٧٩ _ ئەو بوو بە ئەندازیار.*

ڕۆنانی بارگەخستنیی ئەو ڕستە ئیسنادییانەی، کە بە وشەی <<واتا/واتە/یەعنی>> ڕۆدەنرێن بەم شێوەیەی خوارەوە نیشان دەدەین:

واتە: <ب، واتە، تب>

*٣٨٠ _ دلێر واتە ئازا.*

تەواوکەری بکەر بەگشتی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: تەواوکەری بکەر، تەواوکەری خورتیی کاری پەیوەندییە و کرتاندنی دەبێتە هۆی فۆڕم نادروستبوون، یان ناتەواوبوونی ڕستەکە:

*٣٨١ _ نەورۆز جوانە.*



www.mukiryani.com

٣٨٢ _ نەورۆزە.

٣٨٣ _ نازدار خۆشحاڵ بوو.

٣٨٤ _ *نازدار بوو(١٨)

٣٨٥ _ ئارام دەبێ بە مامۆستا.

٣٨٦ _ *ئارام دەبێ.

دووەم: تەواوکەری بکەر لە ڕووی کاتیگۆریی لێکسیکیەوە زۆربەی کات ناو، یان گرێی ناوی، یان ئاوەڵناو، یان گرێی ئاوەڵناوی، یان ئاوەڵکار، یان گرێی کاری، یان گرێی بەندە:

٣٨٧ _ ئەوە **ژاکاوە**.

٣٨٨ _ ئەو کوڕە **زیرەك** ـە.

٣٨٩ _ تاقیکردنەوەکە **دوورە**.

٣٩٠ _ ئەم کتێبە **بۆ تۆیە**.

سێیەم: تەواوکەری بکەر هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ بکەر، بەجۆرێك، کە دەتوانین بە یەکسان، هاوتایان بزانین(بەتایبەتی کاتێك تەواوکەری بکەر ناو، یان ئاوەڵناوبێ):

٣٩١ _ ئەو جوانە.(ئەو= جوان)

٣٩٢ _ ئازاد دەبێ بە دکتۆر.(ئازاد= دکتۆر)

٣٩٣ _ نازدار خۆشحاڵە.(نازدار= خۆشحاڵ)

چوارەم: بکەری ڕستە، چ تاك بێ، چ کۆ، تەواوکەری بکەر هەر بە شێوەی تاك بەکاردێ و ئەگەر بە شێوەی کۆ بەکاربهێنرێت، ڕستەکە دەبێتە فۆڕم نادروست:

٣٩٤ _ أ- منداڵەکە(تاك) زیرەك(تاك) بوو.

ب- منداڵەکان(کۆ) زیرەك(تاك) بوون.

پ- *منداڵەکان(کۆ) زیرەکان(کۆ) بوون.

٣٩٥ _ أ- کچەکە(تاك) بوو بەمامۆستا(تاك).

ب- کچەکان(کۆ) بوون بەمامۆستا(تاك).

پ- *کچەکان(کۆ) بوون بەمامۆستاکان(کۆ).



www.mukiryani.com

بەهەمان شێوە کاتێك بکەری ڕستەکە کۆ بێ و بە ئاوەڵناو، یان ناوێـك وەسـفکرابێ، تەواوکەری بکەرەکە دیسان هەر تاك دەبێ:

٣٩٦_ أ- *هاوڕێکە(تاك)ی ئێمە چالاك(تاك) بوو.*

ب- *هاوڕێکان(کۆ)ی ئێمە چالاك(تاك) بوون.*

پ- **هاوڕێکان(کۆ)ی ئێمە چالاکەکان(کۆ) بوون.*

٣٩٧_ أ- *قوتابیەکە(تاك) دەستکورت(تاك) بوو.*

ب- *قوتابیەکان(کۆ) دەستکورت(تاك) بوون.*

پ- **قوتابیەکان(کۆ) دەستکورتەکان(کۆ) بوون.*

بەهەمان شێوە ئەگەر بکەری ڕسـتەکە کـۆ بـێ و خـودی تەواوکـەری بکەرەکـە بـە ئاوەڵناوێك وەسفکرابێ، بەناچاری دەبێ تەواوکەری بکەرەکە تاك بێ:

٣٩٨_ أ- *ساڵی ڕابردوو ئەمانە(کۆ) قوتابی(تاك)ی زیرەك بوون.*

ب- **ساڵی ڕابردوو ئەمانە(کۆ) قوتابیان(تاك)ی زیرەك بوون.*

بەڵام ئەگەر بکەری ڕستەکە کۆ بێ و تەواوکەری بکەرەکە بە پاڕستەییێك وەسفکرابێ، دەبێ تەواوکەری بکەرەکە کۆ بێ:

٣٩٩_ أ- *ئەوانە(کۆ) قوتابییەکان(کۆ)ن، کە باسمان دەکردن.*

ب- **ئەوانە(کۆ) قوتابییەکە(تاك)ن، کە باسمان دەکردن.*

کەچی کاتێك، کە بکەری ڕستەکە کۆ بێ و بـە پاڕسـتەێك وەسـفکرابێ، تەواوکـەری بکەرەکە، هەم دەتوانێ تاك بێ، هەم کۆ:

٤٠٠_ أ- *ئەوانە(کۆ)ی ڕێگا سەرەکییەکەیان گرتبوو خۆپیشاندەر(تاك)بوون.*

ب- *ئەوانە(کۆ)ی ڕێگا سەرەکییەکەیان گرتبوو خۆپیشاندەرەکان(کۆ) بوون.*

هەروەها ئەگەر بکەری ڕستەکە کۆ بێ و تەواوکەری بکەرەکە بە ناوێك وەسـفکرابێ، ئەوا دیسان تەواوکەری بکەرەکە، هەم دەتوانێ تاك بێ، هەم دەتوانێ کۆ بێ:

٤٠١_ أ- *ئەوانە(کۆ) مامۆستا(تاك)ی ئێمەن.*

ب- *ئەوانە(کۆ) مامۆستاکان(کۆ)ی ئێمەن.*



www.mukiryani.com

**حەفتەم/ تەواوکەری بەرکار**

یەکێکی تر لــە تەواوکــەرەکانی کــاری زمــانی کــوردی، تەواوکــەری بــەرکارە. ئــەم تەواوکەرە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ بەرکاردا هەیە، هەر بۆیەش پێی دەگوترێ تەواوکەری بەرکار. بەجۆرێکی تر بڵێین پەیوەندیی ئەم تەواوکەرە لەگەڵ بــەرکاردا، بــە شــێوەییێکە، کــە دەتوانین بڵێین لەگەڵیدا هاوتایە. هەر ئەمەشە وای کردووە هەندێ زمانەوان لەوانــەش(عــەلی روخزادی ١٣٨٩: ١٢٦) پێیان وابێ کە تەواوکەری بەرکار بریتی بــێ لــە گرێــی نــاوی، یــان ئاوەڵناوی، یان بەند، کە دراوەتە پاڵ بەرکار لە ڕستەی کرداری تێپەڕدا. تەنانەت لاشیان وابێ کە ئەم تەواوکەرە واتای بەرکار(نەك کار)ی ئەو ڕستەیە تەواودەکات. هەروەها وابزانن کە بێ ئەو وشەیە پەیوەندیی کارەکە بۆ لای بەرکارەکە، دروست نابێ، هەر بۆیەش ڕستەکە ناتــەواو دەمێنێتــەوە. ئــەم تەواوکــەرە، تەواوکــەری خــورتیی هەنــدێ لــە کــارە تێپــەڕەکانی وەکــو (زانین/پێــزانین، ژمــاردن، تێگەیشــتن، وێنــاکردن، حیســابکردن، بــانگکردن، هاتنەبەرچــاو، گوتن/پێگوتن ، گومــانبردن/کردن، ناساندن/پێناســاندن، ناونــان، نیشــاندان، گۆڕینــەوە، لــە قەڵەمدان، پێوابوون، بانگکردن، ناونان، بینین[یەکی بە دوو دەبینی]، کردن[یەکی دەکرد بــە دوو]، دانان، تۆمارکردن، دانان[بەنــەبووم دانــابوو]، پیشــاندان، ناســین، دیاری/دەستنیشــان کردن، هەڵبژاردن، نرخاندن، پەروەردەکردن، ڕاهێنان، کردن(ی کۆزەتیڤی>>ــە:

*٤٠٢ _ ئەوان زەویەکەیان کرد بە [قوتابخانە]. (زەویەکە = قوتابخانە)*

*٤٠٣ _ ئەو منداڵەکە [بە بلیمەت] تێدەگەیشت. (منداڵەکە = بلیمەت)*

*٤٠٤ _ ئەو بارانە هەواکەی [سارد]کرد. (هەواکە = سارد)*

*٤٠٥ _ دایکەکە منداڵەکەی [باش] پەروەردەکردووە. (منداڵەکە= باش)*

*٤٠٦ _ ئەویان بە [ئازاد] بانگ دەکرد. (ئەو= ئازاد)*

هەر وەکو بینیمــان تەواوکــەری بــەرکار لەگــەڵ بــەرکاردا، بــەکاردێ، بــەڵام لەگــەڵ ژمارەیەك کاری دیاری کــراوی وەکــو (پێــوتن/وتن) داتەواوکــەری بــەرکار لەگــەڵ بــەرکاری ناڕاستەوخۆدا بەکاردێت:

*٤٠٧ _ [بە باشووری کوردستان بەرنا] دەڵێن [هەرێمی کوردستانی عیراق]*

*٤٠٨ _ لە پێشدا [بەهەولێر]یان دەوت [ئەربیل]. (هەولێر= ئەربیل)*



www.mukiryani.com

لە ڕۆنانی بارگەخستنیی کاردا، تەواوکەری بەرکار بە هێمای کورتکراوەی <تبەر> نیشان دەدەین:

تێگەیشتن: <ب، بەر، تبەر>:

٤٠٩ _ *ئەو منالّەکە بە بلیمەت تێدەگەیشت.*

وتن: <ب، بەر، تبەر>:

٤١٠ _ *لەپێشدا بەهەولێریان دەوت ئەربیل.*

تەواوکەری بەرکاریش بەگشتی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١_ زۆربەی ئەو کارانەی، کە تەواوکەری بەرکار لە خۆدەگرن، بەرکارێکیش لە خۆدەگرن:

٤١١ _ *من [منالّەکە بەر][بەئازاد تبەر] تێگەیشتم.*

٤١٢ _ *ئەوان [زەویەکە بەر]یان کرد بە [قوتابخانە تبەر].*

٢_ بەرکاری ڕستەکە، چ تاك بێ، چ کۆ زۆربەی کات تەواوکەری بەرکار بە شێوەی تاك لە ڕستەدا دەردەکەوێت:

٤١٣ _ *ئەوان زەویەکان(کۆ)یان کرد بە [قوتابخانە](تاك).*

٤١٤ _ *ئەو منالّەکان(کۆ)[بە بلیمەت](تاك) تێدەگەیشت.*

**هەشتەم/ ئاوەڵگوزارە**

یەکێك لەو تەواوکەرانەی کار، کە زۆر کەم بەکار دێ لە زمانی کوردیدا، ئاوەڵگوزارەیە. ئاوەڵگوزارە بەو ئاوەڵکارە، یان گرێ ئاوەڵکارییە دەگوترێ، کە لە ڕۆنانی بارگەخستنیی کاردا وەکو یەکێك لە تەواوکەرەکانی کار دەربکەوێت. وا باشترە، کە تەنیا ئەو کاتە باوەڕمان بە ئاوەڵگوزارە هەبێ، کە تەواوکەرێکی خورتی بێ. بەم پێیە ژمارەی ئەو کارانەی، کە ئاوەڵگوزارە لە خۆدەگرن سنووردار(تایبەت) دەبێ بە کارەکانی وەکو (هێنان، ڕەفتار کردن، وەستان):

٤١٥ _ أ- *ئەم خانووە [زۆر] دەهێنێ.*

ب- *؟؟ئەم خانووە دەهێنێ.*



www.mukiryani.com

٤١٦_ أ- ئاكام [عاقڵانە] ڕەفتاری دەكرد.

ب- *ئاكام ڕەفتاری دەكرد.

٤١٧_ أ- پرچت [باش] ڕاوەستاوە.

ب- *پرچت ڕاوەستاوە.

بۆ پیشاندانی ئاوەڵگوزارە لە ڕۆنانی بارگەخستنیی كاردا، سوود لە كورتكراوەی<ئاگ>وەردەگرین:

هێنان: <ب، ئاگ>:

٤١٨_ ئەم خانووە زۆر دەهێنێ.

ڕەفتار كردن:<ب، ئاگ>:

٤١٩_ ئاكام عاقڵانە ڕەفتاری دەكرد.

ڕاوەستان: <ب، ئاگ>:

٤٢٠_ پرچت باش ڕاوەستاوە.

**٢-٢-٣-٢- پۆلێنكردنی كارەكانی زمانی كوردی بە پێی ژمارە و جۆری بارگەكانیان**

زمانەوانان كۆك نین لە سەر ژمارەی بارگەكانی كار. هەندێكیان سێ جۆر(بەو واتایەی، كە كاری یەك، دوو و سێ بارگەیی)دیاری دەكەن. لەوانەش (كۆمەڵێك زمانەوان ٢٠٠٩: ٣٠٨)، (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ٢٠١٠)[١٩]، (**طالب حسين على** ٢٠٠٩)[٢٠].

هەندێكی تر چوار جۆر كار دیاری دەكەن(واتە كاری سفر، یەك، دوو و سێ بارگەیی) (مەحەمەدی مەحویی، كاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن ٢٠١١ أ: ١١٤)[٢١]، تینێر(هلبش ٢٠٠٣: ٣٦٨- ٣٧٠)، برینكمان(هلبش ٢٠٠٣: ٣٧٥- ٣٧٦) چگنی(چگنی ١٣٨٢: ٤٧٣)

هەندێكی تریش پێنج جۆر دەستنیشان دەكەن(واتە كارە سفر، یەك، دوو، سێ و چوار بارگەییەكان)لەوانەش محەمەدی مەحوی(مەحەمەدی مەحویی ٢٠١١: ١٥١)

بە گشتی كارەكان بە پێی ژمارەی بارگەكانیان پێنج جۆریان هەیە و ئەو كارانەی، كە لەم ڕێگەیەوە جیاوازی لەگەڵ یەكتردا دروست دەكەن(لەبارگەدا جیاوازن)، پەیوەستن بە كۆمەڵە بارگەخستنیە جۆراوجۆرەكانەوە:



www.mukiryani.com

**یەکەم/ کارە سفر بارگە/ بێ بارگەکان**

ئەو کارانەن، کە هیچ بارگەیەك ناخەن" بە واتایەکی تر، هیچ کەرەسەیەك وەك بارگە بۆ خۆی هەڵنابژێرێ، بەڵکو خۆی بەتەنیا دەتوانێ ڕستەیەك پێکبهێنێ. ئەم کارانەش بە گشتی بەوە وەسف دەکرێن، کە گوزارشت لە کەشوهەوا دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی بکەری ئەم کارانە تەنیا لە شێوەی کەسی سێیەمی تاك دەردەکەوێت. لە زمانی ئینگلیزیدا بکەری ئەم کارانە بە شێوەی جێناوی کەسی سێیەمی تاك بۆ بێگیان، واتە (it) دەردەکەوێت. هەربۆیە هەندێ لە زمانەوانان لەوانەش تینێر پێیان وایە کارە بێبارگەکان ئەو کارانەن، کە پێیان دەوترێ کارە ناکەسیەکان.(هلبش ٢٠٠٣: ٣٦٨-٣٧٠)

لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەندێ زمانەوانان پێیان وایە ئەم جۆرە کارانە لە زمانی کوردیدا هەن(مەحەمەدی مەحویی ٢٠١١: ١٥١)، بەڵام وەك دواتر بۆمان دەردەکەوێ ئەم جۆرە کارانە لە زمانی کوردیدا، نییە و لە بری ئەو کارانەی، کە کەشوهەوا دەگەیەنن و لە هەندێ زماندا (بۆ نموونە ئینگلیزی) دەردەکەون، لە زمانی کوردیدا بەهۆی کاری پەیوەندییەوە گوزارشتی لێ دەکرێ و کاری پەیوەندیش لە زمانی کوردیدا، لانی کەم پێویستیی بە دوو تەواوکەر(بکەر و تەواوکەری بکەر) هەیە.

٢١ ٤ _ *کچەکە ژیرە.*

٢٢ ٤ _ *ئاکام بوو بە مامۆستا.*

**دووەم/ کاری یەك بارگەیی**

ئەو کارانەن، کە یەك بارگە دەخەن. بە واتایەکی تر، ئەو کارانەن، کە تەنیا یەك کەرەسە وەك تەواوکەر بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. ئەم کارانەش لە زمانی کوردیدا بە گوێرەی جۆری تەواوکەرەکانەوە دەبن بە دوو جۆرەوە:

**أ_ ئەو کارە یەك بارگەییانەی، کە تەنیا پێویستیان بە بکەری ناوی هەیە**

ئەم جۆرە کارانە لە ڕێزمانی دێریندا، پێیان دەوترێ کاری تێنەپەڕ. وەك/

٢٣ ٤ _ *مناڵەکە دەگریا.*

٢٤ ٤ _ *کچەکە خەوت.*



www.mukiryani.com

*٤٢٥ _ دارەکە شکا.*

*٤٢٦ _ پیرەمێردەکە مرد.*

*٤٢٧ _ دەرگاکە کرایەوە.*

*٤٢٨ _ قوتابییەکان دانیشتن.*

*٤٢٩ _ کۆترەکە فڕی.*

هەندێك کاری تر لەو کارانەی، کە پێویستییان تەنیا بەبکەری ناوی هەیە: (نوستن، کەوتن، هاتن، هەڵهاتن/دەرکەوتن، وەستان، ڕۆیشتن، بارین، هەڵسان، درەوشانەوە، تەقین، جولان، کولان، سوڕانەوە، تکان، هاوارکردن، خزین، هەناسەدان، سەماکردن، ڕوان، نەڕاندن، تێگەیشتن، تێکۆشان، گەنین، لە ڕزین، خلیسکان، مردن، دانیشتن، (مانگ/ڕۆژ)گیران، پارێزی کردن، پشکوت، پشوودان، سیس هەڵگەڕان، ژاکان، لە ناوچوون، لێقەومان، ڕوودان، درێژەکێشان، لە شەقەی باڵدان، باڵ لێکدان، کۆتایی هاتن، درێژەهەبوون، هەڵچوو، ...).

**ب_ ئەو کارە یەك بارگەییانەی، کە تەنیا پێویستییان بە بکەری پاڕستەیی هەیە**

بەشێکی تری کارە یەك بارگەییەکان ئەو کارانەن، کە تەنیا پێویستییان بە بکەری پاڕستەیی هەیە. ئەم کارانە بە گشتی تەنیا بۆ کەسی سێیەمی تاك گەردان دەکرێن. وەك/

*٤٣٠ _ دەبێ بگەڕێنەوە.*

*٤٣١ _ دەشێ بچنە ژوورەوە.*

بەشێکی تر لەو کارانەی، کە تەنیا داوای بکەری پاڕستەیی دەکەن: (هاتنەبەرچاو، لەوە/پێچوون، دەرکەوتن(وادەردەکەوێت)، ...)

**سێیەم/ کاری دوو بارگەیی**

ئەو کارانەن، کە دوو بارگە دەخەن. بە واتایەکی تر، سەرەڕای بکەر(جا چ ناوی بێ چ پاڕستەیی) تەواوکەرێکی تریشی پێویستە. ئەم کارانەش لە زمانی کوردیدا بە پێی جۆری تەواوکەرەکانی کار دەبن بەچەند جۆرێکەوە:



www.mukiryani.com

**أ_ ئەو کارە دوو بارگەییانەی، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و بەرکار هەیە**

هەندێك لە کارەکانی زمانی کوردی لە ڕیزی ئەو کارانەدایە، کە جگە لە بکەری ناوی داوای بەرکارێکیش دەکەن. ژمارەیەکی زۆری کارەکانی زمانی کوردی لە ڕیزی ئەم جۆرە کارانەن. وەك/

٤٣٢ _ *من دەرگاکەم کردەوە.*

٤٣٣ _ *ئێمە ئاوەکەمان گرتەوە.*

٤٣٤ _ *بەندییەکان دەرگای بەندیخانەکەیان شکاند.*

٤٣٥ _ *بێری مانگاکەی دۆشی.*

٤٣٦ _ *ئاواز کتێبێکی دەوێت.*

٤٣٧ _ *کرێکارەکان هەموو کارەکانیان کرد.*

٤٣٨ _ *پۆلیسەکە تۆماتبارەکەی گرت.*

٤٣٩ _ *دایکم جلەکەی چنی.*

٤٥٠ _ *ڕووناك پەنجەرەکەی داخست.*

٤٥١ _ *گەشتەکەمان دوو ڕۆژی دەوێ.*

هەندێك کاری تر، کە پێویستییانبە بکەری ناوی و بەرکار هەیە: (تاقی کردنەوە، نۆشین، خولقاندن، دروستکردن، پێکهێنان، هاندان، وەگەڕخستن، خستنەکار، ئەنجامدان، خۆشویستن، بەرزکردنەوە، بڵندکردن، ماچکردن، ڕژاندن، پەرستن، پەسەندکردن، پۆشین، پێوان، تاشین، تەکاندن، جوین، چەشتن، تامکردن، داواکردن، خواردن، هەبوون، زانین، دوورینەوە، دڕین، دروون، بینین، دەرکردن، شوشتن، ناسین، فریودان، چاندن، کێشان، لێستنەوە، مژین، نوسین، دۆزینەوە، ڕازاندنەوە، پێچانەوە، هەڵبژاردن، دۆزینەوە، وەدەستهێنان، ڕۆیشتن، ماڵین، دەردان، ڕامالّین، هەڵکەندن، ڕستن، پانکردنەوە، ڕشتن، لابردن، خوێندن، خوێندنەوە، بڵاوکردنەوە، ڕنین، (گوڵ)چنینەوە، وەدەرنان، لە خۆدوورخستنەوە، نووسین، لە دەستدان، دۆڕان، خواردن، خواردنەوە، گرتن، ناسین، دروستکردن، پێکهێنان، فرۆشتن، دەستکەوتن، دزین، کڕین، بەکرێ گرتن، لە بارچوون، ...).



www.mukiryani.com

**ب_ ئەو کارە دوو بارگەییانەی، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەیە**

گروپێکی تری کارەکانی زمانی کوردی سەرەڕای بکەری ناوی پێویستییان بە بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ هەیە. ئەم کارانەش ژمارەیەکی زۆر لە کارەکانی زمانی کوردی پێکدەهێنن. ئەم کارانە بە گوێرەی جۆری ئەو ئامرازە بەندەی لە ڕۆنانی بەرکارە ناڕاستەوخۆکاندا، بەشداری دەکات، دەبن بە چەند جۆرێکەوە:

**١/ ئەو کارانەی، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و بەرکاری ناڕاستەوخۆ(ی بەیی) هەیە**

بەشێکی کارەکانی زمانی کوردی لە ڕیزی ئەو کارانەن، کە سەرەڕای بکەری ناوی داوای بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ (ی بەیی) دەکەن. وەك/

٤٥٢ _ *ئەوان شانازییان بەخۆیانەوە دەکرد.*

٤٥٣ _ *قوتابییەکان بە وانەکانیانەوە خەریکبوون.*

٤٥٤ _ *کچەکە هەمیشە نازی بە سەر دۆستەکەیدا دەکرد.*

بەشێکی تری ئەو کارانەی، کە پێویستییانبە بکەری ناوی و بەرکاری ناڕاستەوخۆ(ی بەیی) هەیە: (باوەڕهێنان، سەیرپێهاتن، درێژەپێدان، نازپێ فرۆشتنن، گەیشتن، گەشەپێدان، پەی پێ بردن، نازین، پیاهەڵدان، پێداهەڵگوتن، ...).

**٢/ ئەو کارانەی، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و بەرکاری ناڕاستەوخۆ(ی لەیی) هەیە**

هەندێ لە کارەکانی تری زمانی کوردی، جگە لە بکەری ناوی داوای بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ(ی لەیی) دەکەن. وەك/

٤٥٥ _ *ئێمە بیرمان لە خۆمان دەکردەوە.*

٤٥٦ _ *ئەوان خۆیان لە شەڕ دەپاراست.*

٤٥٧ _ *هەموو کوڕەکان لە تابلۆکەیان دەڕوانی.*

٤٥٨ _ *هاوڕێکەم لە من ڕەنجاوە.*

٤٥٩ _ *بەندییەکان لە بەندیخانە ڕایانکرد.*

٤٦٠ _ *هەموان خۆیان لە بەرپرسیارێتی دەدزیەوە.*



www.mukiryani.com

هەندێك كاری تر، كە پێویستییان بە بكەری ناوی و بەركاری ناڕاستەوخۆ(ی لەیی) هەیە: (مانەوە، ڕاكردن، خۆراپسكاندن، خۆپاراستن، ترسان، لێخۆشبوون، بیركردنەوە، ڕامان، بەرگری كردن، خواحافیزی كردن، ماڵئاوایی كردن، ڕۆیشتن، ...).

**٣/ ئەو كارانەی، كە پێویستییان بە بكەری ناوی و بەركاری ناڕاستەوخۆ(ی بۆیی) هەیە**

بەشێكی تری كارەكانی زمانی كوردی داوای بكەری ناوی و بەركاری ناڕاستەوخۆ(ی بۆیی) دەكەن. وەك/

٤٦١ _ *منداڵەكان ڕایانكرد بۆ ماڵەوە.*

٤٦٢ _ *لێژنەكە بەدواداچوونی بۆ دزیەكە كرد.*

**٤/ ئەو كارانەی، كە پێویستییان بە بكەری ناوی و بەركاری ناڕاستەوخۆ(ی لەگەڵی) هەیە**

بەشێكی تری كارەكانی زمانی كوردی داوای بكەری ناوی و بەركاری ناڕاستەوخۆ(ی لەگەڵی) دەكەن. وەك/

٤٦٣ _ *سەربازەكانمان لەگەڵ دوژمندا دەجەنگان.*

٤٦٤ _ *ئێمە لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبەردا قسەمان كرد.*

هەندێك كاری تر، كە پێویستییان بە بكەری ناوی و بەركاری ناڕاستەوخۆ(ی لەگەڵی) هەیە: (تێكەڵكردن، سازان، شەڕكردن، حەوانەوە، دوژمنایەتی كردن، دەنگەدەنگكردن، ...).

**٥/ ئەو كارانەی، كە پێویستییان بە بكەری ناوی و بەركاری ناڕاستەوخۆ(ی (ـە)یی) هەیە**

بەشێكی تری كارەكانی زمانی كوردی داوای بكەری ناوی و بەركاری ناڕاستەوخۆ(ی (ـە)یی) دەكەن. وەك/

٤٦٥ _ *منداڵەكە تاوی دایە بەردەكە.*

٤٦٦ _ *وەفدەكە گەیشتە هەولێر.*



www.mukiryani.com

**پ_ ئەو کارە دوو بارگەییانەی، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و تەواوکەری بکەر هەیە**

بەشێکی تری کارەکانی زمانی کوردی سەرەڕای بکەری ناوی داوای تەواوکەری بکەر دەکەن. وەکو/

٤٦٧ _ *قوتابییەکە زیرەکە.*

٤٦٨ _ *ژنەکە لەماڵەوەیە.*

٤٦٩ _ *ئەوەش لە خۆمانە.*

٤٧٠ _ *ئەوان کرێکارن.*

٤٧١ _ *تۆشبووی بە ئەو.*

٤٧٢ _ *تاقیکردنەوەکەنزیکبۆتەوە.*

٤٧٣ _ *ئاوەکە زۆرنەبوو.*

٤٧٤ _ *کچەکە بوو بە پەرستار.*

بە گشتی کاری بوونی ڕۆیشتوو و بوونی ئەنجامی لە ڕیزی ئەو کارە دوو بارگەییانەن، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و تەواوکەری بکەر هەیە.

**ت_ ئەو کارە دوو بارگەییانەی، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و ئاوەڵگوزارەیەك هەیە**

بەشێکی تری کارەکانی زمانی کوردی، جگە لە بکەری ناوی داوای بەرکاری ناڕاستەوخۆ(ی بۆیی) دەکەن. وەك/

٤٧٥ _ *ئاکار لە سلێمانی دەژیی.*

٤٧٦ _ *ئێمە لە هەولێر دادەنیشین.*

٤٧٧ _ *گفتوگۆکە دوو کاتژمێر درێژەدەکێشێ.*

٤٧٨ _ *سیمینارەکە سێ کاتژمێر دەخایەنێ.*

هەندێك کاری تر، کە پێویستییان بە بکەری ناوی وئاوەڵگوزارەیەك هەیە: (ڕەفتار کردن، هێنان، وەستان، فرۆشتن، ...).



www.mukiryani.com

**ج_ ئەو کارە دوو بارگەییانەی، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و بەرکارێکی خستنەسەر هەیە**

هەندێك لە کارەکانی زمانی کوردی، کە ئەوانیش بە گشتی کارە لێکدراوەکانن، سەرەڕای بکەری ناوی داوای بەرکارێکی خستنەسەریش دەکەن. وەك/

*٤٧٩ _ ئێمە باسی ئەوانمان دەکرد.*

*٤٨٠ _ قوتابییەکان وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستایان دایەوە.*

*٤٨١ _ ژنەکە هەر مەدحی مێردەکەی خۆی دەکرد.*

*٤٨٢ _ ڕێکار بەدوای شێرزاددا* چوو.

هەندێك کاری تر، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و بەرکارێکی خستنەسەر هەیە: کارەکانی (مۆڵەتدان، جورئەت هەبوون/کردن، داواکردن، بڕیاردان، فەرماندان/کردن، فەرمان دەرکردن، فێرکردن، یادکردنەوە، پڕکردن، گفتپێدان، بیرکردنەوە، ئارەزوو/حەزکردن، سوپاس کردن، پێشکەشکردن، پشتگیری کردن، بەرپەچ دانەوە، پیرۆزبایی لێ کردن، پێشبینی کردن، پێشنیازکردن، ئیزن/رووخسەت/مۆڵەت هەبوون، ئامۆژگاری کردن، ...).

**چ_ ئەو کارە دوو بارگەییانەی، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و پاڕستەی تەواوکەری هەیە**

گروپێکی تری کارەکانی زمانی کوردی لە ڕیزی ئەو کارانەدان، کە سەرەڕای بکەری ناوی داوای پاڕستەیەکی تەواوکەری دەکەن. وەکو/

*٤٨٣ _ من گوتم وەرنەوە.*

*٤٨٤ _ ئەو دەتوانێ بڕوات.*

هەندێك کاری تر، کە پێویستییان بە بکەری ناوی و پاڕستەی تەواوکەری هەیە: (زانین، بڕوا کردن، حەزکردن، ویستن، سوێندخواردن، بڕیاردان، وادانان، ترسان، گومان کردن، پێشبینی کردن، هەستکردن، بە بیرداهاتن، وێران، پێوابوون، توانین، واتێگەیشتن، دانان، خۆدەرخستن، ...)



www.mukiryani.com

**ح_ ئەو کارە دوو بارگەییانەی، کە پێویستییان بە بکەری پاڕستەیی و تەواوکەری بکەر هەیە**

چینێکی تری کارەکانی زمانی کوردی لە ڕیزی ئەو کارانەدان، کە سەرەڕای بکەری پاڕستەیی داوای تەواوکەری بکەریش دەکەن. وەکو/

*٤٨٥ _ پێویستە بڕۆین.*

*٤٨٦ _ ئومێدوایە، کە بگەڕێتەوە.*

*٤٨٧ _ باشترە ئێرە چۆلبکەین.*

*٤٨٨ _ دیارە، کە نایەیتەوە.*

*٤٨٩ _ ئاشکرایە، کە ناگەڕێتەوە.*

کاری پەیوەندیی (بوون)ی ڕۆیشتوو لەم جۆرەکارە دوو بارگەییانەیە، کە پێویستیی بە بکەری پاڕستەیی و تەواوکەری بکەر هەیە.

**چوارەم/ کاری سێ بارگەیی**

ئەو کارانەن، کە سێ بارگە دەخەن. بە واتایەکی تر، ئەو کارانەن، کە سەرەڕای بکەر(جا ناوی بێ ، یان پاڕستەیی) پێویستییان بە دوو تەواوکەری تر هەیە.

ئەم کارانە بە گوێرەی جۆری تەواوکەرەکانی بە سەر چەند گروپێکدا دابەش دەبن:

**أ_ ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکەن:**

*٤٩٠ _ دایکەکە ڕۆژانەی بەمنداڵەکەدا.*

*٤٩١ _ ئەوان ئێمەیان لە شەڕەکە ئاگادارکردەوە.*

ئەم کارانەش بە گوێرەی جۆری ئامرازی بەندی بەرکارە ناڕاستەوخۆکەیان دەبن بە چەند جۆرێکەوە:

**١// ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ی لەیی) دەکەن**

*٤٩٢ _ ئازاد هەواڵی تۆی لە من پرسی.*



www.mukiryani.com

هەندێك كاری تر، كە پێویستییان بە بکەری ناوی، بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ی لەیی) هەیە: (بیستن، لێکردنەوە، وەرگرتن، ڕاپۆرت لێدان، تێڕاکردن، تێڕاچوون، تێخستن، تێ هەڵسوون، پرسین، ترساندن، کڕین، دزین، بیستن، فێربوون، ئاگادارکردنەوە، ...).

**٢// ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ی بەیی) دەکەن**

**٤٩٣** _ *ئێمە تابلۆکەمان بە دیوارەکەوە هەڵواسی.*

هەندێك كاری تر، كە پێویستییان بە بکەری ناوی، بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ی بەیی) هەیە: (بەخشین، پێدانەوە، پێدان، گوتن، پیشاندان، دانان، پێداکردن، بایەخدان، چەسپاندن، بەستن، لکان، نوساندن، پێ سپاردن، فرۆشتن، گوتن، پێدان، ...).

**٣// ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ی بۆیی) دەکەن**

**٤٩٤** _ *باوکەکە هەزار دیناری بۆ ڕۆژانەی منداڵەکە زیادکرد.*

**٤٩٥** _ *دوو هەزاری بۆ بخەیتە سەر دەتوانێ پێڵاوەکە بکرێ.*

**٤// ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ی لەگەڵی) دەکەن**

**٤٩٦** _ *منداڵەکان ئاوەکەیان لەگەڵ نەفتەکەدا تێکەڵکردووە.*

**ب_ ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، بەرکار و تەواوکەری بەرکار دەکەن**

**٤٩٧** _ *من فەرهاد بەزیرەك دەزانم.*

**٤٩٨** _ *ئەوان تۆیان بەعاقڵ دادەنا.*

**٤٩٩** _ *من تۆ لە لوتکەی داهێنان دەبینم.*

هەندێك كاری تر، كە پێویستییان بە بکەری ناوی، بەرکار و تەواوکەری بەرکار هەیە: (ناونان، وتن، بانگکردن، ژماردن، حیسابکردن، لە قەڵەمدان، تێگەیشتن، زانین، هاتنەبەرچاو، گومانبردن/کردن، ناساندن، نیشاندان، گۆڕینەوە، لە قەڵەمدان، پێوابوون،



www.mukiryani.com

بیـــنین، کـــردن[یـــەکی دەکـــرد بـــە دوو]، دانـــان، تۆمـــارکردن، دانـــان[بەنـــەبووم دانـــابوو]، دیاری/دەستنیشان کردن، هەڵبژاردن، نرخاندن، پەروەردەکردن، ڕاهێنان، ...).

**پ_ ئەو کارانەی کەوا داوای بکەری ناوی، بەرکار و ئاوەڵگوزارە دەکەن**

*٥٠٠ _ من تۆ لە تاران جێدێڵم.*

هەندێك کاری تر، کە پێویستییان بە بکـەری نـاوی، بـەرکار و ئـاوەڵگوزارە هەیـە: (هێنان، هاویشتن، هەڵدان، بردن، پەروەردەکردن، لێـدان، نـاردن، دانـان، ڕاخسـتن، فرێـدان، کڕین، فرۆشتن، دڵدانەوە، دواخستن، ...)

**ت_ ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، بەرکار و پاڕستەی تەواوکەری دەکەن**

_ ئاگادارتان دەکەمەوە، کە نەهاتنی کۆتاییتان بۆ هاتووە.

هەندێك کاری تر، کە پێویستییان بە بکەری نـاوی، بـەرکار و پاڕسـتەی تەواوکـەری هەیە: (ئیزن دان، هاندان، بانگێشتکردن، بیـنین، هاتنەبەرچـاو، تـوانین، فێربـوون، بیسـتن، هەستکردن، سەلماندن، ...).

**ج_ ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی و دوو بەرکار دەکەن**

_ دایکەکە جلەکانی لە بەر منداڵەکە کرد.

هەندێك کاری تر، کە پێویستییان بە بکەری ناوی ودوو بەرکار هەیە: (لەچاوکردن، لە بەرداکەندن/لەبەرکردنەوە، لە سەرکردن، لە ملکردن، لە دەسـتکردن، لـە پێکـردن، لـە ئاوکردن، ...).

**چ_ ئـەو کارانـەی، کـە داوای بکـەری نـاوی و بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ و پاڕسـتەی تەواوکەری دەکەن**

_ وتەبێژی حکومەت بە هاوڵاتیانی ڕاگەیاند، کە بەیانی پشووی فەرمییە.

هەندێك کاری تر، کە پێویستییان بە بکەری ناوی، بەرکاری ناڕاستەوخۆ و پاڕسـتەی تەواوکەری هەیە: (گوتن، قەناعەت پێ کردن، تکاکردن، گفت پێـدان، لێبـوردن، داواکـردن،



www.mukiryani.com

بەڵێندان، قەولدان، گرەوکردن، پەیماندان، زۆرلێکردن، فەرمانــدان، پێشــنیازکردن، پاڕانــەوە، گرەوکردن، ڕێپێــدان، والیێ کــردن، جــەخت کردنــەوە، ئامــاژەکردن، فــەرمانکردن، مۆڵــەت وەرگرتن، مۆڵەت دان، پاڕانەوە، سوێندخواردن، یارمەتی دان، ...).

**ح_ ئــەو کارانــەی، کــە داوای بکــەری نــاوی و بــەرکاری ناڕاسـتەوخۆ و تەواوکــەری بەرکار دەکەن**

*٥٠١ _ من هەمیشە بەئازادم دەگوت ئازا.*

**خ_ ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، دوو بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکەن**

*٥٠٢ _ من لە هەولێرەوە چووم بۆ سۆران.*

*٥٠٣ _ ئەوان لە کەرکوکەوە هاتبوون بۆ هەولێر.*

*٥٠٤ _ من بۆ تەواوکردنی خانوەکە پێویستم بە تۆ هەیە.*

*٥٠٥ _ ئێمە بۆ گەشتەکەمان پێویستمان بە شەش ڕۆژ هەیە.*

زۆربەی ئەو کارانەی، کە جوڵانەوە(ڕۆیشتن)یان تێدایە لەم جۆرە کارانەن.

**د_ ئــەو کارانــەی، کــە داوای بکــەری نــاوی، بــەرکاری ناڕاســتەوخۆ و بــەرکاری خستنەسەر دەکەن**

*٥٠٦ _ ئەوان لە شەڕەکەدا یارمەتی ئێمەیان دا.*

*٥٠٧ _ ئێوە هەواڵی ئەوتان بەمندا.*

هەندێك کاری تر، کە پێویستییان بە بکەری ناوی، بەرکاری ناڕاســتەوخۆ و بــەرکاری خستنەسەر هەیە: (مۆڵەت دان، داواکردن، فەرماندان، ...).

**ر_ ئــەو کارانــەی، کــە داوای بکــەری نــاوی، بــەرکاری خستنەســەر، پاڕســتەی تەواوکەری دەکەن**

*٥٠٨ _ ئێمە سوپاسی ئێوە دەکەین، کە هاوکاریتان کردین.*



www.mukiryani.com

(ئامۆژگاری کردن، بەبیرهێنانـەوە، پشـتگیری کـردن، بانگێشـتکردن، یارمەتیـدان، مۆڵەت دان، ...).

**ز_ ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، بەرکار، تەواوکەری بکەر دەکەن**

*٥٠٩_ گەشتەکەمان شەش کاتژمێری پێویستە.*

**ژ_ ئەو کارانەی، کە داوای بکەری ناوی، بەرکار و بەرکاری خستنەسەر دەکەن**

*٥١٠_ مامۆستاکە قوتابییەکانی فێری ڕێزگرتن کردووە.*

**س_ ئەو کارە سێ بارگەییانەی، کە پێویستییان بـە بکـەری پاڕسـتەیی و بـەرکاری ناڕاستەوخۆ و تەواوکەری بکەر هەیە**

*٥١١_ بۆ ئێمە شەرمە، کە بچین بۆ ئەم جۆرە شوێنانە.*

*٥١٢_ لە چاوەکانترا دیارە، کە درۆ دەکەی.*

*٥١٣_ لاتان ئاشکرایە، کە ئێمە چیمان بۆ کردوون.*

**ش_ ئـەو کـارە سـێ بارگەییانـەی، کـە پێویسـتییان بـە بکـەری پاڕسـتەیی و دوو بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەیە**

*٥١٤_ بە پێی ئەم بەڵگانە بۆمان دەردەکەوێ، کە پیاوەکە تاوانبارە.*

*٥١٥_ لەم بەڵگانەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە چیت کردووە.*

**پێنجەم/ کاری چوار بارگەیی**

ئەو کارانەن، کە چوار بارگە دەخەن. بەو واتایەی، کە ئەو کارانەن سـەرەڕای بکـەری ناوی پێویستییان بە سێ تەواوکەری تر هەیە. ئەمانەش بە پێی جۆری تەواوکەرەکانیان دەبن بەچەند جۆرێکەوە:

**أ_ ئەو کارانەی، کە داوای بکەر، بەرکار، دوو بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکەن**

*٥١٦_ ئازاد کتێبەکانی لە هەولێرەوە برد بۆ هەڵەبجە.*



www.mukiryani.com

هەندێك كاری تر، كە پێویستییان بە بكەری ناوی، بەركار، دوو بەركاری ناڕاستەوخۆ هەیە: (ڕەوانكردن، ناردن، وەرگێڕان).


**ب_ ئەو كارانەی، كە داوای بكەر، دوو بەركاری ناڕاستەوخۆ و پاڕستەی تەواوكەری دەكەن**

*٥١٧ _ من لەگەڵ تۆدا لە سەر دوو ملیۆن مەرج دەكەم، كە بەیانی یاریەكە دەبەینەوە.*

*٥١٨ _ من لەگەڵ تۆدا لە سەر دوو ملیۆن گرەو دەكەم، كە بەیانی یاریەكە دەبەینەوە.*



www.mukiryani.com




**هێلکاریی ژمارە ٨**

**پۆلێنکردنی کارەکانی زمانی کوردی بە پێی ژمارە و جۆری بارگەکانیان**



www.mukiryani.com

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١- بۆ تایبەتمەندییەکانی کار بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (ڕەفیق شوانی ٢٠١١: ٥٠–٥١)؛ (وحیدیان کامیار ١٣٨٦: ٣٢)؛ (محەمەد عومەر عەول ٢٠١٠: ٣٣٠)؛ (احمدی گیوی ١٣٨٤: ٢-٤)؛ (مەحەمەدی مەحویی ٢٠١١ أ ٢٠١١: ٥٣–٥٤)؛ (طبیب زاده ١٣٨٥أ: ٦٧)؛ (مەحەمەدی مەحویی ٢٠١٠: ٢٥٤–٢٥٥)؛ (عەلی روخزادی ١٣٨٩: ٨٣)؛ (ئەوڕەحمان حاجی مارف ٢٠٠٠: ١٤)؛ (ئەحمەد ١٩٨٨: ١٩–٢٠)؛ (چگنی ١٣٨٢: ٤٧٥)؛ (ماهوتیان ١٣٨٤: ١٢٩).

٢- لێرەدا کار، بەواتای ئەو ناوە کارییەکەی ناو فەرهەنگ واتە کاری فەرهەنگی یا کاری بێ کات و کەســە دێت، نەك کارە کات و کەسدارەکان، کە گەردانکراون.

٣- هەموو یا زۆربەی ئەو زمانەوان و ڕێزماننووسانەی، کە باسی کاریان لە زمانی کوردیــدا کردووە، باسی ڕۆنانی کاریشیان کردووە.

٤- بۆ ئاگاداربوون لەپێشینەی نامە لە کاری لێکدراو بڕوانە:(یوسف شریف سعید ١٩٩٨: ١-١٦)

٥- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:(یوسف شریف سعید ١٩٩٨: ١–١٦)، (عومەر مەحموود کەریم ٢٠٠٤: ٤٧–٥١) و (محەمەد عومەر عەول ٢٠١٠: ٣٦٠– ٣٦٤)

٦– (یوسف شریف سعید ١٩٩٨: ١٧–٣٣)؛ (محەمەد عومەر عەول ٢٠١٠: ٣٦٠– ٣٦٤)

٧- لەتەوەرەی جۆرەکانی کار لەرووی ڕستەسازییەوە(و بەتایبەتی کاری پەیوەندی) بەدرێــژی باس لە کاری بوون دەکەین.

٨- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم پرۆسەیە بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:
(ارکان ١٣٨٥)، (حیدری تبریزی ١٣٩٠)، (دبیر مقدم ١٣٧٦)، (شقاقی ١٣٨٦)، (منصوری ١٣٨٦)، (Baker1988)، (Marianne 1984)، (Marianne 1986)، (Rosen 1989).

٩- ئەمە لەزمانی کوردی(کرمانجی خواروو)دا نییە.



www.mukiryani.com

١٠- ئەم جۆرە کارە، کاری بەستێنەریشی پێدەگوترێ(مەحەمەدی مەحویی ٢٠١١ أ ٢٠١١: ٢١٣-٢١٤)

١١- ئاشکرایە، کە شوێنی ئەم کلیتیکە لەکاتی بوونی بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ و .... دەگۆڕێت.

١٢- لەزمانی ئیسپانی و هەموو ئەو زمانانەی، کە بکەرەکەیان دەکرتێت، ناکرێ بکەر لەگەڵ ئەو جۆرە کارانە دەربکەوێ.(Allerton 2006:307)

١٣- مەبەست لە ڕستەی بێ نیشان ئەو ڕستەیە، کە شوێنگۆڕکێ بەکەرەسەکانی نەکراوە. بە واتایەکی تر، بەپرۆسەی بەلوتکەکردن( و ئەو پرۆسە ڕستەسازییانەی تر، کە دوای جێبەجێکردنیان) دا تێنەپەڕیون.

١٤- بۆ جیاکردنەوەی بەرکار لە بەرکاری خستنەسەر بڕوانە بەرکاری خستنەسەر ل ٩٩-١٠٤ ؛ و بۆ جیاکردنەوەی بەرکار لە تەواوکەری بەرکار بڕوانە تەواوکەری بەرکار ل ١١٧-١١٨ی ئەم نامەیە.

١٥- هەرچەندە لای هەندێ زمانەوان و ڕێزماننووسی کورد، هەر ئاوەڵکارێك، کە بچێتە نێو ڕستەوە، پێی دەڵێن ئاوەڵگوزارە. بەڵام ئێمە بۆ ئەو ئاوەڵکارانەی، کە دەبن بە سەربار، هەر زاراوەی ئاوەڵکار بەکاردێنین و زاراوەی ئاوەڵگوزارە بۆ ئەو ئاوەڵکارە خورتییانە بەکاردێنین، کە تەواوکەری کارن.

١٦- بۆ نموونە بڕوانە ئەو سەرچاوانەی لەپەراوێزی یەکەمی (قەیس کاکل توفیق ٢٠٠٤: ٢٢) دراون.

١٧- ئەم کارە لەکتێبەکانی ڕێزمان و نامە زمانەوانی و ڕێزمانییەکاندا، زاراوەی کاری ناتەواو، بێهێز، یاریدەدەریشی پێوتراوە. بەڵام ئێمە لەبەر دوو هۆ زاراوەی کاری پەیوەندی بەدروستتر دەزانین:

أ- کاری پەیوەندی، پەیوەندی لە نێوان بکەر و تەواوکەری بکەردا دروست دەکات(کە ئەمە لەجۆرەکانی تری کاردا بوونی نییە).



www.mukiryani.com

ب- وەك لە(**١-٢-٢-٣**) ئاماژەی بۆ کرا کاری یاریدەدەر تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیایە لەکاری پەیوەندی.

١٨- دەبێ ئاگاداری ئەوە بین، کە ئەم ڕستانە بەواتای (ئەوە ئەوە؛ ئەو ئازادە؛ ئەو مەبەستە؛ ئەو نازدار بوو.) نایەن.

١٩- **یەك بارگەیی:** بکەر، **دوو بارگەیی:** بکەر + بەرکار، بکەر + ئاوەڵگوزارە، بکەر + تەواوکەر،

**سێ بارگەیی:** بکەر + بەرکار + تەواوکەر، بکەر + بەرکار + ئاوەڵگوزارە، بکەر + بەرکار + بەرکار(ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ٢٠١٠: ١٦٢-١٦٣)

٢٠- **یەك بارگەیی:** کارا، **دوو بارگەیی:** بکەر + بەرکار، **سێ بارگەیی:** بکەر + بەرکار١ + بەرکار٢(**طالب حسين علي ٢٠٠٩: ٢٣–٢٤**)

٢١- لێرەدا بکەر وەك بارگەی کار ڕەچاونەکراوە.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

## ٣- ڕۆنانە بنجییەکان لە زمانی کوردیدا

دوابەدوای ئەوەی، کە لە بەشی رابردوودا جۆری کارەکانی زمـانی کوردیمـان لـەرووی ڕستەسازییەوە، واتە لەرووی توانـای وەرگـرتن و وەرنـەگرتنی تەواوکـەرەوە، دیـاری کـرد، هەروەها جۆر و ژمارەی تەواوکەرەکانی کـاری زمـانی کوردیشـمان دەستنیشـانکرد، ئێسـتا دەتوانرێ ڕۆنانە بارگەخستنییەکانی کاری زمـانی کـوردی دیـاری بکـرێ، دواتـریش ڕۆنانـە بنجییەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکرێ.

ڕۆنانە بنجییەکان ئەرکی ڕێزمانیی تەواوکەرەکانی کاری سەرەکیی ڕستە پێشاندەدەن. ئەم ڕۆنانە بنجییانەش بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو جۆری ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان(یا فەرهەنگییەکان) و ڕۆنانە بنجییە داڕێژراو(فەرهـەنگی-رستەسازی)ـەکاندا دابـەش دەبـن. ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی هـەر ڕسـتەیەکیش بریتییـە لـە کـاری سـەرەکیی ئـەو ڕسـتەیە و تەواوکەرە خورتی و سەرپشکییەکانی کارەکـە. ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەکیش بـەپێی ڕۆنـانی بارگەخستنیی کاری سەرەکیی هەمان ڕستەیە، لە فەرهەنگدا، واتـە بـەر لـەوەی بێتـە نـاو ڕستەوە، دیاری دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆنانی بنجیی سەرەکی هەر ڕسـتەیەك چەمکێکی فەرهەنگییە. بۆ ئەوەی ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکانی هەر ڕستەیەکیش لـەزمانی کوردیدا دیاری بکرێ، سەرەتا پێویستە ڕۆنانە بارگەخستنییەکانی کارە سـەرەکییەکەی ئـەو ڕستەیە دەستنیشان بکرێ. بەواتایەکی تر تـاکو ڕۆنانـە بارگەخسـتنییەکانی کـار لـەزمانی کوردیدا دیاری نەکرێ ناتوانرێ ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان لەزمانی کوردیدا دیاری بکـرێ. هەروەها تاکو ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکانی زمانی کوردی دیـاری نـەکرێ نـاتوانرێ ڕۆنانـە بنجییە داڕێژراوەکان دەست نیشان بکرێ.

ژمـارەی ڕۆنـانی بنجییـە سـەرەکییەکان لـە هـەر زمانێکـدا دیـاریکراوە و هـەر ڕسـتەیەکیش لـە هـەر زمانێکـدا بگیریـن دەچـێتەوە سـەر یـەکێك لـە ڕۆنـانی بنجییـە سەرەکییەکانی ئەم زمانە. لەبەرئـەوەی کـە ڕۆنانـە بنجییـە داڕێژراوەکانـە بـەهۆی هەنـدێ پرۆسەی ڕستەسازییەوە کە بەسەر ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکاندا دێت دێنە کایەوە و هەروەها



www.mukiryani.com

ژمارەی پرۆسە ڕستەسازییەکانی هەر زمانێکیش دیاریکراوە بۆیە ژمارەی ڕۆنانی بنجییە داڕێژراوەکانیش هەروەکو ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان دیاریکراودەبێت. بەهۆی ئەو سنووردارییەی کە هەریەکە لە ڕۆنانە بنجییە سەرەکی و ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان لە هەر زمانێکدا هەیانە، منداڵ لەماوەیەکی کورتدا دەتوانێ فێری ئەو زمانە بێت کە دەوروبەرەکەی قسەی پێدەکەن.

سەرەتا ڕۆنانە بارگەخستنییەکانی کار لەزمانی کوردیدا خراونەتە ڕوو و پاشان ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکانی زمانی کوردی و دواتر ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکانی زمانی کوردی دیاری کراون.

ڕۆنانە بارگەخستنییەکانی کار بابەتێکی زەینییە و ئەوە پێشان دەدات کە کارێك لەگەڵ چەند تەواوکەردا و لەگەڵ چ تەواوکەرێکیشدا لەرستەدا دەردەکەوێت.(طبیب زادە ١٣٨٥أ: ٢٠٠) بەو واتایەی، کە بۆ هەر کارێك لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەتوانرێ وێنەیەکی زەینی بخرێتە ڕوو کە تیایدا چۆنیەتیی دەرکەوتنی ئەم کارە لەرستە جۆراوجۆرەکاندا پێشاندەدات، ئەم وێنە زەینییەش پێی دەوترێ ڕۆنانی بارگەخستنیی کار. ڕۆنانی بارگەخستنی کار لەفەرهەنگدا(جا فەرهەنگەکە زەینی یان فەرهەنگی نوسراو و یان فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بێت) لەتەك کارەکەدا دەردەکەوێت و زانیارییە ڕستەسازییەکانی ئەو کارە لەرووی ژمارە و جۆری ئەو تەواوکەرانەی کە دەتوانێت یان خود دەبێت لە ڕستە جۆراوجۆرەکاندا بیخات، نیشان دەدات.(طبیب زادە ١٣٨٥أ: ٢٠١) بەو واتایەی کە کۆی تەواوکەرە خورتی و سەرپشکییەکانی هەر کارێك، ڕۆنانی بارگەخستنی ئەو کارە پێکدێنن. دەتوانرێ لەرێگەی ژمارەیەك نیشانەی کورتکراوە و هێماوە ڕۆنانە بارگەخستنیەکان پێشان بدرێ:

١_ ڕۆنانی بارگەخستنیی هەر کارێك لەنێو جووت کەوانەیەکدا " < > "، کە تیایدا هەموو زانیارییە ڕستەسازییە پێویستەکانی کارەکە تۆماردەکرێت، پێشان دەدرێ:

نوستن: < ب>

٥١٩_ *منداڵەکە نوست.*

ڕۆنانی بارگەخستنیی کاری (نوستن) پێمان دەڵێت کاری (نوستن) تەنها پێویستی بەبکەرێکی ناوی هەیە.



www.mukiryani.com

٢_ بۆ جیاکردنەوەی تەواوکەرە سەرپشکی و خورتییەکان، تەواوکەرە سەرپشکییەکان دەخرێنە نێو کەوانەوە " ( ) ":

بەڵێندان: < ب، (بەرنا<<ی بەیی>>، پات>

*٥٢٠ _ من بەڵێنم بەتۆ داوە کە داتبمەزرێنم.*

ڕۆنانی بارگەخستنیی کاری (بەڵێندان) دەری دەخات کە کاری (بەڵێندان) پێویستی بەبکەرێکی ناوی و بەرکارێکی ناڕاستەوخۆی سەرپشکی و پاڕستەیەکی تەواوکەری هەیە. خستۆتە نێو دوو کەوانەی بەرکارە ناڕاستەوخۆکەش ئەوە دەگەیەنێ کە تەواوکەرێکی سەرپشکییە.

٣_ تەواوکەرەکانی کار بە شێوەی هێمای کورتکراوە تۆماردەکرێن.

٤_ ئەگە کارێك زیاتر لە تەواوکەرێکی پێویست بێ ئەوا تەواوکەرەکان بە کۆما " ، " لەیەکتر جیادەکرێنەوە:

کردنەوە: < ب، بەر>

*٥٢١ _ سازان دەرگاکەی کردەوە.*

٥_ هەندێك جار کارێك لەنێوان دوو تەواوکەردا دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێ، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە هێڵێکی لار واتە " / " وەردەگیرێ:

وەڵام دانەوە: < ب، بەر/ ب، بەرخ>

*٥٢٢ _ سۆزان پرسیارەکانی وەڵام دایەوە.*

*٥٢٣ _ سۆزان وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.*

٦_ بۆ دیاری کردنی جۆری بەرکارە ناڕاستەوخۆکانیش سوود لە جووت کەوانەی بچووك " << >> " وەردەگیرێ:

پاراستن: < ب، بەر، (بەرنا<<ی لەیی>> >



www.mukiryani.com

## ٣-١- ڕۆنانە بارگەخستنییەکانی کار لە زمانی کوردیدا

لێرەدا هەوڵدەدەین ڕۆنانی بارگەخستنیی هەندێ کاری جیاواز لەرووی ڕۆنانی بارگەخستنییەوە لە زمانی کوردیدا بخەینە روو و دوای ئەویش ڕۆنانە بنجییەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکەین:

- نوستن: < ب>

*٥٢٤ _ منالّەکە نوست.*

- بوون: < بپا>

*٥٢٥ _ دەبێت بڕۆین.*

- وەڵام دانەوە: < ب، بەر/ ب، بەرخ>

*٥٢٦ _ من پرسیارەکانم وەڵام دایەوە.*

*٥٢٧ _ من وەڵامی تۆم دایەوە.*

- هەڵبژاردن: < ب، بەر/ ب، بەر، تبەر>

*٥٢٨ _ ئارێز تەماتەکانی هەڵبژاردووە.*

*٥٢٩ _ ئەوان تۆیان بە مامۆستا هەڵبژارد.*

- فرۆشتن: < ب، بەر، (بەرنا<<ی بەیی>>>

*٥٣٠ _ دوکاندارەکە چپسەکانی بەمناڵەکە فرۆشت.*

- ویستن: < ب، بەر/ ب، پات>

*٥٣١ _ کارەکان ماندووبوونیان دەوێ.*

*٥٣٢ _ ئاکام دەیەوێت ژنبێنێت.*

- حیسابکردن: < ب، بەر/ ب، بەر، تبەر/ ب، بەرخ، بەرنا<<ی بۆیی>> >

*٥٣٣ _ بازرگانەکە هەموو شەوێك پارەکانی حیسابدەکات.*

*٥٣٤ _ سەرۆك بەش تۆی بەقوتابی حیسابکردبوو.*



www.mukiryani.com

***٥٣٥ _ من حیسابی پیاوم بۆ تۆ کردبوو.***

- بیستن: < ب، بەر، (بەرنا<<ی لەیی>>/ ب، بەر، پات>

***٥٣٦ _ ئارەزوو قسەکانی لەتۆ بیستبوو.***

***٥٣٧ _ هاوژین لەتۆی بیستووە کە باوکی کوژراوە.***

- ناردن: < ب، بەر، (بەرنا<<ی بەیی>>، (بەرنا<<ی بۆیی>>>

***٥٣٨ _ هونەر کتێبەکانی بەشیرازدا نارد بۆ سکالا .***

- ترسان: < ب، (بەرنا<<ی لەیی>>/ ب، پات>

***٥٣٩ _ سەربازەکان لەشەڕ نەدەترسان.***

***٥٤٠ _ نەخۆشەکە دەترسا بمرێت.***

- تێکەڵکردن: < ب، بەر، بەرنا<<ی لەگەڵی>>/ ب، بەر، بەرنا<<ی بـەیی>> <

***٥٤١ _ هاوڕێ نانەکە لەگەڵ سەموونەکاندا تێکەڵ ناکات.***

***٥٤٢ _ هاوڕێ قسەکانی منی تێکەڵ بە قسەکانی ئازاد ناکات.***

- گفتپێدان: < ب، (بەرنا<<ی بەیی>>، پات/ ب، بەرخ، (بەرنا<<ی بەیی>>>

***٥٤٣ _ باوکت گفتی بەتۆ دابوو کە پایسکلەکەت بۆ بکڕێ.***

***٥٤٤ _ هاوڕێکەی باوکت گفتی دامەزراندنی بەتۆ دابوو.***

- ئامۆژگاری کردن: < ب، بەرخ/ ب، بەرخ، پات>

***٥٤٥ _ کامەران ئامۆژگاری براکانی دەکرد.***

***٥٤٦ _ کامەران ئامۆژگاری براکانی دەکرد کە باش بخوێنن.***

- بڕیاردان: <ب، بەرخ/ ب، پات>

***٥٤٧ _ هاوسەر بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی دا.***

***٥٤٨ _ هاوسەر بڕیاری دا کە دەستلەکاربکێشێتەوە.***

- فێربوون: < ب، (بەرنا<<ی لەیی>>، پات/ ب، (بەرنا<<ی لەیی>>، بەرخ>

***٥٤٩ _ من لەئێوەوە فێربووم کە لێبوردەبم.***

***٥٥٠ _ من لەئێوەوە فێری لێبوردەیی بووم.***



www.mukiryani.com

- تێگەیشتن: < ب، پات/ ب، بەر، تبەر>

*٥٥١ _ تێگەیشتم کە نابێ باوەڕت پێبکەم.*

*٥٥٢ _ مامۆستا تۆ بەزیرەك تێگەیشتبوو.*

- حەزکردن: < ب، پات/ ب، (بەرنا<<لەیی>>/ ب، (بەرنا<<بەیی>>>

*٥٥٣ _ حەزناکەم بڕۆم.*

*٥٥٤ _ حەز لەم کارانە ناکەم.*

*٥٥٥ _ حەز بەم کارانە ناکەم.*

- هەستکردن: < ب، بەرنا<<ی بەیی>>/ ب، پات>

*٥٥٦ _ من هەست بەگەرمی دەکەم.*

*٥٥٧ _ من هەست دەکەم کە لەشم گەرمە.*

- سوێندخواردن: < ب، (بەرنا<<ی بەیی>>، پات>

*٥٥٨ _ سوێند بەقورئان دەخۆم کە من ئەم کارەم نەکردووە.*

- هاتنەبەرچاو: < بپا/ ب، تب/ ب، بەر، پات>

*٥٥٩ _ وادێتەبەرچاو کە هەرگیز نەخۆش نەبوبێ.*

*٥٦٠ _ تۆ نەخۆش دێیتەرچاو.*

*٥٦١ _ وادێیتە بەرچاوم کە هەرگیز نەمبینیبیت.*

- زانین: < ب، بەر/ ب، پات/ ب، بەر، تبەر>

*٥٦٢ _ ئەو پیاوە هەموو شتێك دەزانێ.*

*٥٦٣ _ وامزانی نەخۆشبووی.*

*٥٦٤ _ مامۆستا ئێوەی بەنموونەی پۆل دەزانی.*

- بینین: < ب، بەر/ ب، بەر، تبەر/ ب، پات>

*٥٦٥ _ ئەوان تۆیان بینیوە.*

*٥٦٦ _ من تۆ باش دەبینم.*

*٥٦٧ _ دەبینم کە نەخۆشی.*

- نیشاندان: < ب، بەر، تبەر/ ب، بەر، بەرنا<<ی بەیی>>/ ب، بەر، بەرخ>



www.mukiryani.com

*٥٦٨ _ شاناز خۆی بەپیاو نیشاندابوو.*

*٥٦٩ _ ئەوان بەشە ناوخۆییەکەیان بەقوتابییەکە نیشاندا.*

*٥٧٠ _ ئەوان بەشە ناوخۆییەکەیان نیشانی قوتابییەکە دا.*

- بانگکردن: < ب، بەرخ/ ب، بەر/ ب، بەر، تبەر>

*٥٧١ _ باوکت بانگی تۆی دەکرد.*

*٥٧٢ _ باوکت تۆی بانگ دەکرد.*

*٥٧٣ _ باوکت تۆی بەگیانە بانگ دەکرد.*

- پشتگیری کردن: < ب، بەرخ/ ب، (بەرنا<<ی لەیی>>/ ب، بەرخ، پات>

*٥٧٤ _ ئێمە پشتگیریی تۆ دەکەین.*

*٥٧٥ _ ئێمە پشتگیری لەتۆ دەکەین.*

*٥٧٦ _ ئێمە پشتگیریی تۆ دەکەین کە خۆت هەڵبژێری.*

- فەرماندان: < ب، (بەرنا<<ی بەیی>>، پات/ ب، (بەرنا<<ی بەیی>>، بەرخ>

*٥٧٧ _ بەرێوەبەر فەرمانی بە سکرتێرەکی دا کە هەموو فەرمانبەرەکان بانگ بکات.*

*٥٧٨ _ سەرۆکی وڵات فەرمانی هێرشکردنی بە سەربازەکان دا.*

- یارمەتیدان: < ب، بەرخ/ ب، بەرخ، پات>

*٥٧٩ _ من یارمەتی تۆم دا.*

*٥٨٠ _ براکەت یارمەتیی ئێوە دەدات کە برۆن بۆ دەرەوە.*

- هاتن: < بپا، ئا/ ب، ئا/ ب، (بەرنا<<ی لەیی>>، (بەرنا<<ی بۆیی>>>

*٥٨١ _ لەقورئاندا هاتووە کە ریزی دایك و باوکتان بگرن.*

*٥٨٢ _ ئەم وتەیە لەفەرموودەدا هاتووە.*

*٥٨٣ _ ئەوان لەهەولێرەوە بۆ سلێمانی هاتوون.*

- داواکردن: < ب، بەر/ ب، (بەرنا<<ی لەیی>>، پات/ ب، (بەرنا<<ی لەیی>>، بەرخ>

*٥٨٤ _ من پیتزام داوا کردبوو.*



www.mukiryani.com

٥٨٥ _ من داوام لەتۆ کردبوو کە پیتزام بۆبێنی.

٥٨٦ _ من داوای پیتزام لەتۆ کردبوو.

○ دانان: < ب، پات/ ب، بەر، (بەرنا<<ی لەیی>>/ ب، بەر، تبەر >

٥٨٧ _ وام داناوە کە هەموو قوتابیەکان بۆ ئاهەنگەکە بانگێشت بکەین.

٥٨٨ _ من گوڵدانەکەم لەسەر مێزەکەدا دانابوو.

٥٨٩ _ ئەوان تۆیان بە زیرەك دانابوو.

○ بانگێشتکردن: < ب، بەر، (بەرنا<<ی بۆیی>>/ ب، بەر، پات/ ب، بەرخ، پات/ ب، بەرخ، (بەرنا<<ی بۆیی>>>

٥٩٠ _ سازگار ئێوەی بۆ ئاهەنگەکە بانگێشکردووە.

٥٩١ _ سازگار ئێوەی بانگێشکردووە کە بۆ ئاهەنگەکە بچن.

٥٩٢ _ سازگار بانگێشتی ئێوەی کردووە کە بۆ ئاهەنگەکە بچن.

٥٩٣ _ سازگار بانگێشتی ئێوەی کردووە بۆ ئاهەنگەکە.

○ دەرکەوتن: < ب/ بپا، (بەرنا<<ی لەیی>>، (بەرنا<<ی بۆیی>>/ بپا، (بەرنا<<ی بەیی>>، (بەرنا<<ی بۆیی>>>

٥٩٤ _ مانگ دەرکەوت.

٥٩٥ _ لەم بەڵگانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کێ تاوانبارە.

٥٩٦ _ بەپێی ئەم بەڵگانە بۆمان دەردەکەوێت کە کێ تاوانبارە.

○ گوتن: < ب، پات/ ب، بەر، (بەرنا<<ی بەیی>>/ ب، (بەرنا<<ی بەیی>>، پات/ ب، (بەرنا<<ی بەیی>>، تبەر>

٥٩٧ _ گوتم کە ناگەڕێینەوە.

٥٩٨ _ ئەوان هەموو قسەکانیان بەتۆ گوت.

٥٩٩ _ ئێمەش بە ئەوانمان گوتن کە نایەینەوە.

٦٠٠ _ هەموو قوتابییەکان بە بەڕێوەبەریان دەگوت مامۆستا.

○ هاندان: < ب، بەر، (بەرنا<<ی بۆیی>>/ ب، بەرخ، (بەرنا<<ی بۆیی>>/ ب، بەرخ، پات/ ب، بەر، پات>



www.mukiryani.com

*٦٠١ _ ئەوان منداڵەکانیان هانداوە بۆ ئەم جۆرە کارانە.*

*٦٠٢ _ ئەوان هانی منداڵەکانیان داوە بۆ ئەم جۆرە کارانە.*

*٦٠٣ _ ئەوان هانی منداڵەکانیان داوە کە ئەم جۆرە کارانە بکەن.*

*٦٠٤ _ ئەوان منداڵەکانیان هانداوە کە ئەم جۆرە کارانە بکەن.*

ڕۆنانی بارگەخستنیی کارەکانی سەروو بۆمان دەردەخات، کە زۆربەی زۆری کارەکان زیاتر لە دەرکەوتەیەکی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێ لە تەواوکەرەکان سەرپشکیین، و هەندێکی تر تەواوکەری تر شوێنیان دەگرنەوە:

- هاندان: < ب، بەر، (بەرنا<<ی بۆیی>>/ ب، بەرخ، (بەرنا<<ی بۆیی>>/ ب، بەر، پات/ ب، بەرخ، پات>

ڕۆنانی بارگەخستنیی کاری (هاندان) شەش ڕستەی ڕێتێچوو روون دەکاتەوە:

*٦٠٥ _ ئەوان منداڵەکانیان هانداوە.*

*٦٠٦ _ ئەوان هانی منداڵەکانیان داوە.*

*٦٠٧ _ ئەوان منداڵەکانیان هانداوە بۆ ئەم جۆرە کارانە.*

*٦٠٨ _ ئەوان هانی منداڵەکانیان داوە بۆ ئەم جۆرە کارانە.*

*٦٠٩ _ ئەوان هانی منداڵەکانیان داوە کە ئەم جۆرە کارانە بکەن.*

*٦١٠ _ ئەوان منداڵەکانیان هانداوە کە ئەم جۆرە کارانە بکەن.*

بە هەریەکە لەو ئەگەرە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕۆنانی بارگەخستنیی کاردا بوونیان هەیە، دەڵێین ڕۆنانی بنجیی سەرەکی و لەنێو دوو هێڵی ستوونی(||ڕۆنانی بنجی||) دا پێشانی دەدەین. کەواتە ئەم ڕۆنانە بارگەخستنیەی خواروو شەش ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی هەیە:

- هاندان: < ب، بەر، (بەرنا<<ی بۆیی>>/ ب، بەرخ، (بەرنا<<ی بۆیی>>/ ب، بەر، پات/ ب، بەرخ، پات>

أ_ || ب، بەر||

ب_ || ب، بەر، (بەرنا<<ی بۆیی>>||

پ_ || ب، بەرخ ||

ت_ || ب، بەرخ، (بەرنا<<ی بۆیی>>||



www.mukiryani.com

ج_ || ب، بەر، پات ||
چ_ || ب، بەرخ، پات ||

بــە دەستنیشـــانکردنی ڕۆنـــانی بارگەخســـتنیی (٣٨٣) کـــار (٣٣) ڕۆنـــانی بارگەخستنیمان دۆزیەوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- < ب>
٢- < بپا>
٣- < ب، بەر/ ب، پات>
٤- < ب، بەر/ ب، بەرخ>
٥- < ب، بەرخ/ ب، پات>
٦- < ب، بەر/ ب، بەر، تبەر>
٧- < ب، پات/ ب، بەر، تبەر>
٨- < ب، بەرخ/ ب، بەرخ، پات>
٩- < بپا/ ب، تب/ ب، بەر، پات>
١٠-< ب، بەر، (بەرنا<< بەیی>>>
١١-< ب، (بەرنا<< بەیی>>، پات>
١٢-< ب، بەرنا<< بەیی>>/ ب، پات>
١٣-< ب، بەر/ ب، بەر، تبەر/ ب، پات>
١٤-< ب، بەر/ ب، پات/ ب، بەر، تبەر>
١٥-< ب، (بەرنا<< لەیی>>/ ب، پات>
١٦-< ب، بەرخ/ ب، بەر/ ب، بەر، تبەر>
١٧-< ب، بەر، (بەرنا<< لەیی>>/ ب، بەر، پات>
١٨-< ب، بەرخ/ ب، (بەرنا<< لەیی>>/ ب، بەرخ، پات>
١٩-< ب، بەر، (بەرنا<< بەیی>>، (بەرنا<< بۆیی>>>
٢٠-< ب، پات/ ب، بەر، (بەرنا<< لەیی>>/ ب، بەر، تبەر >
٢١-< ب، بەر/ ب، بەر، تبەر/ ب، بەرخ، بەرنا<< بۆیی>> >



www.mukiryani.com

٢٢-< ب، بەر، تبەر/ ب، بەر، بەرنا<< بەیی>>/ ب، بەر، بەرخ>

٢٣-< ب، پات/ ب، (بەرنا<< لەیی>>/ ب، (بەرنا<< بەیی>>>

٢٤-< ب، بەر، بەرنا<< لەگەڵی>>/ ب، بەر، بەرنا<< بەیی>> >

٢٥-< بپا، ئا/ ب، ئا/ ب، (بەرنا<< لەیی>>، (بەرنا<< بۆیی>>>

٢٦-< ب، (بەرنا<< لەیی>>، پات/ ب، (بەرنا<< لەیی>>، بەرخ>

٢٧-< ب، (بەرنا<< بەیی>>، پات/ ب، (بەرنا<< بەیی>>، بەرخ>

٢٨-< ب، (بەرنا<< بەیی>>، پات/ ب، بەرخ، (بەرنا<< بەیی>>>

٢٩-< ب، بەر/ ب، (بەرنا<< لەیی>>، پات/ ب، (بەرنا<< لەیی>>، بەرخ>

٣٠-< ب، بەر، (بەرنا<< بۆیی>>/ ب، بەر، پات/ ب، بەرخ، پات/ ب، بەرخ، (بەرنا<< بۆیی>>>

٣١-< ب، بەر، (بەرنا<< بۆیی>>/ ب، بەرخ، (بەرنا<< بۆیی>>/ ب، بەرخ، پات/ ب، بەر، پات>

٣٢-< ب/ بپا، (بەرنا<< لەیی>>، (بەرنا<< بۆیی>>/ بپا، (بەرنا<< بەیی>>، (بەرنا<< بۆیی>>>

٣٣-< ب، پات/ ب، بەر، (بەرنا<< بەیی>>/ ب، (بەرنا<< بەیی>>، پات/ ب، (بەرنا<< بەیی>>، تبەر>



www.mukiryani.com

## ٣-٢- جۆرەکانی ڕۆنانە بنجییەکان لە زمانی کوردیدا

دوابــەدوای دەستنیشــانکردنی ڕۆنانــە بارگەخســتنییەکان ئێســتا دەتــوانرێ ڕۆنانــە بنجییەکان و جۆرەکانی دەستنیشان بکرێ. ســەرەتا ڕۆنانــە بنجییــە ســەرەکییەکان و دواتــر ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان دەستنیشان دەکرێ.

### ٣-٢-١- ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان لە زمانی کوردیدا

ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان لە هەر زمانێکدا ژمارەیان سنووردارە. لێرەشدا، لــەژێر ڕۆشــنایی ڕۆنــانی بارگەخســتنیی کارەکــانی پێشــوو، بەشــێکی زۆری ڕۆنانــە بنجییــە سەرەکییەکانی زمانی کوردی دیاری کراون، گومان لەوەدا نییــە، کــە بــە دەستنیشــانکردنی ڕۆنانی بارگەخستنیی کاری تری زمانی کوردی ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی تریش دەدۆزرێتــەوە. بەگشتی ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان لەزمانی کوردیدا دەبن بە دوو گروپەوە:

#### ٣-٢-١-١- ئەو ڕۆنانە بنجییە سەرەکییانەی، کە بەهۆی کاری بکەردیارەوە دروست دەبن

**یەکەم/ ڕۆنانە بنجییە سەرەکییە یەك بارگەییەکان**

١/ ||ب||[١]

**٦١١** _ *منالەکە نوست.*

٢/ ||بپا||

**٦١٢** _ *دەبێت بڕۆین.*

---

[١] - لەبەرئەوەی بوونی کار لە رۆنــانی بنجیــی هــەر ڕســتەیەکدا، جــا ســەرەکی بێــت یــا داڕێــژراو، خورتییە، بەپێویستی نازانرێ لە نێو رۆنانە بنجییەکاندا بنووسرێت.



www.mukiryani.com

**دووەم/ ڕۆنانە بنجییە سەرەکییە دوو بارگەییەکان**

١/ ||ب، بەر||

٦١٣ _ *من پرسیارەکانم وەڵام دایەوە.*

٢/ || ب، بەرنا<<ی بۆیی>>||

٦١٤ _ *ئەوان بۆ سلێمانی هاتوون.*

٣/ ||ب، بەرخ||

٦١٥ _ *من وەڵامی تۆم دایەوە.*

٤/ ||ب، بەرنا<<ی لەیی>>||

٦١٦ _ *سەربازەکان لە دوژمن نەدەترسان.*

٥/ ||ب، بەرنا<<ی بەیی>>||

٦١٧ _ *حەز بەم کارانە ناکەم.*

٦/ ||ب، پات||

٦١٨ _ *ئاکام دەیەوێت ژن بێنێت.*

٧/ ||ب، تب||

٦١٩ _ *سازان زیرەکە.*

٨/ ||ب، ئا||

٦٢٠ _ *ئەم وتەیە لە فەرموودەدا هاتووە.*

٩/ ||بپا، ئا||

٦٢١ _ *لەقورئاندا هاتووە کە ریزی دایك و باوکتان بگرن.*

**سێیەم/ ڕۆنانە بنجییە سێ بارگەییەکان**

١/ || ب، بەر، بەر||

٦٢٢ _ *دایکەکە جلەکانی لەبەر منداڵەکە کرد.*

٢/ ||ب، بەر، بەرنا<<ی بەیی>>||

٦٢٣ _ *ئەوان هەموو قسەکانیان بەتۆ گوت.*



www.mukiryani.com

٣/ ||ب، بەر، بەرنا<<ی لەیی>>||

٦٢٤ _ *ئارەزوو قسەکانی لەتۆ بیستبوو.*

٤/ ||ب، بەر، بەرنا<<ی لەگەڵی>>||

٦٢٥ _ *هاورێ نانەکە لەگەڵ سەموونەکاندا تێکەڵ ناکات.*

٥/ ||ب، بەر، پات||

٦٢٦ _ *ئەوان مناڵەکانیان هانداوە کە ئەم جۆرە کارانە بکەن.*

٦/ ||ب، (بەرنا<<ی بەیی>>، پات||

٦٢٧ _ *باوکت گفتی بەتۆ دابوو کە پایسکلەکەت بۆ بکڕێ.*

٧/ ||ب، بەرنا<<ی لەیی>>، پات||

٦٢٨ _ *من لەئێوەوە فێربووم کە لێبوردەبم.*

٨/ ||ب، بەر، بەرنا<<ی بەیی>>||

٦٢٩ _ *ئەوان مناڵەکانیان بەپشیلە دەترساند.*

٩/ || ب، بەرخ، بەرنا<<ی بۆیی>>||

٦٣٠ _ *سازگار بانگێشتی ئێوەی کردووە بۆ ئاهەنگەکە.*

١٠/ || ب، بەرخ، بەرنا<<ی بەیی>>||

٦٣١ _ *هاورێکەی باوکت گفتی دامەزراندنی بەتۆ دابوو.*

١١/ || ب، بەرخ، پات||

٦٣٢ _ *کامەران ئامۆژگاری براکانی دەکرد کە باش بخوێنن.*

١٢/ || ب، بەر، بەرخ ||

٦٣٣ _ *ئەوان بەشە ناوخۆییەکەیان نیشانی قوتابییەکە دا.*

١٣/ || ب، بەرنا<<ی لەیی>>، بەرنا<<ی بۆیی>>||

٦٣٤ _ *ئەوان لەهەولێرەوە بۆ سلێمانی هاتوون.*

١٤/ ||بپا، بەرنا<<ی بەیی>>، بەرنا<<ی بۆیی>>||

٦٣٥ _ *بەپێی ئەم بەڵگانە بۆمان دەردەکەوێت کە کێ تاوانبارە.*

١٥/ ||بپا، بەرنا<<ی لەیی>>، بەرنا<<ی بۆیی>>||



www.mukiryani.com

**٦٣٦** _ *لەم بەڵگانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کێ تاوانبارە.*

/١٦ ||ب، بەرنا<<ی بەیی>>، تبەر||

**٦٣٧** _ *هەموو قوتابییەکان بە بەڕێوەبەریان دەگوت مامۆستا.*

/١٧ ||ب، تب، تب||

**٦٣٨** _ *کارەکە باش دیارە.*

/١٨ ||ب، بەر، تبەر||

**٦٣٩** _ *ئەوان تۆیان بە زیرەك دانابوو.*

**چوارەم/ ڕۆنانە بنجییە چوار بارگەییەکان**

/١ ||ب، بەر، بەرنا<<ی بەیی>>، بەرنا<<ی بۆیی>>||

**٦٤٠** _ *هونەر کتێبەکانی بەشیرازدا نارد بۆ سکاڵا.*

/٢ ||ب، بەرنا<<ی بەیی>>، بەرنا<<ی بۆیی>>، پات||

**٦٤١** _ *ئێمە بەپێی ئەم بەڵگانە بۆ ئێوەی دەردەخەین کە کێ تاوانبارە.*

**٣-٢-١-٢- ئەو ڕۆنانە بنجییە سەرەکییانەی، کە بەهۆی کاری بکەرنادیارەوە دروست دەبن**

پرۆسەی بەبکەرنادیارکردن بەپێچەوانەی پرۆسەی بەکۆزەتیڤ کردن، کە دەبێتە هۆی زیاد کردنی بارگەی کاری زمانی کوردی، بەبکەرنادیارکردن لە زمانی کوردیدا[٢] یەکێکە لە پرۆسەکانی کەمکردنەوەی بارگە. بەواتایەکی تر بەگۆڕینی کاری بکەر دیار بۆ کاری بکەرنادیار کارەکە بارگەیەکی لە دەست دەدات یاخود کەمدەبێتەوە.( مەحەمەدی مەحویی ٢٠٠١: ٢٢٩) کەواتە دەتوانرێ پەیوەندیی ژمارەی بارگەکانی کاری بکەردیار و بکەرنادیار لە هاوکێشەیەکی لەم جۆرەدا روون بکەینەوە:

| |
|---|
| **ژمارەی بارگەکانی کارێکی بکەرنادیار= ژمارەی بارگەکانی بکەردیاری هەمان کار - ١** |

[٢]- لە شێوەزاری کرمانجی خواروو.



www.mukiryani.com

ئێمە بەپێچەوانەی ئەو زمانەوانانـەی، کـە پێیـان وایـە پرۆسـەی بەبکـەرنادیارکردن پرۆسـەیەکی ڕستەسـازییە، وای بـۆ دەچـین، کـە پرۆسـەی بەبکـەرنادیارکردن، پرۆسـەیەکی وشەسازییە، بەو واتایەی، کە کارە ناوییە بکەرنادیارەکان(چاوگە بکەرنادیارەکان) تـوخمێکی بەلێکسیمبووی ناو فەرهەنگی کوردین(مەحەمەدی مـەحویی ٢٠٠١: ٩٣) و ڕۆڵی هەیە لـەڕۆنانی وشەی تازە.( وریا عومەر ئەمین ٢٠٠٩: ٢٧٩). هەر بۆیـەش بکـەرنادیاری لـەزمانی کوردیـدا ڕۆنانـە بنجییـە سـەرەکییەکان پێکـدێنێ نـەك ڕۆنـانی بنجیـی داڕێـژراو، بـەڵام لـە کـارە بکەرنادیارەکاندا ئاماژە بە بکەرنادیارییەکەیان دەکەین:

وەڵامدرانەوە: ||ب نادیار||

٦٤٢ _ *پرسیارەکان وەڵام دراونەتەوە.*

ئەو ڕۆنانە بنجییە سەرەکییانەش دەبن بە دوو جۆرەوە:

**یەکەم/ ئەو ڕۆنانە بنجییە سەرەکییانەی، کە بەهۆی کاری تێپـەڕی بکـەرنادیارەوە دروست دەبن**

_ بۆ ئامادەکردنی رەنگی خۆڵەمێشی رەنگی سـپی لەگـەڵ رەنگـی رەشـدا تێکـەڵ دەکرێت.

وەك باوە پرۆسەی بەبکەرنادیارکردن تایبەتە بە کارە تێپەڕەکانـەوە، بـەڵام لـەزمانی کوردیدا دوو کۆمەڵە کار هەن سەرەڕای ئەوەی، کە تێنەپەڕن بەڵام دەکرێن بەبکەرنادیار.

**دووەم/ ئـەو ڕۆنانـە بنجییـە سـەرەکییانەی، کـە بـەهۆی کـاری تێنەپـەڕی بکەرنادیارەوە دروست دەبن**

**١- کارە تێنەپەڕەکان**

ئەو کارانەن، کە هەمیشە تێنەپەڕن، وەکو (رێگەدان، تێبینی کردن، بەرگری کـردن، گفتـدان، بەدواداچـوون کـردن، بڕیـاردان، بایەخـدان، پرسـیارکردن، مۆڵەتـدان، بڕیـاردان، فەرماندان، مەدح کردن، یادکردنەوە، ئاماژەکردن، فەرمانکردن، مۆڵەت وەرگرتن، پشتگیری



www.mukiryani.com

کردن، مۆڵەت دان، یارمەتیدان، پێشبینی کردن، ...) هەن، کە بەم پرۆسەیەدا تێدەپەڕن، بەو واتایەی، کە دەکرێن بەبکەرنادیار.

٦٤٣ _ *شانازی بەم شتانەوە ناکرێ.*

٦٤٤ _ *بیر لەمانە نەکراوەتەوە.*

٦٤٥ _ *باسی ئەوان دەکرا.*

٦٤٦ _ *گومان لەتۆ دەکرێ.*

٦٤٧ _ *لێرەدا هەست بەگەرمی ناکرێ.*

ئەم کۆمەڵە کارەی سەرەوە چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە:

أ/ هەمووکارەکان کاری لێکدراون

ب/ هەر هەموویان لەکارێکی سەرەکییەوە(دان، کردن، وەرگرتن) دروستکراون، کە تێپەڕە.

پ/ ئەم کارانە دوو جۆر ڕستەی بکەرنادیار دروست دەکەن، کە لە یەکەمیاندا هیچ بکەرێك بوونی نییە و کارەکە هەمیشە بە شێوەی کەسی سێیەمی تاك دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەریەکە لە بەرکارە ناڕاستەوخۆ و بەرکارە خستنەسەرەکە فرێزی ناوی نین بۆیەش ناتوانن لەرووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کارەکەدا ڕێك بکەون بەمەش ناتوانن ببن بەبکەر، بەڵام لە دووەمیاندا دوای کرتانی ئامرازی بەندەکەی بەرکارە ناڕاستەوخۆکە(لەو کارانەی، کە بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەردەگرن) یان کرتانی ئامرازە خستنەسەرەکەی بەرکارە خستنەسەرەکە(لەو کارانەی، کە بەرکاری خستنەسەر وەردەگرن)، بەرکارە ناڕاستەوخۆکە یان بەرکارە خستنەسەرەکە لەگەڵ کارەکەدا لە رووی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەوێت:

٦٤٨ _ *شانازی بەم شتانەوە ناکرێ.*

٦٤٩ _ *ئەم شتانە شانازییان پێوەناکرێ.*

٦٥٠ _ *بیر لەمانە نەکراوەتەوە.*

٦٥١ _ *ئەمانە بیریان لێنەکراوەتەوە.*

٦٥٢ _ *باسی ئەوان دەکرا.*

٦٥٣ _ *ئەوان باسیان دەکرا.*



www.mukiryani.com

٦٥٤ _ *گومان لەتۆ دەکرێ.*

٦٥٥ _ *تۆ گومانت لێ دەکرێ.*

٦٥٦ _ *لێرەدا هەست بەگەرمی ناکرێ.*

٦٥٧ _ *لێرەدا گەرمی هەستی پێناکرێ.*

**٢- کارە تێنەپەڕ-تێپەڕەکان**

ئەو کارانەن، کە هەندێ جار وەکو کاری تێپەڕ و هەندێ جار وەکو کاری تێنەپەڕ مامەڵە دەکەن. بەو واتایەی، کە هەندێ جار بەرکار وەردەگرن و هەندێ جار وەری ناگرن.

+ وەڵام دانەوە

٦٥٨ _ *من پرسیارەکانم وەڵا م دایەوە.*

٦٥٩ _ *من وەڵا می تۆم دایەوە.*

+ ویستن

٦٦٠ _ *کارەکان ماندووبوونیان دەوێ.*

٦٦١ _ *ئاکام دەیەوێت ژنبێنێت.*

+ حیسابکردن

٦٦٢ _ *بازرگانەکە هەموو شەوێك پارەکانی حیسابدەکات.*

٦٦٣ _ *من حیسابی پیاوم بۆ تۆ کردبوو.*

ئەم کارانەش بەشێکیان ( وەکو کارەکانی (راگەیاندن، زانین، داواکردن، دانان، گوتن، پرسین، ...)) کاتێك، کە وەکو تێنەپەڕ مامەڵە دەکەن(بەرکار وەرناگرن) دەکرێن بەبکەرنادیار.

ئەم کارانەش کاتێك، کە وەکو تێنەپەڕ هەڵسوکەوت دەکەن، وەکو کۆمەڵەی یەکەم دوو جۆر ڕستەی بکەرنادیار دروست دەکەن، کە لە یەکەمیاندا هیچ بکەرێك بوونی نییە و کارەکە هەمیشە بە شێوەی کەسی سێیەمی تاك دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەریەکە لە بەرکارە ناڕاستەوخۆ و بەرکارە خستنەسەرەکە فرێزی ناوی نین بۆیەش ناتوانن لەرووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کارەکەدا ڕێك بکەون بەمەش ناتوانن بن بەبکەر، بەڵام لە



www.mukiryani.com

دووەمیاندا دوای کرتانی ئامرازی بەندەکەی بەرکارە ناڕاستەوخۆکە(لەو کارانەی، کە بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەردەگرن) یان کرتانی ئامرازە خستنەسەرەکەی بەرکارە خستنەسەرەکە(لەو کارانەی، کە بەرکاری خستنەسەر وەردەگرن)، بەرکارە ناڕاستەوخۆکە یان بەرکارە خستنەسەرەکە لەگەڵ کارەکەدا لە رووی کەس و ژمارەوە رێکدەکەوێت:

+ وەڵامدانەوە

٦٦٤ _ *وەڵامی پرسیارەکان دراوەتەوە.*

٦٦٥ _ *پرسیارەکان وەڵام دراونەتەوە.*

+ گوتن

٦٦٦ _ *لەکۆندا هەولێر پێیدەگوترا ئەربائیلۆ.*

٦٦٧ _ *لەکۆندا بە هەولێر دەگوترا ئەربائیلۆ.*

نەبوونی بەرکار لە کارە تێنەپەڕەکان و نەبوونی بکەر لەو کارە بکەرنادیارانەی، کە تێنەپەڕن، ڕستەسازی بوونی پرۆسەی بەبکەرنادیارکردن لەزمانی کوردیدا رەتدەکاتەوە و وشەسازی بوونی پرۆسەکە دەسەلمێنێ.

لە ڕۆنانی بنجیی ئەم جۆرەکارانەدا، لەکۆتایی دوا تەواوکەری کارەکەدا ئاماژەکردن بەبکەرنادیاربوونی کارەکە دەکەین:

وەڵامدرانەوە: ||بەرخ$_{\text{نادیار}}$||

٦٦٨ _ *وەڵامی ئێوە دراوەتەوە.*

/١ || ب$_{\text{نادیار}}$، بەرخ ||

٦٦٩ _ *بەشە ناوخۆییەکە نیشانی قوتابییەکە دراوە.*

/٢ ||ب$_{\text{نادیار}}$، بەرنا<<ی لەگەڵی>>||

٦٧٠ _ *بۆ ئامادەکردنی رەنگی خۆڵەمێشی رەنگی سپی لەگەڵ رەنگی رەشدا تێکەڵ دەکرێت.*

/٣ ||بەرنا<<ی بەیی>>$_{\text{نادیار}}$||

٦٧١ _ *رێگە بەم کارانە نادرێ.*

/٤ || بەرنا<<ی بەیی>>، بپا$_{\text{نادیار}}$||



www.mukiryani.com

٦٧٢ _ گفت بەتۆ درابوو، کە پایسکلەکەت بۆ بکرِدرێ.

٥/ || بەرنا<<ی بۆیی>>، بپانادیار||

٦٧٣ _ بەدواداچوون بۆ دزیەکە کراوە.

٦/ || بەرخ، بەرنا<<ی بەیی>>نادیار||

٦٧٤ _ گفتی دامەزراندن بەتۆ درابوو.

٧/ ||بنادیار||

٦٧٥ _ پرسیارەکان وەڵام دراونەتەوە.

٨/ ||بنادیار، پات||

٦٧٦ _ منداڵەکان هاندراون، کە ئەم جۆرە کارانە بکەن.

٩/ ||بنادیار، تب||

٦٧٧ _ تۆ بەزیرەك دانرابووی.

١٠/ ||بنادیار، بەرنا<<ی بەیی>>||

٦٧٨ _ هەموو قسەکان بەتۆ گوتراوە.

١١/ ||بنادیار، بەرنا<<ی لەیی>>||

٦٧٩ _ قسەکان لەتۆ بیسترابوون.

١٢/ ||بەرخنادیار||

٦٨٠ _ وەڵامی ئێوە دراوەتەوە.

١٣/ ||بەرنا<<ی بەیی>>، بپانادیار||

٦٨١ _ بەئێوە گوتراوە برۆن.

١٤/ || بەرنا<<ی بەیی>>، تبەرنادیار||

٦٨٢ _ لەکۆندا بە هەولێر دەگوترا ئەرِبیل.

١٥/ ||بنادیار، بەرنا<<ی بەیی>>، بەرنا<<ی بۆیی>>||

٦٨٣ _ کتێبەکان بەشیرازدا نێردراون بۆ سکاڵا.



www.mukiryani.com

## ٣-٢-٢- ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان لەزمانی کوردیدا

لەم تەوەرەیەدا سەرەتا باس لەهەندێ لەو پرۆسە ڕستە سازییانە دەکرێ، کە رۆڵیان هەیە لە ڕۆنانی ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکانی زمانی کوردیدا. ئەم ڕۆنانانەش بە گشتی لە ئەنجامی ئەو پرۆسە ڕستەسازییانە دێنە کایەوە، کە لە بنەڕەتدا پشت بە گۆڕینی ژمارەی بارگەکانی کار دەبەستن.

### ٣-٢-٢-١- پرۆسەی بەئیسنادی بوون/کردن

بۆ بەرجەستەکردن و جەختکردنەوە لەهەندێ لەتوخمەکانی زمانی کوردی چەندین پرۆسەی ڕستەسازی هەن، وەك بەلووتکەکردن(رستەی باسمەند)، هەڵگەڕانەوەی ڕستەسازی، بەئیسنادی کردن و ...، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بابەتەکەی ئێمەوە ئەو پرۆسانەن، کە پەیوەستن بە گۆڕانی بارگەوە و دەبنە هۆی گۆڕانی ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان. هەریەکە لە پرۆسەی بەئیسنادی بوون/کردن لەریزی ئەم پرۆسانەدایە.

پرۆسەی بەئیسنادی بوون/کردن لەریزی ئەو پرۆسە ڕستەسازییانەدایە، کە بەهۆیەوە ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان دەگۆڕێت بۆ ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان. ئەم پرۆسەیە ڕۆنانە بەئیسنادی بووەکان رۆدەنێت. ئەم پرۆسەیەش نەك تەنها لە زمانی کوردیدا بەڵکو لەزۆربەی زمانە هیندۆئەورووپییەکان، چینی و سامی(عەرەبی و عیبری)یشدا هەن.(احمد خانی ١٣٧٩: ١٣)

بەپێی پرۆسەی بەئیسنادی کردن، یەکێ لە توخمەکانی ڕستە(بۆ نموونە بکەر، بەرکار، یان سەربار) بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەگۆڕێت بۆ تەواوکەری بکەر بەمەش بەرجەستە دەبێت:

| |
|---|
| **ئەوە + تەواوکەری بکەر(یەکێ لە توخمەکانی ڕستەی سەرەکی) + کاری بوو + پاڕستە (کە + ئەوەی لە ڕستە سەرەکییەکەوە ماوەتەوە)** |



www.mukiryani.com

٦٨٤ _ أ- هۆشیار هات.

ب- ئەوە هۆشیار بوو، کە هات.

٦٨٥ _ أ- ئێمە کلکدارەکەمان بینی.

ب- ئەوە کلکدارەکە بوو، کە ئێمە بینیمان.

٦٨٦ _ أ- ئەوان پێرێ لە سلێمانی هاتنەوە.

ب- ئەوە پێرێ بوو، کە ئەوان لە سلێمانی هاتنەوە.

جێناوی <<ئەوە>> لەرستە بەئیسنادی بووەکاندا، سەرچاوەی ئەو پاڕستەیەیە، کە لەکۆتایی ڕستەکەدا دێت. بە دەربڕینێکی تر کۆی جێناوی <<ئەوە>> و پاڕستەکەی کۆتایی ڕستەکە، بەیەکەوە دەبن بە بکەری ڕستە ئیسنادی بووەکە:

٦٨٧ _ ئەوە هۆشیار بوو، کە هات. ئەو(کەس)ـەی، کە هات هۆشیاربوو.

٦٨٨ _ ئەوە کلکدارەکە بوو، کە ئێمە بینیمان. ئەو(شت)ـەی، کە ئێمە بینیمان کلکدارەکەبوو.

٦٨٩ _ ئەوە پێرێ بوو، کە ئەوان هاتنەوە. ئەو(کات)ـەی، کە ئەوان هاتنەوە، پێرێ بوو.

بەنزیکەیی هەموو ڕستە بەئیسنادی بووەکان، ئەم دوو تایبەتمەندییەیان تێدایە:

یەکەم_ دەشێ جێناوی <<ئەوە>> و <<کە>>ی گەیەنەر بکرتێنرێت:

٦٩٠ _ أ- ئەوە هۆشیار بوو، کە هات.

ب- هۆشیار بوو هات.

٦٩١ _ أ- ئەوە کلکدارەکە بوو، کە ئێمە بینیمان.

ب- کلکدارەکە بوو ئێمە بینیمان.

٦٩٢ _ أ- ئەوە پێرێ بوو، کە ئەوان لە سلێمانی هاتنەوە.

ب- پێرێ بوو ئەوان لە سلێمانی هاتنەوە.

لەم بارەشدا پاڕستەکە دەبێتە بکەری پاڕستەیی ڕستە دارێژراوەکە:

_ [[هۆشیارتب]، **[بوو]**، [هات بپا]]

_ [[کلکدارەکە تب]، **[بوو]**، [ئێمە بینیمان بپا]]



www.mukiryani.com

_ [[پێرێ تب]، **[بوو]**، [ئەوان هاتنەوە بپا]]

دووەم_ بەکرتاندنی هەرسێ توخمی جێناوی<<ئەوە>>، کاری پەیوەندی و ئـامرازی <<کە>>ی گەیەنەر، ڕستە بنجییە داڕێژراوەکە دەگۆڕێت بۆ ڕستەیەکی بنجیی سەرەکی.

**٦٩٣** _ *أ- ئەوە هۆشیار بوو، کە هات.*

*ب- هۆشیار هات.*

**٦٩٤** _ *أ- ئەوە کلکدارەکە بوو، کە ئێمە بینیمان.*

*ب- ئێمە کلکدارەکەمان بینی.*

**٦٩٥** _ *أ- ئەوە پێرێ بوو، کە ئەوان لە سلێمانی هاتنەوە.*

*ب- ئەوان پێرێ لە سلێمانی هاتنەوە.*

ڕستە بەئیسنادی بووەکان هەموویان تـەنها یـەك ڕۆنـانی بنجیـی داڕێـژراو دروسـت دەکەن، ئەویش بریتییە لە:

||ئەوە+ تەواوکەری بکەر + پاڕستە بەئیسنادی کردن||

بۆ نموونە ئەم ڕستانەی خوارەوە( <<أ>>ـــەکانیان)، کـە ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەکییان جیاوازە هەموویان یەك ڕۆنانی بنجیی داڕێژراوەیان هەیە<<ب>>ــەکانیان):

**٦٩٦** _ *شاباز ڕۆیشت:* ||ب||

ئەوە شاباز بوو، کە ڕۆیشت:(داڕێژراو) ||ئەوە+ تەواوکەری بکە + پاڕستە بەئیسـنادی کردن||

**٦٩٧** _ *ئێمە ساردییەکەمان خواردەوە:* ||ب، بەر||

ئەوە ساردییەکە بوو، کە ئێمە خواردمانەوە: (داڕێژراو)||ئـەوە+ تەواوکـەری بکـە + پاڕستە بەئیسنادی کردن||

**٦٩٨** _ *ڕۆژگار نامەکەی بەمندا نارد:* ||ب، بەر، بەرنا<<ی بەیی>>||

ئەوە پێرێ بوو، کە ئەوان لە سلێمانی هاتنەوە: (داڕێژراو) ||ئەوە+ تەواوکەری بکـە + پاڕستە بەئیسنادی کردن||

ڕستە بەئیسنادی بووەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە شی دەکەینەوە:

**٦٩٩** _ *ئەوە شاباز بوو، کە ڕۆیشت.*



www.mukiryani.com

[[ ئەوەـ[شابازتب]، [**بوو**]ـ [کە ڕۆیشتب]ڕستەی دارێژراوی بەئیسنادی بوو]

*٧٠٠ _ ئەوە کلکدارەکە بوو، کە ئێمە بینیمان.*

[[ ئەوەـ[کلکدارەکەتب]، [**بوو**]ـ [کە ئێمە بینیمانب]ڕستەی دارێژراوی بەئیسنادی بوو]

*٧٠١ _ ئەوە پێریێ بوو، کە ئەوان لە سلێمانی هاتنەوە.*

[[ ئەوەـ[پێریێتب]، [**بوو**]ـ [کە ئەوان لە سلێمانی هاتنەوەب]ڕستەی دارێژراوی بەئیسنادی بوو]

لەم ڕستانەی خوارەوەدا کاتێك، کە بەرکاری ڕستە بنەڕەتییەکە ( <<أ>>ـەکانیان)، بەهۆی پرۆسەی بەئیسنادی کردنەوە بەرجەستە دەبێت و دەبێت بە تەواوکەری بکەر( <<ب>>ـەکانیان)، لەبری ئەودا جێناوێکی لکاو، کە هاو سەرچاوەن لەگەڵ تەواوکەری بکەرەکەدا، دەچێتە سەر کاری بکەرە پاڕستەییەکە:

*٧٠٢ _ أ- ئێمە ساردییەکەمان خواردەوە*

*ب- ئەوە ساردییەکە بوو، کە ئێمە خواردمانەوە**Ø***

*٧٠٣ _ أ- ئەوان مناڵەکانیان هاندا.*

*ب- ئەوە مناڵەکان بوون، کە ئەوان هانیان دابوون.*

### ٣-٢-٢-٢- پرۆسەی بەئیسنادی-کۆزەتیڤی کردن

پرۆسەی بەئیسنادی-کۆزەتیڤی کردن پرۆسەیەکی ڕستەسازییە، کە بەسەر ڕستە ئیسنادییەکاندا دێت و دەیانکات بە ڕۆنانی بەئیسنادی-کۆزەتیڤی کراو/بوو. بەواتایەکی تر ڕۆنانی:

||بکەر + تەواوکەری بکەر||

کە ڕۆنانێکی بنجیی سەرەکییە دەیگۆڕێت بۆ ڕۆنانی:

||بکەر(کە لە دەرەوە دێت) + بەرکار(هەمان بکەری ڕستە ئیسنادییەکە) + تەواوکەری بکەر||

کە ڕۆنانێکی بنجیی دارێژراوە. گرووپی (ب)ی ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕستەی ئیسنادی- کۆزەتیڤین و ڕۆنانێکی بنجیی دارێژراویان هەیە و بەهۆی پرۆسەی بەئیسنادی-کۆزەتیڤی کردەوە لەرستەکانی گروپی(أ)، کە ڕستەی ئیسنادیین و ڕۆنانێکی بنجی سەرەکییان هەیە، دارێژراون:



www.mukiryani.com

٧٠٤_ أ- *دیوارەکە پیس بووە.*||ب، تب||

ب- *منداڵەکە دیواەکەی پیسکردووە.*||ب، بەر، تب ئیسنادی-کۆزەتیڤی||

٧٠٥_ أ- *چێشتەکە کوڵاوە.* ||ب، تب||

ب- *دایکم چێشتەکەی کوڵاند.* ||ب، بەر، تب ئیسنادی-کۆزەتیڤی||

٧٠٦_ أ- *ئاریێز خۆشحاڵ بوو.* ||ب، تب||

ب- *من ئاریێزم خۆشحاڵ کرد.* ||ب، بەر، تب ئیسنادی-کۆزەتیڤی||

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە هەر ڕۆنانێکی ئیسنادی کۆزەتیڤی لە ڕۆنانێکی ئیسنادی دارێژراوە، بەڵام هەندێك لە ڕۆنانە ئیسنادییەکان بەهۆی تایبەتمەندیی ئەو (تەواوکەری بکەر)ەی، کە هەیانە نابن بە ڕۆنانێکی ئیسنادی-کۆزەتیڤی.

٧٠٧_ أ- من سوپاس گوزارم.

ب- * ئەو منی سوپاس گوزارکرد.

٧٠٨_ أ- دوێنێ شەو ژوورەکە رووناك بوو.

ب- * من دوێنێ شەو ژوورەکەم رووناك کرد.

٧٠٩_ أ- ئەم بابەتە بەخاڵی سێیەمەوە بەندە.

ب- *ئەوان ئەم بابەتەیان بەخاڵی سێیەمەوە بەند کرد.



www.mukiryani.com

## ٣-٣- ئاماری ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان لە زمانی کوردیدا

لە کۆی (٣٨٣) کار، توانراوە چل و شەش ڕۆنانی بنجیی سەرەکی لە زمانی کوردیدا، وەك لە هێلکارییەکەشدا ڕوونکراوەتەوە، ڕۆبنرێ و ژمـارە و ڕێـژەی کارەکـانیش بـۆ ڕۆنـانی هەریەکە لە ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان بەم شێوەیە بووە:

٥٠ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (١٣,٠٥٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی |بن| رۆدەنێن.

٥ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (١,٣١٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی | بپا| رۆدەنێن.

٧٧ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٢٠,١٠٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی | بن+بەر| رۆدەنێن.

١٣ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٣,٣٩٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەکیی | بـن+ بـەرنا بـەیی| رۆدەنێن.

١٨ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٤,١٧٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەکیی | بـن+ بـەرنا لـەیی| رۆدەنێن.

٢ کار، کە دە کاتـە ڕێـژەی (٠,٥٢٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەکیی | بـن+ بـەرنا بـۆیی| رۆدەنێن.

٨ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٢,٠٩٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەکیی |بـن+ بـەرنا لەگـەڵی| رۆدەنێن.

٢ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٠,٥٢٪)، ڕۆنانی بنجیـی سـەرەکیی | بـن+ بـەرنا (ـــە)یی| رۆدەنێن.

٢ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٠,٥٢٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی |بن+ تب| رۆدەنێن.

٨ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٢,٠٩٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی |بن+ ئا| رۆدەنێن.

٣٠ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٧,٨٣٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی |بن+ بەرخ| رۆدەنێن.

٢٠ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٥,٢٢٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی |بن+ پات| رۆدەنێن.

١ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٠,٢٦٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی |بپا+ تب| رۆدەنێ.



www.mukiryani.com

١٧ كار، كه ده كاته ڕێژەی (٤,٤٤٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەكیی |بن+ بەر+ بەرنا لـەیی | رۆدەنێن.

١٧ كار، كه ده كاته ڕێژەی (٤,٤٤٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەكیی |بن+ بەر+ بەرنا بـەیی | رۆدەنێن.

٢ كار، كه ده كاته ڕێژەی (٠,٥٢٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەكیی |بن+ بەر+ بـەرنا بـۆیی | رۆدەنێن.

١ كار، كه ده كاته ڕێژەی (٠,٢٦٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەكیی |بن+ بەر+ بەرنا لەگەڵی | رۆدەنێ.

٢٦ كار، كه ده كاته ڕێژەی (٦,٧٩٪)، ڕۆنانی بنجیـی سـەرەكیی | بـن+ بـەر+ تبـەر | رۆدەنێن.

١٥ كار، كه ده كاتـه ڕێـژەی (٣,٩٢٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەكیی | بـن+ بـەر+ ئـا | رۆدەنێن.

١١ كار، كه ده كاته ڕێژەی (٢,٨٧٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەكیی | بـن+ بـەر+ پـات | رۆدەنێن.

٣ كار، كه ده كاته ڕێژەی (٠,٧٨٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەكیی | بن+ بەر+ بەر | رۆدەنێن.

٢٦ كار، كه ده كاته ڕێژەی (٦,٧٩٪)، ڕۆنانی بنجیی سـەرەكیی | بـن+ بـەرنا+ پـات | رۆدەنێن.

١ كار، كه ده كاته ڕێژەی (٠,٢٦٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەكیی | بـن+ بـەرنا+ تبـەر | رۆدەنێ.

٤ كار، كه ده كاته ڕێژەی (١,٠٤٪)، ڕۆنانی بنجیـی سـەرەكیی | بـن+ بـەرنا+ بـەرنا | رۆدەنێن.

٥ كار، كه ده كاته ڕێژەی (١,٣١٪)، ڕۆنانی بنجیـی سـەرەكیی | بـن+ بـەرنا+ بـەرخ | رۆدەنێن.



www.mukiryani.com

٧ کار، کە دە کاتە ڕێـژەی (١,٨٣٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەکیی | بـن+ بـەرخ+ پـات| ڕۆدەنێن.

١ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٠,٢٦٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی | بن+ بەر+ تب | ڕۆدەنێ.

١ کار، کە دە کاتە ڕێـژەی (٠,٢٦٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەکیی | بـن+ بـەر+ بـەرخ | ڕۆدەنێ.

١ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٠,٢٦٪)، ڕۆنـانی بنجیـی سـەرەکیی | بپـا+ بـەرنا+ تـب | ڕۆدەنێ.


٢ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٠,٥٢٪)، ڕۆنانی بنجیـی سـەرەکیی | بپـا+ بـەرنا+ بـەرنا | ڕۆدەنێن.

٥ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (١,٣١٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی | بن+ بەر+ بەرنا+ بەرنا | ڕۆدەنێن.

٢ کار، کە دە کاتە ڕێژەی (٠,٥٢٪)، ڕۆنانی بنجیی سەرەکیی | بن+ بەرنا+ بەرنا+ پـات | ڕۆدەنێن.



www.mukiryani.com





## هێلکاریی ژمارە ٩

## ڕێژەی هەریەکە لە ڕۆنانە بنجییە سەرەکییەکان لە زمانی کوردیدا



www.mukiryani.com





**هێلکاریی ژمارە ١٠**

**ڕۆنانە بنجییەکان لەزمانی کوردیدا لەزمانی کوردیدا**



www.mukiryani.com





**هێلکاریی ژمارە ١١**

**ڕۆنانە بنجییە بنەڕەتییەکان لەزمانی کوردیدا**



www.mukiryani.com





**هێلکاریی ژمارە ١٢**

**ڕۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەردیارە یەك بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا**



www.mukiryani.com





**هێلکاریی ژمارە ١٣**

**ڕۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەردیارە دوو بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا**



www.mukiryani.com





**هێلکاریی ژمارە ١٤**

**ڕۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەردیارە سێ بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا**




www.mukiryani.com




**هێلکاریی ژمارە ١٥**

**ڕۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەردیارە چواربارگەییەکان لەزمانی کوردیدا**





**هێلکاریی ژمارە ١٦**

**ڕۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەرنادیارە یەك بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا**



www.mukiryani.com




**هێلکاریی ژمارە ١٧**

**ڕۆنانە بنجییە بنەڕەتییە بکەرنادیارە دوو بارگەییەکان لەزمانی کوردیدا**



www.mukiryani.com




**هێلکاریی ژمارە ١٨**

**ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەکان لەزمانی کوردیدا**



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# ئەنجام

لەم نامەیەدا گەیشتیینە چەند ئەنجامێك لەوانەش:

یەكەم/ كارەكان لەزمانی كوردیدا بەپێی ژمارەی بارگەكانیان دەبن بە چوار جۆر(كاری یەك بارگەیی، كاری دوو بارگەیی، كاری سێ بارگەیی، كاری چوار بارگەیی)

دووەم/ كارەكانی زمانی كوردی بەگوێرەی جۆر و ژمارەی بارگەكانەوە دەبن بە سی و دوو جۆرەوە.

سێیەم/ ژمارەی ڕۆنانی بارگەخستنییەكانی كار لە زمانی كوردیدا سی و سێ دانەیە.

چوارەم/ لەبەرئەوەی ژمارە و جۆری بارگەكانی كار لەزمانی كوردیدا چەسپاو نییە، بۆیە لە ڕۆنانی بارگەخستنیی زۆربەی كارەكانی زمانی كوردیدا زیاتر لە دەركەوتەیەك(ئەگەرێك)ی هەیە، ڕۆنانی بنجیی سەرەكی جیاواز دروست دەكەن.

پێنجەم/ ژمارەی ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەكان لە زمانی كوردیدا دوو دانەیە ئەوانیش ئەمانەن:

١_ ||ئەوە+ تەواوكەری بكەر + پاڕستە بەئیسنادی كردن||

٢_ ||ب، بەر، تب ئیسنادی-كۆزەتیڤی||

شەشەم/ بكەر نادیار تایبەت نییە بە كارە تێپەڕەكان بەڵكو هەندێك لە كارە تێنەپەڕەكانیش دەكرێن بە بكەرنادیار.



www.mukiryani.com

حەفتەم/ هێڵێكی جیاكەرەوەی تەواو لەنێوان كارە تێپەڕ و تێنەپەڕەكاندا نییە و هەندێ كار، هەندێ جار وەكو تێپەڕ و هەندێ جار وەكو تێنەپەڕ هەڵسوكەوت دەكەن.

هەشتەم/ هەندێ كار دوو جۆر ڕستەی بكەرنادیار دروست دەكەن، كە لە یەكەمیاندا هیچ بكەرێك بوونی نییە و كارەكە هەمیشە بەشێوەی كەسی سێیەمی تاك دەبێت، بەڵام لە دووەمیاندا دوای كرتانی ئامرازی بەندەكەی بەركارە ناڕاستەوخۆكە(لەو كارانەی، كە بەركاری ناڕاستەوخۆ وەردەگرن) یان كرتانی ئامرازە خستنەسەرەكەی بەركارە خستنەسەرەكە(لەو كارانەی، كە بەركاری خستنەسەر وەردەگرن)، بەركارە ناڕاستەوخۆكە یان بەركارە خستنەسەرەكە لەگەڵ كارەكەدا لە رووی كەس و ژمارەوە رێكدەكەوێت.

نۆیەم/ پرۆسەی بەئیسنادی بوون/كردن و پرۆسەی بەئیسنادی-كۆزەتیڤی كردن ئەو دوو پرۆسە ڕستەسازییانەن لە زمانی كوردیدا، كە بەهۆیەوە ڕۆنانە بنجییە سەرەكییەكان دەگۆڕێت بۆ ڕۆنانە بنجییە داڕێژراوەكان.

دەیەم/ هێڵێكی جیاكەرەوە لەنێوان بەركار و بەشی ناكاریی كاری لێكدراودا دانراوە.

یازدەم/ ئەم تیۆرە تیۆرێكی زۆر گونجاوە بۆ شیكردنەوەی ڕستەسازییانەی ڕستەی زمانی كوردی.

دوازدەم/ تەواوكەرەكانی كار لە زمانی كوردیدا ژمارەیان هەشت دانەیە(بكەر، بەركار، بەركاری ناڕاستەوخۆ، بەركاری خستنەسەر، تەواوكەری بكەر، تەواوكەری بەركار، پاڕستەی تەواوكەری، ئاوەڵگوزارە).



www.mukiryani.com

# پێشنیاز

- بۆ هەموو ئەو دەزگا و پەیمانگایانەی، کە هەوڵ دەدەن بیانییەکان فێری زمانی کوردی بکەن، دەتوانن سوود لەم ڕۆنانە بنجییانە وەربگرن.

- بۆ خوێندنی باڵا و لێکۆڵەرانی بواری ڕێزمانی بەندێتی پێشنیاز دەکەم بە مەبەستی تەواوکردنی ئەم پڕۆژەیە لە هەر سێ بواری (بارگەخستنی واتایی کار) و (بارگەخستنی ڕستەسازی و واتایی ناو) و (بارگەخستنی ڕستەسازی و واتایی ئاوەڵناو)دا نامەی ئەکادیمی بنووسن بۆئەوەی پڕۆژەکە تەواوتربێت.



www.mukiryani.com

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

### أ/ کتێب


١. ئەمین، وریا عومەر(٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی- بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.

٢. ئیبراهیم، ئیبراهیم عەزیز(١٩٨٠)، ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندی یەکانی زمانی کوردیدا، بەغدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

٣. برزۆ، ئومێد بەرزان(٢٠١١)، دروستەی فرێز و ڕستە لەزمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

٤. حاجی مارف، ئەورەحمان(٢٠٠٠)، ڕێزمانی کوردی-بەرگی یەکەم وشەسازی- بەشی پێنجەم: کردار، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٥. روخزادی ، دوکتۆر عەلی(١٣٨٩)، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، سنە، بڵاوکردنەوەی کوردستان.

٦. شوانی، رەفیق(٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر، رۆژهەڵات.

٧. عەبدول، جەمال(١٩٩٨)، فەرهەنگی کیمیا، سلێمانی، چاپخانەی ئۆفیسی بێسارانی.

٨. ___________ (٢٠٠٢)، فەرهەنگی کیمیای شیکاری، سلێمانی، دەزگای سەردەم.

٩. فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا(٢٠١٠)، ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی، هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری.

١٠. قادر، سەباح ڕەشید(٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لەزمانی کوردیدا، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.




www.mukiryani.com

١١. کۆمەڵێك زمانەوان(٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، و: محەمەدی مەحویی، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
١٢. مەحویی، مەحەمەدی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن(٢٠١١)، دروستەی کردار لە زمانی کوردییدا — بنەما و دیاردە، زانکۆی سلێمانی.
١٣. مەحویی، محەمەدی(٢٠٠١) ، ڕستەسازیی کوردیی، سلێمانیی، زانکۆی سلێمانی.
١٤. ______________ (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان- مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکهەم، سلێمانیی، زانکۆی سلێمانی.
١٥. ______________ (٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکهەم، سلێمانیی، زانکۆی سلێمانی.
١٦. مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.


**ب/ نامە ئەکادیمییەکان**


١٧. ئەحمەد، بائیز عومەر(٢٠٠٥)، دەربڕینی ڕێژە لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا ((گۆڤەری بادینی))،کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
١٨. ئەحمەد، مەحمود فەتحوڵڵا(١٩٨٨)، کارتەواوکردن لەکوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب — زانکۆی سەلاحەددین.
١٩. ڕەسول، خەسرۆ ئەحمەد(٢٠٠٧)، بەرکار لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی فۆڕمی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
٢٠. سعید، یوسف شریف(١٩٩٨)، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا- نامەیەکی بەراوردکاری، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
٢١. عەول، محەمەد عومەر(٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان - زانکۆی سلێمانی.
٢٢. فتح الله، احمد حسن(١٩٩٠)، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی ی ڕستە لە زمانی کوردی دا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.




www.mukiryani.com

٢٣. کەریم، عومەر مەحموود(٢٠٠٤)، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا- کرمانجیی خواروو، نامەی ماجستێر، کۆلیجی پەروەردە- ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.

**پ/ گۆڤار**

٢٤. توفیق، قەیس کاکل(٢٠٠٤)، بۆچوونێکی پڕاگماتیکی بۆ لاڕستەی دیارخەری لەزمانی کوردیدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندا ٧، ژمارە ٢، ٢٢-٢٧.

٢٥. رەسول، دکتۆر عەبدوللا حوسێن(٢٠١١)، پۆلینکردنی ڕستەی کوردی، ئەکادیمی، ژمارە ١٧، ٤١-١٠٨.

٢٦. عەول، محەمەد عومەر(٢٠١٠)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە-لەکرمانجیی خوارووداو-، کوردۆلۆجی، ژمارە ٣، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ٣١٠-٤٣٣.

٢٧. علی، **طالب** حسین(٢٠٠٩)، کاری تێپەڕ لەزمانی کوردیدا(تێڕوانینێکی واتایی)، ئەکادیمی، ژمارە ١٢، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، ١٧-٤٠.

٢٨. فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا(٢٠٠٢)، پەیوەندی واتایی نێوان کار و بەشەکانی تری ڕستە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە ٩، ٤-٢٠

## دووەم/ سەرچاوە فارسییەکان

**أ/ کتێب**

٢٩. احمدی گیوی، دکتر حسن(٢٠٠٥/١٣٨٤)، دستور زبان فارسی فعل، تهران، نشر قطره.

٣٠. البرزی، دکتر پرویز(٢٠٠٩/١٣٨٨)، زبان شناسی جمله- نگاهی جامع به مسایل زبان، پایزه.

٣١. چگنی، دکتر ابراهیم(٢٠٠٣/١٣٨٢)، فرهنگ دائره المعارفی زبان و زبانها، تهران، بهنام.



www.mukiryani.com

۳۲. چگنی، دکتر ابراهیم(۲۰۰۵/۱۳۸٤)، فرهنگ توصیفی آموزش زبان و زبان شناسی کاربردی، تهران، راهنما.
۳۳. حیدرپور، تهمینه(۲۰۰٤/۱۳۸۳)، شیوه های تغییر ظرفیت فعل در زبان فارسی، مجموعهء مقاله های ششمین کنفرانس زبانشناسی دانشگاه علامهء طباطبایی(دانشکدهء ادبیات فارسی و زبانهای خارجی، ٦ و ۷ آذر ۱۳۸۳)، به کوشش دکتر ابراهیم کاظمی، تهران، دانشگاه علامهء طباطبایی، ۱۲۱- ۱۳۲.
۳٤. حیدری تبریزی، ثمین(۲۰۱۱/۱۳۹۰)، پدیده انضمام، مجموعه مقالات دومین کارگاه آموزشی و پژوهشی صرف، به کوشش ویدا شقاقی، تهران، انجمن زبان شناسی ایران، آورا، ۱۲۱-۱٤٤.
۳۵. رخزادی، دکتر علی(۲۰۰۰/۱۳۷۹)، آواشناسی و دستور زبان کردی، تهران، انتشارات ترفند.
۳٦. رسولی، محمد صادق(۲۰۱۰/۱۳۸۹)أ، تجزیهء نحوی با استفاده از دستور وابستگی، پژوهشکدهء مرکز تحقیقات کامپیوتری علوم اسلامی، واحد تهران
۳۷. رضایی، والی(۲۰۰۷/۱۳۸٦)، تحلیل نقشگرا از کاهش ظرفیت فعل در زبان فارسی، مجموعه مقالات هفتمین همایش زبانشناسی ایران(جلد اول)، (دانشگاه علامهء طباطبایی، ۲۰ و ۲۱ آذر ۱۳۸٦)، به کوشش دکتر محمد دبیر مقدم، مصطفی عاصی، ارسلان گلفام و یحیی مدرسی، تهران، دانشگاه علامهء طباطبایی، ۲٦۱-۲۷۳.
۳۸. صادقی، علی اشرف، غلام رضا ارژنگ(۱۹۸۰/۱۳۵۹)، دستور سال سوم آموزش متوسطهء عمومی، تهران، وزارت آموزش و پرورش.
۳۹. طبیب زاده، امید(۲۰۰٦/۱۳۸٤) ب، بندهای پیرو و دو نوع بند متممی در زبان فارسی، مجموعهء مقالات نخستین همایش انجمن زبانشناسی ایران، ۲۳ و ۲۳ اسفند ۱۳۸۴، به کوشش دکتر مصطفی عاصی، تهران، انجمن زبانشناسی ایران، ٦۹-۷۹.



www.mukiryani.com

٤٠. ___________(٢٠٠٦/١٣٨٥) أ، ظرفیت فعل و ساخت های بنیادین جمله در فارسی امروز؛ پژوهشی بر اساس نظریهء دستور وابستگی، تهران، نشر مرکز.

٤١. ___________(٢٠١٢/١٣٩١)، دستور زبان فارسی بر اساس نظریهء گروه های خودگردان در دستور وابستگی، تهران، نشر مرکز.

٤٢. عاصی، مصطفی(٢٠٠٣/١٣٨١)، از پیکرهء زبانی تا زبانشناسی پیکره ای مجموعهء مقالات پنجمین کنفرانس زبانشناسی نظری و کاربردی، ٢١-٢٣ اسفند ١٣٧٩، با همکاری محمد دبیر مقدم و ابراهیم کاظمی، تهران، آرویج، ٤٨٤-٤٩٤.

٤٣. علیزاده، علی(٢٠٠٣/١٣٨١)، جایگاه فاعل در جمله های زبان فارسی؛ بازنگری در فرضیه فاعل درون گروه فعلی، مجموعهء مقالات پنجمین کنفرانس زبانشناسی نظری و کاربردی، ٢١-٢٣ اسفند ١٣٧٩، با همکاری محمد دبیر مقدم و ابراهیم کاظمی، تهران، آرویج، ٥٠٩-٥٢٠.

٤٤. فرشیدورد، دکتر خسرو(٢٠٠٤/١٣٨٣)، فعل و گروه فعلی و تحول آن در زبان فارسی، تهران، سروش.

٤٥. کشمیری، نوشین(٢٠٠٧/١٣٨٦)، بررسی نحوی- معنایی افعال حرف اضافه دار در زبان فارسی، مجموعه مقالات هفتمین همایش زبانشناسی ایران(جلد اول)، (دانشگاه علامهء طباطبایی، ٢٠ و ٢١ آذر ١٣٨٦)، به کوشش دکتر محمد دبیر مقدم، مصطفی عاصی، ارسلان گلفام و یحیی مدرسی، تهران، دانشگاه علامهء طباطبایی، ٣٤٧-٣٦٦.

٤٦. گلفام، دکتر ارسلان(٢٠٠٦/١٣٨٥)، اصول دستور زبان، تهران، سمت.

٤٧. ماهوتیان ، شهرزاد(٢٠٠٥/١٣٨٤)، دستور زبان فارسی- از دیدگاه رده شناسی، ت: مهدی سمائی، چاپ چهارم، تهران، نشر مرکز.

٤٨. مدرّسی، دکتر فاطمه(٢٠٠٧/١٣٨٦)، از واج تا جمله: فرهنگ زبانشناسی- دستوری، تهران، چاپار.




www.mukiryani.com

٤٩. منصوری، مهرزاد(٢٠٠٧/١٣٨٦)، انضمام در زبان فارسی، زبان و زبان شناسی، س ٣، ش ٢، پیاپی ٦، ١٢٥-١٤٠.
٥٠. میرعمادی، سید علی(٢٠٠٠/١٣٧٩)، نحو زبان فارسی و انگلیسی در قالب برنامه کمینگی، تهران، نشر فرهیخته.
٥١. وحیدیان کامیار، دکتر تقی، غلامرضا عمرانی(٢٠٠٧/١٣٨٦)، دستور زبان فارسی(١)، تهران، سمت.
٥٢. یوسفی، دکتر حسین علی(٢٠٠٠/١٣٧٩)، دستور زبان فارسی ١ و ٢ برای تدریس در دوره کارشناسی ادبیات فارسی، چاپ دوم، تهران، نشر روزگار.
٥٣. یول، جورج(٢٠٠٠/١٣٧٩)، نگاهی به زبان(یک بررسی زبانشناختی)، ت: نسرین حیدری، چاپ چهارم، تهران، سمت.

**ب/ نامه ئەكادیمییەكان**

٥٤. کبیری، لعیا(٢٠٠٦/١٣٨٥)، فرهنگ ظرفیت افعال فارسی- بر اساس دستور وابستگی، رساله کارشناسی ارشد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه بو علی سینا.
٥٥. کرباسچي، نسرین(٢٠١٠/١٣٨٩)، فرهنگ ظرفیت صفات فارسي براساس دستور وابستگي، رساله کارشناسي ارشد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه پیام نور مرکز تهران.
٥٦. محمد ابراهیمی، زینب(٢٠٠٣/١٣٨٢)، بررسی ساختار گروه فعلی در فارسی گفتاری معیار در مقایسه با زبان فارسی نوشتاری معیار، رساله دکتری، تهران، دانشگاه تربیت مدرس.

**پ/ گۆڤار**

٥٧. احمد خانی، محمد رضا(٢٠٠٠/١٣٧٩)، ساخت های اسنادی شده و شبه اسنادی شده در زبان فارسی، مجموعهء مقالات پنجمین کنفرانس زبانشناسی نظری و



www.mukiryani.com

کاربردی، ۲۱-۲۳ اسفند ۱۳۷۹، با همکاری محمد دبیر مقدم و ابراهیم کاظمی، تهران، آرویج، ۱۳-۱۹.

۵۸. اخلاقی، فریار(۲۰۰۷/۱۳۸٦)، بایستن شدن و توانستن سه فعل وجهی در زبان فارسی امروز، دستور، ج۳، ش۳، بهمن، مسلسل ۳، ۸۲-۱۳۲.

۵۹. ارکان، فائزه(۲۰۰٦/۱۳۸۵)، فرایند انضمام اسم: رویکرد نحوی یا صرفی(بر مبنای نمونه ای از داده های زبان فارسی)، زبان و زبان شناسی، س ۲، ش ۲، پیاپی ٤، ۹۵-۱۱۰.

٦۰. حق بین، فریده(۲۰۰٦/۱۳۸۵)، ظرفیت در ساخت های اسنادی در زبان فارسی، زبان و زبانشناسی، مجلهء انجمن زبانشناسی، س۲، ش۲، پیاپی ٤، پاییز و زمستان، ۲۱-۳۸.

٦۱. حق بین، فریده، منصوره سادات فضلی(۲۰۰۹/۱۳۸۸)، فعل های معین در زبان فارسی و فرضیهء فعل معین دو جزئی، دو فصلنامهء علمی – پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا(س)، سال ۱، ش ۱، پاییز و زمستان، ۳۵-۵۰.

٦۲. دبیر مقدم، محمد(۲۰۰۷/۱۳۷٦)، ((فعل مرکب در زبان فارسی))، مجله زبان شناسی، س۱۲، ش۱و۲، ۲-٤٦.

٦۳. شقاقی، ویدا(۲۰۰۷/۱۳۸٦)، انضمام در زبان فارسی، دستور، ج۳، ش۳، بهمن، پیاپی ۳، ۳-۳۹.

٦٤. طباطبائی، علاءالدین(۲۰۰۵/۱۳۸٤)، فعل مرکب در زبان فارسی، نامهء فرهنگستان، د۷، ش۲، شهریور، مسلسل۲٦، ۲٦-۳٤.

٦۵. طبیب زاده، امید(۲۰۰۱/۱۳۸۰) ب، تحلیل وابسته های نحوی فعل در زبان فارسی بر اساس نظریهء ظرفیت واژگانی، مجلهء زبانشناسی، سال ۱٦، ش ۱، بهار و تابستان، پیاپی ۳۱، ٤۳-۷۷

٦٦. ___________(۲۰۰٤/۱۳۸۳)، وابسته های فعل در زبان فارسی بر اساس نظریهء وابستگی، دستور، ج۱، ش۱، اسفند، مسلسل ۱، ۱۳-۲۸.



www.mukiryani.com

٦٧. __________(٢٠٠٦/١٣٨٥) ب، ساخت های اسنادی و سببی در زبان فارسی، نامهء فرهنگستان، دورهء ٨، ش٤، زمستان، مسلسل ٣٢، ٦١-٦٨.
٦٨. علوی مقدم، سید بهنام(٢٠٠٥/١٣٨٤)، مکاتب زبان شناسی مسلط امروز، آموزش زبان و ادب فارسی، شماره ، تابستان ٨٠-٨٣.

**ت/ سایتی ئەلیکترۆنی**

٦٩. رسولی، محمد صادق(٢٠١١/١٣٩٠)، پیکرۀ متنی بر اساس دستور وابستگی- راهکارها و چالش‌ها، ٣-٣-١٣٩٠.
http://dadegan.ir/sites/default/files/articles/Steps%20Toward%20Persian%20Linguistic%20Dataset.pdf
٧٠. طبیب زاده، امید(٢٠١١/١٣٩٠)، دستور وابستگی و نظریهء گروه های خودگردان، ٢-١٠-١٣٩٠
http://www.lingoistica.com/articles/487/%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%

## سێیەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان

**أ/ کتێب**

٧١. بعلبکی، الدکتور رمزی منیر(١٩٩٠)، معجم المصطلحات اللغویة، بیروت، دار العلم للملایین.
٧٢. بونتنج، کارل – دیتر(٢٠١٠)، المدخل الی علم اللغة، الطبعة الثانیة، ترجمة و تعلیق: الدکتور سعید حسن بحیری، القاهرة، مؤسسة المختار.
٧٣. جمعة، الدکتور خالد محمود(٢٠٠٨)، اللسانیات الحدیثة <<مدخل ومقارنة>>، الکویت، مکتبة دار العروبة للنشر والتوزیع.



www.mukiryani.com

٧٤. الخولی، الدكتور محمد علی(١٩٩١)، معجم علم اللغة النظری، بیروت، مكتبة لبنان.
٧٥. مبارك، الدكتور مبارك(١٩٩٥)، معجم المصطلحات الالسنية، بيروت، دار الفكر اللبنانی.
٧٦. المتوكل، أحمد(١٩٨٨)، قضايا معجمية، الشركة العربية للناشرين المتحدين، الرباط.
٧٧. مونان، جورج(٢٠١٢)، معجم اللسانيات، ت: جمال الحضري، بيروت، مجد.
٧٨. هلبش، جرهارد(٢٠٠٣)، تأريخ علم اللغة الحديث، الطبعة الخامسة، ترجمة و تعليق: الدكتور سعيد حسن بحيری، القاهرة، مكتبة زهراء الشرق.

## چوارەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان

**أ/ کتێب**

79. Allerton D J(1982) Valency and the English Verb, London: Academic press.
80. Allerton D J(2006), Valency Grammar, Encyclopedia of Language and Linguistics, 2nd Edition, Vol XIV, Amsterdam: Elsevier, 301-314
81. Baker, Mark C. (1988), Incorporation, A Theory of Grammatical Function Changing, The University of Chicago Press.
82. Bussmann, H.(1996), Routledge Dictionary of Language and Linguistic, London, Routledge.
83. Kruijff, G-J M(2006), Dependency Grammar, Encyclopedia of Language and Linguistics, Vol III, 2nd Edition, Amsterdam: Elsevier, 444-450.



www.mukiryani.com

84. Lyons, John (1977), semantics, Vol. 2, Cambridge university press.
85. Mathews, P.H.(1997), The Concise Oxford Dictionary of Linguistics, Oxford University Press.
86. Quirk, R. et al.(1985), A Comprehensive Grammar of the English Language, London and New York, Longman.
87. Rosen, Sara Tomas (1989), Two Types of Noun Incorporation: A lexical analysis, Language 65: 294-317.
88. Tallerman, Maggie(1998), Understanding Syntax, London by arnoldm.
89. Van Valin, Robert D. , Jr.(2004), An Introduction to Syntax, Cambridge: Cambridge University Press.

### ب/ گۆڤار

90. Mithun, Marianne (1984), The evolution of Noun Incorporation, Language 60: 847-894.
91. Mithun, Marianne (1986), On Nature of Noun Incorporation, Language 62: 32-37

### پ/ سایتی ئەلیکترۆنی

92. Herbst, T.(2000), English Valency Structure: A first sketch: (1-2-2011)
http:// www.ph-erfurt. De/~neumann/ eese / artic99 / herbst / main1.html.



www.mukiryani.com

## پاشکۆی ژمارە ١

## لیستی چاووگەکان

ئارەزوو/حەزکردن
ئاگادارکردنەوە
ئاماژەکردن
ئامۆژگاری کردن
ئەنجامدان
ئیزن دان
ئیزن هەبوون
بارین
باس کردن
باڵ لێکدان
بانگکردن
بانگێشت کردن
باوەڕهێنان
بایەخدان
بردن
بڕوا کردن
بڕیاردان
بڵاوکردنەوە
بوون
بۆ هەبوون
بەبیرداهاتن
بەبیرهێنانەوە
بەخشین
بەدوادا چوون
بەدواداچوون کردن

بەراوردکردن
بەرپەچ دانەوە
بەرزکردنەوە
بەرگری کردن
بەستن
بەکرێ گرتن
بەڵێندان
بیرکردنەوە
بیستن
بینین
پاراستن
پاڕانەوە
پارێزی کردن
پانکردنەوە
پرسیارکردن
پرسین
پشتگیری کردن
پشکوت
پشوودان
پۆشین
پەرستن
پەروەردەکردن
پەسەندکردن
پەی پێ بردن
پەیماندان

پیاهەڵدان
پیرۆزبایی لێ کردن
پێچانەوە
پێچوون
پێداکردن
پێدان
پێدانەوە
پێداهەڵگوتن
پێسپاردن
پێشاندان
پێشبینی کردن
پێشکەشکردن
پێشنیازکردن
پێکهێنان
پێوابوون
پێوان
پێویست بوون
تاشین
تاقی کردنەوە
تامکردن
تاودان
ترسان
ترساندن
تکا کردن
تکان



www.mukiryani.com

توانین
تۆمارکردن
تەقین
تەکاندن
تیٚ هەڵسوون
تێبینی کردن
تێخستن
تێڕاچوون
تێڕاکردن
تێگەیشتن
تێکەڵکردن
تێکۆشان
جورئەت کردن
جورئەت هەبوون
جولاّن
جوین
جەخت کردنەوە
جەنگان
جێهێشتن
چاندن
چەسپاندن
چەشتن
چنین
چوون
حەز کردن
حەوانەوە
حیسابکردن
خایاندن
خزین

خستنە سەر
خستنە کار
خلیسکان
خواحافیزی کردن
خواردن
خواردنەوە
خولقاندن
خوێندن
خۆپاراستن
خۆدەرخستن
خۆراپسکاندن
خۆشوستن
خوێندنەوە
خەریك بوون
خەوتن
داخستن
دادەنیشتن
دان
دانان
دانیشتن
دانیشتن
داواکردن
درەوشانەوە
دروون
درێژە کێشان
درێژە هەبوون
درێژەپێدان
دڕین
دزین

دزینەوە
دلّدانەوە
دواخستن
دواکەوتن
دوورینەوە
دوژمنایەتی کردن
دۆڕان
دۆزینەوە
دۆشین
دەرخستن
دەردان
دەرکەوتن
دەرکردن
دەستکەوتن
دەنگەدەنگکردن
دیاری کردن
ڕاپۆرت لێدان
ڕاخستن
ڕازاندنەوە
ڕاگەیاندن
ڕاکردن
ڕامالّین
ڕامان
ڕاهێنان
ڕژاندن
ڕستن
ڕشتن
ڕنین
ڕوان



www.mukiryani.com

ڕوانین
ڕوودان
ڕۆیشتن
ڕەنجان
ڕەوانکردن
ڕێپێدان
ڕێگەدان
زانین
زۆرلێکردن
زیادکردن
ژاکان
ژماردن
ژیان
سازان
سەلماندن
سەماکردن
سەیرپێهاتن
سوپاس کردن
سوڕانەوە
سوێندخواردن
سیس هەڵگەڕان
شانازی کردن
شکان
شکاندن
شوشتن
شەڕکردن
شیان
فەرمان دەرکردن
فەرماندان

فرۆشتن
فڕێدان
فڕین
فریودان
فێر کردن
فێربوون
فێرکردن
قەناعەت پێ کردن
قەولدان
قسە کردن
کەوتن
کرانەوە
کردن
کردنەوە
کڕین
کۆتایی هاتن
کوڵان
کوڵاندن
کێشان
گەڕانەوە
گرەوکردن
گرتن
گرتنەوە
گریان
گفت پێدان
گوتن
گۆڕینەوە
گوڵچنینەوە
گومانبردن

گەشەپێدان
گەنین
گەیشتن
لابردن
لکان
لەبارچوون
لەبەر کردن
لەبەرداکەندن
لەپێکردن
لەخۆدوورخستنەوە
لەدەستدان
لەدەستکردن
لەرزین
لەسەرکردن
لەشەقەی باڵدان
لەچاوکردن
لەقەڵەمدان
لەملکردن
لەناوچوون
لەئاوکردن
لێبوردن
لێخۆشبوون
لێدان
لێستنەوە
لێقەومان
لێکردنەوە
ماچکردن
ماڵئاوایی کردن
ماڵین



www.mukiryani.com

مانگ/رۆژگیران
مانەوە
مردن
مژین
مۆڵەت دان
مۆڵەت وەرگرتن
مۆڵەتدان
مەدح کردن
مەرج کردن
ناردن
ناز پێ فرۆشتنن
نازکردن
نازین
ناساندن
ناسین
ناونان
نەڕاندن
نرخاندن
نوساندن
نوستن

نۆشین
نووسین
نیشاندان
هاتن
هاتنەبەرچاو
هاتنەوە
هاندان
هاوارکردن
هاویشتن
هەبوون
هەستکردن
هەڵبژاردن
هەڵدان
هەڵسان
هەڵسوکەوت کردن
هەڵچوون
هەڵکەندن
هەڵهاتن/دەرکەوتن
هەڵواسین
هەناسەدان

هەواڵ پرسین
هەواڵ دان
هێنان
واتێگەیشتن
واپێچوون/ لەوەچوون
وادانان
واکردن
والێ کردن
وتن
وەدەرنان
وەدەستهێنان
وەرگرتن
وەرگێڕان
وەستان
وەگەڕخستن
وەڵام دانەوە
ویستن
وێران
یادکردنەوە
یارمەتیدان



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

www.mukiryani.com